رۆمان

# تەونی

منتدى إقرأ الثقافي

# مێژووە سووتاوەکە

www.iqra.ahlamontada.com

سەرهەد تۆفیق مەعروف

بەرگی یەکەم

٢٠٠٤

رۆمان

# تەونی
# مێژووە سووتاوەکە..

نوسەر
**سەرهەد تۆفیق مەعروف**

بەرگی یەکەم

ناوی کتێب: رۆمان تەونی مێژووە سووتاوەکە..

بەرگی یەکەم

نووسینی: سەرهەد توفیق مەعروف

پێداچوونەوەی: مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی

نەخشەسازیو بەرگ: هونەر وەهبی

تایپ پێست: یەکێتی نووسەران لقی هەولێر

رێکخستن و کارەکانی کۆمپیوتەر: لقمان قادر رواندزی

چاپی یەکەم: سلێمانی ٢٠٠٤

ژمارەی سپاردن (٢٤٦)ی ساڵی ٢٠٠٤زاینی

چاپخانە: چاپخانەی هەمیشە (سلێمانی)



وینەی هاوسەری نووسەر لەگەڵ دوو کوڕپەیدا

ئەم ڕۆمانە

# پێشکەشە :

**بـــە: شـــەهیدانی بزاڤـی ڕێگـای ڕزگـاری و سەربەسـتی کـورد و کوردستان.. بەهەموو ئەنفالەکان**

**بـە: هاوسەر و جگەر گۆشە شەهیدەکانم..**

**بـە: شـەهیدانی بەنەماڵەکـەمان کـە ناوەکانیـان لـە کۆتـایی ڕۆمانەکـە تۆمار کراوە، و دوورترینیان پووررزامە.**

**بە: هەموو ئەو شۆڕشگێرانەی سنگی خۆیان کردبۆ قەڵغان لە کاتی هێرشی ئەنفالدا.**

# پێشەکی

زۆر دەمێکە خولیای ئەوە بووم نوسینێك لەسەر ئەنفال بنووسم ئەو کاتەی لە شاخ بووین دەستم بە نوسین کرد، کاتێك لێدەبوومەوە دەم زانی ئەوەی نوسیومە لەچاو ئەو کارەساتەوە کرچ و کاڵە بۆیە زوو زوو نوسینەکانم دەنوسیوەو دەم دڕاند.. کاتێك گەڕاینەوە شار ئەم جارە بە گوڕ و تینێکی ترەوە دەستم بە نوسین کرد.

ئەگەر چی دەزانم ئەوەی من نوسیومە بێکەم و کورتی نییە زۆر برادەر ڕایان وابوو ئەوەی لە شەڕی ئەنفال دیومە و بیستومە وەك مێژو بینوسوم، بەلآم من مێژوو نووس نیم بۆیە لە چوار چێوەی ئەدەبدا کردم بە ڕۆمان. کاتێك لە ڕەش نووسەکەی بوومەوە ڕووم لە مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی نا بە سوپاسەوە پێیدا چوەوە بۆ بەرگەکانی سودم لێی وەرگرت. کاتێك وەرك گرتەوە و گوتی: زۆر شادمانم کە ئەو شەرەفەت بە من دا، بەو ڕۆمانەدا چوومەوە.

ڕەنگە زۆر کەس وەختێك دەی خوێنەوە بڵێن درەنگە دەبوو زووتر بوایە، بەلآم بڕواتان بێت زۆر دەمێکە لە نوسینی بومەتەوە هەتا لێبومەوە ئەوەندە بەپەلە بووم وام زانی ڕوو لەهەر جێگایەکی بکەم بە تاسەوە بە پیرمەوە دێن کەچی هەری هۆ کەر لەکوێ کەتووە و کوندە لە کوێ دڕاوە.. ئەوەی لای خەڵکی چەوساوە و کەسی ئەوەندە ئەنفال وشۆڕشگێر بەهەند هەڵدەگیرێ لای خوداپێداوەکان خەیاڵیش نییە، حەز دەکەم ئەوە بڵێم لە مردن بێمنەت بووم و لەکەس نەترساوم و لە کەسیش ناترسێم بۆیە بە جورئەتەوە ڕاستیەکانم گوتوە. لە کاتی شەڕی نەگریسی ناوخۆدا کەم کەم لەگەڵی ڕۆیشتووم و بۆم زیاد کردووە، هەموو ئەو پۆخڵەواتانەم لەناو کەلێن و قوژبنەکاندا جێکردۆتەوە..زۆر جار لەسەر ئەوەی هەق بێژبووم زەرەرم کردووە.

زۆر هەوڵم دا، بەرگی یەکەم چاپ بکەم، کەس نەبۆی چاپ کردم بەپیرمەوە هاتن.. دوا ئەوەی بێهیوا بووم، ڕووم لـە دۆست و بـرا دەرکـرد بـۆ ئـەم مەبەستە کـاك (مەسعود ساڵەی) بە سوپاسەوە نامەیەکی بە دڵی خۆمی بۆ نووسیم بۆ دەزگای ئاراس، بۆ بەدران ئەحمەد، گوتی برادەرمە ئەگـەر قسـەکانت بـەدڵ نـەبوو وەرەوە، بـۆ لام منیش لەگـەڵ برادەرێکم دا، چوین بۆ دەزگا پۆلیسێك لەبەر دەرگە ڕایگرتین. فەرموو چیتان دەوێ لە ڕاستیدا توشی، سەدمە بووم. دەنگم نەکرد. ئەو برادەری لەگەڵمدا بوو گوتی نامـەمان پێە کارمان هەیە گوتـی:– ڕاوەسـتن تەلـەفۆنی کـرد، مێرمنداڵێك هاتـە دەرێ و گوتـی: فەرموون گوتم کاکە ئێرە کوێیە؟ نوسینەکەم خوێندەوە گوتم ڕەنگە هەڵەمان کردبێت، گۆڕابێ بووبێ بە جێگیەکی لێکۆڵینەوە، نەك دەزگایـەکی ڕەوشـنبیری سـەرم بڵنـد کـرد تەماشای نوسینەکەم کرد، گوتم:– ببـورن ئـێرە دەزگـای ئاراسـە؟ گوتـی: بـەڵێ گـوتم: نامـەمان پـێـیە دەمانـەوێت بەرپرسـەکە ببینـین، ئـەویش ڕای گرتـین چـوو گەڕایـەوە و نامەکەم دایە دەستی و واقم وڕمابوو نامەکەی دایەبەرخۆرەکە و جوان تەماشای کرد بـۆ ئەوەی ئەگـەر (TNT) تێدا بێـت دیـاربێ نـەك بەسـەر و گوێدا بتەقێتـەوە منیـش گـوتم نەتەقێتەوە لەسەر زرفەکە بە مۆری کۆمپیوتەر نووسـرابوو ڕێکخسـتنی نـاوەندی پـارتی دیمۆکراتی کوردستان دوای ئەوە برادەرێك، فـەرمووی کردیـن نـاوی شـێرزاد بـوو، گـوتم دەمـەوێ کـاك بـەدران ببینـم گوتـی: نوسـینەکەت دانـێ دوای سـێ مـانگی تــر وەرەوە هەواڵەکە وەرگرە، کاك بەدران کاری هەیـە. نـاتوانێت کـەس ببینێـت. گـوتم: کاکـەگیان نامەم پێیە ئەگەر میوانی هەیە دادەنیشم هەتا میوانەکە دەڕوا: گوتی: کاکـەگیان ئـاوای بەمن گوت؛ لەوە زیاتر ناتوانم دەرگای پێوەدا و ڕۆیی دوای ماوەیەکی باش چووەمە لای مامۆستا سەعد گوتی:– تۆ بۆ خۆت دەزانی ئەوە کاری من نییە، بەڵام نامەت دەدەمێ بۆ لای وەزیری ڕۆشنبیری بەڵکو شتێکت بۆ بکات بە سوپاسەوە نامەکەم وەرگرت چووم بـۆ وەزارەت، مـانگێکی بەسـەردا ڕەت بـوو هـەتا دیتـم، بـەڵام ئەلهـەق زۆر ڕێـزی گـرتم سوپاسی دەکەم، گوتی: وەزارەت ئێستا لە چاپدانی کتێب مـان ڕاگرتـووە، هـەر کـاتێك زانیت تەلەفۆن بکەوە بە چاوان. ماوەی ساڵێك دوای ئەوە لە زۆر دەرگای لەوە وردتـرم

دا، کەس نەچووە بن بارەکەوە، کاك مەهدی بەرپرسی یەکێتی نوسەرانی لقی هەولێر، گوتی:- ئەوەی لە دەست من بێت ئەوەیە بۆت دیسك بکەم، گوتم زۆر سوپاس ئەمەش هەرباشە، کتێبەکەم دایە یەکێتی نووسران نامەیەکی دامێ بۆ ئەوەی زوو کارەکەم بۆ تەواوبکەن، هەشت مانگ لەسەر مێزەکەی ئەوانیش کەوت، بەلام بەکاك مەهدیم نەگوتەوە. دوای ئەومادەیە زۆرە هێشتا بە نیوەی نەبوو، لە دڵەوە زۆر توڕەبووم ، بەلام چارچییە وەرم گرتەوە و هەزار دینارم قەرزکرد دیسکم کرد، چەند جار برادەران پێیان دەگوتم کاك عارف بەرپرسی رێکخراوە جەماوەریەکانە و بەرپرسی سەنتەری ئەنفالە بۆ پێی نالێیت، بەڕاستی ئەوەندەم بەم و بەو گوت سوودی نەبوو، بەهەر حاڵ ئەوەشم کرد، ئەم جارە بۆ خۆم نەم کرد بەشێخ سەرهەدم گوت، کارگێری لقی چوار ئەویش دانەیەکی پەرتوکەکەی وەرگرت و کاك عارف بە سوپاسەوە لەگەڵ نامەیەکدا ڕەوانی سەنتەری ئەنفالی کرد لەسەری نوسیبوو کتابی بۆ بکەن بۆ مەکتەبی سەرۆکی حکومەت چوار بەرگی بۆ چاپ بکەن بەمەیان زۆر دڵ خۆش بووم، چووم بۆ سەنتەر و برادەرێکم لەگەڵدا بوو ئافرەتێك بە ناوی عەدالەت خان، گوتی: ئێمە دەبێت بیدەین بە خەڵکی شارەزا..گوتم ئەوەندە خەڵکی شارەزا دیوەیانە خەریکە رۆمانەکە پەڕە بەپەڕەی بدرن لەگەڵ زۆر کەسدا باسم دەکرد، بگرە من ئەوەندە دڵ ساف و ساویلکە بووم نەم دەزانی خەڵك لە چاواندە دزن.

زۆر نوسینی خۆم دەدیتەوە زۆر کەس ڕاستەوخۆ پیان دەگوتم ئەوە سودمان لەتۆ وەرگرتووە، کتێبەکەم لەوەوپێش هەڵگرتەوە و گەڕامەوە لەناو گونێ دڕاوەکەم دا لە پاڵ ئەوانی تر دامنا لەم ماواندا کەباسی دەکەم، زۆر بەرپرسی وەك کارگێر لق و شتی لەو بابەتەم دیت، بەلام پێسود بوو، دواجار وەزارەتی رەوشنبیری لە رۆژنامەدا بلاویکردەوە کە وەزارەت دەستی بە چاپ کردن کردۆتەوە لە رێگای برادەرێکەوە بە تەلەفۆن بە وەزیرم گوتەوە ئەویش گوتی: بچێ بۆ لای کاك شەماڵ حەوێزی، دوای خۆشم تەلەفۆنی بۆ دەکەم لە رۆژی ٢٠٠٢/١١/٢٨ چوومە لای کاك شەماڵ، قسەم لەگەڵی کرد گوتی: دەی دەین بە لێژنە، دوای وەلامت دەدەینەوە گوتم زۆرباشە بەلام حەز

دەکەم هاوکاریم بکەن چونکە دەمێکە بە دوائەوەوم بەرگێکی ئەو ڕۆمانە چاپ بکەم، بە خەمت نەبێ بەڕێی کردم، هەر لە دوای ئەو جارێکی تر سەردانی وەزیـرم کـردەوە هـەم دیس زۆر ڕێزی گرتم بەبیرم هێنایەوە جارێك نامەم بۆ هێنا بە بـیری هاتـەوە و گوتـی:- خەمت نەبێت بۆخۆم تەلەفۆن بۆ کاك شـەماڵ دەکـەم، گـوتم کـاك مـەحمود حەزدەکـەم هەتا سەدام ماوە بلاوی بکەمەوە.

لە ڕۆژی ٢٠٠٢/١٢/١٢لە ڕێگای تەلەفۆنەوە ئاگاداریان کردمەوە کاك شـەماڵ دەیـەوێت سـەبارەت بـە کتێبەکـەت بتبینێت، منیـش بەپەلـە بەهەڵـەداوان گـوتم ڕەنگـە وەزیـر تەلەفۆنی بۆ کردبێت چووم کاتێك چوومە ژوورەوە گوتی: سەبارەت بە کتێبەکە لیژنەکە دەڵێت، دەزگای ئاراس، پێشبڕکێی هەیە بابیبات بۆ ئەوێ گوتم، کاکە گیان دواکات بـۆ ئەو پێشبڕکێیە مانگی پێنج بوو، ئێستا مانگی دوانزەیە جیا لەوەش مـن کتێبێکـی تـرم لەوێیە، گوتی ئـەوە لیژنـە وادەڵێـت، گـوتم ڕۆمانەکـەتان خوێندۆتـەوە، گوتـی نـەخێر، ئەگەر بیخوێنینەوە مانگێکی دەوێ بەس بـۆ خوێندنـەوەی گـوتم ئـاخر ئـارەزوو دەکـەم ئەگەر ڕەخنەتان لێی هەیە هـەتا پێیدابچمـەوە،یـان سـوود لـە ڕەخنـەکانتان وەربگـرم. گوتی نەمان خوێندۆتـەوە ڕەخنـەی چی، ڕاسـتی دەکرد، چونکـە ماوەیـەکی زۆر کـەم مایەوە جەژنیشی بەسەردا هات، کەدامەستی لەبەرچاوم لەبن هەندێك پەرەکاغـەزی نـا، هەر لەوێ دەری هێنا و دایـەوە دەسـتم. مـن بـاش دەزانم ئـەوەی بـوو بـە گرفـت ئـەم ڕۆمانەم بۆچاپ نەکەن تەنها و تەنها. ئەوە بوو لەسـەر ئـەنفال بـوو، نـەبادە حکومـەتی دیکتاتۆری عێراق بگەڕێتەوە و نانەچەوەرەکەیان لە دەست چێت ئەگەر چی زۆر لەوانـە لە کاتی ئەنفالدا لەگەڵ شۆرش بوون بەڵام ئەو کات نانیان نەبوو..نا..

ئەو بەرگەی لە پێشـبڕکێدا لـە دەزگـای ئـاراس بەشـداریم پێیکردبـوو پەسـند کـرا بـۆ چاپو بلاوکردنەوە، دوای ئەوەی دیسـك کـرا بـە دیسـك کـراوی دایانمـەوە، بەڕاشـکاوی گوتیان لەبەر دۆست و برادەر بەرناکەوێت سەیرلەوەدایە ئەگـەر ماسـتاوچی بیـت کـارت مەیسـەرە..دوای بـە ناچـاری هـەندێك کـل و پـەلی ماڵـەوەم فرۆشـت بـۆ لـەچاپ دانـی.

# بەشی یەکەم

جار جار دەگریا بە دوایدا پێدەکەنی..چڵم و لیك بە دەمیدا دەهاتنە خوارەوە، هەڵبەزو دابەزی دەکرد هاوارو کفری حەسەن و حوسێنی دەکرد.

لەبەر خۆیەوە دەیگوت: بابە هەر ئەمشەو لەتەك تۆدا دەبم، بۆ دواجار یەکتر نابینینەوە

لەگەڵ ئەم وشەی لەدەم دەردەهات، دەستی بە گریان دەکرد دوای کەمێك گریان دەتریقایەوەو پێدەکەنی پەنجەکانی ماچ دەکرد لە پەنجەکانی ورد دەبۆوە، دەستی دەکردەوە بە گریان، هاواری دەکرد.

– دلۆڤان یادگاری من بۆ تۆ ئەم ئەڵقەیە، لە بیرم نەکەیت

لە گرمەی گریاندا پێدەکەنی و لێکدا..لێکدا، ماچی دەباراند، کە گەورە کچەکان ڕادەبووردن، سەریان لەبەر خۆیان دەناو وایان دەزانی ماچ لەوان دەگرێ. باڵی دەگرت و هاواری دەکرد:

–ئاگر..ئاگر باشترین دەرمانە بۆ دەرباز بوون لەم بۆن سێوە! خەڵکینە ئاگر ئاگر..

-بازاڕە کە هەمووی لێی کۆدەبوونەوە، زۆر کەس بەزەییان پێدا دەهاتەوە، زۆر کەسیش پێی پێدەکەنین و دەیانگوت:

- ئەم جۆرە شێتانە سیمای شاریان تێکداوە، زۆر بێ بەزەییانە لێی دەدوان بێ ئەوەی کەس بزانێ کێیەو لە کوێوە هاتووە، کەس نەیدەزانی بۆ دەگریا، یا بۆ پێدەکەنێت، هەموو ڕۆژانی هەینی لەگەڵ خەڵکی شار بەڕێ دەکەوت بۆ گۆڕستان و گۆڕ بە گۆڕ دەگەڕا هەموو گۆڕەکان، ناوو ناونیشانی تەواوی مردووەکەیان لەسەر نووسرابوو.. هەر کەسە لەسەر گۆڕێك دەگریا.. هاواری دەکرد کوان بۆ کوێیان بردن؟ کوان گۆڕەکان؟ من نازانم گۆڕی جگەرگۆشەکانم لە کوێن؟

هۆ خەڵکینە دەپێم بڵێن پرسیارەکەی بەبێ وەڵام دەمایەوە.. لە بەینی دوو سێ گۆڕی بچووك دادەنیشت..دەستی بەسەر کێلەکاندا دەهێنا، و فرمێسكو خوێن لە دوو چاویا قەتیس دەمان و ئاوێتەیەکی وەنەوشەیی جوانی دروست دەکرد. پاش ماوەیەك ئینجا لە چاوانی دەهاتنە خوارەوە. وای لە خەڵکەکە دەکرد هەموویان گۆڕەکانیان جێدەهێشت و لە دەوری کۆ دەبوونەوە، هاواری دەکرد.. وەرنەوە ڕۆڵەکانم دە وەرنەوە گۆڕەکان شەق دەبوون لە هەر گۆڕێك منداڵێکی چاوگەش سەری دەردەهێناو لە دەوری گرد دەبوونەوە، دەستی بە قژدا دێنان و ماچی دەکردن. پێدەکەنی بێ ئەوەی بزانن بۆ دەگریا یا بۆ چی پێدەکەنێت!!

منداڵەکان وەکو پەری بە دەوریا دەهاتن..بزر دەبوون، دەردەکەوتنەوە، هەر جارێك بزر دەبوون دەگریا، کە دەریش دەکەوتنەوە پێدەکەنی، منداڵەکان ماچیان دەکرد.

ئەوێك لەبەر بێ خۆراکی لەڕو لاواز پێستی لەشی بە ئێسقانەکانیەوە نووسابوو، دەم و چاوی گۆشتی پێوە نەمابوو، لەڕو لاواز تێك قوو پابوو، جێگەی نەبوو لێی بخەوێ شەوانی زستان خۆی دەخزاندە ناو زبڵدانەکەوە

لەگەڵ سەگەکاندا ببوە ئاشنا، بە درێژایی شەوانی ساردو سڕی زستان هەر هەڵدەلەرزی، لەگەڵ دەرکەوتنی تیشکی زێڕینی خۆری بەیانیان لە کۆڵانـاندا لەناو تەنەکەی زبڵ لەبەر دەرکەی خودا پێداوەکاندا کەرتە نـانی پاشماوەی دەردێناو کەمێك لێی ورد دەبۆوەو هەناسەیەکی هەڵدەکێشا، هەندێك فرمێسکی بەسەردا دەباراندو دەکەوتە خواردنی، کە پاشماوەکەی دەخوارد، جار بەجار رادەوەستاو بیرێکی قوڵی دەکردەوە، ئانەکە بە دەستیەوە شل دەبوو دەکەوتە سەر زەوی.

ڕۆژانە منداڵ بەدووی دەکەوتن، پێیان دەگوت:

هۆی هۆی..هۆی..شێتە..شێتە شێتە..

دڵی نەدەهات ئازاریان بدات، تەنیا پێیان پێدەکەنی و بە ڕووی خۆشەوە وەڵامی دەدانەوە، منداڵەکان بەرد بارانیان دەکرد خوێن بەسەریا دەهاتە خوارەوە، سەری لە سوورایی گوڵێکی تازە شکۆفە کردووی دەکرد. بەڵام ئەو هەر ماچی بۆ هەڵدەدان، هاواری دەکرد بابە بۆ یەکەمجار هەر ئەمشەو لە تەك تۆدا دەبم، دواجارەو جارێکی دیکە ناتبینمەوە هاواری دەکرد خەڵکینە ئاگر ئاگر، باشترین دەرمانە بۆ ئەم بۆن سێوە لە پەنجەکانی ورد دەبۆوەو پێدەکەنی دەگریاو پێدەکەنی و ماچی دەهاویشت.

تەواو کەوتمە گێژاوی بیرکردنەوە چۆن ئەم نهێنیە ئاشکرا کەم. بەدەست خۆم نەبوو وەك لە شوێنێکی نادیارە وە بڵێن ئەمە بێ هۆ نییە، ئەگەر نا خۆ شێت لە بازاڕی (شێخ الله) زۆرن قەت شێت بەو شێوەیە سەرنجیان ڕانەکێشاوم لێی چوومە پێشەوەو سڵاوم لێکرد. زۆر بە ئیکرامەوە وەڵامی دامەوە

وەڵامەکەی بە هی شێت نەدەچوو، بۆیە بە خۆمدا چوومەوە بێدەنگ بووم! هاتە گۆ ها برا دەڵێی کارێکت هەبوو؟

-دەنگم بزڕکا، چونکە ئەمە شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، وەڵامم پێ نەدرایەوە.

ڕەنگە بە شێتم بزانیت وا نییە؟

بە زۆر زەردەخەنەیەکم هێنایە سەرلێوم، نا..نا.. داوای لێبوردن دەکەم. جەنابت شێت نییە. دایە قاقای پێکەنین و هاواری کردو گۆتی: با من شێتم دەزانم کە من شێتم دەستی کرد بە گریان و هاواری کرد. بە بووکیان برد. من هاتمە وەڵام کێیان بە بووك برد؟

هاوسەرەکەم، ئازیزەکەم، نا..نا.. هاوسەری من نا شەرەفی کوردیان بە بووك برد. گاڵتە بە من دەکەن بۆ ئەوەی بزانن تەنیا شەرەفی من نەبوو بەڵکو هی هەموو کورد بوو، گریا زۆر گریا هاواری کرد، دلۆڤان یادگاری من بۆ تۆ ئەم ئەلقەیەیە، لەبیرم نەکەیت.

زۆر هەوڵی ئەوەم دا بیهێنمەوە سەرخۆ، بتوانم ئەم نهێنیە ئاشکرا بکەم، زۆر بە نەرمی لەگەڵی کەوتمە گفتوگۆ ڕازیم کرد. بچین لە گەرماو خۆمان بشۆین، کە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە لەگەڵ خۆم بردمەوە لە ژوورێکی تایبەت دامناو بۆخۆشم لە تەکیا دانیشتم بە ماڵەوەم گوت: ڕۆژانە خواردنمان بۆ بێننە ژوورەوە، چەند ڕۆژ دەمانخواردو دەخەوتین، لە گەرماو خۆمان دەشووشت، تاکو بە تەواوی هاتەوە سەرخۆ، ماوەیەکی زۆر بە بێدەنگیماینەوە، جا ڕۆژێك پێم گوت:

- تۆ ئێستاکە بەتەواوی لە نەخۆشیەکەت چاك بوویتەوە من چەند پرسیارێکم هەیە دەبێت وەڵامم بدەیتەوە بزانم هۆی دەربەدەری تۆ چییە؟

کەمێك داماو سەری بڵند کردو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا.بۆنکڕووزی لێ دەهات، گوتی:

بەڕاستی، پرسیارێکی گران بوو.

منیش دوای دڵدانەوەیکی زۆر پێم گوت:

تازە من و تۆ براین و دەبێت لە هەموو خۆشیەك و ناخۆشیەکی یەکتر بزانین.

لە یەکەم گفتوگۆدا گوتی:

دوور لەم چەکدارانەی ئێستا بەناوی پێشمەرگەوە لە بازاڕدا بە چەکەوە دەگەڕێن من لە دەرەوە پێشمەرگە بووم‌و ماڵیشم هەر لە دەرەوە بوو، لێکدا لێکدا..هەناسەی هەڵدەکێشاو فرمێسکی دادە باراند. بەڵێ لە گەڕان‌و سووڕاندا بووین لە دانانی پیلان دانانددا، بووین بۆ دوژمن لەسەر جادەی کەرکووك چەمچەماڵ بۆسەمان بۆ دوژمن دا دانا، دوای ئەوەی گەڕاینەوە بەری خاڵخالآن ناوچەی جەباری‌و قەرەداغ بەر ئەنفال کەوتبوون، بەلآم بەری شوان‌و قەلآ سێوکە مابوو، منیش بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە ئیزنم وەرگرت‌و شەو لە مەر خوادە مامەوە لەگەڵ بەرەبەیاندا لە تەقەی دەرگا بە ئاگا هاتمەوە، حاجی بە دەنگێکی بەرز بانگی کرد. کاکی پێشمەرگە کاکی پێشمەرگە، منیش راپەڕیم، تۆزێك بای باڵی خۆم دا، باویشکێکم هاتێ، حاجی گوتی:

نابێت دڵگران بیت، خۆت گوتت پێش مەلا بانگدان بە خەبەرم بێنەوە بەلآم دیارە زۆر شەکەت‌و ماندوو بوویت، بۆیە دوای نوێژ بە ئاگام هێنایت، ئەگەر دەڕۆی فەرموو دوای نەڵێی حاجی دەری کردم.

بە پێکەنینەوە وەلآمم دایەوەو گوتم: جەنابتان لە نان نەترساون هەمیشە میوان دۆست بوون.

زەنگاڵەکانم لە بەلەك توند کردو ماڵئاواییم لە حاجی کرد، بۆ دەشتی قەلآسێوکە شۆڕ بوومەوە، بەناو گژوگیاکاندا دەخشیم ئاونگی گیاکان دڵۆپ دڵۆپ بەر دەبونەوە منیش بۆ ئەوەی ڕێگاکە کورت بکەمەوە، بە گردەکەدا هەڵگەڕام گزنگی خۆر سەری لە کەل دەرهێنا، وەك زێڕ ئەدرەوشایەوە باڵدارەکان کەوتنە خۆ بۆناو گولآن،گیاکان لەبەر قورسی شەونمی شەو، باڵە شۆڕەیان پێ کەوتبوو بە گردەکەی بەردەممەوە ڕانە مەڕێکی پێوە بوو، لە شەوێن دەگەڕایەوە شوانەکە لەسەر پشتی گوێدرێژەکە عارەبی سوار ببوو، شمشاڵی لێدەدا، من زۆرم حەز بە دەنگی شمشاڵ دەکرد، گوێم بۆ شل کردبوو،

ورده ورده له شوانه‌كه نزيك كه‌وتمه‌وه چاك‌و چۆنيمان كردو له‌به‌ر خاتری من شمشالْ ليْدانه‌كه‌ی دووباره كرده‌وه.

به‌ره‌و شيْخان شۆڕ بوومه‌وه جووتيارێك خه‌ريك بوو جووته گايه‌كه‌ی دابه‌ستێ و نيرو ئامووره‌كانی ريْك ده‌خست. فيتووی بۆ گايه‌كان ده‌كرد، به عاده‌تی كورده‌واری خوا به قه‌وه‌تيْم ليْكرد، وه‌لاّمی دامه‌وه‌و ئاوڕی دايه‌وه، يه‌كتريمان ناسی حاجی مه‌غديد خه‌ڵكی جه‌له‌مۆرد بوو پاشان له پانزه سه‌ر خيْزان به ته‌نها سه‌رگه‌ردان مايه‌وه دوای چاك و چۆنی پرسياری زروفه‌كه‌ی كرد ديار بوو زۆر ده‌ترسا گوتی:

ئه‌مڕۆ زۆر به نابه‌دڵی هاتووم بيْستان تۆو بكه‌م، وا بزانم به فريامان ناكه‌ويْت، تۆزێك دڵم دايه‌وه‌و جگه‌ره‌يه‌كمان پيْكه‌وه كيْشاو ماڵئاواييم ليْكردو شۆڕ بوومه‌وه

نانی نيوه‌ڕۆم له گۆپته‌په خوارد. تاكو نزيك نيوه‌ڕۆ خۆم خافلاّند ماڵمان له ده‌م ڕووباره‌كه‌ی دۆكان بوو، له‌گه‌ڵ چه‌ند ماڵيْكی تر له ديْهاتيه‌كان ئاواره بوو بوون، له په‌نا گردو شيوه‌كاندا ماڵۆچكه‌مان دروست كردبوو ماوه‌يه‌كی زۆر بوو نه‌گه‌ڕابوومه‌وه كه‌ميْك مابوو بگه‌مه ماڵه‌وه منداڵه‌كان منيان دی‌و به پيرمه‌وه هاتن ده‌ستم له ملی يه‌كه يه‌كه‌يان كردوو ماچم كردن‌و له ئاميْزم گرتن ئه‌وم هه‌ڵده‌گرت‌و دامده‌نايه‌وه، يه‌كی ترم هه‌ڵده‌گرت، دوان خۆيان پيْدا هه‌ڵده‌واسيم، تا گه‌يشتمه‌وه ماڵه‌وه به‌م شيْوه‌يه زۆر خۆش بوو، به ڕاستی كه ده‌ڵيْن ژيشك به‌چكه‌ی خۆی خۆش ده‌وێ، پيْی وايه به‌چكه‌ی ئه‌و له به‌چكه‌ی هه‌موو گياندارێك نه‌رمتره.

سلاّوم له ئه‌ڤين كردو باوه‌شمان له‌يه‌كتری داو كه‌ميْك يه‌كترمان گوشی به‌يه‌كه‌وه، ڕووی كرده ئه‌وين‌و گوتی‌ـه

هه‌ر ده‌ڵيْی بابه نه‌هاته‌وه ئه‌وه هاته‌وه. به‌ر له‌وه‌ی بگه‌مه ماڵه‌وه لای منداڵه‌كان، ئه‌و ڕۆژه‌ی هه‌واڵ له ده‌رگای گويْچكه‌ی خه‌ڵكی ناوچه‌كه‌ی ده‌دا

سەردەم ۱۹۸۸/۵/۱ بوو

کات شەوێکی مانگەشەو بوو شوێن ماڵۆچکەی دەم ڕووبار.

دەنگی قیڕەقیڕی بۆقە، چرە چڕی دەعبایە.

ئەوین تەمەنی شەش ساڵە، لە ناوەختا لە خەو ڕابوو، دەڵێت:

دایکە ئەگەر بابە بێتەوە هەر ئەمشەو لەگەڵیدا دەبم ئیتر نایبینمەوە، دایکی گوتی: ئۆووو شەیتان کەڕ بێ قەت خودا ئەوە نەکات ڕۆڵە، بۆیە لەگەڵ گەیشتنەوەمدا توند توند بە خۆمەوەم نووساندو بۆنێکی قوڵم هەڵمژی سبەی دووبارە پرسیم ڕۆڵە بۆ وادەڵێت؟

وەڵامی نەدایەوە وەك ئەوەی لە غەیبەوە شتێکیان بە گوێدا چرپاندبێ، دەستی دایە شولکە تەڕێك و گەلار بۆوە بۆ دەم ڕووبار نیگام بەدوایدا خشا بەرەو خوار، بەڵام وتەی ئەمشەوی ڕابردووی ئەوین وەك چەکوشێکی بچووك پەیتا پەیتا ناو گوێچکەمی دەکوتا دەیگوت: بابە ئەوە دواجارە ئیتر یەکتر نابینینەوە

جار جارە شوولەکەی بەناو ڕووبارەکە دەکێشاو پێدەکەنی و دەزروقایەوە جگەریەکم داگیرساندو لەگەڵ خەیاڵدا دوو کەڵەکەم دە کرد بە ڕووی خۆمدا، ڕووبار ئەسپێکی سەرشێت بوو هاژەی دەهات و دەڕۆیی، شەپۆل شەپۆل بەیەکدا دەهاتن و ئاوا دەبوون، قەڵبەزەی شەپۆڵە نەسرەوتەکان وەك یاڵی ئەسپی کەحێل تاڵ تاڵ لێك جیادەبوونەوەو شەپۆلەکان یەکتریان جێدەهێشت، ماسییە بچکۆڵەکان قەڵەمبازیان دەکردو دەگەڕانەوە باوەشی ڕووبار، بزاوتەیەکی نائاساییان هەبوو، وەك ئەوەی پەیامی ئازاریان پێ بێ،

ئێوارە ڕۆژ لە زەردان بوو، هەتاوی سوور لەسەر شەپۆلەکان دیمەنی ئاگرێکی هێمنی دەنواند وردە وردە شەماڵ بەهێزتر دەبوو، گەنم و جۆ باڵایان کردبوو، لەگەڵ شنەی شەماڵدا کەروێشکەیان دەکردو شەپۆل شەپۆل لە گردەکە ئاوا دەبوون، شەپۆلێك دەڕۆیی یەکی تر بە دوایدا دەڕۆیی، ڕووی سووری گوڵە

بووکانـــەو نیســـانەو حاجیلـــەو گوڵـــە قەســـپە، لەگـــەڵ زەردەی هـــەتاودا دەدرەوشایەوە، هەزاران پەپولە لەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ یەکتریان ڕاودەناو جار جار لەسەر پۆپەی گوڵێـك ئۆقرەیـان دەگـرت، هەنگـە زەردەکـان گـوڵاوو گـوڵ سەرگەرمی کاری خۆیان بوون گوڵەکان بە یەکتری پێدەکەنین گیاڕەشەو گەنمو جۆ لە کەرویشکە نەدەکـەوتن، بـەهارێکی قەشـەنگ بـوو پۆڕەکـان لـە چریکـە نەدەوەستان، لە مێرغوزاردا، لە زەردیما هەکەی ئەوبەر، قاسپەی کەو دامێنـی چیاکەیان ئاوەدان کردبۆوە

سپیندارو شۆڕەبی لەگەڵ شنەی بادا وەنەوزیان دەدا و سەریان بەرزو نەوی دەکردو سوجدەیان بۆ خاك دەبرد، جوتیارەکان بێڵیان نابووە سەر شانو بەرەوماڵەکانیان دەگەڕانەوە، شەکەتی و ماندوێتیان پێوە دیار بوو، تۆزو گەرد سەر تەوێڵی گرتبوون کێ دەیزانی هاکا مەرگ ڕێگەیان پێ دەگرێ لەسەر لوتکەی ئەوبەرمان بایەقوش بەردەوام دەیخوێند بەسەر ناوچەکەدا، قغە قغی قەلەڕەش هـەناوی ئاسمـانی دەشـێواندو بەدبـەختی ئێمـەی دەگـەیاند، کۆتـرە باریکـەو قومری سەرچڵی پیرەدارەکانیان گرتبوو، لە قووڵایـی دڵـەوە دەیـانخوێند کـەندە سمە سەرگەرمی قەلاچۆ کردنی هەنگ بوو، بەهێز بێهێزی دەگەیاندە فەنا بوون گەیشـتبوومە بنـی بـیری خـەیاڵو لەبـەر چـاوم بـەڕیز کـەژاوەی بوکێنـی ژنـە مێردارەکان بە تارای ڕەشەوە ڕادەبووردن، چەکمە لە پێکان دەوریان گرتبوونو پێدەکەنین ئەڤینی هاوسەرم لەنێو یەکێك لـەناو کـەژاوەکاندا بـوو .. منداڵـەکان خۆیان پیا هـەڵدەگژاند، منیش زەق زەق تەماشـام دەکـرد، ڕوانیمـە دەوروبـەری خۆم تەنها ژیانم لەگەڵ دابوو.

دەموچاو چڵکنو قوڕاوی تۆزو فرمێسك لەسەر کوڵمەکانی وشك هـەڵاتبوو قژی شێواو جلوبەرگ دڕاو تەواو بێ ناز بوو.

ئاخر چـۆن ژنـی مـێردار بـەبووك دەچێـت؟ نـازانم ئەمـە کـاری فەرهـەنگی چ گەلێکە؟

پڕ بەدەم هاوارم کرد ئەڤین..ئەڤین..کەچی چاوەگەشەکانی لەسەر یەك دانابوو، لەنێو قەفەزدا سەری خستبووە نێو ئەژنۆکانی. ژیان لە تەنیشتمەوە دۆش دامابوو. هاوار..هاوار

هاوسەرم لەپڕ هۆشی هاتەوە بەر.

– ئامانەتی تۆو ژیان  هاوارم کرد:

بۆ بەجێت هێشتم؟

مەگەر نازانی لەنێو قەفەزی ئاسن دام؟ گوتم:

– خۆ من پێشمەرگەم پڕم دایە تفەنگەکەم تەقەی نەکرد. نائومێد بووم‌و هۆن هۆن گریام.

دەستی ئەڤین لە پشتەوە هاتە سەرشانم‌و دەستەکەی تری فرمێسکەکانمی دەسڕی، وامزانی خەوەو بەخەبەر هاتم، پەنجە ڕێکەکانی قژ کردبۆوەو کاکۆڵمی ڕێك دەخست.

دڵۆڤان خوا نەخواستە خۆ نەخۆش نیت؟

دیسان وتەکەی ئەوین ناو گوێچکەی کوتام. بە شولەکەی لێکدا لێکدا بە ڕووی ئاوەکەی دائەداو دەزروقایەوە. کەمێك لەملاترەوە ژیان ڕاوەستابوو،ئەویش پێدەکەنی، هەڵدەپەڕی‌و دەیگوت: کاکە ئەمجارەش. وێنەی چناری قەراغ ڕووبارو زەردەی هەتاوو جوانی ماسیەکان لەبن ڕووبارەکەدا تان‌و پۆ دەبوون. ئەڤین ئارەقەی بۆ دەسڕیم‌و دەیگوت:

– دڵۆڤان بۆ وادەکەی؟ چی ڕوویداوە؟ هێشتا بێدەنگ بووم، دەمڕوانیە ڕووخساری ئەوین کە وەك بەرخە نێر لەناو گژوگیادا سمکۆڵانی دەکرد  پۆل پۆل مەلەکان بەرەو کوێستان ڕەویان دەکرد دەنگی بلوێری شوانەکەی ئەو بەر سەرنجی بۆلای خۆی ڕادەکێشا کە بەزمی شادی دەژەند بۆ ڕانەکەی‌و لەناو نێوەندی کێوەکەدا دەنگی دەدایەوە، کە تێکەڵەیەك لە ئاوازو ئیقاعی خۆشنوودی دروست دەکرد، کەنیشکە بێری شادو کامەران ڕادەبووردن لەگەڵ

پێکەنین و شەرەگیادا ناوی دڵداری یەکتریان بە ڕووی یەکتردا دەدا، هەندێکیان جلی ئالأو والأی بوکێنیان بۆ ئامادە کرابوو بۆ زەماوەند، وەك پیشەی هەمیشەیی ڕۆژانەیان بەر لە دۆشینی مەڕەکان بێ خەبەر لە دنیا دەستیان کرد بە هەڵپەڕین و شوانە بە گۆرانی و شمشاڵ ژەنین، بەزمی بۆ گەرم دەکردن.

بەزم و رەزمێکی هێندە شاد بوو تەنانەت سەگەکەش کلکی بۆ دەلەقان کچان بەرەو ماڵ بوونەوەو بەرخ و کارژۆڵە بەبەر دایکانە کران، قارەی بزن بارەی بەرخ و مەڕ تێکەڵ بە دۆڵ و چیا دەبوون، مام عەبدوڵلا یەکێك بوو لەو جوتیارانەی کە بەرەو ماڵ دەبۆوە، هاتە لام و گوتی:

– دلۆڤان هەست دەکەم خەریکە شتێك ڕوو بدا! خۆ ئەگەر ڕوویدا ئێمە چی بکەین؟ من خاوەنی کۆشێك خێزانم ئاخر بۆ کوێ قوتاریان بکەم؟ دەڵێن لە هەر چوار لاوە هێرش بەڕێوەیە.. ئەم بێ ویژدانانە دەست لە پیرو منداڵیش ناپارێزن، ئەی خودایە ئەمە چ بەڵایەکە، ئاخر سەگ بە سەگی خۆیەوە بە ژن ناوەرێت. ئەم گەماڵ باوکە بۆ وا دەکات؟ ئەی هاوار.. ؟

لە ڕووبارەکەدا ڕۆژ بەقەد خەرمانێکی مابوو، پەنجەکانم توند بە مەچەکی ئەڤینەو گرتبوو، وردە وردە دەنگی خومپارەکان زیادیان دەکرد، دوکەڵێکی پەمەیی لە جێگەی گوللە تۆپەکان بەرز دەبۆوەو بڵاوەی دەکرد، سروشت هێشتا وەکو خۆی دەچووە پێش چەند باڵەفرێك هاتە ئاسمانی ئێمەو وەکو باران کوت کەوتە بەرزی و نزمی ناوچەکە، بە بۆمبای ژەهراوی دوکەڵی پەمەیی تەواوی ناوچەکەو ڕەنگی ڕووباری گۆڕی، هەموو زیندەوەرو گەورەو بچووکی ناوچەکەی خستە پەلەقاژەی مەرگ ماسیەکان لەسەر پشت، لەسەر ڕووی ئاوەکە لەنگەریان گرتبوو، پرم دایە کۆڵەدارێك و ئاگرم تێبەرداو منداڵەکانم لێ کۆکردەوە. ئەڤین دەیگوت: دلۆڤان گیان خۆ ڕۆژان دڵی ئێمەت ئەدایەوە، ئەمڕۆکە بۆ وا پەشۆکاوی؟ نیگەران مەبە خۆ ئێمە لەو هەموو خەڵکە زیاتر نین، خودا گەورەیە.

- چووم گویٚدرێژەکەم بێنم بۆ منداڵەکان کەچی تۆپی بوو، قەت باوەڕ ناکەم گوێدرێژەکە لە کۆرپەکانی من ناسکتر بووبێت بۆ ژەهرەکە، هەر دەبێت ئاگرەکە ئێمەی پاراستبێت بۆیە هاوارم کرد خەڵکینە ئاگر باشترین دەرمانە بۆ ئەم بۆن سێوە.

من قیان و ژیانم هەڵگرت و ئەوینم بە دوای خۆمدا بەکێش کرد، ئەڤین دارەوان و بەرخەوانی لە کۆڵ کرد، بەرەو ڕێگەی هات و نەهات تا دەهات ئاپۆرای خەڵك زۆرتر دەبوو، ناڵەی تۆپ زیادی دەکرد، چەند جار لە نزیکمان دەکەوتە ئەرز، لە دیار ئاوەکەی مورتکە پشوویەکمان دا بەرەو هەورازەکەی ژەنگەسوورە هەڵگەڕاین پاشان بیرمان هاتەوە دارەوانمان لە ئەوێ بە جێهێشتبوو کە گەڕامەوە دیار کارێزەکە دارەوان لەوێ خەوی لێکەوتبوو، لە وێرانکاری کوردستان ئاگای بڕابوو، ئەوەیە دایك ئاگای لە جگەرگۆشەکەی نامینێ، کەمێك ڕاما موو بە هێواشی دەستم بردە بن باڵی و قاچە بچووکەکانی و گرتمە باوەش و ماچێکی باوکانەم لێکرد، دیسان ووتەکانی ئەوینم هاتەوە بەر گوێ بابە ئیتر یەکتر نابینین، هەستم لە دەروونمدا دەیگوت ئەمە دواجاری بەشە باوەشی ئەم کۆرپەیەتە تۆپێك لە نزیکم کەوتەوە، زنجیرەی خەیاڵم ئاوابوو، دارەوان بە باوەشمەوە شل، بوو ڕوانیم نێوچەوانی شەق بووە، کۆرپەیەك لە باوەشی ژنێکی مردوو دابوو دارەوانم خستە باوەشی تەرمەکەو کۆرپەکەی ئەوم بە سۆزەوە گرتە ئامێز، گەلێك ماندوو دڵ پڕ لە داخ و کەسەری ئەو هەموو تەرمە بووم، ئەو ڕۆژانە گریانی بە کوڵ بەهێزترین و کارێگەرترین چەکی دەستی مرۆڤە بێ تاوانەکانی ئەو سەردەمە بوو، منداڵەکان بەملاو بەولاداو ئەڤینیش سەری لەسەر بەردێك دانابوو نووستبوو، بە ئاگام هێنایەوە کۆرپەکەی وەرگرت بێ ئەوەی بزانێت کۆرپەکەی خۆی نییە، هەموو هەناسەسواری پێکانی ژەهرو خەڵکی ڕەفتاریان نیمچە شێتانە بوو. شەو ڕابرد

ڕۆژ خەریك بوو چاو هەڵێنێ، دیسان وتەکەی ئەوینم هاتەوە بەر پەردەی خەیاڵ، دامە پرمەی گریان.

ئەڤین دەستی خستە ملمو بە دەستەکەی تری ئەلقەکەی پەنجەی دەرهێناو دایەوە دەستمو گوتی:

- دلۆڤان گیان ئەمە یادگاری من بێت لە یادم نەکەیت

# بەشی دووەم

وردە وردە خەریك بوو ڕووناكی دڕی بە تاریكی دەدا، هەورێك بەری ئاسمانی گرت، هەندە توند بوو زگی لە زەوی دەخشا، كاروانی ژن و منداڵ لە زیاد بووندا بوو، ژنێك دوو منداڵی كردبووە كۆڵ، دوانیشی لە دوای خۆی ڕادەكێشا چاوی ئەبلەق بوو، خۆی بەسەر بەردێك دا چەماندەوە كەوتە قوڵپە قوڵپی ڕشانەوە، ژنەكە هێندە بە ئازار بوو، ئاگای لە خۆی نەمابوو، دیار بوو دووگیان بوو، دەستی بە بەر زگیەوە گرتبوو، دەینالاند، منداڵە وردەكان بە دیاریەوە دەگریان جار جار چاوی بڵند دەكردو سەیری منداڵەكانی دەكرد، بە دیاریەوە هەڵدەلەرزین

پیرێژنێك بە لاوانەوە بەرەو ڕووی هات، ژنەكە جارێكی تر خۆی چەماندەوە، زۆر بە هێز تینی كرد ملی بەلاوە نا منداڵەكان هەر بە دیاریەوە بوون.

پاڵم بە بەردەكەوە دابوو لە بەینی خەوو بێداریدا نەمدەزانی كامیانە هەورەكە دەیگرماند بریسكەیەك لەمبەری سارا تاكو ئەوبەری هەورەكەی شەق كرد. لەگەڵ بریسكەكەدا هەردوو بەری چیا كەوتە لەرزین، هەڵبەزو دابەزی دەكرد، هەورە تریشقەیەكبە توندی لێیدا، ئەرزو ئاسمانی لەرزاند، چیایەكە پریشكی لێدەبۆوە، لەگەڵ هەورە تریشقەكەدا باران دایكرد پریشكی كێوەكە لەگەڵ دڵۆپە باران تێكەڵی یەكتر بوون، لەگەڵ هەر دڵۆپە بارانێكدا حەیوانە كێویەك دەردەپەڕی ، ئەوەندەی دڵۆپە بارانەكان دەركەوتن.

چاوت لێیە ئەوان لە سەربازەکان خراپترن بۆ ئەوەی ئاغاکانیان لێیان ڕازی بن..
تا دەهات دڵتەنگ تر دەبووم، ستار دووربینەکەی لەمن وەرگرت گوتی:
وا دەبابەکان بەرەو چەم دێن ڕەنگە تۆپ باران بکەن لە پێشەوە.
وەڵلا ڕەنگە تۆزێك ژەهریشی بەسەردا بکەن ستار گوتی:
چاکمان کرد لەناو چەم نەماینەوە. لە ستار ڕامابووم کەوتمە خەیاڵەوە ئەو هەموو کوشتو بڕە بەس لەبەر ئەوەی دەڵێن کوردین !
-گوتی: -بۆ واڕاماوی؟
- گوتم: وەڵلا بیر لەو کوردە هەژارە دەکەمەوە چەند ساڵە درۆیان بۆ دەکەین باسی ئەوە دەکەین کە وڵاتانی ئیشتراکی پشتو پەنای هەژارانن، کەچی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر یارمەتی دوژمنی کورد، دەدەن، لە ئێمە ناپرسن، کوا ئەو چەکانەی داویانە بە شۆڕشی کرێکاری، ئەی ئێمە شۆڕشەکەمان بەشێك نەبوو لە شۆڕشی کرێکاری؟ کێ هەیە لەگەڵ ئێمە چەوساوەتر ئێستاش ڕۆژێکی ڕەش چاوەڕوانیەتی هەر بە خراپەش باسمان ناکەن نەك وەك چەوساوە، بەڵێن بێت پێش هەموو کەس باسی نەتەوەی خۆم بکەم ئینجا خەڵکی تر، (هەر کەس وەفای بۆ کچی خۆی نەبێت بۆ کوڕی خەڵکیشی نابێت) ستار گوتی:
دیسان بە یەکێتی سۆڤیەتدا نووسا! دەتەوێ لەبەر خاتری تۆ بەینی خۆی لەگەڵ وڵاتانی عەرەب تێك بدات؟
نامەوێت، بەڵام دەمەوێت، ئەگەر پشتو پەنای گەلی چەوساوەیە جارێکیان باسی ئەوە بکات، ئەم گەلە بۆ وای بەسەر دێت؟ بە تازەترین چەکی سەردەم لێی دەدەن؟ کەس بە جواب نایەت. ستار گوتی:
ئەوە چیتە تانکەکان نزیك بوونەوە..
گوتم: با بێن قەیدی چییە ئەوانە تانکی سۆڤیەتن ئێمەش نزیکترین دۆستی ئەوانین خۆ لە ئێمە نادات، ئەی ئێمە ..؟

هـێزی پیـادە لـە پێشـی تانکەکانـەوە بـوو، تـاکو ڕێگـای دووئـاوان، لــەوێ دەبابـەکان پێشـکەوتن تـا گەیشـتنە گۆمـی سـوور تـانکێك لـە گۆڕەپانەکـەدا ڕاوەسـتاو یـەکی تـر چـووە بـن دارە گەورەکـە، ڕووەو سووژقاوشـان.. پێشـی کەمێك بەرز بوو، تۆزێك بۆ ئەولاتر چوو، چەند جار پاشـەو پێشـی کـرد بـە تەواوی خۆی ڕاست کرد. ڕوو بە ماڵی مام عارف .. کوردێکی کۆچەری بوو لـە بەهاردا کۆچیان دەکردچەند مانگ هەتا دەگەینە سنە، لە گەڕانەوەیاندا چـەند ڕۆژ لە ولاغ لو لایاندەدا، دوایی ئەوە چەند ڕۆژ لە مێرگەپان دەمانەوە، ئێستا چـەند ساڵ بوو وازیـان لـە کـۆچ کـردن هێنـابوو، لـە سوورقاوشـان دادەنیشـت چەندین ڕەزوو باخی گەورە گەورەی وەك (ڕەزی دروگە، باخچەی خەجێ، ڕەزی کەڵـەکان)ی دروسـت کردبـوو هـەناری سـێبەرو هـەنجیری هـەتاوی لـە بـازاڕی سلێمانی ڕاوەستانی نەبوو هەموو دەوەنە هـەنارێك دارمێوێکـی لەسـەر بـوو، دیوەخانێکی لێ ڕاکێشابوو، هۆدەی میوانی (٣٤) پێ درێژو (١٢) پێ پـان بـوو، چەند ئاغەڵی گـەورە گەورەی لـە تەنیشـت ماڵەکەیـەوە بـۆ ئاژەڵـەکان دروسـت کردبوو، بۆ خۆی زۆر تەرپۆش بوو، بەس سەرپەرشتی ماڵەکەی دەکرد، خەڵك و خـوا لـە دێ دا نـەمابوون. ئـەوەی مـابووەوە تـەنیا مـام عـارف و حەنـەگێژی هاوسێیان بـوو. ڕاست لەبەر پەنجەرەکە خـەریکی تـراش بـوو تانکەکە ئامـادە بوو، چاوەڕوانی فەرمانیدەکرد، ئەفسەرەکە بە چاو ئیشارەی دایە، دەسـتی بە تەقە کرد..لایەکی ڕیشی تاشی بوو دەمـی مەکینـەی تراشـەکەی مـوو گرتبـووی کـەمێك بە دەوری خـۆیدا سـووڕایەوە چـی دەسـت نەکـەوت، پـاکی بکاتـەوە، هەستا لـەولاتر پـەڕە کاغـەزێکی دی ئـەو گەیشـتە پەڕەکـەو خووەمیـارە. وەك گوللەی بڕنەو لە پەنجەرەکەوە دیوارەکەی بڕی دەرچوو بۆ مـاڵی حەنەشێت لـە دەفەی سنگی داو شەقی کرد. تەپەوتۆز ئەو ناوەی داگرت کەوتە مته مت، دەك خوا بیبڕێ دەك خوا بێتە خوارۆ، گەماڵ باوك خـەریك بوو لێل گرمـەی مێشـکم بتـەقێ دوا بڕیـاو لـەم چەمو چۆڵە لێلمان لێل کە نۆ. گەڕا سـەرو جامانەکـەی

دۆزیوه له ماڵەوه چووه دەرێ، کەوته سەیری گۆڕەپانەکە، لەو هەموو تانکە سەری دەرنەکرد، ئەو گوێی گران بوو، نەیزانیبوو هەر چوار دەوری دێ گیراوه بە پەلە گەڕایەوە بۆ ژوورەوە برنەوە، وەسەته دار شووشەکەی چەند ساڵ بوو دەری نەهێنابوو، دەری هێناو دوو ڕەختی لەخۆی بەست، سەربازەکان دایانە بەردەست ڕێژ بەڵام ئەو هەر مێشیشی میوان نەبوو لە پەنا کەڵەکی ماڵان بۆی دامەزرا هێندە دنیای دیبوو دەیزانی ئەمجارە ئاخر جاری ژیانێتی زۆریش گوێی لەو تەقانە نەبوو، بەرەو ڕووی دەهاتن جار، بەجار لە بەردەکەی بەردەمی دەداو ڕادەچڵەکی زۆر دەست ڕاست بوو، دەیتوانی دەرزی هەڵبگرێت ئەگەر چی گوێی گران بوو بەڵام چاوی زۆر تیژ بوو ئەو ڕۆژانە قاورمەی بە ڕۆنی خۆماڵی و بە سرکەی هەنار دەخوارد، زۆری حەز لە ترشی بوو ساڵی چەند سەت هەناری (کەندەشینە)ی بۆ وەرزی زستان هەڵدەگرت، لەباتی شەوچەرە شەوانی درێژی زستان دەیخوارد. سەربازێك زۆر لێی نزیك بوو گولەیەکی لەبەردەمی سەربازەکە دا، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە چونکە نەیدەویست بیکوژێت. نەگەڕایەوە بە تفەنگێك کڵاو جامانەکەی هەڵگرت، هیچ تێك نەچوو، چوو هەڵیگرتەوەو لەسەری نایەوە لەبەر خۆیەوە گوتی:

– عارف خوای گەورە فەرموویەتی (هەر کەسێك هاتە سەرتو بەزۆر ویستی شەرەف و سامانت بەرێ، بیکوژە. ئەگەر بتکوژێ بۆ تۆ غەزایەو شەهید دەبیت) دیارە ئەمانە ناگەڕێنەوە قۆڵی لێ هەڵماڵی و گوتی خودایە بە ناوی تۆ.

تەقەی بە خەسار نەدەچوو، پشت دێ زۆر چڕ بوو ماڵەکان لەناو ئەشکەوتەکانی دەرەوە خۆیان حەشار دابوو، کوڕە چەکدارەکانیان چاویان پێکەوت خۆیان بۆ ڕانەگیرا بۆ یارمەتی باوە گەورەیان هێرشیان برد. سەربازەکان شکان و گەڕانەوە گۆڕەپانەکە، لەناوچەمەکەدا چەقەڵ و بەرازو گورگ و ڕێوی بەیەکدا دەهاتن مەڕو ماڵات ڕوو لە ئاوایی بە بارەو بۆڕە

دەگەڕانەوە. هەڵۆکان بەسەر ئاسمانی چەمەکەوە دەسووڕانەوە سمۆرەکان لەسەر دارگوێزەکان ئەم دارو ئەو داریان دەکرد، ناو چەمەکە ئاگرباران کرا.

چوار فڕۆکە گەیشتنە ئاسمانی چەمەکە، هێزەکەی دوژمن بۆ دواوە کشانەوە چەند جار بۆمبایان بەردایەوە ترپەیەکی کەمی دەهات لە ماوەیەکی کەمدا چرپە نەما، دنیا وەك ئاشی ئاو لێ بڕاوی لێهات ماوەیەك بێدەنگی باڵی بەسەر چەمەکەدا کێشا، جا هێزەکە گەڕانەوە هەموو شتێك لە جووڵە کەوت، ئەو دڕندانەی کە کەمێك پێش ئێستا نەت دەتوانی چاو لە چاویان بکەیت، ئێستا چەند هەنگاو بە چیاکەدا هەڵدەگەڕان، وردە وردە هێزیان لەبەردە بڕاو بەرەو لەناو چوون نزیك دەبوونەوە.

کۆترە باریکەو قەلقاژو پاساریو کەندەسمەو کوکوختیو زەردەزیرە کە بەر لە ئەودەم، سەر گۆپکەی دارە پیرەکانیان گرتبوو، هەنووکە بێگیان لەسەر گازی پشت لێی کەوتوون. قازو مراوی ناو ڕووبارەکە بەبێ هەست بە سەر ئاوەکەوە زگ لە ئاسمان دەسووڕانەوە. هەموو ئەو دارانەی کە گوریس بە قەدیاندا نەدەگەیشتەوە لەناو قەدا بڕانەوەو سەرو پۆپیان داهاتە سەر زەوی، سەر ڕووبارەکە لەبەر سووریی گوڵە هەنارو هەرمێو گوڵی دارمێوە. نەدەبینرا، ئەو کەمە ئاژەڵەی کە لە دێیەکانی زێڵێن، شێخان، سورقاوشاندا مابوون، دوای قاڕەی بزن باڕە باڕی مەڕ بۆڕەی مانگاو وەڕینی سەگ بە چەند چرکە گیانیان لەدەست دا.

لە پەنجەم ورد بوومەوە تەماشایەکی ئەڵقەکەی پەنجەم کرد، تەواوی خۆشەویستی ئەڤینم لەناو ئەلقەکەدا بەدی کرد، جار جارە فرمێسك بەرچاوی دەگرتم، دوای هەر بۆخۆم دەمگوت: ئەمە پیشەی گەلی چەوساوەیە، کارەکە ئەوەیە هەتا مرۆڤ دەمرێ چاوی لە ئازادیە.

دار بە لاڵوكو قەرەقاجو گۆیژە. پیرەکان، لە بەینی گابەردەکانەوە سەریان دەرهێنابوو، گوڵە بە لاڵوك وردە وردە لەگەڵ گوڵە زەردی قەرەقاجەکاندا

دەکەوتنــە ســەر زەوی، بــە کورتــی هــەموو ڕووەکـــەکان وەنـــەوزیان دەدا، هــەڵدەوەرین، زەویەکــە کــەوتبووە لــەرزین، گابــەردەکان جــار بــەجار غلــۆر دەبوونەوە تاکو دەگەیشتنە دەم چەمەکە هەریەکەو چەند بەردی لەگەڵ خۆی ڕادەمــاڵی، لەگــەڵ لــەیکدانی گابــەردەکان، پریشــکی دەچــوو بــە ئاســمــاندا، سەربازەکان لە نرکەو ناڵەی بەردەکاندا زراو تۆقیوو دە بوون. چیاکانی ئەمبەرو ئەوبەریان بەر خومپارەو دەسترێژ دەدا، کوێرانە ئاگر بارانی هەرچوار دەوری خۆیان دەکرد.

کات درەنگ بوو خۆم خزاندە بەینی دوو بەردەوە، ئاگام لەخۆم بڕا کە بە ئاگا هاتمەوە ڕۆژ بە دەرەوە نەمابوو، هێزەکەش گەڕابوونەوە سەر چیای شەیتان بازێڕ، تەماشایەکی دەوروبەرم کرد، ستار دیار نەبوو کەمێك لەسەرخۆ بانگم کرد، جوابی نەدامەوە مەتارەکەم نایە بەر کەمەرم، تفەنگەکەم کردە شانم کەمێك لەولاتر لە بەینی دوو بەرد خەوتبوو، چوومە سەر سەری و کەمێك تێی ڕامام قایشی تفەنگەکەی لە ملی کردبوو تفەنگەکەی خستبووە ژێر سەری، خەوێکی قووڵی لێکەوتبوو، بە هێواشی لە خەوم هەڵساندو گوتم:

– هەستە هەتاکو تاریك دانەهاتووە، با سەرکەوین، بەڵکو جێگەو ڕێگەی دوژمن بزانین.

خۆمان گورج کردەوەو لە بالآی کێوەکە بەسەرکەوتین پێش ئەوەی بگەینە بەردە عازەبان تەواوی جێگەی دوژمنمان زانی، نەدەوێراین بە ڕێگەدا بڕۆین بەناو گژوگیاکاندا دەکشاین بۆنی نێرگزەجاڕەکەی خوارمانەوە دەهات، لەبەر دڕکە کەنگر ڕێگەمان پێ نەدەکرا، بۆیە زۆر لەسەرخۆ ڕێگەمان دەبڕی، لە کۆنە گوندەکە ڕەت بووین نیازمان بوو لە گردەکەی خوار ئاوایی دانیشین، بەڵام لەو گردە پان و بەرینەدا جێگەیەکمان دەست نەکەوت پشوویەکی لێ بدەین، لەبەر تەتەڵەمیرانە ڕەش دەچووەوە، جێگەمان گواستەوە خوارەوە لەسەر گیا کاروان کوژەکان دانیشتین، بە دەوری خۆماندا دەستمان دەکوتا، ئەو ماڵە کۆچەریانە

لەسەر ڕەوشتی باوباپیرانیان بەردەوام بوون، گەرمێن و کوێستانیان دەکرد، هەر لە کۆنەوە ئەو بنەماڵانەی کە کوردی قەرەوەیسیان پێدەگوتن لە زستانانندا لە ناوچەی ئاغچەلەر دەگیرسانەوە لەگەڵ ئاواییەکاندا وەك خۆماڵیان لێهاتبوو، لە پرسەو شاییدا لە خۆشی و ناخۆشیدا بەشدار بوون زۆر جاران و بە بەردەوامی وەك بنکەی پێشمەرگە وابوو.. هەرگیز پوورە زبێد قاورمەی لە هیزە لێ نەدەبڕا، کەشك و ڕۆنی خۆماڵی لە گۆزەو مەشکەدا کۆن لە نوێی دەدایەوە، هەموو جارێك پوورە زبێدە دەیگوت:

ڕۆڵە ئێمە هەموومان لەژێر سایەی پێشمەرگەدا دەژین، ئەگەر پێشمەرگە نەبێت ئەبێ بزانین ئەمانە وەك کوللە زەردە وان، نامان هێڵن. دایکی خۆتان دنیای زۆر دیووە، چەند جار ئەو پێ پەتییە خوانەناسانە گەسکیان لە ماڵەکانمان داوە.

چووینە پیش ڕەشماڵەکان بێ هەست بوون تەنانەت وەك جارانی پێشوو سەگەکانیش نەدەوەڕین، ئاگری ماڵەکان بە هەوادا دەچوو، وەك دزان خۆمان لە ڕەشماڵەکان نزیك کردەوە دوو جار بانگم کرد، خدر خدر، بە حاڵ گوێم لە نووزەیك بوو، (کێیە ڕۆڵە؟) دووبارە بانگم کردەوە دەنگەکە نەما، ڕۆیشتم بەلای دەنگەکەوە پوورە زبێد، زبێد پیرەژنێکی تەمەن (٨٠) ساڵە لەبن دەوارەکە کەوتبوو، پرسیارم لێکرد لە ماڵ و منداڵ زۆر بە گران دەیتوانی قسە بکات، گوتی:

کوڕم زۆر هەوڵماندا بڕۆین بەلام نەمانزانی بەو هەموو ئاژەڵەوە بۆ کوێ بڕۆین، خدریش بە کوڕەکانی گوت کوڕینە ئەمڕۆکە هێرش ناکاتە لای ئێمە کە شەو داهات چارەیەکی خۆمان دەکەین. بەبێ خەم پاڵمان دایەوە، ئەمڕۆکە لە دەوروبەری نیوەڕۆدا چەند کۆپتەرێك ئەو ناوەیان دایە بەر دەستڕێژ، کوڕەکانیش بۆ شەڕ خۆیان ئامادە کردبوو، کوڕم تۆ بۆ خۆت خدرت دەناسی چاوی لە شێر نەدەترووکاند، ئەو هەموو مەڕو ماڵاتەی تۆ بە چاوی خۆت

دەتـدی، ئـازا لـە دانەیــەکی بــە هــەر چــوار دەوری دەوارەکــەدا دەســوڕامەوە ڕەشماڵێکی بیستو چوار پاوان دەستکردی خۆیان ژوورەکان دابەش کرا بوون بە چیغی قامیش ژوورێك بە جوانی بە گوڵدار ڕازابووەوە بۆ میوان، یەك بۆ کابان ، یەکی تر بۆ کۆزی کارو بەرخان، هتد..

ڕەشماڵەکە نیوە سووتاو بوو هێشتا نەکوژابۆوە، هـەر دەسـووتا، ئـەو پـڕو پاتاڵەی هێنابویانە دەرێ بە گوللـەی کۆپتـەرەکان ونجڕ ونجڕ کرابوو، هـەرچی مەڕو ماڵاتی هـەیانبوو تـەواوی ورگو ریخۆڵـەیان دەرهـاتبوو، بۆنـی خوێـن ئـەو ناوەی پڕ کردبوو، ترسێکی لەو نـاوەدا بـڵاو کردبـۆوە، کـەم کـەس زاتـی ئـەوەی دەکرد بەو ناوەدا بگەڕێ..دەستە چرچو لۆچەکانی هەڵدێناو تووکی دەکردو لە خوا دەپاڕایەوە دەیگوت:

خودایــە گوناهمــان چــی بــوو هێلانــە پەڕەســێلکەمان تێــك دابــوو، تــەیرە عەبابیلەمان قەلاچۆ کردبوو، کۆترە باریکـەمان دەرمـانخوارد دەکـرد؟ گوناهمـان هەر ئەوەیە کە کوردین، ئەگەر بەرامبەر بە تۆ تاوانبـارین بـۆ بـە کـورد دروسـتت دەکردیـن؟ لەگـەڵ پاڕانـەوەدا دەلـەرزیو دەیگـوت: کۆپتەرەکە. لـە دەوروبـەرمان نیشــت دوای شــەڕێکی زۆر.. زۆریــان لێکــوژرا کوڕەکــان فیشــەکیان لێــبڕا، هەندێکیان زوو کوژرانو ئەوانی تر گیران بەبەر چاویانـەوە کچەکانیان فەسـاد کرد، دوایی گولله بارانیان کردن زۆرم هەوڵدا بمکوژن بەلاّم نەیانکوشتم، هەردو قاچیان بە گولله شکاندم کە لێی ورد بوومەوە پیرێژنێك لـەو تەمەنـەدا بـە گوللـە لە پشتێنەی بەرەو خوار تاکو نینۆکی پێیەکانی بە گولله بێژرابوو، گوتی:

ڕۆڵـە تێیـان نەدەگەیشـتم بـەس ددانیـان سـپی دەچـۆوە هـەندە ڕەش بـوون، دەتگوت بن کەوشەکانی منن.

ستار لە دوورەوە ڕاوەستابوو کە گەڕامەوە تەواوی کارەساتەکەم بۆ گێڕایەوە، کەوتە ئاخ هەڵکێشان لە ڕەشماڵەکان ڕەت بووین لەناو وشـکە شـیودا تـەرمـەکان بەسـەر یـەکدا کـەوتبوون، سـەرو ملیـان تێـك هـاڕابوو، تـاکو دەهـات کارەسـاتی

زیاترمان دەدی، پووژە زبێدێك لە هەموو ژیانیدا بەس خزمەتی میوانی کردوەو نوێژی کردووەو لەوە زیاتر کە کوردە هیچ گوناهێکی تری نەکردووە. بەو شێوەیە کەرامەتی بشکێنن، کام کار ناڕەوایە لەگەڵی بکەن، ئەمە لە فەرهەنگی چ گەلێك دایە؟ یاخود سەردەمی بەربەریەتەو ئێمە پێمان نەزانیوە؟ تەنها ویژدانی عارەب ئەمە هەڵدەگرێت، کاری هەزاران ساڵ پێش ئێستایانە، بۆیان ماوەتەوە، شانازی پێوە دەکەن گەلێك لەسەر زێدی باووباپیرانیان قڕو جینۆساید دەکەن..

لە تەواوی بەرزایەکان ئاگر هەبوو خۆیان لەبەر هەڵخستبوو بەردەوام بە چوار دەوریدا تەقەیان دەکرد، زۆر بە هێمنی ڕێگامان دەبڕی زۆریش شارەزای ناوچەکە بووین، لە ئەشکەوتی هەنارەکە نزیك بووینەوە ستار گوتی:

بۆ تاقی نەکەینەوە بزانین کەسی تیایە یان چۆڵە؟ ئەگەر کەسی تیا نەبوو ڕەنگە خواردنی لێ دەست کەوێ، بەبەر هەورازەکەدا سەرکەوتین دەوروبەری ئەشکەوتەکە ئەمبەرو ئەوبەری ئەو دارە گەورانە بوون کە چەندین ساڵ بوو مابوونەوە، بە لاڵوك و قەرەقاج بەردەمیان بە تەواوی گرتبوو نەتدەتوانی وا بە ئاسانی بیدۆزیتەوە

- مابوومان بگەینە دەرکی ئەشکەوتەکە، بۆن کروزی گۆشتی سووتاو دەهات، ئاگر لەناو ئەشکەوتەکە بەدەرکەوت، شالاوی بۆ دەرێ دەهێنا، نەماتوانی لێی نزیك بینەوە، ئەو مالانەی لەدەم شیوەکانی ئەو دەوروبەرە ماڵۆچکەیان دانابوو، ئەو کەل وپەلەی بۆیان چوو بوو، لەگەڵ خۆیان بردبوویانە ناو ئەشکەوتەکە تەماشامان کرد ژن و منداڵ بەسەر یەکدا کەوتبوون ئەو کاتەی سەربازەکان لەسەر ئەشکەوتەکە دەستیان بە تەقە کرد، لاوێك تەقەی لێ کردنەوە چەند سەربازێکی کوشت، ئەوانیش بەنزینیان کردە ناو گوللەی (R.B.G)یەکانیان هەموویان بە پیاوو ژن و منداڵەوە ئاگر تێبەردان.

ژن‌و منداڵت لەگـەڵ جـل‌و بزگـوڕدا لێـك جیـاواز نـەدەکردەوە، قـرچ‌و هـۆڕی سووتانیان دەتگوت گۆشتی ماسییە، لەناو تاوەدا ئەسووتێت پەنا دارو بەردی ئەو چیایە هەمووی پڕ بوو لە مرۆڤی کوردی بێ گۆڕ، قەڵ‌و داڵ لە تەرمەکانیان ئـالآ بوون، ئـەم کارەساتە گوێچکەی گـەردوونی کـەڕ دەکـرد، کـەچی بـێ هـەواڵ تێدەپەڕی، ڕۆژانە زۆر بە شانازیەوە لە ڕادیۆێ بەغداوە دەخوێندرایەوە، لە ژێر ناونیشـانی (ڕەحـم بـە خائینـان ناکـەین) هـەموو ڕۆژێ ڕۆژنامـەکان، هـەواڵی سەرکەوتنیان بلآودەکردەوە.

بـەرەو ڕەنـێ ڕێگـەمان بـڕی، ڕەنەکـە لەسـەر ڕووبارەکـە بـوو، (١٠–١٥) مـاڵ خانوچکەیان لێ دروست کردبوو، زەویەکان هـەمووی کێڵدرابوون، دوو گاسـن کرابوون، زۆربەی ماڵەکان تەماتەو بامێیان داچاندبوو، شتڵە توتن ئامادە بوو، بێڵ‌و خاکەناسی جووتیارەکان لەو ناوە پەرش‌و بلآو ببووەوە، زۆربەی ماڵەکان تاقمە پیاڵەی چا خواردنەوەیان هەڵنەگرتبوو، ڕەویان کردبوو، ڕێگەمان بڕی بە دەشتەکەدا بەهارێکی زۆر بژوێن بوو ئەو جێگایانەی کە سالآنی ڕابردوو گیای لێ نـەدەڕوا ئێسـتا زۆر بـە زەحمـەت دەت توانـی ڕێگـەی لێبکـەی، لەبـەر زۆری گژوگیا پڕ بوو لە دڕکە ئاسنینەو مەمکە کیژانەو کەرکۆڵ لەلا ڕێگاوە، بەناو دۆبە سەروشینە شاتەڕەدا دەڕۆ پشتێن، بەرەو چیای کەڵەکاوێ، ماوەیەکمان مابوو بۆنی جاترە بە بەر لووتمان کەوت هەر لە کۆنەوە چیایەکە ئارامگـای پێشـمەرگە بـوو پیـاوە پیرەکـان زۆر سـەربوردەیان لێ دەگێڕایـەوە .. بـەرەو خڕنوکاوێ شۆڕ بووینەوە، ستار گوتی:

دەڵێم با لە دیار گۆڕەکەی قوربانی پشوویەك بدەین پاشان ناوی خوای لێ دێنین لەسـەر بـەردە ئاوەکـەی شـیوی میـوان بـە دیـار گۆڕەکـەی قوربانییـەوە دانیشـتین، بـەردە ئـاوێکی پـان‌و پـۆڕ لەگـەڵ چریسـکەی مانگەشـەوە لـەناو ئاوەکەدا دەبریسکایەوە شەوقەکەی بە قولآیی ئاسماندا دەڕۆیی، تفەنگەکەم لە تەنیشـت خۆمـەوە دانـاو دووربینەکـەم لـە ملـم کـردەوە، چۆکـم دادا بـۆ ئـاو

خواردنـەوە، نـاو ئاوەکە وەك ئاسمـانیکی سـاف دەهاتـە بـەرچاو ورنجە ورنجـیّ ئەسـتیرەکان لـەناویدا بـیر کردنـەوەیان بـۆ مـرۆڤ ئـاوەلا دەکـرد، لـە پـەنای روونـاکی ئەسـتیرەکان مندالـی چاوگەشـی کـورد سـەرەتاتکەیان دەکـرد، لـە تاریکیدا سەگە کوردخۆرەکان دانـەجیرەیان دەکرد، بۆ قووتدانـی رووناکیەکـە ددانە ژەهراویـەکانیان لـە میشکی مندالـەکان دەچەقاند زیروهۆریـان لـە حـەوت تەبەقـەی ئاسمـان دا دەنگـی دەدایـەوە، لـەو هـەموو ئەسـتیرەو فریشـتانەی لـە ئاسماندا بوون، بە هانای مندالەکانەوە نەدەهاتن، زۆر بە توندی مستیکم کیشا بـە ئاوەکـەدا، مـانگو ئەسـتیرەکان کەوتنـە هـەژان بـە بەریـەکدا دەهـاتن هەناسەیەکم هەلکیشاو روو لە گۆرە جولەکەکان ئاورم دایـەوە، کە بە تەنیشت گۆرەکاندا رەت دەبوویندەبوو دوو بەرد لەسەر گۆرەکەی بابە گەورەت دابنیّیو بەردی سەر گۆری چاکەکان ماچ بکەی، بۆ یەکەمجار بەردی سەر گۆرەکەی بابە گەورەم ماچ کرد، تەماشایەکی گۆرەکەی قوربانیم کردو وتم: دەبیت کەی تۆش بـەردەباران بکـەن؟ قوربـانی پیشـمەرگەیەکی شـۆرشـی ئـەیلول بـوو لـەویّ لـەگـەل دوژمندا شـەهید کرا، هەر لەویّ لە چالیان نا، ئەو جیایە هینده گۆری بیکەسـی لە خۆ گرتبوو ئیستاکە بە گۆرە جولەکە ناویـان دەبـەن. هـەزاران گـۆری چاکی لیبـوو بـەرەو گونـدی بۆلقـامیش بـەریّ کـەوتین لـە چیلانـەوە بـەناو گـولو گولزارەکاندا ملمان نا، لەگەل گواستنەوەی هەنگاوماندا بۆنی گولە کنیرو گولە پاشا گولە ئاشقان بۆنیان بلاودە بۆوە، دەکەوتمەوە یادی مندالـی ئەو کاتانەی لـە گـۆرە پانەکـەی تەنیشت چیـلان تۆپیـنو سیبازیمان دەکرد، ئـەویّ جیگـەی باوباپیرمان بوو، بەناو کەلاوەکاندا دەگەراین لـەبن دیـواری خانووەکـەی خۆمـان راوەستاین لە پەنا ئەو ژوورەی کە دایکم هەموو جاریّ دەیگوت رۆلە دلۆڤان تۆ لـەم ژوورەدا، لـە دایـك بـووی، هیشـتا حـەوتووت نـەچووبوو کـە روومـان لـە ئەشـکەوتان کـرد، لـە ترسـی حـەرەس قەومییـە عارەبـەکان ئەوسـاکە لـە سـوریاو سعودیە هاتبوون بۆ تالانی کورد.

پالم دا بە دیوارە رووخاوەکەوە ستار کۆڵە پشتەکەی بەرامبەربە من داناو پشتی پیوەدا. تەماشای یەکمان دەکرد بیدەنگیەك بالی کیشا بەسەرماندا

# بەشی سییەم

دایکم فرمیسکی هەلدەوەراند، بە دیارمەوە دەخولاویەوە دەیگوت:

-کورم لە منالیەوە بیبەختی کەس نازانێ چیت بەسەر دێ، ئاخرت خیر بێ رۆلە ئەو سالەی تۆ لە دایك بووی ئەوی خودا بە بەندەی خۆی دابوو نەمانبوو، حەرەس قەومی هەموویان برد، تەنانەت لانکیشت نەبوو بۆ خۆم جولانەم بۆ دروست کردی. لەو هەموو کیوە کە بەسەر گیا ناو لانکەدا ویران دەبێ ئەو سالەی لە بەدبەختی تۆ تەلیکی لێ شین نەبوو، چوومە شیوی پەچە چوار گویچکەو کالە شینم هیناو لە ناو جۆلانەکەتدا رام خست لەو سالە بەدواوە باوکت بوو بە پیشمەرگەو کەوتە ئەو کیوانە. خزمو کەسو دۆستو بیگانە هەزارو یەك قسەیان دەکرد؟ بۆ رۆی؟ منالی خۆی پێ بەخێو ناکرێت، بەدوای کلاوی بابردوو کەوتووە.

بە بێکەسی بەخێوم کردن ئێستا بە قسەی دایکی خۆت بکە دانیشە بڕۆ خوێندن تەواو بکە، جەرگەکەم زۆر ماوە بەشی تۆش دەمینێ بابت ڕۆیی تۆ هاتی تۆ دەڕۆی کوڕی تۆ دێ کوردستان هەر وەك خۆیەتی خۆ لەسەر ئێمە تاپۆ نییە، کورد زۆرو زەوەندە با پێشمەرگایەتی بکەن، ئەگەر خودای کرد کورد شتێکی بە شتێك کرد، ئەوە بەشی خۆمان بە زیادەوە کردووە. هەر بۆ خۆت بەدبەختی ئەو مندالە جوانانەم سەرگەردان مەکە. تۆ نەفامی نازانی تۆ

دەڕۆی خوێنـدن تـەواو ناکـەی کـوڕی جاشـەکان‌و پیاوەکـانی مـیری خۆیـان پێدەگەیەنن. ئەگەر کورد ڕزگاری بێ سوڵتە لە دەست ئەواندایە، خۆ ناڵێن تۆ منداڵی پێشمەرگە بووی لەبەر کوردایەتی نەتتوانی خوێندن تەواو بکەیت، دەڵێن خوێندەوار نیت بۆ خۆت بڕۆ کاسبی بکە حزب چیت لێبکا؟

بەخودا ناهێڵن لە دەرکە بچیتە ژوورەوە دەڵێن کارمان هەیە، سەرمان قاڵە. لە خوا بەزیاد بێ کەلاوەیەکیشمان هەیە ئارمی تێدا دەگرین، بە خودا ئەگەر ببی بە پێشمەرگە خانووەکەشمان زەوت دەکەن، دوایی منداڵەکانی تر ناتوانن درێژە بە خوێندن بدەن، چۆن دڵت دێ ئەو منداڵانە جارێکی تر بەریەوە لادێ؟ مەگەر خۆت نەبووی؟ دەتگوت:

هەتا ماوم بەسەردان نەبێ ناگەڕێمەوە لادێ. خۆزگە منداڵی خۆت دێنایە بەرچاوت دەتزانی چەندە بەدبەخت بووی، بەم خێزانە یەك لێفەمان هەبوو هەتا بابت شەهید بوو. ئەگەر خاڵەکانت نەبوونایەو نەیان هێنابانایە شارو یارمەتیان نەدابنایە ئێستا دەبوو لە لادێ گاوان بیت، سەرم بڵند کردو گوتم:

- دایە هەردەبێ بڕۆم، تۆش ئەگەر نەیانهێشت دانیشیت وەرە لادێ‌و خانوومان هەیەو مڵکەکانمان هەر ماون دەتوانین وەك ئەو هەموو خەڵکە ژیان بەرینە سەر.

ژیانی منداڵیم بە خەیاڵدا هات، وەك فلیم بە بەرچاوم دا ڕادەبرد، وەك دایکم دەیگوت. زۆر نەدار بووین منداڵانی هاوتەمەنی من هەموویان پۆشتە بوون من بێ بەرگ‌و پێ پەتی دەسووڕامەوە، دایکم لە کۆنە لێفە کورتەکی بۆ دروست دەکردم کە ڕام دەکرد، وەك باڵی لێدەهات‌و وشەی دەهات منداڵێکی چەتوون بووم لە سێ بازدا کەس نەیدەتوانی شان لە شانم بدات. پوورە نێرگز ئافرەتێکی زۆر ڕووخۆش بوو. منی زۆر خۆش دەویست دەستی بەسەرمدا دێناو دەیگوت: دڵۆڤان دەکەم بە کوڕی خۆم کەوای دەگوت زۆر کەیف خۆش

دەبووم ئەوەی زۆر هەراسانی دەکردم ئەوە بوو کە لە ماڵەوە بەیانیان دەچوومە دەرەوە بلە شێت مستێك خۆڵی هەڵدەگرتو بە چاویدا دەکردم.

مجرۆ بۆی دادەنیشتم، دایکم بە بۆڵە بۆڵ دەیبردمەوەو دەیگوت:

– رۆڵە دەبڕۆ دەستو دەموچاوت بشۆ منیش دەمگوت:

– نای شۆم ئەگەر بچم چاوم بشۆم دەستم ناشۆم، دەستم بشۆم چاوم ناشۆم.

– دایکم دەیگوت:

– دەبڕۆ چاوت بشۆ دەستت مەشۆ، دەچوومە دیار کانی مزگەوتو هەردوو دەستم لە دواوە دەگرتو سەرم لە ئاوەکەدا نقووم دەکرد. کە دایکم دەیدی پیدەکەنیو دەیگوت: مەیشۆ کوڕم مەیشۆ با بزنەکان گەڕ نەبن با گەڕ نەبن. ڕۆژێك دایکم گوتی:

کوڕم خۆ شوکر گەورەو تەواوی و ڕێگای ئاش دەزانی باراشێکت بۆ لە کەرەکە بار دەکەم بیبە بۆ ئاش پەنجا فلسیشت دەدەمێ لە دوکانەکەی (مەلا ڕەسوڵ) بۆخۆت خەرجی بکە. منیش هەرچەندە لە فڕۆکەو سەگەکانی حەمە دەترسام بەڵام کە ناوی پەنجا فلسەکەی دێنا پێم خۆش بوو. لەگەڵ گەردی بەیانی باریان لە کەر بار کرددایکم هەڵیسەندم کە بڕۆم، بەدەم چاو هەڵگلۆفینەوە گوتم:

دایە یەك تایەیان دوو تایە؟ دایکم گوتی:

– دوو تام لە کوێ بوو رۆڵە بە هەزار حاڵ یەك تایم دەست کەوتووە، خۆمدا بە جێگاکەداو گوتم:

– بەخودا ناچم هەتا نەیکەی بە دووتا، من لەو دەشتە ئەگەر بارەکە لە کەرەکە کەوت بەکێ بڵێم بۆم بار بکاتەوە. هەرچەندە زۆر لە دایکم دەترسام بەڵام دایکم دەنگی نەکرد چونکە دەیزانی یەکە تای نزیکە بۆ کەوتن.بە پەلە گەڕا دوو تای لە ئاوایی پەیدا کردو باراشەکە ئاڵوگۆڕ کرا بار، بارکراو حازر بوو، گوتم: دایە ئەدی پەنجا فلسەکەم؟ دایکیشم بێ دوودڵی دایە دەستم.

دەرپێیەکی سپی خامم لە پێدا بوو دایکم بۆی دووری بووم گیرفانێکی لە دەرەوە دروست کردبوو پارەکەم خستە گیرفانمو ڕۆیشتم، دەستێکم لە گیرفانم دەرنەدەهێنا هەر بە پارەکەوە بوو نەبادا بزر بێ. لە عەسکەر نزیک بوومەوە کەوتمە بیرکردنەوەی ئەوەی چۆن خۆم لە سەگەکانی حەمە لابدەم، یان دەبوو نەچمە ئاوایی، یان دەبوایە بە بەردەمی ماڵی ئەواندا بڕۆم. نەدەکرا نەچمە ئاوایی پارەکەم حیساب دەکرد، پازدە فلس بۆ کۆکا، پێنج فلس بۆ کێك پێنج فلس بۆ لوقم، دەکاتە بیستو پێنج فلس، هێشتا بیستو پێنج فلس دەمینێتەوە، زیادەکە دەبەمەوە بە دایکم دەڵێم پێڵاوەکانم دڕاون لەگەڵ پەنجا فلسی تر بۆم بدە بە پێڵاو یان خۆ دایکم ئاگای لێ نییە یەك ڕبە گەنم لە باراشەکە دەردێنمو دەیفرۆشم دەیدەم بە پێڵاو. ئەگەر دایکم گوتی گەنمەکە کەمی کردووە دەڵێم: ئاشەکە لە بەختی ئێمە میزت، خۆ ئەگەر گوتیشی چۆن بە پەنجا فلس پێڵاوت کڕی؟ دەڵێم:

– پێش ئەوەی بگەمە ئاشی دانیشتم، دۆخینەکەم بە دەستەوە بوو پەنجا فلس لە پەنا بەردێك خەوی لێ کەوتبوو. منیش لەلای (مەلا ڕەسوڵ) دام بە پێڵاو دایە بەخوا پێڵاوی باشن ئەسڵەن کولاوە نییە، مەلا ڕەسوڵ گوتی:

ئەگەر دایکت گوتی:

خراپە بیهێنەرەوە. دایکم ماچم دەکا ئەوەندەی تر خۆشی دەوێم دەڵێ: کوڕەکەم ئاقڵە..

نازانم ئەو کابرایە ئەو هەموو سەگەی بۆ چییە، نە یەك نە دووان نە سیان، بە کۆمەڵ سەگو تانجی ڕادەگرێ، کە باراشەکەم خست بە عەبەی ئاشەوان دەڵێم دەچمە ناو دێ، کەرەکەش دەبەم بە سواری دەچم. دەستم لە گیرفان دەرهێناو پارەکەم خستو سوار بووم بۆ بەر دەمی دووکانەکە دابەزیمو دەستم بە گیرفانمدا کرد.

– ئای ئەو پەنای گیرفانم ئەو پەنای گیرفانم کورە خۆ ئەشکەوت نییە وەللا نەماوە باشە لە کوێ ئەو پارەیەم لیکەوتووە؟ مەلا لیکدا لیکدا دەیگوت:

– ها کوریژگە بۆ راوەستاوی؟

– دیم دیم مامۆستا، نازانم چۆن بڕۆم لە رووم نایە بچمە ژووریّ چۆن بلیم پارەم پیّ نییە.

لەسەر بەردەکەی بەرانبەر بە ئاشەکە دانیشتبووم بیرم لەوە دەکردەوە دەبیّ پارەکەم لە کویّ بزر کردبیّ؟ هەستام چوومە سەر ئاوەکە تەماشای بن ئاوەکەم دەکرد کە لە قۆتەلی ئاشەکە دەهاتە دەرەوە وردە زیخی لەگەل خۆی رادەمالی وردە ماسی خۆیان بە تیژایی ئاوەکە دا دەداو دەگەرانەوە.

لەسەر چنارە بەرزەکەی مامەند قەلەباچکەیەك دەیقغاند لە قەدی دارەکە هیلانەی کردبوو، ئارەزووم بوو بچمە سەر دارەکەو بەچکەکان دەربینم بۆ خۆم یاریان پیّ بکەم، عەبە بانگی کرد: دلۆڤان دلۆڤان وەرە ئاوی لە ئاشی بەردەدەم یاریدەم بدە.

چوومە ژوورەوە داری هیناو دایە دەستم و گوتی:

–من دەچم ئاو دەکەمە بۆریی ئاشەکەوە تۆ بەم دارە ئەم پییە بلند کە تا بەردە ئاشەکە دەگەریّ ئەگەر گوتم پیی لیٚ نزم بکە بەم دارە بکیشە بەم دارە گەورەیەدا با نزم بیتەوە وریابە ئاشەکە تازە بیراز کراوە، پیّی زۆر لیٚ هەلمەبرە، دوایی دەمیزیّ تاقەتی بۆلە بۆلی ژنانمان نییە، چووە، سەرەوەو ئاوی لە ئاشی بەردا، بانگی کردو گوتی پیی لیٚ هەلبرە، من رمب دەمکیشا بە دارە گەورەکەدا، ئای ئەوە بۆ خەریکە تیك دەچیت کورە پیی نزم کە زمانەکەم بەرز دەکرد ئاش دەیکردە ، هاوار هاوار، وەك مرۆڤ. عەبە بە تورەیی، هات دارەکانی لە من وەرگرت، کورە سەلکە سەگ ئەوە چیت کرد؟ گوتم : چیم کرد بۆ خۆت وات پیّ گوتم، گوتی:

–ئەی خودا رووت رەش کا باشە.

گوتم دەبینە بزانم تۆ ئاوات پێ نەگوتم دارەکانی دایە دەستمو گوتی یاللا پی هەلبرە، سووك دارەکەم لەبن زمانەکە گیر کردو هیواش هیواش بەرزم کردەوە، راماو گوتی:

نزمی کە، بە دارەکەی دەستم هیواش هیواش دەمکیشا بە کۆتەکەدا تۆپی ئاشەکە دادەمرکایەوە، گوتی:

کاتیك من دەمگوت بەرزی بکە ئاوا بەرزت دەکرد؟

گوتم: بەلێ بە هەمان شیوە کە بۆ خۆت گوتتو دیتت، گوتی:

ئافەرین من وامزانی هەلەت کردووە کەواتە ئیستاکە لە باتی ئەوەی کە جنیوم پیدای خەروایەکی خۆشت بۆ دەکەم،جار جارە دەیگوت راکە بەری ئاشەکە هاتووە بیمالە، رام دەکرد ئاردکیشەکەم هەلدەگرتو بەری ئاشەکەم خاوین دەکردەوە.

گوتی: تۆ ئەم ساجە بەرە لەسەر ئاوەکە بیشۆو لە بنەوە قوری بدەو بیهینەوە تاکو تۆ ئەوە دەکەیت منیش ئاگر ساز دەدەم، خەروا ئەبرژینین. چوومە سەر جۆگە گەوەرکەو سەیری قۆتەلی ئاشەکەم کرد، ئاوەکە بە لوولی دەرۆیی بەرز دەبۆوە، ئەو پووشو پەلاشەی بەسەر ئاوەکەوە بوو قووتیدەدا، لە بانگی ئافرەتیك کە خۆی کرد بە ئاشەکەدا بە ئاگا هاتم، کە ئاورم دایەوە دیم پوورە خوشکانە چاكو چۆنیمان کرد رووی لە عەبە کردو گوتی:

دەزانی دلۆڤانم زۆر زۆر خۆش دەوێ، ئەوە نیرگزی براژنم ئەوەندەی خۆش دەوێ، دەلێ خوای دەکرد گەورە دەبوو، دەیکەم بە زاوای خۆم، عەبە جوابی دایەوە، لیی تووڕە بووم، دوایی زۆر پەشیمان بوومەوە، وامزانی هەلەی کردووە، کوری باشە بەو مندالییە هاتووە بۆ ئاش. لەگەل قسەی دەکرد دەیگوت: بلێ ئەو مندالانەت بۆ بەرەللا کردووە چیت لە پیشمەرگایەتیو میشمەرگایەتی داوە، چا نییە ئەو تاقە کورەی لەبەر خویندن داناوە، بۆ خۆی لای مەلا دەخوینێ پوورە خوشکان خۆی کردە دەرەوەو بانگی منی کرد،

دلۆڤان گیان رۆڵە نیوەڕۆ میوانی پووری خۆتی. عەبە گوتی خوشکە خەرواى گەرمو نەرممان کردووە بۆ خۆمان لییگەڕێ باکورەکە یارمەتیم بدا کورە سەگە کویر چیشتیکی خۆشم لیناوە، دەیبەمەوە تاکو دیتەوە باراشەکە دادیت.

بارەکەم بار کردو رووەو مالەوە بەڕێ کەوتم. کات دەورووبەری چوارو نیوی عەسر بوو، لەو کاتانەدا فرۆکەی دوژمن دەهاتە دیهاتەکانو ئاگربارانی دەکرد. بە ریوە بووم لە دەرماناو، رەت بووم لەوبەر خەرمانەکەی ئۆمەرەوە گاگەلەکەی عەسکەر بەرەو مالەوە دەگەڕایەوە. لەو کاتانەدا دوژمنی گاگەل فرۆکە بوو کەمیك لە گاگەلەکە دوور کەوتمەوە، دوو فرۆکە بەرەی ئاسمانیان گرت، ئەو ناوە سەرتاپا بووە بە بۆرە بۆرو راکردن فرۆکەکان بۆ ماوەی نیو کاتژمیر رژاندنیان بەشیکیکەمیان نەبیت کە بە ساغی رزگاریان بوو، ئەوانی دیکەی هەموو کوشتو بریندار کرد. کاتیك کە فرۆکە دەگەڕان دایکم لە مالەوە ئاگری جەرگ هەلیگرتبوو، بە ریگەدا هات تاکو گەیشتە من، وتی رۆڵە دلۆڤان نەترسای؟ منیش بە گریانەوە گوتم: نەخیر دەباشە کورم ئیستا پیکەوە دەگەڕیینەوە دایکم وردە وردە مەتەل و نوکتەی بۆ دەگیرامەوە، تا گەیشتینە سەر کاریزی مورتکە، دایکم گوتی:

کورم دەلین (ئەم مورتکەیە لە وەختی خۆی شار بووە) شاریکی زۆر گەورە بووە، وە دەشلین لە شەری گاورو موسلماناندا ویران بووە، ئەو کۆنە کەلاوانەی ئیستاکە جیگەیان ماوە کە بە قسلو گەچ دروست کراون، ئەوانە هی ئەو کاتانەن، باپیرت پیاویکی بە تەمەن بوو دەیگیرایەوەو دەیگوت، شاری مورتکە شاریکی بەناوبانگ بووە، لەوەتەی ویران بووە زۆر جار هەولی ئەوە دراوە ئاوەدان بکریتەوە، بەلام ئاوەدانی هەلناگریت، جیێ گۆرەکان ماون کیلەکانی نیشانەی سەیریان پیوەیە، دەلین ئەوە خاچە بەلام من نازانم خاچ چییە، ئیستا ئەم زەویانە بکە بە دانەویلە یەكو سی دەبرن، دەلین بن ئەرزەکەی دەریایەکی گەورەیە، بەشی شاریکی گەورەی ئاو تیدایە، لە ناوەراستی هاوین گیای لی

شـین دەبـێ، زەویـەکان هـەموویان هـی عومـەرن، زۆر چروکـە جوتیـار لـەلای ناگێرسینەوە، خەلکی ئاوایی بە نیازن بچنە لای و قسەی لەگەل بکەن، رۆژێك ویستویەتی کاریزەکە پاك بکاتەوە گەیوەتە سـەر تەختـە بـەردیکی پـان و نەبوێراوە دەستی لیبدات، لەبەر ئەوەی کە گویی راگرتووە، لەبنەوە هاشەی هاتووە من زۆر بە پرسیار بووم گوتم: دایە ! دایە گیان ئەو گردەی بەرانبەرمان ناوی چییە؟

- ئەوە ناوی بانووی کونە مشکەیە.
- ئەی باشە ئەوەی تەك ئەوەوە؟
- ئەوە حەوشەی هیسترانە
- ئەی شاخەکەی ئەو لایەوە؟
- کورم ئەوە شاخە زەردە
- باشە دایە گیان ئەی ئەوەی ئەولا شاخە زەردەوە؟

کورم ئەوە (هیلانە قەل)ی پیدەلین

- باشە ئەی ئەوەی بەرانبەر بەو..؟
- ئەوەشیان (عەلی سەرشێن)ی پیدەلین.

هیچیکە پرسیار مەکە کورم، مـن چووزانم ئەو هـەموو کیـوو بەندەنە بـێ نـاو نییـە، ئـەرزی خـودا زۆرو زەوەنـدە نـاویش فـرە زۆرە فـرە بیدەنگـم لیکـرد گەیشتینە سەر شاخی پشتی ئاوایی رۆژ لە ئاوابووندا بوو، شۆر بووینەوە بۆ ناو دێ، خۆم وەك پالەوان دەهاتە بەرچاو.

- خالە تۆفیق تەمەنی لـە دەوروبەری شەسـت سـالیدا بوو، ژنـی نـەبوو زۆر جاران لە تەنیشتی دادەنیشتم باسی مندالی خۆی دەگیرایەوەو دەیگوت مامە شیخ وەختی خۆی خەلکی دێ هینابوویان بۆ پاریزگاری خۆیان لەبـەر ئاغا کەچی بۆ خۆی مولکیکی زۆری لە خەلکی داگیر کرد، توولەیەکی هەبوو رۆژێك لەگەل سەگەلی ئاوایی بەشەر هات، منیش نەمزانی کە هی (مامە شیخ)ە لە دیار

تووڵەکە هەڵدەپەڕیم و دەمگوت، ئای لەو توولە جوانە، وەللا بۆ خۆمە. مامە شێخ بە گۆچانێکەوە هات و گوتی:

چی بۆ خۆتە هەی سەی لە بابێ سەی، کە وایگوت رامکردەوە بۆ ماڵێ، بەدوام کەوت من باوکم نەمابوو، دایکم زۆر خۆشی دەویستم، لە دوام نەبۆوە دایکم زۆر پاڕایەوە سوودی نەبوو، لە باوەشی دایکم دەریهێنام کەوتە لێدانم، تاکو گۆچانەکەی شکا، سێ مانگ لە جێگەدا کەوتم هەتا چاک بوومەوە خاڵۆو هەموو هاوتەمەنەکانی خۆی هەڵوکێنیان دەکرد، کە لەهەڵووکەکەیان دەدا، دەیگوت: چلە چلە بۆ بەر ماڵان، خاڵە فێر بوو بوو بە بەردەوامی دەیگوت: چلە چلە..بۆ بەر ماڵان رۆژێك لە دەوروبەری کاتژمێر چواردا دوو فڕۆکە هاتن ناو دێیان بۆمبا باران کرد، بۆمبایەك بەر ماڵەکەی کەوت ئێستاکەش تەرمەکەی نەدۆزرایەوە، لەو رۆژە بەدواوە سەربووردەی سەیر سەیر لە ئاوایدا بڵاوبۆوە، لەو بارەیەوە زۆر کەس دەیانگوت بە گوێی خۆمان گوێمان لێبووە بانگی کردووە و گوتویەتی (خۆ من نەمردووم بۆ نایەن دەرم بێنن) زۆر رۆژ لاوەکان کۆ دەبوونەوەو دەکەوتنە هەڵدرینی کەلاوەکەی بەڵام نەیاندەدۆزیەوە، یان دەیانگوت بینیومانە بە چاوی خۆمان کە بە چیای حەودارەدا هەڵگەڕاوەو گوتویەتی هەتاکو خانوەکەم بۆ دروست نەکەنەوە ناگەڕێمەوە ئاوایی، زۆر کەس بروایان دەکردو دەیانگوت : ئەگەر خاڵە ماوە لەژێر خانوەکە دایە بۆ جارێك پارچە ئێسقانێك نادۆزرێتەوە. باسەکە بوو بە ویردی سەر زمانی گەورەو بچووکی خەڵکی گوند، دەچوو خەونی هەمووان زۆر کەس دەیانگوت: ئەوانە بینیومانە قوبە قوبە نووری سەوز لەسەر خانووەکەی هەڵساوە، بە ئاسماندا رۆیشتووە هەر کەسێ لەبەر دەرگا ڕەت دەبوو دەیدی و داوای لێدەکرد ئاوی بدەنێ جارێکی تر تابر بۆ منداڵەکانیان ناکاو دوای تاوڵەرز لەو ناوەدا بڵاو دەبێتەوە خاڵە تۆفیق لە هەموو ژیانیدا درۆی نەدەکرد، باسی کەسی نەدەکرد، ژنی نەبوو زۆر ئاواتی بوو ژنێك بێنێ، بەڵام بۆی نەدەهات، بە

ون بوونی، پەتای تاو لەرز بلاو بۆوە، کەس نەبوو (تابر)یان بۆ بکات تاکو چاك بنەوە، کاتیك وای لی هات پەتایەکە ئاوایەکانی دەوروبەریشی گرتەوە، جاران لەدییەکانی (کلیسەو، بۆگد، کانیبی، هەیدەربەگ، گۆپتەپە) دەهاتن لەلای ئەو (تابر)ی بۆدەکردن، دەیان وت نەنویژ دەکاو نەبەرۆژوو دەبیت بە چ مانایەك تابردەکاتو مندالی پێ چاك دەبیتەوە، دەشیانگوت ئەگەر دایکی مندالەکە بەتەنیابێو کەسی لەگەڵ نەبیت، ئەوە لەجیاتی سەرقەلەمانە داوای ماچی لی دەکات، زیاتر لەگەڵ دیهاتەکانی دەوروبەر ئەوەی دەکرد، رۆژیکیان نەنکە ئایشە (پیریژنیکی بەتەمەن بوو) گووتی: من ئەمشەو نەخەوتووم، نوورەکەم بەچاوی خۆم بینی، لەسەر مالەکەی، پاشان چوومەتە سەر جیی نوورەکەو خالە تۆفیقم دیوە قسەم لەگەڵ کردووەو گوتی:

نایەمەوە هەتاکو شتیکی گەورەم بۆ نەکەن یا مندالەکاتنان تاوو لەرز بیانکوژیت، مەلا ئەحمەدو مەلا یاسینو مەلا عەزیز لەگەڵ پیاوماقولانی ئاواییەکانی دەورەوبەر لەبۆلقامیش کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی شتیکی بۆ بکەن تاکو مندالەکان لە تاو لەرز چاك بکاتەوە، چونکە لەو ماوەیەدا گورستانی مندالەکان بەهۆی نەخۆشییەوە گەورەبووبوو. لەدوای نان خواردنی نیوەرۆ دانیشتن بۆ راوتەگبیر، هەموو خەونەکان لەسەر دەفتەر نووسرانەوە بۆ ئەوەی سەدەقیان لی دەن، مەلا عەزیز گوتی:

راستە نویژی نەدەکرد بەلام ئەولیابوو، تۆبزانە ئەوەندەی ئەو مابوو مندالمان دەمردن؟ یان لەسەر دەستی ئەودا چاك دەبوونەوە، ئەگەر ئەولیانەبوو؟ نەشیخ بوو نەسەیدبوو، چۆن دەیتوانی لەخودای گەورە بپاریتەوەو ئەو مندالانە لەو پەتایە رزگار کات.من بۆخۆم زۆر شتم لی دیوە، بەلام ئەو دەیگوت: مامۆستا، پیاوی خودا نابیت خۆی بەدەربخا. چۆن دەبیت لەناو خەلکی کەشو فش بکات؟ من دەزانم بەنەمانی ئەو پیاوە خوا کاریکمان بەسەر دینێ نەبیتەوە، راوەستن ئەو شەوەی کەشەهیدبوو خەلکی ناوچەکە هەموو لەشیان داهیزرابوو،

گوتیان پیاو چاکیك ئەمری خودای بەجێ هیناوە من دەمیکە دەمزانی ئەو (ئەولیایە)، بەلاّم نەدەکرا وابلیم، دەیانگوت نەنویژ دەکاو نەبەرۆژوو دەبیت، ئەوەتە ئیستاکە بەچاوی خۆتان دەبینن هەموو شەویك نوور لەجێ مالەکەی هەلدەستێ، رەنگە فریبێ و چوبیتەوە بۆ لای خودا، جابۆیە دەبیت شتیکی گەورەی بۆ بکەین کەلیمان رازیبێ و مندالکانمان لەو پەتا پیسە قوتاریان بیت، مەلا ئەحمەد قسەکەی لە مەلا عەزیز وەرگرتەوەو گوتی:

من زۆر نهینی خالەم لەلایە هەتاکو ئیستا باسم نەکردوون، چونکە خەلکی بەخراپیان دەزانی، کەس لەخۆی نەدەپرسی ئەگەر وایە چۆن دەتوانیت لەخودای گەورە بپاریتەوەو ئەو هەموو مندالە لە لەرزوتا چاك کاتەوە؟ ئیستاکە بەچاوی خۆیان، نوور دەبینن لەسەر مالەکەی، ژیوان بوونەتەوە، ئەم خەلکەی ئیمە زۆر سەیرن مرۆڤ هەتاکو نەمریت قەدری ناگرن، ئیستا، کەم مالّ لەم دیهاتیانەی قەلاّسیوکە، پرسەیان نیە، دەزانن چ ئەولیایەك بوو، من دەزانم تووشی کارەساتیکی گەورە دەبین بەنەمانی ئەو، زۆرجاران دەیگوت:- خزمینە هەتاکو نەمرم قەدرم نازانن.

من بۆخۆم زۆرجار دەچوومە مالەکەی و لەگەلی دادەنیشتم لە مالەوە، هەر خەریکی نویژکردن بوو، رۆژێ هەزار نویژی دەکرد، زۆرجار لەبەرچاوی من بزر دەبوو کە بانگم دەکرد جوابی دەدایەوە، بەبێ ئەوەی بیبینم، نازانم چۆن دەفری ..لەشەشقەی بالی دەدا.. ون دەبوو، جاری واهەبوو، چل شەوو چل رۆژ نەدەهاتە دەرەوە، بەس نویژی دەکرد، ئەو منیشی ترساندبوو دەیگوت:- ئەوە کاری خودایە نابیت باسی بکەیت، ئەو لەقورئان زۆر لەمن زاناتر بوو.

سۆڤی رەسولّ تاکو ئەو کاتە بێ دەنگ دانیشتبوو. سۆڤی پیاویکی زۆر بەویژدان بوو، کاری ئەوەبوو مزگەوتی خاوین دەکردەوەو بانگی دەداو مردووی دەشووشت زۆرجار بینیبوویان وەك مار بەبن میچی مزگەوتەکەدا داربەدار دەگەرا، بەبێ ئەوەی بەربیتەوە یان بلەرزیت، شمشیری مزگەوتەکەی

هەلدەگرت و دەکەوتە سەربادان و حاڵ دەیگرت، لەکونی دیوارەوە دەردەچوو وەك چۆلەکە دەفری، لەئاسمان دەگەرا، لەهەر جیگایەکیش هەلنیشتایەتەوە ئەوا جیگەی قاچی دەبوو بە کانی و ئاویکی زۆر گەورە، هەزاران کانی و ئاو لەوناوە دابوو، چەندین چەمە قامیشی دروستکردبوو، زۆر کەس دەیانگوت:- لەزۆری ئەو چەمانە کەدروستبوون دییەکە ناوی نراوە (بۆلقامیش) هەر ژنیك لەکاتی منداڵبووندا درەنگ مندالی بوایە، دۆخینی ئەویان بۆ دەبرد لەژوور سەریان دادەنا. سۆڤ گوتی:

جا بۆ لەمن ناپرسن؟ چونکە هاوسیی من بووە، ئەو شتانەی هەتائیستا لای من پەنهانن، دوینێ شەو بۆ خۆی تەشریفی هیناو هاتە مالەوە لە کاتی نویژکردن دابووم زۆرم هەوڵدا لیم نزیك بکەویتەوە بۆ ئەوەی دەست لەدەستە موبارەکەکەی بدەم، بەلکو خودا لەبەر خاتری ئە ولیم خۆش بیت بەلام ئەو نەدەهاتە پیش و کە من لیی دەچوومە پیش ئەو بزر دەبوو، زۆر گلەیی دەکرد، دەیگوت:- ئەوە نزیکەی سالیك دەبیت من گەراومەتەوە بۆ لای خودا بەلام هیچ شتیکتان نەکردووە کەشایەنی ئەوە بیت ئەو پەتایەتان لەسەر هەلگرم، تاکو کاریکی زۆر باشم بۆ نەکەن لەخودا ناپاریمەوە بۆتان، دەیگوت:- لەتەنیشتی ئەو ژوورەی کەبۆخۆم لیی دادەنیشتم، کۆتەرە داریکی زۆر گەورەی لییە بینیژن، مەلا ئەحمەد قسەکەی لی وەرگرتەوە و گوتی:-

راست دەکات ئەو لەکاتی نویژکردن دا لەتەك خۆی دایدەناو لەکاتی پشوودانیشدا بەرمالەکەی بەسەر دادەدا، دوایش زۆر بەریزەوە دەیبردە هۆدەکەی تەنیشت ژوورەکەی خۆی. هەموو پیکەوە گوتیان: ئیستا با بەهەموومان تەگبیریك بکەین. مەلا مەحمود گوتی:

چاکتر وایە پارچە زەوییەکی گەورە دیاری بکریت و کۆتەرە دارەکە بەرین لەوێ لەسەر وەسیتی خۆی کە بەسۆڤ رەسوولی گوتووە بینیژین، ناوی گۆرەکەشی بنین گۆر تۆفیق، هەموو ئاواییەکان کۆببنەوە و خیریکی گەورەی

بۆ بکەین، پاشان هەر کەس تاو لەرزی گرت مەنجەڵێ دانوولە بکات بەخێرو یەك (کوندە) ئاو بەرێ و لەژوور سەریەوە بیکات بەکیلەکەیداو، لیی بپاریتەوە شکوامان بۆ بکات. پوورە خاتوون گوتی من بینیومە گوتوویەتی ئەو کانیەی لەکاتی بۆردومانەکەدا لەحەوشەکەمدا پەیدا بووە هەر ژنیك منداڵی نەبوو بچیت خۆی سێ جار تێ هەڵکیشێ، منداڵی دەبیت و هەر کەسیکیش گەر بیت یان هەر جۆرە قنچکەیەك بەلەشیەوە بیت، ئەوا پیی چاك دەبیتەوە.. بەکۆمەڵ چوونە سەر کەلاوەکەی کەوتنە هەڵدرینی، پیش ئەوەی کۆتەرە دارەکە بدۆزنەوە، کولانەیەکیان دۆزیەوە، زۆر گەورەبووو، پر بوو لەمریشك و کەلەبابی گەورە گەورە، دەستیان کرد بەسلاوات لیدان و گوتیان، ئەوە لەکاتی بۆردومانی فرۆکە، کورك بووەو جووجەلەی هەلهیناوە لەبن ئەم هەموو دارو پەردوو، وخۆڵ و خاکەوە بەخیوی کردوون بزانن ئەولیایە، کێ گومانی هەیە لەوە کە ئەولیا بووە، بزانن ئەوە روون بووەوە، خەلکی ئاوایی هەموو تیکرا دەستیان بە سلاوات لیدان کرد، کۆتەرەدارەکەیان دەرکرد راوەستان هەتاکو جیگای بۆ دیاری بکریت، هەر یەکەی لەراستی خۆیەوە پارچە زەوییەکی بۆ دیاری کرد یەك دەیگوت: پارچە زەویەکەی من جیگای چوار رۆژ جووتەگایە.. یەکیتر دەیگوت: زەویەکەی من هەندە دەبیت بەشی چەند ساڵ دەکات، بەهەموویان پارچە زەویەکی لەباریان هەلبژاردوو بەسلاوات لیدان کۆتەرەدارەکەیان بردو ناشتیان و، گۆرستانەکەیان ناونا (گۆر تۆفیق) لەسەر گۆرەکەی، خەلکی هەموو ئاواییەکانی قەلا سیوکە کۆبوونەوەو مەولوودیکی زۆر گەورەیان کرد.

زۆر دەمیك بوو تەگبیریان لەوە دەکرد کەرۆژیك بچنە لای عومەر لەسەر ئەو چرووکییەی قسەی لەگەل بکەن هەموو خەلکی ئاوایی گازاندەیان لی دەکردو دەیانگوت: دیارە خەراپە، دیارە جوتیار زۆر ئازار دەدات ئەگەر نا بۆ جوتیاری کەسمان زویرنابیت لەشەرتیك زیاتر جوتیاری لەمالادا نامینێ دیارە بێ هۆ نیە

چاکتر وایە برۆین‌و پێی بلێین بزانین بۆچی وادەکات؟! بڕوا بکەن بۆ ئێمەو مانانیش باش نییە، ئیمەومانان چوار ساڵ جوتیارمان لا دەمێنیت، بەڵام ئەو هەموو ساڵێ دوو جوتیار بەرێ دەکات. لای خۆی یەکە دەولەمەندی ئاواییە، ئەو هەموو مولك‌و ماڵەی هەیە، قەت ناتوانیت هەلی سوورێنێ بۆخۆی، بەکۆمەڵ چوونە دیوەخان‌و دانیشتن دوای کەمیك گفتوگۆ باس هاتە سەر جوتیار، مامە ئەحمەد گوتی:

عومەر هاتووین شتیکت پێ بلێین، برام ئێمە لەئاوایی هەموو برای یەکترین، حەز ناکەین کەئیوە جوتیارتان نەبێ، نازانم ڕەجەب ئەو پیاوە بێ دەنگە بۆ ڕۆیی؟ تۆ دەزانی چەندە کوریکی بەریزبوو) خۆی لەخەلکی‌دی جیانەدەکردەوە خودا هەلناگریت، بۆ هەموو شتیکی ئاوایی لەپیشەوە بوو، تەنانەت ئامادەبوو خۆی تووشی دوژمنایەتی بکات لەسەر ئەم ئاواییەی ئیمە، زۆر پیاویکی موسلمان بوو سەری بچووبا نویژی نەدەچوو، پیاوی خودا بوو ئەگەر لەماڵ بوایە لەمزگەوت نەدەهاتە دەرەوە، نازانم بۆچی ڕەجەب تووڕە بوو؟ جاران دەمانوت جوتیارەکان خەراپن، بەڵام ئیستاکە چی؟ بەراستی پیاو دەمی خوار دەبیت باسی ئەو بەستە زمانە بکات، سالی پار کوری ئیمە لەترسی فرۆکە نەیاندەویرا بچنە دەشت‌ودەر بەڵام ئەو گویی پێ نەدەدا، تۆ بزانە چەندە چاو نەترس بوو، ئەوەی ڕەجەب دەیکرد کور بۆ باوکی خۆی نەدەکرد، ئەگەر بزانین لەسەر شتیکی وا تووڕە نەبووە، ئەوە دەچین دەیهینینەوە، بابیتەوە عومەر گوتی:

خزمان خۆ بۆخۆتان من دەناسن تاکو گەنج بووم تاقەتم هەبوو کورەکانم لێ جیانەبووبوونەوە دەغڵ‌و دانیکی زۆرم دەکرد بۆخۆم بەسەر جوتیارەکان دا دەگەرام، سالی دوو تەغار، بەتەغاری کەرکوك گەنم‌و، دوو تەغار جۆشم دادەچەند، بیجگە لەنیسك‌و هەرزن بۆگایەکان، سالی مستە گەنمیکم بە بوورەو بەیارەوە نەدەکرد، هەموو زەویی خۆم وەردو شۆ دەبری، بەڵام ئیستاکە

واپیربووم‌و ڕەجەب لەلام بەند نابیت، من چیم هەیە لەسەر ئەوە تووڕە بووە گوتم: ئەو هەپەو سەر گاینجانە ڕیك خە، ئەو مژانەیە نویّ کەرەوە.. قنگە هەوجارەکە لەناو بنێ، دەسەندووپییەوە بەند نابیت، برام جوتیار دەبیت بەخەم نیرو ئامووری خۆیەوە بیت، ئەو سەرگاینجانە هەموو شکاوە، کۆپانەی هیسترو گاکان هەمووی برینە، قەت دلم نەهاتووە بهیلم سەر ملی هیستر برینداربیت بەلاّم ئیستاکە ملی هەمووی بۆتە برین، کارم کوا بەناشکوری نەبیت پیی دەلیم ڕەجەب سێ تەنەکە گەنم بارکە لەدەشتی مۆرتکە تۆوی کەو وەرەوە، جووتە کوندەیەك بەرە لەڕووبار پری بکە لەئاوو وەرەوە بچۆ کلکەی پەنجە.

دووبارە دار بهینە. شەقین‌و گۆلینی خۆت بکە پیم گوت ئەو نیرو ئامورە ڕیك بخە، گوتی:

نایکەم من وا لەبەر یەك هەلوەشام، کاکە گیان من کاری چوار جوتیار بۆ تۆ دەکەم، جوتیارەکانی‌تر بەگا ڕۆژێ یەك تەنەکە گەنم تۆو دەکەن، من ڕۆژێ سێ تەنەکە تۆو دەکەم، دوو کوندە ئاو دینم، دووبارە دار دینم، خۆ نەتکریوم دەڕۆم.. منیش گوتم: دەڕۆی ناڕۆی جەهەنەم، دەبڕۆ خۆ بەبەلاش کارم بۆ ناکەیت، بۆ خۆتان دەزانن زۆر ڕیزی ئەو هەتیوەم دەگرت، بەلاّم پیشینان گوتوویانە: (ناکەس بەچە ئەگەر ڕیزی بگریت.. لەخۆی بایی دەبیت) خەتای خۆم بوو ئەگەر ئەوەندەم ڕیز نەگرتایە.. ئەو هالیم بەلەسەنەدەبوو. مام زۆراب گوتی:

باش نیە ئەو قسانە دەکەیت، ئەو کورە، کوری پیاویکی پیاوانەیە دەشیگوت: من بۆیە ڕەنجبەری ئەو دەکەم؛ چونکە دەلین پیاوەو خاوەن دیوەخانە.

بریسکە بریسکی بروسکە بەبایەکی توندەوە خۆیان بەدەرکەدا دەکیشا، پەرەسیلکە وەك ئەوەی نامەی محەمەدیان بۆ عەلی هینابیت، خۆیان دەکرد

بەژووورداو دەگەڕانەوە، لەق لەقەکەی سەربانی کەوتە تەقە، تەق، خوبار ئەرزو ئاسمانی کردە هاشەو هووشەی هەورو باو باران لەگەڵ نرکەو نالەی کەندووەکان وەك رۆژی ئاخر زەمانی لێهات، هەموو بەتیکرا کەوتنە نزاو پارانەوە لەبەر خودا، مام رەشید دەیگوت: کورینە خیر لەخۆتان گرن ئەمە نیشانەی ئاخر زەمانە، دەلین پیش ئەوەی دنیا ئاخر بیت بایەکی توند هەلدەکات. پیی دەلین بای سەر سەر ئەمە ئەو بایەیە.. یان ئەوەتە پیاو چاکیك ئەمری خودای بەجیٚهیناوە.. لەبەر خودا بپارینەوە بەلکو لەم بەڵایە رزگارمان بکات، بایەکە ئەوەندە بەهیز بوو زۆری سەر تەندوربانەکان و هۆلە مەرەکانی ئاوایی تیك دا، ماوەیەکی پێ چوو بایەکە تۆزیك هیور بۆوە، سواریك لەگۆر تۆفیق وە بەرەو ئاوایی دەیکوتا، دەهات هەموو ئاوایی لەسەر گردی بەر ئاواییەوە تەماشایان دەکرد، دەیانگوت هەوالیکی پییە، کە گەییە جێ وەفیقی بەقاڵ بوو، کەدێ بەدێ دەگەرا راست هات لەبەر دەرگای مالی عومەر دابەزی، ولاخەکەیان لی وەرگرت و رووی لەدیوەخان کرد، کەوتنە پرسیارکردن.. لەبەر خۆیەوە هەندیك منجە منجی کرد، تفی قوت داو دەیویست شتیك بلێ بەڵام گەرووی گیرابوو، مام رەشید گوتی گورە شرشیت چ بووە بۆ قسە ناکەیت، دەبۆمان بگیرەوە دلمان تەقی، دیسان ویستی قسە بکات کەمیك پرتە پرتی کرد، وەفیق لەهەموو کاتیکی ناخۆشی وای لی بەسەر دەهات، دوای پشودانیکی زۆر زمانی دەبۆوە، چی لەهەگبەکەیدا بوایە هەلی دەرشت هاتەوە سەرە خۆو گوتی:

زۆر بەداخەوە ئەو فرۆکانەی کەچەند کاتژمیر لەمەوبەر هاتن گوندەکەی مالی رەجەبیان بۆمبباران کرد، هەموویان تیکرا گوتیان ئێ‌چی؟ وەلڵا چی خودا لەوە ساردتر نەدات رەجەب رەجەب.. ئێ رەجەب چی؟ رەجەب و منداڵەکانی وەك.. ئێ دەبلێ بابزانین رەجەب و منداڵەکانی بەماڵەوە وەك

مالەکەی مەولانا تۆفییقیان لێهات، یەکەم کەس بوو ناوی خاڵە مەولانا بینێ، مام رەشید گوتی:

وەفیق بۆ دەڵیی مەولانا. بۆ وانەلیم.. باوکم دەیگوت: من چوومە حەج و لەناو ماڵی خودادا بوو بۆ خۆی گوتبووی، ئیستاکە جیگری مەولانا خالیدم، کەواتە مەولانا خۆیەتی باوکم دەیگوت: زۆرم هەوڵدا دەستی ماچ کەم بەلام نەیدەهیشت، زۆری لێ بچمە پیش، دەیگوت: ئەو گوتوویەتی من نەمردووم هاتووم بۆمەکەو تاکو فەرمانم پێنەکریت ناگەریمەوە، تیکرا گوتیان یارەبی دیدی مەولانامان بەنسیب کەی. هاتنەوە سەر باسی رەجەب مام رەشید گوتی: چاوت لییە ئەو پیاوە چاکە کە لەم ئاواییە دابرا چی بەسەر هات، بەخوا قەدری کەس نازانین تالەدەستمان نەچیت، بۆ رەجەب لەگەڵ مەولانا فەرقی چیبوو؟ تاکو نەمرد قەدرمان نەزانی، کەمرد لیمان توورە بوو ئینجا بەخۆمانزانی کە لەئاواییەکەدا چ زاتیکمان لەدەست چووە ئەوەتە بۆخۆتان گویتان لەوەفیق بوو چی گیرایەوە، بۆخۆتان وەستا عەولای باوکی چاك دەناسن، دەزانن چەندە باوەری بەخودایە دەزانن سالی چەند خیرو خیرات دەکات، ئەوە سییەمین جارە روو لەمالی خودا ئەکات. بۆ خۆی مەولانای دیوە، ئیوە دەزانن ئەوەی وەستا عەولای دیوە تەنیا رۆحانیەتی موبارەکی بووە، من پیم وایە با مەسەلەکەی رەجەبیش نەبیتە مەسەلەکەی مەولانا، تاکو زووە کاریك بکەین کەشایەنی ئەو زاتە پاکە بیت، تاکو خوا لیمان رازی بیت، باخودا نان براومان نەکات، ئەو زەوییەی رەجەب لیوەی دەرۆی، دوو سوورەتی قورئان لەبەر خۆیەوە دەخویند، ئەوسالە دابچاندرایە بەلای کەمەوە یەکوسەدی دەبری. عاسمەخان کە لەبەردەمی میوانەکان دانیشتبوو سەماوەریکی خەلووزی لەبەردەمی دانابوو، یان پۆشینیکی لەسەر بەستبوو، گوارەو بن گوارەی لەژیر بسکەکاندا، لەرەلەریان دەکرد، دەسمالیکی کوردەواری بەسەر شاندا شۆرکردبۆوە، کلاوو تاسیکی لەژیر بان پۆشینەکە لەسەردا بوو، لەکاتی

هەلسـانو دانیشـتندا هـارەی تاکـەو تـاسو مجیـدی دەنگـی لـەناو دیوەخـان لەچەشنی مۆسیقا بەرز دەبۆوە، کە گەردنی بەرز دەکردەوە، بن قورگـەو گـەردن لغەکەی زینەتیکی بەجوانییەکەی دەبەخشی، ژنە گچکەی عومەر بوو زۆر ریزی دەگرت، ئەم ژنـەی لەیەکیك لەبنەماڵە گەورەکانی کوردستان بـوو، عاسمـەخان گوتی:

عومەر چەندت لەبەر پارامەوە گوتم: رەجەب زیـز مەکە ئەو یـەکیك بـوو وەك کورەکانی خۆت، بۆتۆ لـەوەتی رەجـەب جوتیـاری تۆیـە بەحیسابی مـاڵی خـۆت دەزانـی ئـەو تـۆوەی ئـەو دەیکـرد هـەموو سـاڵ یەکوسـەدی بـەزیادەوە دەبـری، دەزانم بەنەمانی رەجەب خودا پیتو بەرەکەتی لەماڵماندا ناهێڵێ، زۆرم هـەوڵدا نـەروا، بـەڵام زۆر تـووڕه بـوو بەقسـەی نـەکردم. دەزانم خزمینـە ئـەولیابوو! دەیـانگوت رۆژێکیـان لەدەشتی مورتکـە جووتـی دەکـرد، راوکـەری ئاغاکـانی دەشتی قەڵاسیوکە بەرازێك سەخڵەت دەکەن، خۆی بەبن دەستو پیی رەجەبدا کردبـوو هانـای بۆبردبـوو، رەجـەب زانیبـووی نـاتوانێت ئەگـەر فیـڵ نـەکات بیپـارێزێت، جوتـە گایەکـە بـەردەدات، گایـەكو بـەرازێك دادەبەسـتێت کـە راوکەرەکان دەگەنە لای خودا بەقەوەتیی ڵی دەکەن، بەتەلفیزییەوە پێی دەڵێن: رەجۆ بەرازت نـەدیوە لێرەوە رەتبێت، دەڵیـت ئـەوی لـەبن نـێر نـەبێ نـەمدیوە، ئەوان لێیان تێکدەچێ گایەکەو بەرازەکە لێك جیاناکەنەوە، زۆرجارم بەرەجـەب دەگـوت. ئـەو دەیگـوت: دەسـت لـەکاری خـودای مـەدە، بـاش نییـە. دەنگـی نەدەکرد، باشە ئەگەر ئەولیا نـەبووبێت چۆن بەراز هانـای بۆدەبـەن؟! ئای لـەو ئەولیایەی یارەبی پرگۆرت نوور بێت، عەزیز هاتە وەڵام گوتی:

بۆچی؟ مەگـەر جەنابتان نـەتاندەزانی کـە رەجـەب ئـەولیابوو؟! مـن زۆر باشـم دەزانی بەتاقیکردنەوە هەمووتان هێسترە قوڵەی منتان بینیوە، ئەو قوڵـەی کـە ئیسـتا بـە منداڵیـك بـەرزەم دەبێـت، جاران کـێ دەیویـرا لیـی نزیـك کەویتـەوە؟ جووتـەی لەئەستیرە دەدا، کێ دەیویـرا لـەکاتی گیـرەدا سـواری جەنجـەربێت،

بۆبەجەنجەرەکەوە ورد، وردی نەدەکرد، هەر لەسەر ئەوەبوو من بەتەمابووم بیفرۆشم، تاکو رۆژێك لەگەڵ رەجەب رووەو رووبار دەرۆیشتین گوتی:

کاك عەزیز تۆ دەزانیت ئەو هیستره قولەیەی تۆ زۆر رەسەنە درۆناکەم.. منیش زەردەیەکم هاتی‌و گوتم: تەری نازانی، گوتی: بۆچی؟

گوتم: بۆچما کەس دەویرێ، توخنی بکەویت، لەگیره دایدەبەستین‌و وازی لێ دەهێنین.

رەجەب بەلای هیستره قولەدا، ئاوری دایەوەو گوتی: قولە وەرە ! قولە راست ملی کەچ کردو، بەرەو لای رۆیی لەبەردەمی راوەستا، ماوەی یەك خولەك تەماشای ناوچاوانی کرد، دەستیکی لەسەر یالیەوە بەسەر پشتی دا بردە خواری‌و بەچەپۆك شاپیکی لێدا، جوولەی نەکرد، من بەسەر سورمانەوە تەمەشام دەکرد! ئیدی لەو ساوە قولە بەمندالیك بەرزەم دەبیت، ئەوە یەکیکە لەو نیشانانەی کە رەجەب ئەولیابوو بەڵام!

ئیستاکە با زۆران بۆ کەمان نەلیین، ئەوەی چوو، چوو، با ئیستا شتیك بکەین کەشایەنی رەجەب بیت باوەك مەولانامان لێ نایەت.

مام زۆراب گوتی:

بۆ خۆتان دەزانن ئیمە بۆ ئەوە هاتبووین کە رەجەب بۆ ئاوییەکەمان بگیرینەوە، بەڵام وا خودا ئەو بەهرەییەی لێ وەرگرتینەوە..

ساڵە پەرپووت کە بەریکەوت لەوێ دانیشتبوو، گوێی لەقسەکانیان گرتبوو، کە چۆن باسی مەولاناو رەجەبیان دەکرد، زەردەیەکی بۆ کردو بەفشەوە گوتی:

کامیان دەبنە محمەدی مەهدی؟! مام زۆراب بەتوورەییەوە گوتی: ساڵەپەرپووت تۆ جیگەی بابت گرتۆتەوە، تاکو مابو لەبەر بێ باوەری خۆی، خوا نان‌و دۆی بریبوو، بەهۆی باوکتەوە خودا غەزەبی لەم ئاواییەی ئیمە گرتبوو، برۆ هەی قوون نەشۆری لەخودا یاخی.. وەختی خۆی ئاوایی زۆر هەولیان دا.. بابەسەگەکەت دەرکەن بەڵام من نەمهیشت، خزمان هەتاکو باوکت

ئەمرد لەمن لالووت بوون گوتیان وا شکور کوری هەیە، بەڵام پیشینان راستیان گوتووە (گیا لەسەر بنجی خۆی شین دەبیت). وا تەمەنم خۆی لەسەدوپەنجا ساڵ ئەدات، زۆرم دونیا دیوە، چاکم زۆر دیوە، خەراپیشم هەر زۆر دیوە.. من کەسم وەك تۆو بابەسەگەکەت نەدیوە هەی پەرپووتی کوری پەرپووت. مام زۆراب لە کاتیك دا کە قسەی دەکرد، لیك بەدەمیادەهاتە خوارەوە چلم و لیك تیکەڵاو بوو، بوون، هەندە بەتوورەییەوە قسەی دەکرد هەموو لەشی دەلەرزی، هەلدەسا و دادەنیشتەوەو پەنجەی لە سالەپەرپووت رادەوەشاند، هەرەشەی دەکرد.. ناکریت.. ناکریت، ئەمە وا بەئاسانی بەسەرتدا رەتبیت. تاکو وەك باوکە سەگەکەت دەتۆپی وا پیت لەسەر رۆخی قەبرە..

سالە پەرپووت لە جیگەی خۆی راست بۆوەو گوتی دەبرۆن درۆو دەلسە ریك خەن..! مەگەر ئیوە نەبوون لەم ئاواییەدا چەندجار خالەتان دەردەکردو دەتانگوت: لەخودا یاخی بووە.. داری سەرگۆری پیاوچاکان دەبریتەوە..! مەگەر هەر ئیوە نەبوون پیتان دەگوت: تا بر دەکات پەلاماری ژنان دەدات.. دزی دەکات.. لەم دییە گەورەو گرانە گویچکە نانیکتان بۆ نەدەکرد، بۆ خۆی رۆژانە هەویری وەك پەپکە دەیبرژاندو دەیخوارد.

ئەو هەموو زەوییەی هەبوو داگیرتان کرد، بەڵام ئیستاکە نەماوەو فرمیسکی درۆی بۆ دەریژن..

سەروەت و سامانیتان، لەناو خۆتاندا وەك برا دابەشکرد، ئیستاکەش دەتانەویت هەمان بەندو باو بۆ رەجەب ریکبخەن، سالە پەرپووت ئەوەندەی گوت و چۆ دەرەوە..

# بەشی چوارەم

لەزیرەی ئافرەتیك بەئاگا هاتمەوە، چاوم كردەوە رۆژ لەسەر چیای گردە دارینەوە سەری دەرهینابوو كۆپتەر بەسەر ئاسمانی ناوچەكەدا دەگەرا، نەرەی دەبابە بەرەو رووی ئاوایی دەهات.. نەرمە بایەك بەهیمنی لە رۆژهەلاتەوە دەیبزواند.. سپیدارەكان سەریان بەقوولایی ئاسماندا چوبوو.. تازەگەلا ناسكەكانیان پشكوتبوون لەگەل هەتاوەكەدا كەلەرەنگی پرتەقالی دەكرد، چاو شاریكیان دەكرد، ئەو بایەی لەگەل هەتاوەكەدا تیكەلدەبوو، گەلای چنارەكانی ئەم دیو ئەو دیو دەكرد.. لەگەل لەنجەولاری سپیدارەكەدا، رووی گەلاكان وەك روومەتی كچە گەنجەكان دەبریسكایەوە خورەی ئاوی كانی تیكەل بەقیرەی بۆق و جریوەی پاساری دەبوو، تاك و تەرا قیرەی قاز دەهات.. چریكەی پۆرە ئاشقەكان لەناو باخچەكاندا، لەبن چیا بەرزەكان دەنگی دەدایەوە، هەر دەنگیك دەبوو بە پۆلیك، هەموو توولەو تاژی ئاوایی بەبەر یەك دا دەهاتن، ئەسپی راوچییەكان بەبێ سوار ئەم سەرو ئەوسەریان دەكرد، تولە میوەكان لەبالای تووە قەسپەو شاتووە مزرەكان ئالابوون، دەشتی بانە بۆرو كانی مەلا لەبەر گولووكە بوكانەو نیسانە دیار نەبوو، وەك روومەتی شەنگە بیریەكان سووردەچۆوە، ئەو بەیانییە كەوەكان دەنگیان نەبوو، جاران لەسەر چیای پشت ئاوایی قاسپەیان دەهات، كەوە مالیەكان بەرامبەر بەهەر سێ

چیایەکە، کە دییەکەیان لەئامێز گرتبوو بۆیان دەسەندنەوە، باریکە دووکەڵی سەلکە بزوت تاکو تەرامابوون لەناو کەلاوەکاندا بەئاسماندا دەچوون، ستار لەسەر کۆڵە پشتەکەی خەوی لێ کەوتبوو، بەپەلە خەبەرم کردەوە، سەری بلندکرد، چاوی بەڕۆژ کەوت گوتی:

ئۆ.. ئۆ.. ئەوە ڕۆژ چ کاتە؟

گوتم: هەستە وەختی پرسیار نیە وا دەبابە گەیشتە نێو ئاوایی.. ئەرێ بۆ گەرانەوە، خۆ خانوو بەپێوە نەماوە؟! لەدەوری ئاواییەوە بەرەو دێ دابەزین، لەدوورەوە بەدەستریژ کویرانە تەقەیان لەنێو دێ دەکرد، خۆمان داپێچا و بەرەو بەردەڵانەکەی کانیشێرناو بەڕێکەوتین، تەقە زۆر بەرەو رووممان دەهات، لە پەنا دیوارە رووخاوەکانەوە دەرۆیشتین دیوارێك و دوو لەئاخر دیواریماڵەکانی سەرەوەی ئاوایی، لەپەنا دیوارێك دوو تەرم بەسەریەکدا کەوتبوون، ژن و منداڵێك، منداڵەکە تەمەنی شەش ساڵان دەبوو، خوێن لەهەموو گیانییەوە فیچقەی دەکرد، منداڵەکە هێشتا، بەتەواوی گیانی نەدابوو، لەقەفرتەی دەکرد، کەمێك بەدیار تەرمەکانەوە راوەستاین تاکو منداڵەکە گیانی دەرچوو. کانیشێر ناو لەبن هەر بەردێکەوە، دەستە بیلێك ئاوی لێدەهاتە دەرەوە، بەهەر چوار دەوری گابەردەکاندا، ئاوی روون و شیرین بڵاوەی دەکرد، لەناو کانیە گەورەکە، لەگەڵ بلقی ئاوەکەدا وردە زیخی بەرز دەکردەوە، تاکو سەری ئاوەکە دەهات و دەگەرایەوە تەختی بنی، هەلبەزو دابەزی وردە زیخەکە لەگەڵ تیشکی ڕۆژەکە لەبن کانییەکەدا وەك زێر دەدرەوشایەوە بەهەر چوار دەوری کانییەکەدا سەرەمێکوتە و گەرای بۆق لەیەك ئاڵابوون لەناو دەزوولەی داوی گەراکەدا وەك تەتەڵە میرانە جوولە جوولیان بوو، لەبن کانییەکەدا هەزاران گیاندار قوریان دەردەدا و جێگەی خۆیان خۆشدەکرد، مەتارەکانمان لەئاوی کانییەکە پرکردو، بەرە بەرە خۆمان لەگوللەی دوژمن دەپاراست، لەهەر چوار لاوە داباریەنە ناو دێ، لەقەد شاخە بلندەکە هێلانە هەڵۆ قەلە رەشی پێوەبوو، دارە بەنێك بەنێو

قـەدی شـاخـەکەوە شـۆر بووبـۆوە، لـەژێر دارە بەنەکـەوە، ئەشـکـەوتێك کـەس نەیدەوێرا راستەوخۆ پێیدا سەرکەوێت. لەبن گابەردێك لەبەردەکان کونێك هەیە کە هەموو کەس شارەزانەبوو، راست لەژێرەوە لەگەڵ کونی دارە بەنەکـەدا یەك بوو، تەنانـەت خـەلکی ئاواییش بـەم نهێنییـەیان نـەدەزانی لەهـەموو لایەکـەوە گـەمارۆدرابووین، قریـوەو قیـژەی نـەرۆی سـەگباب خـۆت بـدە بەدەسـتەوە لەشاخەکەوە دەنگی دەدایەوە، دەستمان بەتەقە کرد، ئەم بەردو ئەو بەرد بۆ خـۆ بـواردن جێگـەمان دەگواسـتەوە تـاکو هـەلێکمان دەسـت کـەوت و خۆمـان گـەیاندە دەرکی کونەکە، دەرکەکە بەقنگە لاشکەی کۆن گیرابوو، خۆمـان کـرد بەژووردا و درکە کنگە لاشکەکەمان پێوە نایەوە بەناو کونەکـەدا رێگـەمان دەبـڕی لایتەکـەم بەدەسـتەوەبوو دەمگـێڕا، هەسـتم بـەئاوەدانی دەکـرد، هەلوێستەیەکم کرد. ستار لەدواوە راوەستا، پرسیاری کرد، ها بۆراوەستای؟

-گوتم: دیارە ئاوەدانە، کەچی دەرکی کونەکە بەکنگە لاشکە گیرابوو، دەترسم دڕندەی تیا بێت، تۆپێت وایە رێگەی‌تر هەبێت بچیتەوە سەر ئەم کونە؟

-ستار گوتی:

من نـازانم بـەڵام زۆر جاران لـەباوکم گوێ لێبووە کە جێگایـەکی تـری دێتـەوە سەری ئەم کونە جا نازانم لەکوێوە؟ وا پێدەچێت دڕندەی تێدا بێت.

نزیك بەکاتژمێرێك بوو دەڕۆیشتین، لەنەرەی دڕندەیەك راچەنیم، هـەر هـەندەم زانـی سـتار زیـرەی لێبلندبـوو لـەدواوە پەلـەماری‌دا، سـورامەوە سـتارو شـێنە گورگێـك تێـك ئـاڵابوون، نـەمدەتوانی وابەئاسـانی تەقــەی لێبکـەم، دەبـوو بەوریاییـەوە کارەکە بکـەم، تـاکو توانیـم فرسـەتی لێبینـم و، لوولـەی تفەنگەکـەم خستە نـاو کونـی گوێچکـەی و دەستم لێ کیشـا، گورگەکـە بـەلادا کـەوت سـتار لەهۆش خۆی چوو خوێن لەدەستی دەچۆڕایەوە، ئازا بەرگەکەم لەبەر داکەندو کۆلە پشتەکەم کردەوە.. دەرمانەکانم بەگۆڕێ وەرکرد، برینەکـەم برژانـدەوەو پێچام.. کۆلە پشتەکەییم لەگەڵ کۆلەکەی خۆم تێکەڵکرد، چەکەکەم شاردەوەو

ماوەیەك بەناو كونەكەدا ڕۆیشتم، لەزۆر جیگەی كونەكە دەبوو لەسەر تەنیشت بڕۆم، بۆخۆم لەپیشەوەو دوایی ستارم بەسەر بەردە نووك تیژەكاندا ڕادەكیشا، جار بەجار دامدەناو پشوویەكم دەدا، ڕووناكی دەركەوتو پشووم خۆش بوو، دامناو كەمیك ئاوم بەدەمو چاویا پرژاند، چاوی هەلهیناو گوتی:

–ئیرە كوییە؟

–گوتم: ئیرە ئەشكەوتی دارەبەنەكەیە.

–ستار: بۆ ئیمە لەكویین؟!

–بۆ برا نازانی لەكویین؟! ئیمە لەناو ئاواییەوە بەقنگە شەر خۆمان كرد بەناو ئەشكەوتی دارەبەنەكەدا.

تویشووی ڕۆژانە ئەوەی مابوو لەكۆلە پشتەكەم دەرهیناو پیكەوە یەك دوو پاروو نانمان خوارد، كەمیك هاتەوە سەر خۆو دەستی بەبرینەكەوە گرتو گوتی: زۆر نییە؟

–گوتم: نابرا زۆر نییە.

دەبابەو بلدۆزەرەكان، لەناو ئاوایی خەریكی فرمانی ویران كردن بوون.. كون بەكون دەگەران، ئەو پرو پیتەیەی كە لەئاواییدا مابوو، لەكاتی دابەشكردن دا لەسەری بەشەردەهاتن.

بەهەمان جیگای خۆماندا گەراینەوە، لەریگەدا تفەنگەكەی ستارمان هەلگرتەوە، بەلام نەیدەتوانی بۆخۆی هەلیگریت، ئەو بارەش لەبارەكەی من زیادی كرد، لەئەشكەوتەكەوە دەركەوتین بەناو بەردە چڕو دارستانە زۆرەكەدا بەرەو شاخۆلكی ملی ریگامان گرتەبەر، لەهەموو بەرزایی گردەكانەوە ئاگری دوژمن دیاربوو، ئەگەر زۆر شارەزا نەبووینایە نەماندەتوانی ریگە دەركەین، لە كونە كۆتر نزیك كەوتنەوەو تروسكەی سەلكە بزووتی ئەو مالانەی كەبۆ ژیانی ڕۆژانەیان لەنزیك ئەشكەوتەكە مالۆچكەیان دانابوو، جار جار دەدرەوشایەوە، دەردەكوتوو بزر دەبۆوە لەئاگرەكە چووینە پیشەوە، ئە

وپەرەولانەی کە بەجێ مابوون، هەستی ئیمەیان کرد کەوتنە فرە فرو قیرە قیرو جووکە جووك، لەماڵە رووخاوەکان چووینە پیش، باولی شکاو جانتای دراو لەگەڵ هاوەل کراسی ژنان لەوناوە بڵاو ببۆوە.. نیسكو نۆكو گەنمو ئارد تیکەڵ کرابوون، مانگای ورگ دراو لەو ناوە کەوتبوو، ترسو خۆف ئەو ناوەی داگرتبوو. سەرم بەرز کردەوە بەرەو دەرکە گەورەکەی ئەشکەوتی کونە کۆتر، لەبەر چاوم بریسکانەوەیەکی لی بەرز دەبۆوە تاکو دەهات بریسکانەوەکە زیادی دەکرد، منیش زیاتر ترسم بەسەردا زاڵدەبوو، کەمیك سەرم نەوی کرد، کە لەو هەموو شتوومەکە ورد دەبوومەوە دلم دەگوشرا، تاقمە پیالەکان لەجیگەی خۆیان بڵاوببونەوە، کەمیك لەکەلاوەکان دوور کەوتمەوە، ژنیکی دووگیان لەو ناوە کەوتبوو، زگی درابوو منداڵەکە لەزگی دەرهاتبوو، منداڵەکە بەگوللە شەق کرابوو، ژنەکە بەرگی بەبەرەوە نەمابوو هەمووی ونجر ونجر کرابوو، دیار بوو هەتاکو کوشتبوویان ئازاری زۆریان دابوو، دەرگا گەورەکەی کونە کۆترم لەچاو ون بوو. ستار لە پەنایەکەوە دانیشت، تاقمو تفەنگەکەم دایە دەست، هەنگاوەکانم گورج کرد، بەرەو بریسکەکە هەنگاوم هەڵهینا

تیشکی لەچاوان دەردەچوو.. وە ك گوللە تۆپ دەیدا بە دیواری ئەشکەوتەکەدا، دەبوو بەهاشە هاش، سەرم گیژوکاس بوو لیکدا، لیکدا وەك چەخماخەی هەورە بروسکە دەردەچوو، پریشکی بڵاوە دەبووەوە تاکو من زیاتر نزیك دەبوومەوە، ئەو زیادی دەکرد بە شیوەیەك، وەك دوو هیزی گەورە لەبەرامبەر یەکتری بە خومپارە بکیشن بەیەکدا وابوو گرەکە شاڵاوی بۆ دەموچاوم دینا، تفەنگەکەم لەگۆلمم گرت تۆزیك خۆم بەسەر کەوتوو زانیو هیزم دایە بەر خۆم لە شاڵاوی گرەکە وە نزیکتر بوومەوە، سەرم وربوو بەر چاوی خۆمم نەدەبینی ناو ئەشکەوتەکە هەندە پانو دریژبوو، دوو رۆژە ریگە دەبوو، تاکو من ریگەم دەبری تەواو نەدەبوو، بەشیوەیەك هیلاك بووم خەریك بوو لەخۆ بچمو ببووریمەوە کەوتبوومە دوودڵییەکی زۆرەوە ،دەبیت راستی

نەبیت! رەنگە جادوو بیت! کەمێك رادەوەستام هەستم رادەگرت.. جار جار خەریك دەبوو بەرەو دواوە بگەڕێمەوەو تاکو هێزم تێدایە رابکەم، بەڵام پەشیمان دەبوومەوەو تەماشایەکی دەست و تفەنگەکی خۆم دەکردە غیرەتم بەخۆم دەدا گڕی ئاگرەکە نزیك دەبۆوە.. بەڵام ڕێگەیەکی هەندە دوور تەواو نابێت تاکو دەهات ئەشکەوتەکە گەورەترو، گەورەتر.. دەبوو تاکو هێزم دەما ڕێگەم دەبڕی و دەڕۆیشتم، خەریك بووم لەڕۆیشتن بێزار دەبووم، نەدەکرا چەند ڕۆژە ڕێگام بڕیوە، بەبێ ئەوەی هیچ بەدەست بێنم، بگەڕێمەوە. لەسەر تاتە بەردێك دانیشتم سەرم خستە نێوان هەردوو ئەژنۆم، سەرم بەرز کردەوە بەگورجی خۆم کرد بەناو شاڵاوی ئاگرەکەدا! هاواری لێهەستاو هاواری کرد خالە خالە! باوەشم بەگڕەکەدا کرد، نرکەو نالەی سنگی بڕوا.. ئا، ئابڕوا! منداڵێکی تەمەن چەند ساڵە، توند لەئامێزم گرت

–خالە: زگی دایکمیان دڕی..!! سەریان بڕی!.. دەرپێیان دڕی و ئابڕوویان برد..

ئاگر کوژایەوە، سەرم بلند کرد، تەواوی جەستەم شڵاڵی ئارەقە بوو، بوو. کۆرپەیەکی مردووم لەباوەش دایەو چەند هەنگاوێك لەدەرگای ئەشکەوتەکەوە دوورم، دەنگێکی کزەلۆکە بانگی کردم:

دلۆڤان.. دلۆڤان.

بەم دیو ئەو دیوی خۆم دا ئاورم دایەوە کەس دیار نەبوو، هەنگاوێکی‌تر دووبارە سەرم بەرز و نزم کردو گوێم زرنگایەوە، دلۆڤان.. دلۆڤان

خێرا، خێرا بەهەر چوار دەوری خۆمدا ئاورم دەدایەوە، چییە دەڵێی دەنگم ناناسی؟ ئەڤین.. ئەڤین.. لەپێشمەوە خێرا، خێرا دەڕۆیوو، رادەوەستا، تاکو دەگەیشتمە شوێنەکەی.. کە دەگەیشتمە شوێنەکەی.. لەولاتر بانگی دەکرد؛ وەرە ئێرە، بەدوایدا دەڕۆیشتم نەیدەگەیشتمێ، هەنگاوەکانم گورجتر دەکرد بانگی دەکرد؛ وەرە بۆ ئێرە.. بەدوایدا کەوتمە گورگە لۆقەو.. لەگورگە لۆقەوە

بۆ غاردان. من غاردانو ئەو دەیگوت وەرە بۆ ئێرە، بەسەر بەردەنووك تیژو درکەدکاندا بەبێ پسانەوە، رام دەکرد، دەکەوتم.. هەلدەستامەوە، لەم بەرد بۆ ئەو بەرد.. لەم دار بۆ ئەو دار، ئەم دیوو ئەو دیوی لەگەڵ دەکردم، وەك چاوشارکێی مندالی، دیگوت دلۆڤان بۆ وەستاوی، من خێراو، ئەو لەسەرخۆ بانگی دەکرد، هەندیك جار دەکەوتمەوەبیری هەرزەکاری؛ ئەوکاتانەی کەلەناو گژوگیادا یەکترمان راودەناوچنگە گیامان بەیەکدیدا دەکێشاو پێ دەکەنین، هەندیك جار دەگەرامەوە ئەو کاتەی کەزەهر بارانەکە کراین، دەردەکەوتو لەبەر چاوم وون دەبوو، بەناو رووبارەکەدا قیت ملی لیدەناو بانگی کرد: ملم بەرووبارەکەوە نا، رووبارەکە وەك سەهۆلبەندان نەوی نەدەبوو، خێرا لەرووبارەکە پەریمەوە، وون بوو، شەکەت بووبووم، هاوارم کرد: ئەڤین.. ئەڤین.. بەجیم مەهیلە.. هەر دەرۆیی و بانگی دەکرد: وەرە ئێرە.. چەند شەوو رۆژ بەدوایدا غارم دا، بەسر دارو بەردو ئاودا هەر نەگەیشتمە ئەڤین پشووم سوارو هیلاكو ماندو شەکەت بووم.. بەلادا کەوتم چاوم هەلهینا هەر لەجیگەی خۆم راوەستام و لەپەنجەکانم ورد بوومەوە سەیریکی ئەلقەکەم کرد، هەناسەیەکی دوورم هەلکیشا بە ناو کلۆ بەردەکاندا، لەسەر درکە زۆرەکانەوە بەرەو ئەشکەوتی کونە فسۆس هەلکشام، لەو دیو ئەشکەوتەکەوە گابەردیك هەیە، سەرم کرد بەدیو گابەردەکەدا، نالەنالیکی لێدەهات لە سەرخۆ بانگم کرد: کێیە

–منم رۆلە، پورە خورشید.

–ئەوە بەتەنها چی دەکەی لیرەدا؟

–دلۆڤان پوور بەقوربانت بێ.. لەبەر ئەو بەژن و بالایەت مرم ئەگەر لایتت پێیە هەلی کە بابیمە دەرەوە، لەژێر بەردەکەدا، پاشان بۆت دەگیرمەوە.

خۆی گرمۆلە کردبوو، وەك کۆتر دەینالاند، پورە خورشید ئافرەتیکی مەشەرەف خۆشو پوختەو رۆختە، سەرپەرشتی مالەکەی دەکرد، شەش

بووکی هەبوو، قاورمەو پەنیر، لەگۆزەو مەشکەی نەدەبرا، کۆن و نوێ تیکەڵاو دەبوو، برنجی خۆمالی بەرۆنی کوردیی‌یەوە بەدەست و پەنجە ناسکەکانی لێ دەنا وەك بنیشت بە ددانتەوە دەنووسا، هەرکەسیك یەکجار پلاوی دەستی بخواردایە هەرگیز بیری نەدەچوو تامەکەی هەر لەدەمیدا دەمایەوە. پیریژنیکی قۆشمەو دەم بەپیکەنین بوو، هەموو جار لەگەڵ حاجی زۆراب گالتەی دەکردو دەیگوت: حاجی تۆ بلیی خودا لیمان خۆش بیت؟

-حاجی دەیگوت: وەللاهی خورشید، ئەگەر ماچ و مووچت زۆر نەکردبێ لیت خۆش دەبیت. ئەی بۆ لیت خۆش نابێ؟

-دەیگوت: قورمان بەسەر پیغەمبەرو شیخی سەنعان لەو بەزمەی دەرنەچوون، ئیمەو مانان لیی دەردەچین، بەلام ئەوان بەدەست خۆیان بووە، فرت و فیلیان بۆ دۆزیوەتەوە، حاکم و مەحکووم بۆخۆیان بوون، قور بەسەر من.

بەهەر حاڵ لەبن گابەردەکە هاتە دەرەوە، کەوتە گیرانەوەی رووداوەکان و گوتی:

کوری خۆم بۆخۆت دەزانی ناوو ناوبانگی من لەهەموو کوردستان هەبوو، بەهۆی ئاوەدانی مالەکەمانەوە، شەش کوری بەماڵ و ژنم هەبوو هەریەکەو سێ چوار منداليان هەبوو، ئەمرۆکە سەر لەنیوەرۆ کافر بەدەستەمان نەبیت، ئەو قولەرەشانە تیمان کەوتن، رۆلە بەبەرچاوی خۆمانەوە، ژن و کچەکانیان فەسادکردین، زیرەو گریانیان دەچووە کەشکەلانی فەلەك، کورم: دوای ئەوە هەردی و هەلگورد خۆیان پێ نەگیراو مردنیان پێ باشتربوو، خۆیان راپسکاندو بەچەقۆ کەوتنە گیانی ئەو درندانە. دوانیان لێ بریندار کردن. لەکاتیکدا قسەی دەکرد، تەماشایەکی بەژن و بالای خۆی کرد، کەهەموو جل و بەرگی بەری پرنۆڵ، پرنۆڵ بووبوو، دەموچاوی وەك دۆشاو خوینی پیوە مەیی بوو، تەواوی ئەندامەکانی بەدەرەوە بوو، بەشەرمەوە سەری بەرزو نزم دەکرد، هەندەیان هینان و بردن پێ کردبوو تووکی بەسەرەوە نەمابوو. دەگریا و دەیگوت، منیان

بۆ بەدبەختی هیشتەوە، خۆزگە یان وەك هەردیو هەلگوردیان لی کردبام یان لەگەڵ مندالەکان بوومایە. بەلام بەزۆر لەبن ئەو بەردە گەورەیان نامو زۆریشیان تیهەلدام تاکو ئاگام لەخۆ برا، بەدیاریەوە راوەستابووم، بیرم دەکردەوە ئەو پیریژنە رەزاسووکە، کەهەردەم لەدیوەخاندا شانبەشانی پیاوان دادەنیشتو بەشداری لە مەجلیسی پیاو ماقولاندا دەکرد، وەك باوك لەپاش مردنی مام غەفور سەرپەرشتی ئەو مالەگەورەیەی دەکردو هەموو کورەکانی بەقسەیان دەکردو لەقسەی دەرنەدەچوون. بەگریانەوە باوەشی بەمنداکرد، دەنووزایەوەو لەخودا دەپارایاوەو توکی دەکردو دەیگوت: رۆلە ئەوەی تاکو مردن لەبیری ناکەم کوژرانی کورەکەی عائیشەی بووکمە، شوانە بچکۆلانەکەی نەنکی لەپەنادیواری مالۆچکەی خۆمان خەوتبوو پەلی لیفریدابوو، پەری بۆی پیدەکەنی.. فریشتە بۆی دەپارانەوە ئەرز رایدەژەندو ئاسمان لای لایەی بۆ دەکرد، مانگ و ئەستیرە دەوریان دابوو. مەمەلاستیکیکی لەدەمدا بوو وردە وردە بەبن مەلاشوی دەیمژی بەدەم خەوەوە بزەی دەکرد، ئەو مندالە تەمەن حەوت مانگەیە بێ ئاگا لەدونیا خەوی جوانی دەدی بەدەم خەندەوە، شادی لە دەمو لیوی دەباری، دیوارەکە پەنای دابوو، تاکو پۆستاڵ لەپیکان شوانە نەکوژن سەربازیك لەبن دیوارەکەدا نووکی چەکمەکانی لەشوانەی ناسك وەژاند، بەخەبەر هات، بەدەم نووکە شەقەوە زەردەیدەهاتێ.، وەك ئەوەی یاری لەگەڵ بکەن، سەیری دەمو چاوی ئەجندەیەکی کرد، لیی راما نەباوکیتیو نەدایکی، زیاتر لیی رامابو لەپر زیراندی، پێیە پانەکەی بەهەموو توانای لەسەردەمی دانا تاکو زریکەی دەرنەچیت. دایکی بێ چارە وەك مریشکی سەربراو تلی دەداو هاواری دەکرد، دەگریا خۆی راپسکاند نەیاندەهیشت بگاتە شوانە، هاواری دەکردو دەپارایەوە. توخودا وا لەشوانە مەکەن، توخودا بۆخۆم بکوژن ئەو مەکوژن، زرتە زەلامیك کەبالای بەقەد دوو زەلام دەبوو، تاکو هیزی تیابوو لەبناگویی عائیشەی سرەواند (قەحپەی بێ نامووس) بۆ مندالەکەت مەپاریوە،

بۆ خۆت بپاریوە، بزانە ئیستاکە چۆن بەبەرچاوی خۆتەوە پارچە، پارچەی دەکەین، عائیشە تاکو دەم دەگریت تفیکی بەدەمو چاوی داکیشا پیی وت: بێ ئابرو..، من بێ نامووسم یان ئێوە بێ شەرەفن لەسەر ملكو مالی خۆمان ناهیلین ئارام بگرین. توورەبوون بەبەرچاوی دایکیەوە، دیوارەکەیان بەسەر منداڵەکەدا رووخاند. لەگەڵ گیرانەوەی ئەو کارەساتەیدا، فرمیسك بەسەر برینو خوینەکەیدا دەهاتەخوارێ.. جۆگەی دەبەست لەبەردەمیەوە دەبووە جۆگەخوینو دەرۆی، من نەگریانم دەهات، نەفرمیسکم دەرشت، خەریك بوو لەگەڵ رووداوەکاندا رادەهاتم، چونکە کارەساتەکان هەندە زۆر بوون نەدەکرا، چۆکی بۆ دابدەی دەبوو لەهەوڵ دابیت بۆئەوەی بتوانیت دریژە بەتیکۆشان بدەی، بەرگری لەولاتەکەی خۆت بکەی، گەرامەوە بۆ بەردەرکی ئەشکەوتەکەو ستارم لەخەو راپەراند، دەستی لەسەر برینەکەی دانابوو، بەسەر کۆلەپشتەکەیەوە خەوتبوو خۆی گورج کردەوەو دوای من کەوت، بەسەر گاشەبەردەکانی شانی مام لەتیف دا بەرەو کانی مەلا ریگامان گرت، ئەو خەلکەی کە بەرۆژ رزگاریان ببو، بەشەو بەیەك دادەهاتنو کۆدەبوونەوە.. بەلاوەبوونەوە.. تەگبیریان دەکردو پەشیمان دەبوونەوە، ریگەی دەرباز بوونیان سەخت بوو، بەجاریك پەشۆکابوون بیچارە دەمانەوەو دەگەرانەوە ناو ئەشکەوتوو بیشەلانەکان. هیزی دوژمن گەرابوونەوە سەرحەوداڕە. کزەبایەکی ساردی دەهات، لەسەر چیای بیژنگ بەسەرەوە چەخماخەیەکە لیدا دوونیای رووناك کردەوە. بەدوایدا هەورەتریشقەیەکی توند لیدا بوو بەهاشە هاش، لەناو دۆڵو شاخەکەدا دەنگی دایەوە. بوو بەهاتو هاوار.

-خۆمات کەنو وریابن تۆپ بارانە، گوتم:

-نابرا مەترسن هەورە، هەورە، خەلك بەجاریك زەندەقیان چووبوو بەئاگرو ئاسن لییان دەدان. لەسەر بەردە گەورەکانەوە بەبنداری شاخەکەدا دەرۆیشتین، هەتا لەئەشکەوتەکەی هەنجیرە کیویلکە نزیك بووینەوە، تەنیا بریسکەی هەورە

تریشقە لەگەڵ نالەی خەلکی تیکەڵ دەبوون. هەموو بن بەردو دۆڵو چیایەکان پڕبوون لەلاکی مرۆڤو ڕەشەولاغو مەرو مالات. سەگەل کۆبووبوونەوە، بەسەر کەلاکەکانەوە دانە چیرەیان بوو. چوینە ناو ئەشکەوتەکەوە، کەمیك ڕاوەستاین، گویمان لەچرپەی دلۆپەئاوەکان ڕاگرت. لەگەڵ زیکەی شەمشەمەکویرە تیکەڵ دەبوو، چرپەی دلۆپە ئاوەکان سات لەگەڵ سات زیاتریان ڕادەکیشام.

لایتەکەم لەکەمەرم کردەوە بۆبن میچی ئەشکەوتەکەم ڕوانی بریقەی گیابارێزە لەگەڵ دلۆپی ئاوەکان تیکەڵ دەبوو، دەتگوت چاوی مامزی گەرمیانە دەدرەوشیتەوە. لایتەکەم کوژاندەوە تا چەند چرکە لەو تاریکیی ئەشکەوتەدا بریقەی ئاوو بارێزە لەچاوم ون نەبوو. زوو زوو هەلمدەکردو دەمکوژاندەوە، هەر دلۆپە ئاویك بۆ ئەوەی ڕیگای خۆی هەلە بکات دەیدا بەتەختە شاخەکەی ژیر ئەشکەوتەکەدا. هەر دلۆپە ئاویك بە بڕی خۆی ئەو شاخە ڕەقەی بڕیبوو. وردە وردە پییدا ڕۆچووبووە خوارەوە، کەمێ دامامو لەجیگای دلۆپە ئاوەکان وردبوومەوە. دەبێ بەچەند ماوە ئەو شاخە ڕەقو سەختەی بڕیبێ! ئەمە نیشانەی کۆڵ نەدان بوو.

کاتیك منداڵ بووم باوکم پیشمەرگەبوو ئاوارە بووین لەتەکمدا دانیشتبوو دەیگوت:

کوڕم ئیمە وەك کورد، نابێ سەر بۆدوژمن شۆڕبکەین. دەبێ لەتیکۆشان بەردەوام بین، نابێ هیچ کاتیك لەسەرکەوتن نائومید بین. گەلی کورد بەسووتانی دێو کوژران لەناو ناچیت. بەلام بەکۆلدان ئاسەواری دەسڕیتەوە. بەکۆڵ نەدانو دریژەدان بە شۆڕشو تیکۆشان وەك ئەو دلۆپە ئاوە وایە کەکۆڵ نادات ئەو شاخە ڕەقەی وەك پۆلا وایە دەیبڕێو جیگای خۆی لیدەکاتەوە. ئەگەر ئیمەش وەك ئەو دلۆپە ئاوە کۆڵ نەدەین ئەوە ڕۆژیك دێ لەناو گەلانی دنیادا لەناو نیشتمانی خۆماندا جیگای خۆمان بکەینەوە.

سەرم بلند کردو هیوایەکی زیاترم پەیداکرد جاریکیتر لەگەڵ خۆم بریارم دا هەتادوا هەناسەکۆڵ نەدەم. گوتم:

-ستار: بۆکوێ؟

-تا دەگەینە جیگای مەبەست.

-ستار: تۆئاگات لەمنە؟ تۆ دەزانی کەمن بریندارم؟

-ئــا، بــەڵام بەراوەســتان هیــچ نــاکریت. بریــك دەرمــان دەزانم ئەگــەر نەیاندۆزیبیتەوە بەکەلکمان دیت، چەند رۆژیتر نابات برینەکەت وەکو خۆی چاك دەبیتەوە. ئێ!

-دلۆڤان: تۆ پیم نالییت ئەو گورگە لەو ئەشکەوتەدا چی دەکرد؟ بۆ پیت نالیم؟ دەزانم ئەویش وەك ئیمە لەترسان چۆتە ئەوێ، باشە جیگاماوە ئەو پۆستاڵ لەپییانە نەیگەنێ؟ بابرۆین.

لەئەشکەوتەکە هاتینە دەرەوە بەناو بیشەڵان و قامیشەکاندا رووەو ئەشکەوتی کانی مەلا بەری کەوتین. سەرم بەگیژەوە دەهات لەبیشەڵانەکە رەت بووین لەبن گردی سوورەوە بەرەو گەچۆرەکە داگەراین. ستار زۆر هەولیدا کەلەناو قامیشەڵانەکەدا ئارام بگرین، بەڵام من پیم وابوو دەبێ برۆین، چونەك هەرکاتیك شوینیك زۆر بژوین بوایە ئەگەر نەیان ویرایە بچنە ناوی ئەوە بەکیمایی لییان دەدا. کە لەبیشەڵانەکە چووینە دەرەوە چاوم بریسکەی دەدا بریسکە لەهەردوو چاوم دەردەچوو، بەئاسماندا رۆدەچوو. لیکدا لیکدا بریسکە دەردەچوو، کەمیك چاوم هەلگلۆفی و چاوم کردەوە، سەیریکی چیایە بەردەڵانەکەم کرد. لەسەرتاپایەوە گر دەردەچوو، وەك گری ئاگریکی زۆر بەهیز. گرەکە هیندە بەتین بوو پیلوی چاوەکانمی دادەخست سەرم لەبەرخۆم دەنا تا گرەکە نەبینم. گری چاوم زیادی دەکرد، سەرم بەرەو چیای ئەحمەداغا وەرسووراند بەهەمان شیوە تیشکی لێ دەردەچوو.

بریسکەی چاوی منیش لەزیادبووندا بوو، گر بەهەر چوار دەورمدا ئەلقەی دابوو لەگەڵ هەنگاوی من هەنگاوی دەنا. لەناویدا ون بووم، بەناچاری چاوم تیوەبری. پۆل پۆل کۆتری سپی دەردەچوون لەشەقەی بالیان دەدا نەپۆلیك نەدوان کۆتاییان نەدەهات. چاوم لەکۆترەکان نەدەگواستەوە. دەنگی هەل هەلە لیدان و گۆرانی لەگویم بەرز بۆوە، لەناو ئەلقەی ئاگرەکەوە دەردەچوو. جار جاریك دەنگیك کە زۆر لەدەنگی ئەڤینی دەکرد دەهات، بانگی دەکرد، دلۆڤان، دلۆڤان، وەرە سەرچۆپی بگرە. ئەوەتە کیت دەوێ لیرە لەناو گەری شاین. دەوەرە تۆش دوو گەر شایی بکە.

کەمیك زیاتر چاوم کردەوە ئاپۆرایەکەم بەرچاو دەکەوت. زەمەنیك دەگەرامەوە، نەم دەزانی ئەوانەی لەگەری شاییدان مردوون یان زیندوو، ئەگەر مردوون ئەی ئەوە نین؟ ئەگەر زیندوون. ئەی ئەڤین؟

تادەهات کارەکەم لادژوارتر دەبوو خریك بوو ئەقڵ لەسەرمدا نەمینێ. لەسەر ئاوەکەی کانی مەلا دانیشتین کەمیك ئاوم بەدەم وچاومدا پژاند خەوەکەم رەوی بریسکە لەبەر چاوم ون بوو.

بەسەر ئاوەکەدا داگەراین بەرەو ئەشکەوتەکە، لەناو ئەشکەوتەکەدا تەرمیك کەوتبوو، لایتیکم بۆلیدا ناسیم فەتاحەشیت نەوچەوانی شەق کرابوو. پیش ئەوەی بیکوژن لییان پرسیبوو کە خەلکی کویی؟ پێی گوتبوون: باشتر وایە لیم بپرسن خەلکی کام ئەشکەوتم؟ چونکە ئیوە دیتان نەهیشتووە تا من خەلکی کوێ بم. کەمیك بەم لاترەوە، ئەحەشیتی لەخودا یاخی لەپەنا بەردیك دانیشتبوو، ئەحەشیت بۆیە ناویان نابوو لەخودا یاخی چونکە هەردەم داری سەرچاکی دەبرینەوە. سلاومان لیکرد رووم تیکردو گوتم: ئەحەگیان زۆر جاران گوتویانە قسەیان لەشیتی یان لەمنداڵ. بەئەقلی تۆ چیمان لی دێ؟.

ئەحە شیتی لەخودا یاخی زۆر شتی دەگوتن ئەو لەبنەمالەیەکی نەجیب بوو، باوکی دەمراستی ئاوایی بوو، بەگەنجی حەزی لەزولیخای هاوسییان دەکرد..

زۆری خۆشدەویست باوکی زولیخا بەلێنی دابوو ئەگەر باوکی رووی لێنەنیت کچەکەی نەداتێ، ئەو لەسەر ئاوو، لەکاتی مەشکەژەنین، لەبیردانی مەر، هەرچوار وەرز لەدووی زولیخا نەدەبۆوە.. باوکی رووی لەباوکی زولی ناو ئەویش قسەی نەشکاندو پیشکەشی کرد، لەگەڵ زولی زۆر یەکتریان خۆشدەویست، هەموو جار دەیگوت: ئەگەر خودا کوریکی پێ بەخشین ناوی لێ دەنێین (چیا)، هەر زوو لەبەر خوێندن دایدەنیین، زۆریش جوان دەبێت وەك دایکی، ئەویش جوابی دەدایەوەو دەیگوت: وەك باوکی.. دەبوو بەپیکەنین و باوەشیان لیك دەدا. خودا کوریکی دانێ و ناویان لێنا چیا، گەورە بوو زۆر زرینگ بوو، هەر زوو لەبەر خوێندنی مزگوتیان دانا بۆ خوێندنی قورئانی پیرۆز، دوایین شت ناردیانە شار بۆ خوێندن کورەکەی زۆر خۆش دەویست، تاکو نیوەی ساڵ چیا بەسەردان هاتبۆوە بۆلای دایك و باوکی، ئەو لەمندالیەوە لە یاریی منداڵان بێ بەری بوو، زۆر دەچۆ دیار ئەو منداڵانەی کەخەریکی یاری کۆمەلە خۆلین و سنجۆقین بوون، هانی

دەدان کەزوو زوو یاریەکان دووبارەو چەندبارە بکەنەوە، لەو کاتەدا ئەوان یاریان دەکرد فرۆکە بەسەری دادان پۆلیك مندالی چاوگەشی کوشت.. ئەویش لەگەڵ مندالەکان بەرکەوت، لەو رۆژە بەدواوە وردە وردە باوکی چیا تیك چوو داری سەر چاکی دەبری و جنیوی پێ دەدان، مەلای ئاوایی زۆری لەگەڵ کرد سوودی نەبوو بەقسەی کەسی نەدەکرد، مەلاش گوتی:

لەخودا یاخی بووە، بۆیە ناویان نا (ئەحەشیتی لەخودا یاخی) ئەو یەکەم جار باسی شیخ حەمەدیان کرد، کەلەکۆنەوە هەرکەسە چلەداریك لەو دارانە ببریت خودا کویری دەکات. یان هەر لەوێ دەمرێ و ئەگەر نەشمرێ تەور لەقاچی خۆی دەدات، ئەو دارە پیرانە کە هەر داریك گوریسیك ئەو دیوو ئەودیوی نەدەکرد، هەر خودا ئەزانیت چەند سالە ماون، ئەو بەروە جوانانە منداڵی ئاوایی نەیاندەویرا لیی بکەنەوە، شوانەکان نەیاندەهیشت رانەمەرەکان

توخنیان بکەون. دەستی دایە تەوریك و رووی لەچاکی کرد، چەند داریك لەو دارە گەورانەی بڕی و هەر لەوێ ڕیکی خستن و سووتاندنی و کوورە خەلووزیکی باشی پیکهینا ئاوایی پڕ بوو لەبۆلە بۆڵ پیاوە پیرەکان دەیانگوت: چۆن دەبیت ئەحمەد داری شەخس ببڕیت.. تەنانەت بەقسەی مەلاش ناکات، جگە لەوەی دارەکانی دەبڕی و دەشیسووتاندن. شتیکی تریشی دەکرد کەخەلکی زۆری پێ تووڕە دەبون، هەموو ئەو بەردانەی لەسەر گۆڕە جوولەکەکانیان دانابو دەیگواستنەوە بۆ سەر چاکی، بەردی سەر گۆڕە جولەکەکانی ماچ دەکردو دەیگوت: ئەمانە شەهید بوون، ئەوانەشی کە دەچوون میزیان بەسەر چاکاندا دەکرد، دەیانگوت: لەبەر پیسی هیچ کاری تێ ناکات!

ڕۆژیکیان چەند کورە گەنجی ئاوایی گوتیان ئیمە دەتوانین ئەم کردەوەیەی پێ تەرك بکەین، بەڵام بەو مەرجەی ئەگەر مرد، کەس داوای خوین نەکات.

هەموو خەلکی ئاوایی گوتیان: ئیمە بۆخۆمان خوینگرو خوین سینین، لەشەویکی ئەنگوستەچاودا، کوورەی خەلوزی لەسەر چاکی دانابوو، بەدیاریەوە راکشابوو لەنیوە شەودا زرە زریکی زۆر بەهیزی بەبەر گوێ کەوت و دەستی دایە تەورەکەی، بەهەرچوار دەوری خۆیدا روانیی، کەس نەبوو، دووجار لەبەر خۆیەوە بۆڵاندی دوات بریت ئەم دەشتە.. بێ زیرە نابیت، ئەوەندەی گوت و سەری بەسەر کیلە بەردەکە کردەوە، وەنەوزی دەدا، لەپڕ هەمان زرەی جارەکەی پیشووی هاتەوە بەرگوێ، دیسان راپەری و ئەم لاو ئەو لای خۆی کەمیك گەراو هیچی نەبینی، چاوی چۆوە پیرەخەو، ئەم جارە زرەکە بەبەردەوامی هەلسا. راپەری لەهەر چوار دەوروبەری بووبەزیروهوور بەهەرچوار دەوری خۆیدا هەلدەسوورا، زیرەکە بەشیوەیەك هەراسانی کرد، خەریك بوو لەهۆش خۆی دەچوو، تەماشای دووکەلی کوورەکەی دەکرد بەرەو ئاسمان دەچوو بەباریکی ریگەی گرتبوو، چاوی دەبریسکایەوە، تەماشای کرد چوار تەرمی سپی هەر چوار دەوریان گرت، بەزروهوور سەراپای لەشیان زەنگولە

بوو، هەمووی پێکەوە دەیانگوت: هەی کافری قون گـواوی وات لێ هـات بێـی گۆڕی ئیمەو مانـان هەڵکەنی، دارەکانمـان ببڕی، خۆت حازرکە ئیستاکە دێین گیانت دەکێشین بەجۆرێك دەترسا وەك بیی ناو ئاو دەلەرزی، سەری نەوی کرد قوبە، قوبە ئاگر لەسەریان دەردەچوو، نەیدەزانی چۆن خۆی لەو بەلایـە رزگار بکات، خێرا خێرا بەدەوریدا دەخولانـەوە، خویـان رادەوەشـاند، خـۆت حازرکـە گیـانت دکێشـین. سـەری بـەردابۆوە رەق راوەسـتابوو، هەناسـەی دەرنەدەهات، زۆر پەشیمان بوو لەو کارەی کە کردبووی، پاشان بیریکی بۆهات، لەدلی خۆیدا گوتی (مردن هەر مردنە پارانەوەی بۆ چییە) شیخیکی قون گواوی کەس نازانێت لەکوێوە هاتووە، فەرقی منو ئەو چییە. هـەردووکمان ئافـەریدەو خەلقاوی یەك خوداین، کەوایە ئیستاکە دەست دەدەمە تەورەکەو لەتو کوتیان دەکـەم، زوو زوو هاواریـان دەکـرد یـالڵا خـۆت ئامادەبکـە، ئەحـە داهاتـەوە تەوەرکـەی هـەلگرتو پـەلاماری یـەکیکیانی‌دا، تەورەکـەی داهینایەوەکـە سـەری شەق کات، کەوتە هاوارو پارانەوە، ئەوەکانیتر هەریەکەی بەلایەکدا رایان کرد، ئـەوەی گرتبـووی وەك ژن هـاواری دەکـردو دەپارایـەوە، مـن مـن، جـەبار.. جەبار.. (من جەبارم) ئەحەگیان بۆخۆت دەزانـی منـدالـم وردە.. کـورە ویسـتمان تاقیت بکەینەوە گوتمـان بزانین دەترسیت.. پیـی ئاشکرا کـرد، کەکێ لەپشت ئەم کارەوەیەو ئەوانەی لەگەڵی بوون کین، گوتی:

کورم زۆر دەمیکە.. چەندان سالە ئەم کوردەی ئیمـە فریـو خـواردووی دەسـتی بیگانەیـەو زۆر لـەمێژە پیـاوی چاکی خۆیـان لێبووە بـەدوژمنی خـوداو.. پیـاو خراپی خەلکیان لێبۆتە پیاوی خودا، رۆلـە حـەز دەکـەم بەشیتم نـەزانی ئەمانـە کوردستانیان ئەنفال کردووەو، سواری ژنی کورد بوون، بۆ خوایان نەبوو، وەك نەتـەوە بۆئەوەیان بـوو کـە خۆیـان بەسـەر میللـەتی کـورددا بسـەپینن، دەبـرۆ ناتکوژم بەڵام جاریکیتر نەخەلەتابیت، بەدەسـتی مـەلا فریـو بخۆیـت، بەرانبـەر بەمن. جەبار گەرایـەوە لەگـەڵ هاوریکـانی یـەکتریان دۆزییـەوە چوونـەوە بـۆلای

مەلاو لەسیرەوە هەتاکو پیازیان بۆ گیرایەوە زۆر شتی کەشیان بۆ زیاد کرد.
جەبار پیی لی هەلبریبوو گوتی لەکاتیکدا ئیمە لەو تاریکییە بەو کفنە سپییەوە لەدەوری ئەحەشیتی خوانەناس دەسوورایِنەوە بەگویی خۆم گویم لی بوو کەلەغەیبەوە بانگیان دەکرد پییان دەگوت:

ئەحە تۆ ئەولیایت پیاوی خودایت، مەترسە بەتەورانیان شەق کە، نازانم چۆن رەحمی بەمن کرد، خولە کەچەڵ بۆی سەندەوەو گوتی جیا لەوەش مامۆستا بەو قورئانەی کەخودا بۆ خۆشەویستی خۆی (پیغەمبەر) ناردووە بەدیاری رووحم بەقوربانی بیت، من بۆخۆم دیتم کەچۆن قوبە قوبە ئەو نوورە سەوزە جوانەی لەسەر دەرۆی، بروادەکەی سەرتاپای لەبەر ئەو نوورە سەوزە دیار نەبوو، مامۆستاکە تاکو ئەو دەم کورگەلی لیهان دەداو ناوی نابوو لەخودا یاخی، خۆئەگەر بیویرایە چەند ساڵ بوو بۆخۆی بەدەستی خۆی دەیخنکاند، قسەکەی لی وەرگرتەوەو گوتی: ×

راستە زۆر راستە، ئەوانە بابەل بابیان ئەولیابوون، باپیری باپیرە گەورەم زۆرجاران بۆ باپیری باپیرمی گیراوەتەوە باسی گەورەیی باپیری باپیری باپیرەگەورەی ئەحەی کردووە، گوتوویەتی زۆرجاران بەچاوی خۆی دیویتی کەلەم بەری رووباری بۆ ئەو بەری رووباری بەرمالی راخستووە بی پەروا رۆییوە، ئەو چەند جار بەئاسمانیدا وەك کۆتر فریوە، چەندان جار بەخزمەتی خدری زیندە گەییوە، ئەحەشیتی خوانەناس، یارەبی تۆبە خودایە لەگوناحم ببورەو لیم نەگری لەو نەوەیەیە، چۆن دەبیت ئەولیا نەبیت! لەکۆنەوە گوتوویانە هەموو شیتیك ئەولیایەکە، خۆ بەوەی نییە داری چاکان دەسووتینیت ئەو دەزانیت، کی نالی کەرە تۆپیویکیان نەخستۆتە ناو گۆرەکان‌و لەئیمەیان نەکردووە بەپیاوچاك، ئەمە هەر خوداو ئەحە دەزانن، مەلا ئەو هەموو شتەی لەبیر کرد، کە بۆ ئەحەی ریك دەخست خوانەناسی، کافر ئیستاکە بۆ نەزەر کردەو پیاوی خودا جەبار دووجار لەبەر خۆیەوە خەریك

بوو بلێ، مامۆستا من درۆم کرد، یان بلێ: ئەی تۆنەبووی هەموو رۆژێ پیاوی ئەم ئاواییەت لەو بەستە زمانە هان دەدا، کەلەتاوی کورە تاقانەکەی شیت بوو، بیکوژن، ئیستاش خەریکە وامان لێ بکات سوژدەی بۆ بەرین

ئەحەشیت جاران هاواری دەکرد (سەریان بری) ژن و کچانی ئاوایی بۆی دەگریان و دەیانگوت: کاتیك کەفرۆکە رمی کرد، سەری چیای کوری بریبوو، هەر بۆیە هاوار دەکاو دەلێ سەریان بری، ئیستاکە ئەوەشی زیادکردبوو لەگەڵ هاوارەکەی دەیگوت: هۆ، هۆ لەسمتت بەم مەلاژن..

وەك جاران مەتەلەکەی گوتەوە ئەگەر توانیت مەتەلەکە هەلینیت، ئاوا دەزانم چیمان لێ دیت، خۆ ئەگەر هەلینەهینی نازانم..

چونکە بەهەلهینانی مەتەلەکە کارەساتەکە تەواو دەبیت، دەنا قەت تەواو نابیت..

-دەباشە مەتەلەکە چی‌یە؟

-گویم لێ راگرە، تا بۆت باس بکەم مەتەلەکە چیە.

مەتەلەکە دەلێ: لەسەر ئەم دنیا پان و بەرینە کەخودا ئادەمی دروست کردو حەوای لەپەراسووی چەپی دروست کرد. هەر لەویوە زولم و زۆریشی دروست کرد، بۆیە خودا لەسەردەمی نوح پیغەمبەردا بەبارانیکی زۆر لەناوی بردن، ئەوانەی لەگەڵ نوح پیغەمبەر بوون، لەسەر چیای جودی ئارامیان گرت، چیای جودی شاخیکە لەم کوردستانە سەربراوەی خۆمان. ئەحەشیت لەوەوپیش مەتەلەکەی بەکەس نەدەگوت، بەس دەیگوت مەتەلەکە هەلبینن زوو زوو کە گەرم دەبوو دەیگوت سەریان بری، بەڵام کەس نەیدەویرا لیی بپرسیت چییان سەر بری ئەویش دەنگی نەدەکرد. بۆیەکەمجار مەتەلەکەی لەمن داهینا، بەشەریەت زۆر بوو، زۆر بوو، هەندە زۆر بوو هەموو زەمانیکی لێ بلاوبۆوە، دیارە وای دانابوو، کەسیکی شرۆڵ لەهەموو کەس شرۆڵتر، نەیدوەیست نەزۆرداری لەکەس بکاو نەکەسیش غەدری لێ بکا.

سیویکی هەبوو زۆری خۆشدەویست، هەردەم خەریکی پاراستنی سیوەکەی بوو، هەموو دونیا لیی گردبوونەوەو پییانگوت: ئەمە زۆر خراپە دنیا دەخوات.. بەبێ ئەوەی کەس بلێ بۆ؟

سیوەکەیان بەزۆر لێ سەندو، کردیان بەپینج لەت. لەتیك گەورە، یەکیتر بچووکترو یەکیتر بچووکتر یەکیتر بچووکتر، جەستەشیان بەهەمان شیوە لەت کرد، دایان بەپینج کەس، نازانیت دایکیان کییەو باوکیان کییە، خەریکە سیوەکە لەگەڵ جەستەی مرۆڤەکە بۆگەن دەکات، دەبیت ئەم سیوە لیك بدریتەوە، بەلیك دانەوەی ئەم سیوە ئازارەکە نامینێ. جا ئەگەر توانیت مەتەلەکە هەلبینیت ئەوا رزگارمان دەبیت دەنا مەتەلەکەمان وەك خۆی جیهیشت..

یەك هاواری کرد سەریان بری هۆ هۆ لەسمتت بم مەلاژن..

ئەو نەختە دەرمانەی کەدەمزانی، لەجیگەی خۆی مابوو.. ستارم تیمار کرد، دوو شەوو رۆژ لەوێ لەبن ئەشکەوتەکە ماینەوە، خواردنمان نەبوو، ریگەمان بری بەرەو گردە دارین و خانوی قیاس، شوینیکی چرو پر لەدارو بەلالوك.. لەبەر پیری دار بەلالوکەکان، بەسەر یەکتری داکەوتبوون، هەریەکەو یەك سەبەتە بەلالوکی پیوە بوو هەمووی زەردو سوور دەچۆوە، ستار کەخەریك بوو برینەکەی ساریژ دەبوو، لەبرسانا وەك هار خیرا خیرا بەلالوکی لەدەم دەکرد، خیرا لەدار بەروە گەورەکان دوورکەوتینەوە لەترسی هارێ، بۆیە، یان دەبوو لەناو گرنالە بەردەکان لەناو ئەشکەوتەکاندا بین یان دەبوو لەبن دەوەنە بەلالوکەکاندا بین. درەختەکان بەجۆریك وابوون ئەوەندە چربوون کە مرۆڤ نەیدەتوانی چەند هەنگاویك لەپیش خۆی زیاتر ببینیت، بۆ ئەوەی ئاگامان لەدەرەوە نەبریت، جار جار سەرمان لەبن دەوەنەکە دەردەهیناو سەیری دەرەوەمان دەکرد، لەبن دەوەنیك پالم دابۆوە، لەئەلقەکە رامابووم، لەپشت منەوە ستار پالی دابۆوە بەدەست ئیشارەتی بۆ دەکردم، سەرکەوتم،

خوارمانەوە دەشتێك بوو لەبەردەمی گردە دارین راخرابوو، كۆمەلە ژن‌و منداڵ بەدەست سەربازەكانەوە دەورە درابوون، بەلوولەی تفەنگ جار جار بەم لاو ئەو لادا دەیانخستن دەم نادەمەوە هەندێك دەستریژیان بەسەردا دەكردن بەتەقەو هەرا منداڵەكان دەیانكردە گریان‌و زریك‌و هوورو ژێر نەدەبوونەوە، منداڵێك كەلەهەموویان زیاتر دەترساو ژێر نەدەبۆوە، سەربازێك بەحیلكە حیلك، بەپیكەنینێك كەنەدەزانرا لەپای چی وا بەشادی پیدەكەنیت، لەدایكی منداڵەكە چووە پیش‌و ددانەكانی وەك شفرەی بەراز دەركەوتبون، پەلاماری باوەشی دا، بۆ ئەوەی منداڵەكەی لێ بسەنیت بەزۆر بمدەیە، بمدەیە، تاكو بۆت ژێر كەمەوە.. دایكە تیی نەدەگەیی توند منداڵەكەی بەخۆیەوە نووساند.. ئەویش خیرا خیرا رایدەكیشا، ژنەكە بەلاچاوێك سەیری ئەو درندە كێوییەی دەكرد، لەكاتیكدا لەتاوی منداڵەكەی رەش هەلگەرابوو، نەیدەزانێ چۆن منداڵەكەی بپاریزێ.. دەیزانێ چی بەسەر دێ.. خۆی رادپسكاند، منداڵەكە، كەئەو ددانە جیرەی سەربازەكەی دەدی، لەناو دەمیدا سپی دەچۆوە لەكاتیكدا دەیزیراند، لەچیا بەرزەكان دەنگی دەدایەوە منداڵەكەی لەباوەشی دایكی دەرهینا و دووجار نەراندی تۆ نازانیت ژێری بكەیتەوە، راوەستە.. راوەستە ئیستاكە بۆت ژێر دەكەمەوە، ژنەكە تەكانی بەخۆی دەدا تاكو منداڵەكە وەرگریتەوە، سەربازیكی‌تر خۆی گەیاندە ژنەكەو پەلاماری‌داو هەردوو دەستی بەست، راوەستە بۆت ژێر دەكاتەوە، راوەستە هەی كوری كەر كورد زۆر كەللە بۆشن هەر بۆیە باشن، بە كۆمەل بیان كوژێت راوەستە چاوقایم، تەماشا بەهەموومان پیمان راناوەستێ، لەكاتیكدا سەربازەكە منداڵەكەی لەسەر خاكەكە راكیشا، بەهەموو توانی قاچی خستبووە سەر ئەو سنگە ناسكەی.. بەئاستەم لەبنەوە نووزەی دەهات، رووی لەژنەكە كردو گوتی:

ها چاوت لێیە خەریكە ئاقڵ دەبیت‌و ناگری، چاوت لێیە خەریكە بەتەواوی ژێر دەبیتەوە تەماشا.. تەماشا.. خیرا خیرا بەژنەكەی دەگوت.

ژنەکە لەتاوان گریانی نەمابوو، هەڵبەزودابەزی دەکرد، ئەو سەربازەی کە بەدیار دایکی وە بوو بەزۆر دەستی بەسەر شان و ملی دادەهیناو بەدەمیەوە پیدەکەنی، ژنەکە دەیزیراندو خۆی نەوی دەکرد.. سەربازەکە وردە، وردە دەستی دەگواستەوە بۆ سەر مەمکی، ژنەکانی‌تر لەتاوان و لەترسان دەستیان کرد بەگریان، بەگریانی ژنەکان زۆر قەرس دەبوون، بەنووکە شەق منداڵەکەی هینایە بەردەمی دایکی، لەکاتیکدا منداڵەکە دەستی بۆ دایکی بەرز دەکردەوە دایکی تییەوە راماو چاوی لی نەدەگواستەوە، وەك بارانی بەهار سۆزی بەسەردا دەباراند، ئەو سەربازەی کە قاچی بەسەر سنگی منداڵەکەوە بوو بەنووکی پۆستاڵەکەی بن قاچی منداڵەکەی کۆلی بەقاچیکی قاچی منداڵەکەی بردە سەر قۆلتەکەو بەقاچەکەی‌تری بەتوندی لەقەیەکی لیدا، لەقرچەی قاچی بوو بەگریانی ئاپۆراکە. دایکی وەك چۆلەکە فرمیسکی بەسەر دا دەباراند، سەربازیکیان دەستی بەسەر سنگ و مەمکی دا دەهیناو پیدەکەنی ژنەکە خۆی دەخواردەوە منداڵەکە هەندە بەسۆزەوە بۆ دایکی دەگریاو هاواری دەکرد خەریك بوو ئەرزو ئاسمان لیك بدەن، سەربازەکە تفەنگەکەی لەشان کردەوەو رووی لەدایکی منداڵەکە کردو پیی گوت: زۆر گریاوە پیویستی بەخەوە با بۆت بخەوینم.. بۆ ئەوەی هەندە ئازارت پی نەگەیەنیت، سەیرکە، سەیرکە خیرا خیرا دەی‌گوتەوە، لوولەی خستە ناو گوییەوە پەنجەی لی کیشا لەگەڵ تەقەی تفەنگەکە دایکی بەسەر تەرمەکەدا کەوت، سەربازەکە دەستی هەڵنەگرت و گواستیەوە سەرئەویش هەروا تەماشامان دەکرد، ستار تەماشایەکی منی کردو گوتی:

پیاو کەبی دەسەڵات بوو.. بۆ مردن باشە. منیش دەنگم نەکرد، پاکەتەکەم لەگیرفانم دەرهیناو جگەرەیەکم داگیرساند، هەندە بەتوندی مژم لی دەدا نەمدەهیشت دووکەڵی لی جیابیتەوە، هەموویم قووت دەدا. وردە وردە رۆژ نزم دەبووەوە سەربازەکان بەرەو دەشتەکەی ئەولاتر ریگەیان بری، لەنزیك

رووبارەکە لەسەر بانۆترکە دەشت بوو، خیوەتگایەکیان هەلدابوو زۆر لە ئەفسەرە گەورەکان لەوێ بوون، مەڕۆ مالاتیکی زۆریان سەربڕیبوو خەریکی گۆشت برژاندن بوون، کە ئیوارە داهات لەناو خیوەتگاکەدا منداڵەکانیان هەموو کرد بە بن دوو خیوەتی گەورەوەو، ژنە پیرەکانیان بۆ چەند خیوەتیك.. گەنجەکان بەجیا، ژن و منداڵ لەبەر برسیتی و بێ هیزی نەیاندەتوانی بجوولین، گریانی منداڵ ئاسمانی دەهەژاند بەلام سەربازو ئەفسەرەکان تام و چیژیان لە مردنی منداڵ وەردەگرت، شەو نەگەیبوە نیوەی، ئیشك گر دەگەران ملازم جواد خۆی بەبن خیوەتەکەی رائید (رعد)دا کرد چرایەکی نەوتی پێ کردبوو، رادیۆیەکی بچووکی بەدەستەوەبوو گوێی لە (صوت السلام تقدم) راگرتبوو باسی هاوکاریی نیوان یەکیتی سۆفیەت و عیراقی دەکرد.. جواد بەئیکرامەوە راوەستا، (رعد) تۆزیك توورەبوو ئەویش بەزەردەخەنەوە گوتی:

بۆ درەنگ هاتووم؟.. جواد دەستیکی باریك و ناسکی هەبوو زۆر لەدەستی کچ ناسکترو جوانتربوو، هەلسوکەوتی زۆر لەژنی دەکرد، لەوەتەی نەقلی ئەو فەوجە بوو بوو (رعد) پیی فیر بووبوو زۆر جاران ئیشکگرەکان ئاگایان لی بوو شەوان وەك ژن بۆی دەچوو، دەستی بەسەر سمتی دادەهیناو رای دەگوشی، جواد دوای ئەوەی دەرچوو بەنیازی ئەوەی روو لەخیوەتی کچەکان بکات سگبان زۆرجار ئاگای لەو بەزم و رەزمە دەبوو، لووت و بزووت بەلووتیا تەقیەوە.. بەشیوەی سەربازی سلاوی بۆکرد، لەبەردەمی راوەستاو پێی گوت:

بەریزم لەگیانت خۆش.

-چی؟

-ئەوەی لەگەل رعد خواردتان.

-بۆتۆ ئاگات لی بوو؟

بەلێ؟ بۆ چەندەمین جارە..

-باشە دەبرۆ کاری خۆت جێ بەجێ بکە.

قوربان دەموویت مۆڵەتم بدەن، هەفتەیەك برۆمەوە.

-ماڵتان لەكوییە؟

-ماڵمان لەناوچەی (عمارە)یە، سەرۆكی فەرماندە خودا بیپارێزی فەرمانی داوە دەهەزار دینارمان بداتێ بیین بۆ كەركوك.

-جا بۆ دین بۆ كەركوك؟

-جا بۆ نایەن.. خانووی بەلاش، لەخانووی كوردەكان و پارەی زۆر.

-باشتر وایە نەیەن، دوایی وەك منتان لێ دیت خەڵك بەلایەك پێ راناگات

نەدەكرا مۆڵەت نەدا، چونكە سگبان بەكارەكەی دەزانی. رووی لەخیوەتی كچەكان كرد یەك بەسەر یەكدا كەوتبوون، بەبینینی، هەموویان راست بوونەوەو كردیان بەزریك و هوورو گریان، چاوی لێ سوور كردنەوەو دەستی بۆ دەمانچەكەی راكێشا، رووی تێ كردن، لەكاتیكدا كچەكان لەترسان دەلەرزین زمانیان تەتەڵەی دەكرد لەسووچیكی خیوەتەكەدا گور شنەیان كردبوو، خۆیان خرخر كردبۆوە بەلاچاو تەماشای دەستی جەوادیان دەكرد، وەك ئەوەی هیرش بەریتە سەر كۆمەلیك چەكدار، خۆی ئامادەكردبوو، بەتوندی تاكو هیزی تیدابوو نەراندی خۆتان روت كەنەوە، كچەكان نەیاندەتوانی بەئاسانی فەرمانەكەی جێبەجێبكەن، ملیان بەلاوە نابوو بێدەنگ بوون، خیرا خیرا هاواری دەكرد، بۆ بێ دەنگن دەی زوو كەن كەژاڵ لەهەموو كچەكان جوانتر بوو تاكو ئەو كاتە دایك و باوكیشی پرچیان بەتەواوی نەبینیبوو نەك جیگەیتری! مام قادری باوكی هەر لەمنداڵییەوە بەلێنی بەبرازاكەی دابوو، كەباوكی لەشۆرشی ئەیلوول شەهید بووبوو، كەژاڵ بۆخۆشی زۆر، زۆر سەنگەری خۆشدەویست تازە چەند رۆژ بوو جلی بوكینی بۆ ئامادە كرابوو بۆ زەماوەند، لەگەڵ سەنگەر بەئاواتەوەبوو رۆژیك لەرۆژان لەگەڵ ئامۆزای ببێ بەهاوسەری یەك، ئەو رۆژەی كە خەونیان پیوە دەبینی خەریك بوو نزیك دەبۆوە.. بەڵام ئەو كارەساتەیان بەسەرهات...

جەواد لیی چووە پیشەوە: یاللا خۆت رووت کەرەوە!!

کەژاڵ بێمنەت راوەستابوو، نەگریانی مابوو، نەقسەی پێ دەکرا ئەفسەرەکە دەستی گەیاندە بەرامپیلەکەیو دایمالی، دوای کۆلەوانەکەی.. پاشان سەرپۆشەکەی.. وردە وردە تاکو بەتەواوی رووتو قووتی کردەوە، لەوکاتەدا وەك مرۆڤیکی بێ گیان وابوو.. راوەستابوو.. بەبێ ئەوەی بجوولێ، بەلام لەپر کەوتە سەر زەوی.. لەبن دەستو پیی کچەکان کەوت، کەئەوەیان بینی کەس نەیویرا: نەهاوار بکات.. نەبگری..

جەواد لەکاتیکدا کەخۆی رووت کردبۆوە، خۆی خستە سەر سنگی کەژاڵو، ددانی لەو مەمکە ناسکانەی گیردەکرد، لەشو لاری لەگەڵ لەشو لاری ئەودا جیاوازی نەبوو، ئەگەر ئەو رۆژە نەبوایە کەژاڵ لەبەردەمی میزی دەکردو شەرمی لی نەدەکرد.. لەکاتیکدا خۆی لەسەر سنگی دەهیناو دەبرد، هیشتاکە لەئاوی رعد پاك نەبووبۆوە. دوای نیو سەعات رۆیی.. کچەکان واق ورماو بوون، کەس نەهاتبۆوە هۆش خۆی تاکو بزانن کارەساتەکە بەکوێ گەییوە کەژاڵ کە بەهۆش هاتەوە.. تەماشای خۆی کرد، خوینیك مەییو لەبەرلینگی دەرۆی کەوتە شینو شەپۆر. کچەکان کەوتنە گریان لەگەلی.. کەژاڵ بریاری دابوو کەلەسەنگەری ئامۆزای بەولاوە، کەسیتر دەستی بۆ رابواردن بەردەستی نەکەویت، بەلام ئیستاکە دەبینێ پەردەی کچینی نەماوە..! بریاری دا کەخۆی بکوژێ.

هیشتا، بەیانی نەدابوو... دەنگی سەگە برسیەکان لەهەموو لایەکەوە دەهات.. لەگەڵ ستار کەوتینە رنینی بەلالووکەکان بەچنگان بەلالووکمان دەئاخنیە ورگمان، لەگەڵ زەردەی بەیانیدا هەلۆ چاوتیژەکان بەسەر بەردە نووك تیژەکانەوە دەیان چریکاند، لەهەلۆ زیاتر، نەدەنگی هیچ بالندەیەك، نەمرۆڤیك.. نەدرندەیەك.. نەدەهات. لەودەمەدا دنیا کشو مات وردە وردە وەك خۆی دەرۆی، چەند رۆژبوو بەو چیایەوە بەلالووکمان دەخوارد، دەبو کاریك

بکـەین کەنـەمرین لەبرسـان، بـەناو بـەردە گـەورەکانی خـانووی قەیاسـد؛ هەلکشاین، بەرەو بەربەرۆژ بۆ سەر کانیەکە، لەکانییەکە نزیك بووینەوە، دوو سەرباز مەتارەکانیان پر لەئاو دەکرد، دەمانتوانی زۆر بەئاسانی بیانکوژین یان بیانگریان، بەلام بروامان بەوە نەبوو کە سەربازەکان بکوژین، بەبێ خەتامان دەزانین، خومان پەنادا تاکو ئەوان رۆیشتن. چووینە سەر ئاوەکە ئەو بۆقە گەورانـە دەهـاتن‌و دەچـوون چـەند دانەیـەکمان لیگرتـن‌و کـەولمان کـردن‌و بەشیشمانەوە کردن، برژاندمانن‌و خواردمانن گۆشتیکی مزرو خۆش کەتاکو ئەو کاتە گۆشتی واخۆشمان نەخواردبوو.. لەئاوەکە دوور کەوتینەوە بۆبەری قەرەقاجاوێ.. لەپەنا بەردیك جیگەمان خۆش کردو بۆی خەوتین...

# بەشی پێنجەم

شــار شــارێکی خامۆشــە.. دەلیــی خــۆڵو دۆی بەســەردا کــراوە، خەلکەکەی کەس بەدەرەوە نییە، دوکانەکان داخراون.. بازار چۆڵو هۆڵ بۆنی خوێنی لێ دیت..

فــەرماندە لــە ســەربازگەکە، لەکۆپتەرەکــەی دابــەزیو کۆمــەلێ ئۆتۆمبیلــی بەپاسەوانەوە بۆ ئامادەکرا.. سواربوو بەناوەراستی بازارکەدا تێپەری. ئەو پێی وابوو کە ئیستا هەموو پیاوماقولانی شار لەگەڵ خەلکەکە بەپیریەوە دین، دووجار ئەمسەرو ئەوسەری کرد، هەر بۆ دەرمانیش لە حەمەنەجیم زیاتر کەس دیار نەبوو.

– ئەویش دەستی لەژێر چەنەگەی نابوو، تەماشای کاروانی ئیڤای دەکرد، کەژنو منداڵو پیرەپیاوی تیادا ئاخنرابوو رەت دەبوون، بەرەو سەربازگەکە.. ئەو خزمێکی زۆری لەلادێ بوون، خەیالی ژنی ناردبوو بۆ ئەوێ کەلەگەڵ خۆی بۆ شاریان بینــێ، بــەلام بــەفریا نەکــەوت، ئــەویش لەگــەڵ لادێییــەکاندا گــیری خوارد، رۆژ تاکو ئیوارێ لەقەراغ جادەکە رادەوستاو تەماشای ئەو ئاپۆرا زۆرەی دەکــرد، کــە بگریــان رادەبــووردن، چــاوەروان بــوو داخــوا کــەی خــەیاڵ دەگەریتەوە.. لەزیرەی بریکیك راچەنی، لەگەڵ راوەستانی کاروانی سەیارە.. بوو بە جرتو فرتی خۆفریدانی سەربازەکان، بەهەر چوار دەوردا بلاوبوونەوە..

ئەفسەریك كەدەتگوت سشەری بەدری كردوە یان قودسی لەچنگی دوژمنی عەرەب دەرهیناوە، دابەزی دووجار شانی بەم لاو بەو لادا باداو دار حەیزەرانیكی بەدەستە راستیەوە گرت، خیرا خیرا، لەناو لەپی دەستی چەپی خۆی دەدا رووی تێ كرد، لەكاتیكدا تەماشای ئەفسەرەكەی دەكرد ملی بەلاوە نابوو، دەیزانی كە ئەفسەریك، دەتگوت گویدریژی چەرچیانە ئەو هەموو تەتكەو پەتكەی پیوە هەلواسراوە، سەر شانەكانی پرن لەئەستیرە لەو ناو بازارە چۆڵو هۆلەدا بۆ دابەزی وەك بریسكە هەموو ژیانی هاتەوە بەرچاو بەخیرایی وەك فلیمیك تێپەری.. تەمەنی لەشەش مانگ تیپەر نەببوو كەدایكی مرد، بەتەنها بەجێما.. حەمە عەلی باوكی زۆری خۆشدەویست، نەیدەدا بەكەس بۆ خۆی بەخیوی دەكرد، لەگەڵ ئەوەی مولكو مالیكی زۆری هەبوو جوتیاری نە دەگرت، سالیكیان فاتە زەلەی بیوەژنی كردە كۆلكیش، بەروالەت هەندەی حەمەنەجم خۆشدەویست لەكوری خۆی زیاتر، ئەویش تاقە كوریكی هەبوو باوكی نەمابوو لەگەڵ حەمە عەلی ریك كەوتن كەشووی پێ بكاو كورەكەی بۆ بەخیو بكات، ئەویش نەهیلێ حەمەنەجم بێ دایكی پیوە دیاربیت، لەگەڵ غەفوری كوری بەیەك چاو تەماشایان بكات، مارەی كرد. دەتگوت كەرتە دیوە سەرتاپای گیانی هەر (قوز) بوو، دوو چاوی رەشو جوان، دوو برۆی كەوانەیی هەلقەیان بەدەورداكیشابوو، دوو پووزی توند جووتە سمتیك.. كە بەقەدەر دوو ژنان دەبوو، لەخۆوە ناو نەنرابوو فاتە زلە، ئەگەر چی بەهەیكەل زۆر زلو زۆپ بوو بەلام بەتەمەن زۆر لە حەمە عەلی مندالتربوو، باری نەدەبرد بەشی دوو پیاوی وەك ئەوی دەكرد، هەر زوو لەدەستی هەیدادو بێ دادی بوو دەتگوت ماینی بە تەلەبە بەدەوریەوە دەیحیلاند، بەو چاوە زلانەیەوە خۆی پیدا دەدا، چەند ساڵ پیكەوە ژیان مندالیان نەبوو غەفورو حەمەنەجم وەك دوو برای لەدایكو بابی یەكتریان خۆش دەویست، بەلام كەتەماشات دەكرد، دەتزانی كەدوو كەسی لیك جیاوازن، غەفور ئەگەر بۆ خۆی كەسیكی چلمن

ولیکاوی بوو بەڵام دایکی هەندەی خزمەت دەکرد پێیەوە دیار نەبوو، سەروەت و سامانی حەمەعەلی هەموو لەکورەکەیدا سەرف دەکرد.

کەمندالی نەبوو کەوتە بیر کردنەوەی ئەوەی، ئەگەر حەمەنەجم هەبێ کورەکەی ماڵ ناگرێ چونکە باوکی نەبوو، زۆر ئازاری دەدا، پووری زۆرجار هەولی ئەوەی دەدا کە باوکی بیداتێ، بۆ خۆی بەخیوی بکات بەڵام باوکی چونکە هەر ئەو کورەی هەبوو زۆری خۆش دەویست، بەهیچ جۆرێ نەیدەتوانی لەخۆی دوور بخاتەوە.. زۆر هەستی بەچەوسانەوەی کورەکەی دەکرد لەبەرئەوەی باری فاتەی نەدەبرد و بۆی تیر نەدەبوو زمان کورت بوو هەموو شتی قبوڵ دەکرد، زۆرجاران فاتە هەولی ئەوەی دەدا کەتاقانە کورەکەی بدا بەپووری بەڵام بەسەری دادەچوو پیی دەگوت: من کوری تۆ لەگەڵ کوری خۆم فەرق ناکەم تۆ چۆن ئەوە بەمن دەلیی، فاتە رۆژێك بەبیانووی ئەوەی کەکۆڵ و کانی دەکات غەفورو نەجمی برد بۆ سەر کانی بۆ شووشتن کورەکەی خۆی شووشت بۆ ئەوەی کاریکی پی بکا، بانگی کرد تاکو ئاگری ئاوەکەی بۆ پیش بکات، ریك مەنجەلە ئاوەکەی بەسەردا قلپ کردەوە، کردی بەهاوار هاوار، ژنانی سەر کانی لیی کۆبوونەوە، لەبەر شین و شەپۆر ئاوری لەکەس نەدەدایەوە وەك ئەوەی زۆر لەکارەکەی بێ ئاگا بیت لەکاتیکدا کە دەگریا تەماشای لەشی سووتاوی ئەو مندالەی دەکرد، چاوی ئەبلەق بووبوون تووکی گرژبوو، هەستی پێ نەدەکرا، نەدەگریا نەهاواری دەکرد، ئەوەندە نەبیت یەکەم جار ئاوەکەی بەسەردا رژاند، دووجار هەتاکو هیزی تیابوو زریکاندی چەرمی هەموو لەشی لەگۆشتەکەی بۆوە، پووری بەخۆ کوشتن گەیشتە سەر کانی.. هەروەك ئەو رۆژەی کەخوشکی مرد، کەوتە قژ رنینەوە، لەباوەشی گرت و پییەوە دەگریا و پیی هەلدەگوت، چۆن بێ دایکەو چۆن دایکی بەگەنجی خیری لەخۆی نەدی..

بردیان بۆلای پوورە حەلیمی تەبیب، کەوتە گرتنەوەی دەرمان، هەندە زرینگ بوو، ئەو گیایانەی هەموو دەناسی کە برینی پێ چاك دەبۆوە، هەزاران

برینداری لەجیوە چاك دەکردەوە، ئەگەرچی چاوەکانیشی زۆر کز بوون، بەڵام حەمەنەجم چونکە دایکی نەمابوو زۆری خۆش دەویست، نەك ئەوە بگرە هەموو ئاوایی فاتەزلە نەبیت، خۆشیان دەویست. برینەکانی چاك بوونەوە بەڵام هەموو لەشی پەلە پەلە بوو، فاتە لەبریاری خۆی پەشیمان نەبۆوە، دەبوو هەر لەناوی بەریێ.. رۆژێك کوندەیەکی بەشاندداو وەدوای خۆی خست بۆسەر رووبار، لەدلی خۆیدا گوتی:

ئەم سەگەم پێ لەناو ناچیت. دەلیی پشیلەی حەوت رووحە.. ئەو ئاوە گەرمە هەموو گیانی سووتان، ئەو ماکەرە پیریژنی نۆ میردکەرە، نەیهیشت بمرێ..

دەرمانم بۆ لەچیشت کرد، بتدایە بەسەگ دەیتۆپاند، چەند رۆژ لەجیگە دا کەوت نەمرد.. نامرێ خیرا خیرا دووپاتی دەکردەوە نامرێ.. نامرێ، ئەمرۆکە مشوورت دەخۆم کوری قەحبەی لە قەحبان، جا ئەوسا با ئاتەی پوورت، بتدۆزیتەوە، دەلیم کەس نازانیت بۆکوێ چووە!

حەمەنەجم دەتگوت لەناو دلیدایە جار جار لیی دەچووە پیش و پیی دەگوت: دایکە گچکە ئەوە دەلیی چی دەلیی شتت لی ون بووە وەك بزن مژە دەوەشینی، ئاوری دایەوە سەری.. چیم گوتووە توتکەسەگ، فاتە بیری لەوە نەدەکردەوە، ئەگەر حەمەنەجم نەبیت حەمەعەلی ئەو هەموو براو برازایانەی هەیەو میرات، ئەگەر بۆخۆی شتیك نەدا بەغەفور میراتی بەری ناکەویت، دەبوو حەمەنەجم هەر لەناو بەرێ..

لەسەر رووبارەکە کوندەی لەکۆڵ کردەوەو لەسەر رۆخی دانیشت تاکو پری بکات، بانگی کرد هەتاکو یارمەتی بکات، نەچو.. چەندجار بانگی کرد، بەناچاری چو وەك ئەوەی بزانیت چی بەسەر دیت، بەپاریزەوە لیی دەچووە پیش شلپ.. شلپ، بەدەستەزلەکانی ئاوی لەدەم کوندەکە دەدا لەتەنیشتیوە راوەستا: هاچیبکەم؟ وەك هەلۆ پەلاماری داو پشتی ملی گرت، بەرەو رووبارەکە شۆری کردەوە، ئەویش گورج دامینی کراسەکەی گرت و بەهەموو

هـيزی بـەری نـەدا، لەئاوەکـەدا گومـی دەکـرد، سـەری بلـند دەکـردەوە تـاکو بەتـەواوی هیـلاك بوون. دەسـتی لەکراسـەکە بـەربوو، تونـد دوو بنجـە گیـا کـە بەلیواری رووبارەکەوە بوو گرتی، لەکاتیکدا بەچاوی پارانەوە تەماشای دەکرد، لیوی دەلەرزی.. کات بەرەو پایز دەچوو، ئاوەکە زۆر سارد بوو، لیوی تەتەلەی دەکرد.. هەلدەلـەرزی، رووبارەکە هـاژەی دەهـات.. بەرزو نـزم دەبـۆوە، ئـەویش لەگەڵ بەرزو نزمی ئاوەکەدا وەك پووشکە بەرزو نزمی دەکرد، پۆل، پـۆل قـەل مراوییـەکان بەسـەر رووبارەکـەدا دەهـاتن و دەچوون، چریکـەی ماسـی گرەکـان تەواو نەدەبوون، خۆی دانابوو کەدەبیتە خۆراکی ماسی و کیسەڵ..

لـەکاتیکدا چـاوی لـەچاوی فاتـەوە دەکـرد، دەلـەرزی ئیسـتاکە دەمـری یـان کـەمیکی‌تر، ئەوانـەی بەبیردەهاتنـەوە کـە دادەنیشـتن، زییەکـە هـاژەی دەهـات، هەموو جار لەباوکی دەپرسی: باوکە ئەوە بۆچی وادەکات؟!

–باوکی لەوەلامدا دەیگوت:

ئەوە دەلی: (ئەجەل هات، ئەحمەد نەهات).

ئیسـتاکەش هـەمان هـاژەی لیـوە دی، دەسـتی بەبنجـە گیاکانـەوە رەق بـوو، هەرئەوەتە دەنووزایەوە، خەریك بوو لەجولە دەکەوت، فاتەزلە تییـەوە رامابوو داخوا کـەی گیـانی دەردەچیـت، یـان ئاوەکـە دەیبـا، ئـەو نـەگیانی دەردەچـوو نەئاوەکە دەیبرد، چەند جاری‌تر هـەولی‌دا بە ئاوەکـەیدا بدات، بەلام بی سـوود بـوو.. گـەرا لـەو دەوروبـەرە بـەردیکی گـەورەی دۆزیـەوە، هینـای تـاکو بەتـەپلی سەریدا بداو بەیـەك جار بیکوژیـت، نەیدەویسـت ئەمـە بکـات بـەلام ناچار بـوو، دەیزانی ئەگەر ئەمە بکا، تەرمەکەی بدۆزنەوە بیشك دەزانن ئەگەر جیگەی برین بی، بەلام نەدەمرد، نەدەستی بەردەبوو، بۆیە تاکو زووبوو دەبوو تەواوی بکات، حەمەنەجم تەماشای پەپووسلیمانەکانی دەکرد، لەدەوری فاتەزلە دسوورانەوە، چاوی لەچاویان دەکرد، وەك ئەوەی داوای کۆمەکیان لی بکات.

ئەوانیش لیی ورد دەبوونەوە، وەك ئەوەی بلیـن چارمان نییە، پۆل، پۆل بەسەریا دەهاتن و دەچوون، تەواو نەدەبوو لەسەر هەر بەردیکی رووبارەکە پۆلیك قەل مراوی هەلنیشتبوون، لەسەر دار بییەکان قومری و کۆترەباریکە سەیریان دەکرد، بەتەواوی لەژیان بی هیوا بوو بەردەکەی گەیاندە بن لوتی رۆ هاتە بەردەکەو بەرزی کردەوە بۆ سەر تەپلی سەری. حەمەنەجم تەماشای بەردەکەی دەکرد، ملی بەلاوە نابوو، لەبەردەکەوە رامابوو، چاوەریی ئەوەبوو، داخوا کەی بەهەموو توانای خۆی بەری دەداتەوەو بەتەپلی سەری‌دا دەدات، ئەویش گیان دەدا.. ژنەکە لەحالیکدا ددانی بە جیرەوە دەبرد لەبەر خۆیەوە دەیپرتاند: راوەستە سەگی کوری سەگ، ئیستاکە چۆن تەواوت دەکەم، دەلیی پشیلەی حەوت رووحە بزانە گیان دەدات.

وردە وردە بەردەکەی لەبالای خۆی بەرزتر کردەوە، هەردوو قاچی بەپیشدا خلیسکیان برد، بەپشتاکەوت، بەردەکە بەقورسیکی زۆر بەسەر سنگ و مەمکیا کەوت.. حەمەنەجم دوای کەمیك بەچنگە کرە لەئاوەکە هاتە دەرەوەو رۆی، لای ئیواریّ بوو حەمەعەلی گەیشتە رووبارەکە، تەماشا دەکات فاتەزلە لەسەر گازی پشت لیی کەوتووە، کەمیك دەموچاوی ئاوپرژین کردو بەهۆش هاتەوە.. کەزانی حەمەنەجم نەماوە، دلنیابوو کەکاری کراوە، کەوتە گیرانەوەی کارەساتەکە نازانم چی‌بوو ئەو بەلایە شتیك هەندەی کیویك تۆ بلیّ دوو کیو، چۆن هات خۆی بەمن و حەمەنەجم دا دا چۆن ئەو بووراوەتەوە ئاگای لەخۆی براوە سنگی رووت کرد دەتگوت دەسالە بریندارە واکوتراوە، ئەگەر ئەو نەبوایە کەس بروای نەدەکرد کە ئەو نەیکوشتووە، لەو رۆژەوە بزربوو، پووری هەر دەیگوت دیتەوە، ئەو دەیزانی کە ئەم شتە لەبن سەری فاتەزلە دایە. زۆر گەران تەرمیان نەدۆزیەوە، پووری کچەکەی بۆدانابوو، بەمیردی نەدا، ئەو دەیگوت: خەونم بینیوە، دیتەوە..

بیست ساڵ ون بوو، کە هاتەوە پیاویکی تەواو بوو، کارەکەی لەسیری هەتاکو پیازی گیرایەوە، فاتەزلە ئیستاکە بەساڵداچووبوو، زۆر لەکارەکەی ژیوان بوو.. (خەیالی) کچی پووری مارە کرد، رۆی لەشار دانیشت، چەند منداڵی وردی هەبوون، ئەو بۆ خۆی هەندەی چەوسانەوە بینیبوو، بۆیە نەدەکرا خەیالی بە دوو خزماندا نەنیریت، جا خزمایەتییەك بۆ ئەمرۆکە نەبیت بۆ کەی باشە..

وەك پەیکەر لەبەردەمی ئەفسەرەکە راوەستابوو، دەتگوت بولبولە بەعەرەبی قسەی دەکرد، دەفتەرخدمەکەی دەرهینا، کەتەماشای کاتە خزمەتی سەربازی تەواو کردووە، لەژیرەوە بەدزیەوە ئایەتولکورسی دەخویند، ناوی خوداو پیغەمبەرو مەشایەخی دەهینا، قورئان و خودا لەناو دەمیا لەسەر زمانی لانەدەچو، ئەفسەرەکە بەپەنجەی ئیشارەتی بۆ کرد، هاتە پیشەوە بەدەستووری سەربازی راوەستا، لەچاویەوە راما وەك ئەوەی بلیی داوای یارمەتی لی بکات.. ماوەیەك بەبێ دەنگی رووبەرووی یەك راوەستان، سەری نەوی کردو ملی بەلاوە نا.. لەبنەوە تەماشای دارەکەی دەکرد.

ئەفسەرەکە دارەکەی بەرز کردەوە، تییەوە رامابوو، وەك ئەوەی بەشاخی دابدات، هەتاکو هیزی هەبوو بەتەپلی سەری‌دا دا، کەخیرا خیرا ناوی خودای دەهیناو شادەی دینا، خوداو قورئان و پیغەمبەر لەگەڵ میشکی کەوتنە بەر پێی ئەفسەرەکە، وەك ئەو رۆژەی فاتە زلە لەرووبارەکە خەریك بوو بیخنکینێ، کەوتە پەلەقاژەو چنگی لەزەویەکە گیر دەکرد، ئەفسەرەکە سواری ئۆتۆمبیلەکە بوو بەسەر سەری کەوت، یەکە یەکە هەموویان بەدوای ویدا بەسەری کەوتن.

لەسەربازگەکەدا، ژووریك کەپر لەقەنەفە بوو بەمیزو کورسی جوان رازابۆوە، دانیشت و بانگی مستەشارە کوردەکانی کرد، یەکە یەکە وەك ژن دەستەو نەزەر راوەستان بەسەری پەنجەی ئیشارەتی بۆکردن کەدانیشن، وەك مردووان وابوون، سەریان لەقەلان نابوو، لەبنەوە وەك پشیلە بەمۆنەوە سەیریان دەکرد، بەپیکەنینیکی گاڵتە ئامیزەوە گوتی:

سەر هۆزە کوردەکان بەخێربین! دەلیی دلتان تەنگە، رەنگە بەسەرکەوتنەکان نارازی بن!

دەتگوت پەیکەرن کەس دەنگی لیوە نەهات، بەدزیوە تەماشای یەکتریان دەکرد، ها بۆ بێ دەنگن؟ بۆ قسە ناکەن؟ خویریانە رەنگە خۆشتان بەپیاو بزانن، ئیوە لای خۆی نیشتمان پەروەرن، بەلینتان بەسەرۆکی فەرماندەدا کە دریغی ناکەن، کەچی ئەوەی بۆمان دەردەکەوێ، سەرەرای ئەوەی کە ئیوە شارەزای دۆلّو چیایەکانن، بەقەد سەربازەکانتان نەکردووە، لەمەو دوا دەبیت هیزی بەرگری خۆمان لەخواروی ولاتەوە بینین، باژنەکان بۆ خۆیان بەرن کچەکانیشیان بەرن بۆ تیاترۆخانە با بازرگانیان پیوەبکەن، لەمە زیاتر چاکەیان لەگەلّ ناکریت، چونکە کورد هەمووی بەگەلّ یاخییەکان کەوتوون، ژنەکانیان خزمەتیان دەکەن. زۆر هەولم دا لەناو کورد پیاویك بدۆزمەوە بەلاّم نەبوو، ئەگەر لیم بپرسن کورد کیی هەیە لەوەلاّمدا دەلیم کەس! بۆ قسە ناکەن؟ هەریەکەی چوار ژنتان هیناوە، لەمەودوا دەبیت ژمارەی ئەفسەرەکان لەناو فەوجەکانتان دا زیاد بکەین، چونکە ئەو هەموو ژنەتان بۆ بەریوە ناچیت! لەگەلّ قسەکانیدا دەستی بەرزو نزم دەکردو جار بەجاریش کلاّوەکەی دادەکەند دەیخستە سەرمیزەکە، یەکیك لەناو مستەشارە جاشەکاندا دەستی بەرز کردەوەو بەخۆشحالیەوە گوتی:

گەورەم، خودا بۆ ئیمەت بهیلی، تۆ زۆر دابەزیتیە سەرمان، بەلاّم ئیمە کەمتەرخەمیمان نەکردووە، جگە لەوەی کە بۆخۆمان هەزاران مندالّو ژنمان گرتووە، چاوساغی سوپاشمان کردووە، ئەگەر ئیمە نەبووینایە نەك وا بەزوویی نەدەتوانرا کارەکە بکریت بگرە بەچەندان سالیش نەدەکرا.

لەکاتیکدا پیکەنینی بەقسەکانی دەهات، زگە زلەکەی بەرزو نزمی دەکرد دەستی بەبەر زگیەوە گرتبوو، هەموویان دەبوو لەگەلّ ئەو پیبکەنن من لەپیشتر بەئیوەم گوت، دەبیت مشووریان بخۆم، ئەگەر ئیوە راست دەکەن

سەرۆکی هۆزەکانن بانگیان کەن بالەو چیایانە بینە خوارێ بەڵام نەیانتوانی هیچ بکەن، دیارە ئیمەش ئەرکیکی نیشتمانیمان بەریوە بردووە، ئەوەی توانیمان بەهیز دەیکەین ئەوەی نەشمان توانی ئەوا بەچەکی کوشندە لییان دەدەین دیارە ئیوە دەزانن چەکی کوشندە چییە! من لەئیستاوە پیتان دەلیم ئەو ناوچانەی لەتیکدەران پاك نەکراونەتەوە دەبیت بەزووترین کات پاك بکرینەوە، ئیوەش ئابرووی خۆتان بکرنەوە، من خودا، باوك، پیغەمبەر سەرۆك، هەموو شتیکی من پیی گوتم کەچۆن دەتوانی وا بەزوویی ئەو کارە بەریوە بەریت؟

-پیم گوت: دەیکەم، دیارە من بەئیوەم گوت، نابیت کەس بەزیندوویی بینن. بەڵام لەشەرەکانی پیشتر زۆر ژن و مندالتان هینا، دیسان خودا بەمنی گوت: چییان لێ دەکەیت؟

-گوتم: ژن و کچەکان جیادەکەمەوە، پیرەپیاو مندالکانیان بەدۆزەر لەگەڵ گەنجەکان بەزیندوویی لەخوارووی وڵات ژیر خاك دەخەم، سەربازەکانیش لەکچ و ژنەکان بەردەدەم تاکو چەند ساڵ، دوایی ئەوانیش فرێدەدەمە دەریای کەنداوەوە، با ماسی بیانخوات دیارە بەشیکمان بەریوە بردووە، ئیستا ئەوەی ماوە دەبیت بەزووترین کات بروات، ئیوەش کەهەریەکە ئەفسەرەکانتان بۆ زیاد دەکەم تا بتوانن لەگەلتان شەریك بن.. وەك مەجیلسی مردووان سەریان لەبر خۆیان نابوو زۆر لەوە خراپتریشیان پێ قبووڵ دەکرا، یەکیان ئەفسەریکی لەتەکەوە بوو، سەرشانەکانی ئەبریسکانەوە بە فسکە گوتی:

ئەم کابرایە بۆ وا ئابرووی بردین خۆ کەممان نەکردووە، هەر بەجاریك شەرەفی شکاندین.

-ئەویش گوتی:

جا کەوایە بۆ نارۆن بۆ ئەو چیایە. هەتا واتان پێ نەکریت ئاخر ئیمە خزمەتی گەل و نیشتیمانی خۆمان دەکەین.. ئەفسەرکە بەپێکەنینەوە گوتی: کام

نیشتمان؟!.. ئەو نیشتمانەی کەخانووی بەپێوە نەماوە، ئەو نیشتمانەی کە ڕەزو باخی نەماوە، ئەو نیشتمانەی کەهاوڵاتیەکانی خەریکە تەواو دەبن؟ ئەگەر ڕاست دەکەن بەخەم نیشتمانو گەلی خۆتانەوەن، بڕۆن ئابڕووی خۆتانو گەلەکەتان بکرنەوە!

گوتی:

ئاخر.. ئاخر.. بەپێتە پت دوو سێ جار لەسەریەن ئاخر ئابڕوومان دەچێت.. ئەفسەرەکە هەتاکو هێزی تیابوو دایە قاقای پێکەنین، لەکاتێکدا پێدەکەنی هەموویان تەماشایان دەکرد، نەیاندەزانی بۆچی پێدەکەنێت، مستەشارەکە پشتی کۆم کردبوو، ملی بەلاوە نابوو، دەتگوت تری لێ بەربووە نەیدەزانی ئەو ئەفسەرە بۆ هێندە بەقسەکانی پێدەکەنێت، لەدوای پێکەنینێکی زۆر گوتی:

بۆ ئێوە شەرەفتان هەیە، ئەگەر شەرەفتان هەبوایە نەدەبوون بەمستەشار، ئەگەر کەرامەتتان هەبوایە چۆن نەرووتان دەهات ئەو هەموو ژنو منداڵە بێ چارانە بۆ سەربازەکان دەست نیشان بکەن، تەنانەت لەسەر ئەوەی کامەتان دەتوانن زۆرتر بگرن. شەرمانە مستەشارەکە وەك پشیلە سەری لەقەلان ناو بێ دەنگ بوو.

ئێستا گرێك بەناو شاری کەوتبوو، گرێك کە هەموو ماڵەکانی گرتبۆوە، کوژرانی حەمەنەجم بەگوێی یەکەیەکەی شار گەیشت، ماڵەکان ترس دایگرتن، کەوتنە کردنەوەی دوکانەکانیان، منداڵەکانیان ڕەوانەی قوتابخانە کرد، گرێك کە لەنووری پێغەمبەر دەچوو لەسەر تەرمەکەی حەمەنەجم بەرزبۆوە لەگەڵ ئەو هەورە چڕەی کە ئاسمانی ناوچەکەی داگرتبوو تێکەڵاو دەبوو، تاوێك دەباریو تاوێکیش دەبوو بەهەتاو، کۆلکە زێرینەیەك لەناو هەتاوەکەوە سەری دەردەهێناو سەرێکی لەسەر تەرمەکە لوول دەبوو، دەڕۆیی هەتاکو لەناو قامیشەڵانێك شۆڕ دەبۆوە، کۆنو نوێی تێکەڵاو بووبوو، پەلکە پانەکان باڵیان شۆڕ کردبۆوە، چۆمێکی گەورەی بەناودا ڕەت دەبوو، ئاوەکەی لەبەر لافاوی

باران نەدەخورایەوە، هەرچی ژن و منداڵی ئەو دەڤەرە هەبوو خۆیان لەناو ئەو بیشەیە شاردبۆوە، لەبەر باران و بێ خۆراکی خۆیان لە ئەرزەکە وەرئەدا، کەس لەمرۆڤ نەدەچوو لە قور دەچوون، گۆمیلکە ئاویان هەلکەندبووبۆ خواردنەوە، منداڵەکانیان چەند رۆژ بوو نانیان نەخواردبوو، لەبرسان و لەسەرمان هەلدەلەرزین بەجۆریك کە چۆقەچۆقی ددانیان رۆژە رییەك دەرۆی، کەس ئاگای لەخۆی نەبوو، کۆپتەر دەهات و دەستریژیکی بەناو قامیشەلانەکەدا دکرد و یەك دوانیکی لێ دەکوشتن، تەرمەکان چەند رۆژبوو بۆگەنیان کردبوو، خەریك بوون لەبەر بۆنی لاشەکان تیك دەچون نەیاندەتوانی لەقامیشەڵانەکە بینەدەرەوە و لە چاڵیان بگرن رۆژانیك بوو ئەو ژیانە لەناو ئەو ژن و منداڵدا دریژەی هەبوو برسیتی تینی بۆ هینابوون، زۆربەیان پیاوەکانیان گیرابوون یان کوژرابوون، منداڵیك کەماوەیەك بوو شەهید بووبوو، هەلپەنمابوو، میشەکەرانەیەك هەندەی چۆلەکەیەك دەبوو، گیزە گیز لەتەرمەکەوە دەئاڵا، کۆمەڵە باڵندەیەکی بچووك رەنگیان سەوزو پەمەیی‌بوو، دەهاتن لەدەوری تەرمەکە ئەلقەیان دەبەست، نووریك کە لەنووری پیغەمبەری دەکرد، سەوز لەمنداڵەکە بەرز دەبۆوە هەلدەستا لەگەڵ کۆلکەزیرینەکە تیکەڵاو دەبوو، سەریکی لەسەر منداڵەکەو سەریکی لەسەر حەمەنەجم بوو، خەیاڵ کە بۆ دەربازکردنی خزمان خۆی گەیاند بۆ لادێ، ئیستاکە لەگەڵ ئەو ژن و منداڵە گیرمابوو، کورە گچکەکەی چەند رۆژ بوو شەهید ببو، لەبەردەمی هەلئاوسابوو، تەماشای کۆلکەزیرینەکەی دەکرد، سەریکی لەسەر حەمەنەجیم و سەرەکەی دیکەی لەسەر ئازادی کوری بوو، زیاتر ورد دەبۆوە، حەمەنەجم لەناو رووناکی کۆلکەزیرینەکە دەهاتە بەرچاوی خەیاڵ، هەند گریابوو توانای قسەکردنی نەمابوو هەروا چاوی لەزەقەوە دەبرد، تەکانی دەدا کە راپەرێ بەڵام نەیدەتوانی، کۆلکەزیرینەکە بزر دەبوو، حەمەنەجم ون دەبوو نوورەکە دەگەرایەوە سەر ئازاد، پۆلە چۆلەکەکە لەدەوری کۆ دەبوونەوە ئەو منداڵانەی

که چەند رۆژ بوو هیچیان نەخواردبوو، بەریز یەکەوە رایانکیشابوون، لەمرۆڤی قوریـان دەکـرد چاویـان زەق دەچـۆوە، جـار جـار نوزەیـەکیان لیـوە دەهــات.. قامیشەڵانەکە بەرەو رۆژئاوا دریژ بۆوبۆوە، کەوتبووە دامینـی چیایـەکی بەرز، کەمیك ئەم لاتر مام نەسرەدین کەهەر لەمنداڵییەوە عاشقی راو بوو، نەیدەتوانی لـەراو دابریـت، ئیسـتاکەش نـەیدەتونای تـاژیو ئەسـپەکویت بـەجێبیلێ، ئەسـپەکویت وەك دۆلدۆلـی حـەزرەتی عـەلی وابـوو لەهـەموو پیشـهاتیك مـام نەسرەدینی بەحیلەیەك ئاگادار دەکردەوە، لەناو قامیشەڵانەکە چەند شەوو رۆژ بوو لەسەر بەردیك هەلقونجابوو، تاژییە زەرد لەبەردەمی هـەردوو دەسـتی دریـژ کردبوو سەری لەسەر دانابوو لەمام نەسرەدین برسیتر بوو.

بەحیلـەی ئەسپەکویت وشیار بۆوە، بـەدوای حیلەکـەدا دوو دەسـتریژ کرایـە نـاو بیشـەڵانەکەوە، بەدوای دەسـتریژەکاندا، چـەند سـەرباز خـیرا بـەبێ راوەستان خۆیان بەناو بیشـەڵانەکەدا کرد، رووبـەرووی راوەسـتان سـەربازەکان دەتگوت قەلی رەشن، بەگالتە پێکردنەوە روویان تێکردو گوتیان: ناوت چیـیە؟

لەکاتیکدا سەری نەوی کردبوو، بەدارەکەی دەستی لەئـەرزی دەوەژاند وەك ئەوەی لەگەڵ ئەویان نەبیت بێ وەڵام بوو، سەری بەرز نەکردەوە.. دووبارە پرسیاریان لی کرد: سەگبابی خیانەتکار ناوت چیـیە؟ ئەو هەر جوابی نەدایەوە، ئـەو سـەری لەبـەر خـۆی نـابوو تەماشـای ئـەرزی دەکـرد. کویتـە جـاریکیتر حیلاندی، بەدوای حیلەکەیدا چەند هەلۆیەك بەسەر قامیشـەڵانەکەدا چەرغـەیان کردو چوونەوە سـەر شـاخە بەرزەکان، بـەدوای هـەلۆکاندا پۆلیـك کۆتـری سـپی بـەنزمی بەسریاندا هـاتن، بەدوای وانـدا پۆلیـك قەلـەرەش بـە قغـەقغ سـووران و بەجییان نەهیشتن، سەربازیکیان گوتی:

راوەسـتە مـن دەزانم نـاوی چیـیـە، بـامن پیـت بلیـم، لـەو سـەگە باشـترە راوەستە

چەکەکەی لەشانی داگرت گوللەیەك رووەو مام نەسرەدین دەرچوو..
بەپشتا کەوت چاوی ئەبلەق بوو، پالتۆوە فەرەنجیەکەی بەم دیوو ئەو دیوی بەردەکەدا شۆڕبۆوە، لەحالیکدا دەیلرخاندو تەماشای سەربازەکانی دەکرد کە پێدەکەنین جارجار نووکە شەقیکیان دەگەیاندێ.. تاژییەکە کەوتە قرووسکە قرووسك بەدەوریدا دەگەڕا، سەری بەسەر سنگیا دەکرد.
بەزۆر دەستی بەرز کردەوەو لەملی تاژییەکەوە خاکەی کرد، دوو گوللەشیان لەتاژییەزەرد دا.. قەلەرەشەکان جاریکیتر بەسەر بیشەلانەکەدا سووران.. رووەو ئەو شوینەی کە ژن و مندالیلیبوون.. چەخماخەیەکی بەرزی توند وەك چەخماخەی هەور لیبدا. سەربازەکان لەترسان، لەبیشەلانەکە چوونە دەرێ، گەرانەوە پۆلیك سەربازیان لەگەڵ خۆیان هینا، لەناو بیشەلانەکە کەوتنە گەران، لەپەنا ئاوەڕۆیەکی گەورە کە ئاوەکەی بەسەردا دەهات، بنی ببو بەکەورگیکی گەورە، پوورە حەلاوو عەبدورەحمانی برای کەدوو کەسی زۆر پیربوون، چەند رۆژبوو بێ نان و ئاو خۆیان پەنادابوو، بەسەریان دادان، کەوتنە پارانەوە، عەبدورەحمان هەردوو قاچی بەپشتیەوە نووسابوو، چەند سالّ دکتۆر نەما نەچیت چاك نەبۆوە، بەچاویکی پارانەوەوە تەماشای دەکرد.. ئەم گیانە هەندە شیرینە مرۆڤ هەتاکو گیان دەدا لیی بیزار نابیت، دەبوو ئەو ئیستا زوو هەولی بدایە، تاکو گوللەیەکی لێ بدەن و بیکوژن لەکۆڵ ئەو ژیانەی بکەنەوە کەبەپارانەوە دەست دەکەوێ، دووان گوتیان: یاللا با بیانکوژین بەلام دوان رایەرین نایانکوژین با نەحەسینەوە، یاللا با ئەوە بەو پیریژنە هەلگرین یاللا پیریژن.
—کورم بەخودا، بەحزرەتی پیغەمبەر بەقوربانی بم ناوەکەشی وەك خۆی جوانە.. من ناتوانم ئەم دیوو ئەو دیوی بکەم، کوا دەتوانم هەلیبگرم،
دوان لەسەربازەکان گوتیان: یاللا بابی (گیین) دوایەش دەیکوژین ئا دواییش وەك سەگ دەیتۆپنین دوان گوتیان زۆر پیرە بەکەلك نایەت، بەچاو

ئیشارەتیان بۆ یەك کرد، پوورەحەلاو گویی لی راگرتبوون تییان نەدەگەیشت، بەلام شکی کردبوو دەیانەویت ئابرووی بەرن، یەکیان باوەشی پیاکرد هەلیدا بۆ بەرامبەری ئەویش بۆ ئەوی دی بۆ یەکتریان هەلدەدا، پوورەحەلاو کە پیش ئیستاکە دەپارایەوە نەی کوژن، ئیستاکە هاواری دەکر توخودا بمکوژن ئابروم مەبەن، لەکاتیکدا ئەمبەرو ئەوبەریان پیدەکرد، عەبدورەحمان بەبی چارە، سەری بەسەر شانیدا شۆر کردبۆوە دەگریا، نەیدەتوانی لەجیگەی خۆی بجوولیتەوەو هەر فرمیسکیکی بەقەد چۆلەکەیەك دەبوو رووەو ئاسمان دەستی بەرز کردەوە، لەبەر خودای پارایەوە کە خودا ئابروویان بپاریزی. تەماشای خوشکەکەی کرد وەك فت بۆل لەم دەست بۆ ئەو دەست دەیانهیناو دەیانبرد. بەس ئەوەندەی دەگوت بمکوژن.. بمکوژن، ئابرووم.. ئابرووم.. خیرا، خیرا دەیگوتەوە

سەربازەکان راوەستان، بەکەلك نایە یاللا هەلیگرە.. بەزۆر عەبدورەحمانیان بەکۆلدادا، جار جار لەدواوە قامکیکیان دەگەیاند قوونی.

تاکو لە بیشەکە چوونە دەری، چەند جار خەریك دەبوو بیانکوژن وازیان دینا، با هەبیت بۆ ئەوەی بزانن چیان بەسەر دینن.. گەران لەو ناوە کەریکیان دۆزیەوە بەزۆر عەبدورەحمانیان سوارکرد، پوورەحەلاو دەستی گرتبوو، لەپریکدا کەرەکە هەلیداویشت، بەر دەبۆوە.. بەزۆر پییان بار دەکردەوە، هاواری دەکرد کورم ناتوانم بەقوربانی بەری پیتان بم.. من کوا دەتوانم ئەو نیرە پیاوە بەرز کەمەوە. دوو قۆنداغە تفەنگیان دەگەیاندە پشتی، یاللا سەگەژن بۆ نایتوانی دەلیی بەرازی، بەگردەکەی بەرامبەر بیشەلانەکەدا هەلگەران، ئەم بەزمو رەزمە دریژەی هەبوو، لەپر جاشکە کەرەکە زۆرانەی دایکی بۆی زۆریەوە، سەربازەکان دەستیان کرد بەپیکەنین سەربازیك رووی لەپیریژن کرد.. ئەوە دەلی چی؟! ئاوری دایەوەو گوتی:

کوڕم بەقوربانی ئەو زمانە جوانەت بم کە حەزرەتی موحەمەد قسەی پێکردووە، ناوەکەشی وەك خۆی جوانە.. جەرگەکەم کوڕم عارەبی نازانم سەربازەکە ڕەنگی ڕەش داگەڕا وەك کەوشەکانی حەلاو ڕەش بوو سەری نەوی کردو دەنگی نەکرد.

کەمێکی‌تر ڕۆیشتن، زەڕەکە وەك جاری پێشوو دووبارە بۆوە، سەربازەکە پرسیارەکەی دووبارە کردەوە، کوڕم ئەو زمانە کە لەئاوی زەمزەم پاکترە، ئەوزمانە جوانە کە خودا قورئانی پێ ناردووە بۆ موسڵمانان ئەو زمانە کە حەزرەتی عومەر، حەزرەتی خالید، ئەبوبەکری سەدیق قسەیان پێکردووە، نەمگوت من عارەبی نازانم.

سەربازەکە سووڕاو تفەنگەکەی لەشانی کردەوەو لولەکەی لەگوێی هاوێشت..

بۆنی گیاو گوڵی هێرۆو قەنەفڵو ئەرخەوانو گیاجاترە لەگەڵ تیشکی هەتاوەکە بەگوڵەکان دەکەوت، زیاتر بڵاودەبۆوە، سەر هەموو دارێکی بڵند هێلانە لەق لەقێکی پێوەبوو، سەربازەکان جار جار نیشانیان لێ دەگرتنو بەریان دەدانەوە، کوورەی مێشی ماڵەکان، پوورەیان دەداو بەگوڵە خەرتەلەو شینە شاتەرەکانەوە دەنیشتنەوە، چەند ڕۆژ کەس نەبوو بیانگرێتەوە، هەڵدەفڕین، دەسووڕانەوە تاکو زۆرتر دەسووڕانەوە دوورتر کۆچیان دەکرد.

ڕۆژانی پێشوو حوسێنەشەل لەمنداڵییەوە بەس ڕاوی مێشی دەکرد. دەچووە ناو ئاوە چڵکاوەکان، لەناو شاخەبەرزەکان دادەنیشت، تەماشای ئەو مێشانەی دەکرد کە بەگێزە گێز دەهاتن لەسەر ئاوەکە دەنیشتن، ڕادەوەستا تاکو هەڵدەفڕین، ئەگەر گێزەکە بەهێز بووایەو چەند جار خرمانەی لەهەوادا بکێشایە، ئەوەندە چیایەی دەبڕی، لووتی بەرز دەکردەوەو گوێی لە چەرمەوە دەبرد هەتا چەند خولەك دوای ئەوە سەری لەبەر خۆی دەناو لەگژ فکران دەچوو.

گۆپاڵەکـەی بەدەسـتەوە دەگـرت، دەڕۆی یەکـەو ڕاسـت کوورەکـەی دەدۆزیەوە، دەیزانی کوورەکە بەر هەنگە یان نا ئەگەر بەر هەنگ بوایە ئەوە بـەزوویی دەیبڕیـەوەو هەنگوینەکـەی دەردەهێنـا، ئەگـەر بەچکـە بوایـە دەستنیشانی دەکرد، بۆ ئەوەی کەسی‌تر مافی ئەوەی نەبێت دەستی بۆ بەرێت تاکو ساڵی دوایی. ئەو زیاتر لەسەد کووره هەنگی هەبوو، ساڵێ بایی چەند هـەنگوینی سـپی دەفرۆشـت، تـەنیا ئـەوەی بـۆ خـۆی دەیخـوارد ئـەوەبوو کەشـانەیەکی چکۆلـە لـەدوای کوورەکـە دروسـت دەکـرا، ئـەو پێـی دەگـوت: گورچیلە، مێشـەکانی هـەموو دەناسـی (مێشـەپەری، مێشـەمەڕی، مێشـەبزنە) ناوی هەزاران جۆر مێشی هەڵدەدا، زۆر ناویش هەبوون بۆخۆی لێی نابوون بەپێی ئەو چیایەی کە مێشەکەی لێ دەگرتەوە، حوسێنەشـەل، لـەناو خـاوەن مێشـەکاندا پێیـان دەگـوت: سـەیدی مێشـان، ئـەو ڕۆژەی کـە سـەربازەکان هێرشیان کردو گەیشتنە دێیەکەیان ئەو هەر مێشیشی میوان نەبوو، هەرچەند کـوڕو کچـەکانیان هـەوڵیان لەگـەڵدا بـەڵام بـەگوێیانی نـەکرد، ئـەو دەیگـوت: حکومـەت بـاوکی میللەتـە، ئـەو هـەموو ڕەش‌و ڕووتـە نـاکوژێت مـن لـێرە پێشوازیان لێ دەکەم، کە سەربازەکان گرتیان زانیان ئەو هەموو مێشەی هەیە بردیان بۆ لای فەرماندەکەیان، کـە چاوی پێ‌کـەوت لەپێشـدا زۆر تـووڕە بـوو بۆچـی ئـەو شـەلەیان بـۆ لای بـردووە، هـەر لـەوێ ڕەوانـەی جەهـەندەمیان نەکردووە، سەربازەکان تێیان گەیاند فەرماندە تاکو چەند ڕۆژ لەو هەنگوینە شیرینەی خوارد، مام حوسێنەشـەلی دەسـت لێ نـەدا، تەنانـەت لـەگوڵ کاڵـتری پێ‌نەدەگوت.. کە هەنگوین تەواوبوو بڕیاری‌دا کە ئەو سەگە شەلەی بۆ بێنن.. سەربازەکان حوسێنەشەلیان بردو لەبەردەمی فەرماندەکیان ڕایانگرت.. سەری لەبەر خۆی نابوو بێ‌دەنگ لەسەر کورسییەك دانیشتبوو کاغەزێکی لەبەردەم دانابوو، وردە وردە دەینووسی، دوای بەینێکی باش چاوی بڵند کردو تێیەوە

راما، دەنگی نەکرد سەری نەوی کردەوە، ئەم جارە سەری بەرز کردەوەو رووی لەحوسینەشەل کردو گوتی:

-ئەوە بۆچی تۆ لەگەڵ خەلکی ئاوایی دەرنەچووی بۆ ئەو چیاو بەندەنە؟

-گوتی:

گەورەم زۆریان بەمن گوت، من زانیم کە ئێوە دەست لەکەس نادەن، من زۆر لەگەڵ ئەوان هەولم دا گوتم: ئاخر حکومەت باوکی میللەتە، چۆن دەستتان لێدەدات، بەلام من نازانم قوربان بۆ سەربازەکان، مالەکەی من نەبێت هەموویان ئاگر تێبەرداوە، ئاخر ئێوە باوکی میللەتن، ئەفسەرەکە دەستی دایە دار حەیزەرانەکەی لەبەردەمی دانابوودووجار بەبنی کەوشەکانی داداو زەردەخەنەیەکی تالی هاتێ و گوتی:

جا کامە میللەت؟ ئەو میللەتەی کە لەباوکی خۆیان هەلگەراونەتەوە، ئەی نازانی ئەگەر میللەت لەباوکی خۆی هەلگەرێتەوە دەبێت نەمێنێ؟

-گوتی:

جا گەورەم زۆر راستە، بەلام باوک دەبێ هەموو کەموکوری جگەرگۆشەی خۆی پرکاتەوە ئەو دەم ناتوانێت لەباوکی یاخی بێت..

ئەفسەرەکە برۆی تێک نان و گوتی:

لایبەن ئەو سەگەشەلە برۆن هەموو میشەکانی لەسەیارە بارکەن، جا خانووەکەشی لەگەڵ خاك تەخت کەن، بۆ خۆشی بەرن لەو دوورە بەلێ گەورەم بردیان لەسەر کانی ئاوایی لەبن تووە گەورەکان هەردوو قاچیان بەست بەدارەکانەوە، سەرەو خوار هەلیانواسی دەستی نەدەگەیشتە ئاوەکە، کەمێك شەکراویان بەسەرو گوێی داکرد، هەرچی میش هەبوو لەو دەوروبەرە، چەند رۆژ بەسەرو گوییەوە نیشت هەتاکو گیانی دەرچوو..

ئەو مندالانەی کەبەریز راکیشرابوون.. هەموویان گیانیان دەرچووبوو، پۆلە چۆلەکە سەوزو سوورو پەمەییەکەی جاری گۆرین هات و لەسەر لاشەکان

هەلقەی بەست. کۆمەلە نووریك لەسەر مندلەکان بەرەز دەبۆوە هەتاکو لەگەل شاخی سارا راست دەبۆوە، مندالەکان لەگەڵ توییەی قوبەی نوورەکە لـوول دەبوون بەرەو ئاسمان، ئەو ژنانـەی کـە مندالـەکانیان دەدی چـۆن خـودا بـەو کۆمەلە نوورەوە بەرزیان دەکاتەوە، لەخۆشیان بالیـان دەگـرت، پـاش کـەمیك لەجیگـەی مندالـەکان ورد دەبوونـەوە، مندالـەکان هـەل ئاوسـابوون لەجیگـەی خۆیان بۆنیان کردبوو، دەبوو بەگریان و واوەیلا. سەربازەکان کەچەند رۆژ بوو دەوری قامیشـەلانەکەیان دابوو، لەبەر زۆری و دریـژی نـەیاندەویرا بچنـە نـاوی. لەسەر هەموو بەرزاییەکانەوە خستبوویاننە ژیر چاوەدیری خۆیانەوە. ئیستاکە بەر پرسی سووپا بریاری دابوو، دەبیت بیشەکە پاك بکریتەوە، ئەو شەوە زۆر بەوردی لـەناو قامیشـەلانەکە ورد بوونـەوە، بـۆ بـەیانی لەگـەڵ هـەتاو هـەلاتدا، چەند هـەزار کـەس لەبیسـت و پینـج جیگـەوە پـەلاماری بیشـەکەیان دا، دوای دەست ریژو تۆپبارانیکی زۆر خۆیان بەناو بیشەکەدا کرد، ئەوەندە گەورە بوو دیهاتییەکان لەچەند لاوە خۆیان تیا پەنادابوو، لەگەڵ دەستریژ بوو بەگریان و هاتووهاوار، سەربازەکان نەگەرانەوە، ئەحمەدو لوقمان کە دوو لاوی زۆر کۆك بـوون، چاویـان بـەوە کـەوت، چـۆن ژن لـەبن خۆیـان دەنیـن، چـۆن بەسـەری نیزەکانیـان زگـی مندالیـان دەدری بریاریـان دا کـە گیـانی خۆیـان بـەخت کـەن، لییان هاتنە دەست و لەسەعاتی یەکەم هەتا لەقامیشـەلانەکە دوورکەوتنـەوە بـە سەدان لاشەیان لەو ناوە پێ بەجیهیشتن، فەرماندە بریاری کشانەوەیدا لەگەڵ کشانەوەدا دوای کەمتر لەکات ژمیریك چەند فرۆکەی شەرکەر هاتن، دایاننە بەر کیمیاوی، لەکاتیکدا بۆمباکان بەردەبوونـەوە بـەحاڵ ترپـەیـەکیان لی هەلدەستا، کۆمـەلیك دووکـەڵ بـەناو قامیشـەلانەکەدا بلاوبـۆوە، تـەواوی قامیشـەلانەکە بەدییـەکی سـووتاو دەچوو، وەك هـەوریکی خەسـت و تـیر سـەر قامیشـەلانەکە گیرابوو لەهـەر چوار لاوە کە تـەواوی ژن و مندالی ناوچەکە لـەو بیشـەیەدا بـوو دایانە گریان و واوەیلا ژن و منداڵ و پیرە پیاو بەرەو دەرەوە ملیان نا لـەکاتیکدا

خەلکەکە بەدەردەکەوتن، لەهەموو لایەکەوە بەدەستریژ دایاندەگرتن، بەقۆخە قۆخ و رشانەوە ژنەکان خۆیان بەناو گۆلاوەکاندا دەکردو گیانیان دەردەچوو

بەهەزاران منداڵ بێ دایك و باوك لەو ناوە بێ گیان کەوتبوون، ئەوانەی کە لەقامیشەڵانەکە دەرچوون دەستگیر کران، بەچاوی خویناوی و بەلیوی بەزیپکەوە دەم و چاو زەرد، نالەیان دەگەیشتە کەشکەڵانی فەلەك، زیاتر لەدەهەزار بەدیل گیران و بەهەزارانیش لەناو گۆلاوەکاندا بەبێ ناز گیانیان تیکەڵاوی قورو چلپاوبوو. لەو حالەدا کە لەبەردەمی سەربازەکان بەسەریەك دا لاڵ و پاڵ کەوتبوون، ئەفسەریك هات و لەبەرچاوی هەموو ئەفسەرەکان بەبێ ئەوەی خۆی پێ رابگیرێ -خۆی دایە بەردەمانچەو خۆی کوشت- فەرماندەکە لەدواوە راوەستابوو، هاتەپیش و بەئەفسەرەکانی گوت لاشەی ئەو تەرمە سەگە فرێ دەنە ناو ئەو تەرمە سەگانەی تر با وەك کەر برزیت ئەفسەرەکان لەکاتیکدا تەرمی هاوریکەیان هەلدەگرت: یەك لەوان فرمیسکیك لەچاوی هات و بۆی نەگیردرایەوە، فەرماندە دەستی لەسەر دەسکی دەمانچەکەیدا نابوو رووبەروویاندا وەستابوو، تیی خورین راوەستن.. لەجیگەی خۆیان وەك پەیکەر رەق بوون، هات و کراسەکەی گرت، رایکیشا و جیای کردەوە، وەرە هەی کەر، بزانم بۆ دەگریت؟ ئەفسەرەکە دەیزانی تازە کاری کراوە، بەتوندی دەستی راوەشاند بەروویدا تەقییەوە: من کەر نیم، بەلکو تۆ کەری کەنازانی باوکت کییە، دەستی بۆ دەمانچەکەی برد دایبارینێ دەستیان گرت و چەکیان کرد..

لەکاتیکدا فەرماندە توورەبووبوو، دەینەراند و خیرا، خیرا دارەکەی بەدەستی دەکیشا، ئەمانە، ئەمانە هی ئەوەن کە پیاو بەزەیی پییانا بیتەوە؟ ئەمانە هەر بۆئەوە باشن کە ئەوها بەچەکی کوشندە قریان تێ بخەی، خیرا خیراش ئەم سەرو ئەو سەری دەکرد و چاوی زەق دەکردەوە من بریاری خودا.. باوك.. جێبەجێ دەکەم بۆ لی بگەریم کە ئەمانە وەك کەر بژین. ئیوە ئەوە بیننە بەرچاوی خۆتان ئەمە چەند سالە نەمانتوانیوە کۆتاییان پێ بهینین.

ئەگەر بەمجۆرە چەكانە لییان نەدەین.. بەچەند ساڵیتر ناتوانین كۆتاییان پێ بهێنین، ئێوە تەماشاكەن ئێمە چەند رۆژە بەدیار ئەو قامیشەڵانەوە وەستاوین.. بەهەموو جۆرە چەكێك لێماندان، تەنانەت كەسێكیان نەهاتن خۆیان بدەن بەدەستەوە، كاتێك ویستمان ئاوا بیانگرین خۆ دیتتان چەندیان لێ كوشتین.. دیتتان كە بەم جۆرە چەكە لێمان دان، چۆن وەك مەر ملیان ناو بەرەو دەرەوە رایان كرد.. ئەوانە دوژمنی گەلی عارەبن.. نابیت ئەو كوردە سەگانە، تەنانەت ئەو جاشانەی كە بە دیناریك دایكی خۆیان دەگێن، لەدوا رۆژدا ئەوانیش بمینن ئیستاكە ساڵەهایە هەوڵ دەدەین بۆمان رام نابن، دوای ئەوەی بەپشتیوانی خوداو سەرۆكی فەرماندە خوا بیپارێزێ توانیمان چۆكیان پێ دابدەین و ئاوا رەزیلمان كردن، چۆن دەبیت ئەفسەریك، كە چەند ساڵە خزمەتی سوپا دەكات بۆ ئەو جانەوەرانە بگریت.. كاتێك قسەی دەكرد دەمی كەف دەكردو بەهەرچوار دەوری خۆیدا تفی بڵاو دەكردەوە، جار جار داریكی لەورگی ئەفسەرەكە دەوەژەند بەخەم ئەوەوە نەبوو كە دەمرێ، چونكە پیی وابوو تاكو گەلی كورد، مابێ ئاوا ناوی دەمینێ. بۆیە هەرجاریك دارەكەی لەورگ دەوەژاند، ئەو پیی پێدەكەنی و ئەویش هەندەیتر شێتگیر دەبوو، خیرا خیرا دەستی بۆ دەمانچەكەی دەبردو لێ دەكردەوە، نابۆخۆم دەزانم چۆنت دەكوژم، دەزانم چیت بەسەر دینم، لەبەردەمی ئەفسەرەكە راوەستاو گوتی:

جانەوەر تۆ دەزانی ئەمانە چین.

ئەفسەرەكە بەزەردەخەنەوە گوتی ئەمانە كوردن.. موسوڵمانن.. ئەمانە نەوەی سەلاحەددینن، كەتوانیان قودس بۆ عەرەب رزگار بكەن، بەڵام ناپیاوی وەك تۆ لەدووریشەوە ناویری ناوی بینی، ئەمانە نەتەوەیەكن لەسەر شەرەفو كەرامەتی خۆیان شەر دەكەن، بەڵام ئێوە بێ كەرامەتن..

شیراندی، ئەم سەگە خەلكی كوییە؟ ئەفسەرەكان لەكاتیكدا وەك بارگیر، پییان لەزەوی دەدا، گوتیان: قوربان، خەلكی كەركوكە، ئاوا، كەركوك..

زۆر باشە.. زۆر باشە     کەمێك بێ دەنگ دەبوو، لەگژ فکران رادەچوو، بیری دەکردەوە دەیزانی ئەوەی ئەوان کردوویانە لەفەرهەنگی هیچ گەلێکدا نییە، جارجار لەدلی خۆیدا دەیگوت: ئافەرین کور بەراستی زۆر مرۆڤە زۆر..

بەڵام دەبوو ئەو شتێك بکات هەم لەبەر چاوی ئەفسەرەکان و هەم بۆ سەرۆك ببێت بەجێگەی شانازی، نەراندی: رووتی کەنەوە، ئەفسەرەکان رووتیان کردەوە رەنگیکی هیناو برد، دووجار بەمەیدانەکەدا ئەمسەرو ئەو سەری کرد.. ئەو ژن و منداڵەی کە بەدیل گیرابوون لاڵ و پاڵ بۆی کەوتبوون، لەبرسان نووزەیان لێبرابوو، دەرمان گیژی کردبوون، لەماوەی چەند کاتژمێریکدا هەموو دەم و چاویان بوو بەزیپکەی گەورە، گەورە، ئاوو زڵ زلەی پیادەهاتە خوارەوە، دەرشانەوە، قۆخەقۆخیان بوو کە چاویان بەئەفسەرەکە کەوت، وەك باوك و براو مێردەکانیان شینیان بۆ دەگێرا.

دوای ئەوەی ئەفسەرەکەیان رووت و قووت کردەوە، فەرماندە بڕیاریدا ئاگریکی گەورە بکەنەوە

ئەحمەدو لوقمان لەبەر ئەو بەچکە رووبارەی بەناو قامیشەڵانەکەدا رەت دەبوو، ئاوەکە لەکەندیکی بەرزەوە هەڵدەرژا، هەر چوار دەوری قامیش بوو، بنی نەدەگرتەوە، وەك تەیمان پێش ئەشکەوتەکەی گرتبوو، ئەوان لەو کاتەوە کە شەرەکەیان کردبوو، دوای ئەوە خۆیان لەوێ پەنادابوو زەهرەکە نەیتوانی کاریان لێبکا، لەویشەوە ئاگایان لەرووداوەکان بوو، ئەو کاتەی ئەفسەرەکەیان دەبرژاند ئافرەتەکان شینیان بۆ دەکرد.

بڕیاریان دا ئەگەر بشمرن، هێرشیان بۆ بکەن، دەست لە دەست و قەوەت لەخودا، خۆیان نزیك کردەوە، وەك پڵنگ بەجووت هێرشیان برد، لەهەر چوار لاوە بوو بەدەستریژ، فەرماندە وەك ریوی بەرەو دواوە هەڵات، لەدواوە بڕیاری دەردەکرد، لەچاو تروکانیکدا چەندین سەربازو چەند ئەفسەریکیان کوشت.. بەسەر تەرمی ژن و منداڵدا هەردووکیان خستن..

هـەموو ژن و منداڵـەكانیان بـەرەو سـەربازگە گەورەكـەی پشـت چیـا بەرزەكەوە بەرێكرد..

ئەستوورترین ژن و منداڵی ناوچەكە لەو بیشـەیەدا خۆیـان شـاردبۆوە، چەند ڕۆژبوو گەمارۆ درابوون، فەرماندە بڕیاریدا ئەمشەو تاكو بەیانی بەچوار كەس یەك لـەت سـەموونیان بدەنێ و، لـەكاری تریشـدا سـەربازەكان بۆخۆیـان ئازادن، كەس ناتوانێت پێشیان بگرێت..

ئەو شەوە ئەوەی خودا لیی بیزارە پییـان كـردن، زۆربـەیان لەگیانـەلادا بـوون، بەیانی كـاروانی سەیارە بەرێ كەوتن بـەرەو شـار، نەسـرینی هاوسـەری ڕزگـار، ئـەو لەمنداڵییـەوە دایكی بۆ یـەكتری دانـابوون، دوای ئـەوەی كـەمارەی كـردو گواسـتییەوە، زگـی نـەدەبوو، زۆری ئـارەزوودەكرد خـودا منداڵیكیـان بداتێ، ڕزگار چەندین دكتۆری پێكرد، تەنانەت كەبۆ خۆی بڕوای بەسەر چاكی نـەبوو، هـەموو چاكەكانیشـی پـێكرد.. ئـاخر جـار ئۆمـەر مەندانیشـی پـێ تاقیكردەوە، زگی نەبوو، چواردە سـاڵ بەسـەر شـووكردنیدا تێپـەری، نـەبوونی منداڵ ئەگەر چی زۆر تامەزرۆی بوون، بەڵام درزی نەخستە نێوانیان، دوای ئەو ماوەیە زگی بـوو، ڕزگـار خـەریك بـوو هـەر بـاڵ بگرێـت، تەنانـەت نەیدەهێشـت نەسرین بچووكترین كار لەماڵەوە بكـات، تەنانـەت گـەورو ماڵاتـەكانیش بۆخـۆی خاوینی دەكردەوە، چەند مانگ بوو لەهێرشی فرۆكە بۆ سەر دێیەكـەیان ڕزگـار شـەهید بووبـوو، هیـوای نەسـرین زگـی بـوو خـودا كوڕێكیـان بداتـێ و جێگـەی باوكی بگرێتەوە.

لەگـەڵ كـاروانی سـەیارە، لـەناو سـەیارەدا ژانـی هاتـێ، لـەكاتێكدا ئـەیناڵاند هـەر ئەوەتـە نـووزەی دەهـات، سـەیارەكان هـەندەیان ژن و منـداڵ تێكرابـوو، هـەموو بەسـەریەكدا كـەوتبوون، پـاڵی بەخـەیاڵی (حەمـە نەجیمـەوە)دابوو، دوو ژنیتر داوێنیـان گرتبـوو، چەند منـداڵ لـەژێر دەسـت و پێیـان پـان ببونـەوە، ئـەو سـەربازانەی كەبۆ پاسـەوانی لەگـەڵیان سـوار بـوون،

دەیاننەراند ئەو سەگە فریدەن زۆر هەولی ئەویاندا بیگەنێ بەڵام نەگەیشتن.. بەبێ هۆشی منداڵەکەی بوو، سەربازەکان هەرچۆنیك بێ خۆیان گەیاندە منداڵەکە، بەزۆر بۆقەتەی ملیان گرتوو فڕییاندا، لەگەڵ فڕیدانی بەزەوییەوە پان بووەوە.

پێش ئەوەی بگەنە ناو شار، خۆیان گەیاند نەسرین، ژنەکان لەبرسان ئەو توانایەیان نەمابوو، بەر هەلستی بکەن، گرتیانو فڕییاندایە خوارەوە کاروانی سەیارە بەسەری کەوتن..

ئەو ئەفسەرەی کە سەر شانەکانی پڕ لەئەستێرەو داڵ و شێربوو، دەتگوت، کەری چەرچیانە تەتکەو پەتکەی پیا شۆڕبۆتەوە، دوای ئەوەی سووکایەتییەکی زۆری بە مستەشارەکان کردو، بڕیاریدا ئەفسەریان بۆ زیادبکات لەبەرئەوەی ژنەکانیان زۆرن بۆیان تێرناکرێت.

شاری بەو چۆڵییە دی، بڕیاریدا دۆزەر ئامادەبێ و بڕۆن، هەر دووکانیك داخرابوو ویرانی کەن بەماڵەکانیشەوە، ئەم باسە زوو لەناو جاشەکان بڵاوبۆوە یەکە بەیەکە کەوتە دەم خەلکی شار. لەماوەی کەمتر لەدە خولەك هەموو دوکانەکان کرانەوە، (امن) چوونە مزگەوتو مەلایان هیناو بەزووترین کات بانگەواز بکات، هیچ کەسێکی خەلکی شار نابێ کەسی لادییی پەنابدات بەپێچەوانەوە، هەر کەسێ ئەمە بکات، وەك ئەو حیسابی بۆ دەکرێت..

ئەگەر چی مەلا هیچ کردەوەیەکیان نەبوو دژی ئەو کوشتو بڕە کە بەپێی قورئان دەبوو هەیانبێت بەڵام لەبانگەوازەکەیدا هەستی نەتەوایەتی مەلا جووڵابوو، کەبانگی دەکرد دەیگوت هۆ خەلکی شار کافرسانەتییە نامرۆڤانەیە، ئەوی خودا پێی ناخۆشە دەکرێت، پێتان دەلێم کەس رامەگرن!

یەکەم ئۆتۆمبیل گەیشتە ناو بازار، جادەکە لەو سەری شار دەهاتە ناو بازارو بەناو بازاردا دەسووڕاو لەو سەرییەوە لەناو سەربازگەکە دەردەچوو، سەرێکی سەیارە لەناو شارو سەرەکەی تری چەند کیلۆمەتر دوور بوو، لەگەڵ

گەیشتنی سەیارە بۆ ناو شار، تەمیك بەسەر شار کەوت، ئەو خەلکە دەتگوت چەند ساڵ لەمەوبەر مردوون، کەس دژە کردەوەیەکی لەخۆی نیشان نەدا، چەند خولەك بەسەر بانگەوازەکەدا رانەبوورد خەلك موتەقیان گیرا، کەس پیی وانەبوو: بەو جۆرە کە دەیبینن، ببینن، ئەوان لادییان لەکاتی هیرش دا نەدیبوو، میشوولە نەدەجوولا، راست خەلك ئەبلەق بوون.

قوتابخانەیەکی ناوەندی کەوتبووە ناوەندی بازارەوە ئەو رۆژە مامۆستاکان دەرسیان نەگوتەوە، دەتگوت خۆڵو دۆیان بەسەردا کراوە، قوتابییەکان لەسەر تەختەکانیان دەستیان لە ژیر چەنەگەیان نابوو، ملیان بەلاوە نابوو، نەیاندەزانی ئەو کوشتوو برە لەپای چی؟!

مامۆستا شیرزاد رووی لەقوتابییەکان کردو گوتی رۆلەکانم، دووجار هەولیدا قسە بکات، شتیك بەر ئەوکی گرت نەیتوانی هیچ بلیٚ

ئەو دەیویست بلیٚ: رۆلەکانم دەرس ناخوینین هەندیك سەرگوزەشتە ئەگیرینەوە، دەم بەدەم هاتووەو گوتوویانە چەند هەزار ساڵ بەر لەئیستا، ئەم گەلەی خۆمان لەسەر شەرەفو کەرامەت کوشتوو بر کرا، ئەو ساکە ژنو منداليان بۆخۆیان برد، بەفتوای ئەوان کاریکی رەواو پیرۆزیان کرد، بەلام.. مامۆستاکە رووی لەقوتابییەکان وەرگیراو بە لچکی چاکەتەکەی فرمیسکی سری، بەینیك رووی لەدیوارەکە کرد دوایی سەری سووراند، چاوی دەرپەریبوو هەموو لەشی دەلەرزی، دووجار مرتاندیو پەتەپتی کرد.

ئیستاکە: هەمان رۆژ نویٚ کرایەوە، شەرەفو کەرامەتمان نەما ئابرووی کوردیان برد، رووی بۆ دەریٚ وەرگیرا، سەیارەیەك، دوان، سیان نەدەژمیردرا رەت بوون زریکەی ژنو منداڵ شاری دەلەرزاند، قوتابییەك گوتی: مامۆستا: ئەگەر تۆ ریگەمان بدەی ئیمە دەتوانین زۆر لەوانە رزگار بکەین!

مامۆستا هەناسەیەکی شادی هەلکیشاو گوتی:

چۆن رۆلە؟!

-مامۆستا ئەو تایە لاستیکانەی، لەو گۆرەدا، کەوتون هەموویان دەهینین و نەوتیان پیادەکەین و ئاگریان تیبەر دەدەین سەربازەکان بەردە باران دەکەین، ژن و مندالەکان دادەبەزن و خۆیان دەکەن بەناو شاردا.

-مامۆستا گوتی:

کورم، گویتان لەمەلا نەبوو گوتی چی؟

-مەلا بۆخۆی گوت

منداڵان دەرپەرین پەلاماری تایەیان داو، یاللا بەردە باران، کاتیک ئەفسەرەکەی کەدەتگوت کەری بەقاڵانە تەتکەو پەتکەی بەخۆیدا هەلواسیبوە

خەبەری زانی شیت بوو، لەکاتیکدا دەستی بۆ دەمانچەکەی دەبردو دەستی دەکیشایەوە، رووی لەئەفسەرەکان کرد: یاللا، یاللا بۆ راوەستاون، بەدەست وەك ئەوەی لەئەرزی ساغ دروونە بکا، ئیشارەی بۆ دەکردن، کەچۆن، بیانگوژن دەست بەجێ کۆپتەر ئاسمانی شاری پرکرد، بەڵام قوتابییەکان بێ ئەوەی گوییان لەمردن بیت سەربازەکانیان بەردە باران دەکرد. بارانیك دەباری شار هەموو سەر ئاوەکەوت.. خویناوو ئاو تیکەڵاو بوو..

تەرمەکەی حەمە نەجیم کەچەند رۆژ بوو کەس، نەیویرابوو لای بەرێ بەجادەکەوە نووسابوو.

خەیاڵ خۆی فرێدا کەوتە سەر تەرمەکەی حەمەنەجیم، سەیارەیەك لیی داو سەری بەسەر زەوییەکەدا پان کردەوە.

# بەشی شەشەم ×

چەند رۆژمان بەخواردنی بۆق و بەلالوك و لاسکە کنگرو گژوگیا بردەسەر، ئیستا ئەگەر چی جیگەمان سەخت بوو بەلام بەتەواوی گیژو وربوین، دەبوو لەویٚ بگوازینەوە، برینەکەی ستار خریك بوو چاك دەبووەوەو، دەیتوانی چەك و تاقمی خۆی هەلگریٚ، کات دەورو بەری سیی دوای نیوەرۆ بوو، کەویك بەزەردەکەی تیزاواوە خویندی، یەکیتر لەبەری هەنارەکەوە وەلامی دایەوە، کەویك بەچرقە چرق بنەی دەکرد، بەبردەمی ئیمە دابەرۆین رەتبوو، کۆمەلیك سیسارکە کەچەل بەری ئاسمانیان گرت، ئەوە نیشانەی ئەوەبوو کەلاك لەو ناوەدا هەیە، ئەم جۆرە تەیرانە زۆر بەزوویی هەستی کەلاك دەکەن، زۆرجار لەلادیٚ، کاتیك مەرو مالاتیان ون دەبوو، کەلاکەکەیان بەم جۆرە تەیرانە دەدۆزییەوە. پشتمانەوە سەنگەر (رەبیە)ی پیوەبوو، رووبارەکە چەند کیلۆمەتریك لیمانەوە دووربوو، بەردەممان دەشت بوو، سەربازەکان لەسەرەوە بەدییان کردن، فەرماندە بریاری‌دا بیانکوژن، چەند نەفەریکیان بۆیان دابەزین، سیانیان راست لەو جیگەیەوە کەئیمە خۆمان لی شاردبۆوە، پیشبینی ئەوە نەدەکرا لەو گرنالە بەردانەوە دابگەرین، نەشیاندەتوانی بگەنە خواریٚ چونکە لەهەموو جیگەیەکەوە ریگە نەبوو، لەو کاتە سویسکەیەك فری.. دوانیان

گەرانەوە، گوتیان ناتوانین بگەینە خوارێ، یەکیان نەگەرایەوە راستەو راست هات، ئەو کاتەی دەهاتە خوارێ بەرد لەژێر پیی غلۆر دەبۆوە بەتەنیشت ئیمەدا رەت دەبوو، ستار بەپەنا رەوەزەکەدا چەند گوریسیك دوور کەوتەوە، بریارمان دا تاکو بۆمان دەکریت خۆمان ئاشکرا نەکەین‌و، خۆ ئەگەر ئاشکراش بووین تەقە نەکەین، بەدەست بیگرین..

سەربازەکە هەندەی نەمابوو بمانگاتێ، دوو کۆیتەر دەرکەوتن، لەسەنگەرەکانی پشتەوە نیشتن، سەربازەکە هەلویەستەیەکی کردو هەندیك بەدەوری خۆیدا سوورا، تەماشایەکی دواوەی کردو پاشان بۆ پیشەوە روانی دووجار لەبەر خۆیەوە گوتی:

هەی سەگبابینە چیاکانیشیان وەك خۆیان سەخت‌و عاسین، بۆ ئەگەر چەکی کیمیاوی نەبوایە قەت دەمانتوانی بیینە ئیرە، دوو هەنگاوی مابوو بگاتە من، بەردیك لەژێر پیی بەربۆوە بەتەنیشت دەوەنەکەی مندا رەت بوو، ئەگەر ستار لەوێ بمایە بەری دەکەوت، لەناوەراستی دەوەنەکەوە دەرچوو، سەربازەکە گەیشتە بەردەمی من جوولآ خەریك بوو هاوار بکات، تفەنگم لەسەر ملی دانا چاوم لێ سوور کردەوەو گوتم: قسە مەکە، چەند جار ناوی خودای برد ناوی پیغەمبەرو ئەسحابە کەنەیکوژم، چەکەکەم لێ کردەوە کۆلە پشتیکی بەکۆلەوەبوو، لەپشتم کردەوە، پر بوو لەقوتووی گۆشت‌و کیك بۆ ئیمە بوو بەجەژن، دووجار فیتووم لێدا ستار هات، هەر لەوێ کیکیکی لەزاری هاویشت، دەستیم گرت بۆ ئەوەی سەربازەکە نەزانیت چەند کەسین، شتەکانم کرد بە دە بەش بەشیکم بۆ خۆم داناو ئەوانی‌دیکەم دا بەستارو گوتم: بیان بە بۆ برادەران، سەربازەکە دەگریاو دەپارایەوە، بەقایشی کۆلە پشتەکەی خۆی دەستیم بەست دامنا، دوای ئەوەی تیرم خواردو هاتمەوە سەرخۆ، کەوتمە گەران لەناو کۆلە پشتەکەی گیرفان بە گیرفان زۆر پرسیارم لێ کرد چیت پییە دەنگی نەکرد، لەگیرفانیك رادیۆیەکی‌بچووکم دۆزییەوە، زۆر باش بوو

لەگیرفانیك كۆمەلیك وینەی ئافرەت بەجلی کوردییەوە، جوان لەزەرفی نابوون وینەکان هەریەکەی هی دییەك بوون، زۆریانم دەناسی و هەندیکیشیانم نەدەناسین، شکلەکانم بەدەستەوە بوو تەماشایەکیم کرد سەری خۆی داخست، چەند رەش بوو دەتگوت قەلە هەندەی‌تر رەش داگیرا، بەگالتە پیکردنەوە گوتم: ئەمانە خوشکتن؟! سەری بلند نەکرد بەتوورەییەوە دووبارەم کردەوە، گوتی نەخیر.

—ئەی چیتن؟ بۆچی لەباخەلت ناون؟

کوردن.. تۆ چیت؟

—من عارەبم.

—ناوت چییە؟ چلیان ؟

باشە ئەمانەت بۆ چییە؟

دووجار تفی قووت داو سەری زیاتر شۆرکرد

بۆ هیچ!

چۆن بۆ هیچ ؟

هەر لە باخەلم ناوە بۆ چی؟

بۆ جوانی

بی دەنگ بوو!

ئیستاکە پیم بلی چەند کەست کوشت؟ بە پارانەوە گوتی:

بەخودا هیچ کەسم نەکوشتووە.

باشە ئەگەر کەست نە کوشتووە، ئەو شکلانە چین لە باخەلتدا؟

بێ دەنگ بوو.. بلێ بزانم. ئەگەر راست بڕۆی ئەوە ئازادت دەکەم‌و، ئەگەر راستیش نەلیی دەتگوژم.. هەندیك منجە منجی کردوو ملی بەلاوە نا، بەچاویکی مۆنەوە لەبنەوە گوتی:

ئاخر دەمگوژن.. نا، نا، مەترسە ئیمە کوردین. هەرگیز وینەی کەس لەباخەڵ ناهاوین.. هەندیك نیوچەوانی گرژ کردوو تفی قوتداو گوتی: زۆر.

-لەچی شوینیك؟

-لەزۆر شوین؟

-باشە لەم نزیکانە؟

بەئیشارە ئیشارەی بۆ کردم، لەو ناو بیشەڵانە چەند ژن و مندالیان کوشتووە. چەندیان بەروبارەکە داداوەو ئەوی تریان بەکۆپتەر رەوانە کردووە،

باشە کە دەتانکوشتن، چیان دەکرد؟

سەری نەوی کردەوەو لچی شۆر کرد، لیك بەدەمیا هاتە خوارێ، هیچ هەلۆیەك هات لەبەر دەممان لەسەر بەردیکی نووك تیژ نیشتەوە بەرامبەر بەئیمە، دووجار چریکاندی. تەماشایەکی ئیمەی کرد، ئیمەی دی.. بەلام نەفری، هەلۆکە مالی بوو زنجیریکی وردی لەملدابوو، زەرد دەتگوت زیرە، دووجار گوتم: هەلۆ نا، هەلۆ نا، زۆربەی ئەو هەلۆیانەی کەلەمالان بوون دەستەمۆ بوون بەم ناوە بانگیان دەکردن.

هەلۆکە هات لەبەردەمم نیشت، دەستم بەپشتیا هینا سەری بەپشتییەوە نووساند، بالی جووت کرد وەك مندالٚ زریکاندی، قوتووە گۆشتەکەم هینا، ئەوەی تیابوو وردە وردە دەمدایە، لەکاتیکدا گۆشتەکەی دەخوارد وەك بەشەرمەوە بخوات بالەکانی دەلەرزاندو پشتی کردە ئیمە، تیر بوو بەچاویکی زەقەوە سەیریکی سەربازەکەی کرد.. سەربازەکە سەری نەوی کردوو لەبنەوە چاویکی لی کرد لەدلی خۆیدا گوتی:

ئەوە ئیمە چەند رۆژە وەبەر ئاگرت دەدەین بەر نەکەوتی، ئیستاکە چۆن وا بەئاسانی هاتی و لیرە نیشتییەوە؟ دەی تۆ بلیی جاریکیتر ئازاد نەبم، شەرت بێ بتکوژم..

تەیرەکـە لـەکاتیکدا چـاوی لێ زیـت دەکـردەوە دەتگـوت نـاو دلـی دەخوینیتەوە، بەتوندی چریکاندی، چنگیکی لێ گرت، دەستیکم بەپشتیدا هینا لیی گەرێ، بێ دەسـەلاتە، تەماشـای منـی کـرد، وەك ئـەوەی بلـێ: ئـەی ئـەو هەموو ژنو منداله کێ کوشتوونی؟

چەقۆیەکی تیژم پێ بوو دەرمهیناو گـوتم: ئیستا ئەگەر پیم نەلیی کە دەتانکوشـتن دەیـانگوت چـی، گویـت دەبـرمو دەیـدەم بـەم تـەیره. ئـەویش چریکـاندی، سـەربازەکە تۆزیك گرژیـەوەو ددانـەکانی بەدەرکـەوتن، نـاو دەمـی دەتگوت ناو دەمی فسۆسه سوور دەچۆوە ددانی سپی، گوتم: بلێ گوتی:

ئەو کاتـەی دەمانکوشـتن منداڵـەکانمان رووت دەکـردەوە، دایکیـان بەهـەمان شیوە، ئەفسەرەکە گوتی:

لییـان دەن، ژنـەکانمان راگرتـن بـەرووتی بەرامبـەر بـە منداڵـەکان دەگریـان دەیانزیراندو هـاواری دایکیان دەکرد، خۆیـان لەئەرزەکـە وەرئـەدا، ئەفسـەرەکە پێدەکەنی، ژنـەکان هـەولیان دەدا (عـەورەتیان) لەئیمـە بشـارنەوە، بەلام بۆیـان نەدەکرا چونکە هەرچوار لایان گیرابوو، بۆ هـەرلا دەسـووران هـەر سـەرباز بـوو، منداڵەکانمان هینا لەگەڵ دایکیان بەرووتی، ئەفسەرەکە گوتی:

ئەمانـە نـابیت بمینـن چونکـە سـەرۆك فـەرمانی داوە دەبیـت هـەموویان لەناوبەرن، دەمەوی بەجۆریك بیانکوژین بۆخۆشیان نەتوانن بی گیرنەوە، نابیت نانیـان بدەنـێ، ئـەو منداڵانـە بەرامبـەر بـەدایکیان بەسـێ رۆژ بـە لێدان بکـوژن، پاشـان لەبەر چاوی پیاوەکانیـان سـواری ژنەکانیان بن ئەوسـا لـە بـەردەمیاندا بەنیزە زگیان بدرن، ئیمەش نەدەکرا نەیکەین ئەوەی ئەفسەرەکە گوتی: کردمان.

ئیستا تەرمەکان.. لە کوین؟ ئیشارەتی کرد بۆ جیگەی تەرمەکان..

باشە لەکاتیکدا، دەتانکوشتن بەزەییتان بەگریانی ئەو منداڵانەدا نەدەهاتەوە؟

–نەخێر، چونکە بەئێمەیان دەگوت ئەمانە کافرن ئێمە بۆ خودامان کردووە. دیارە کارێك بۆ خودا بێت بەزەیی تیا نییە. سەربازێك بەزەیی هەبوو، فرمێسکێکی رشت یەك لەئێمە بۆ ئەفسەرەکەی گێرایەوە، ئەویش بریاریدا وەك منداڵەکان رووتی کەنەوە، پاشان بەلێدان بیکوژن پیاوەکانتان چی لێکرد؟

پیاوەکانمان ئەو کاتەی دەستدرێژیمان دەکردە سەر ژنەکانیان .. بەدیار خۆمانەوە رادەگرتن، چەند کەس بێ ئەوەی لیی دەین هەر لەوێ بەزگی داو بۆخۆی مرد، ئەویش دەگریاو دەپارایەوە بەدار دەمانکوشت..

زۆر هەلۆی وەك ئەم هەلۆیانە.. ئەو کاتەی ژن و منداڵەکان دەگریان بەسەرماندا دەهاتن، فەرماندە بریاریدا ئەوانیش بکوژن، ئەو دەیگوت دەبێت رەزو باغیان بسووتێنن.. تەماشایەکی چیایەکەی کردو سەری نەوی کردەوە گوتی:

تەنانەت دەیگوت: دەبێت ئەو چیایانەش هەلکەنین، چونکە ئەگەر ئەوە نەکەین لەناو ناچن نەمانتوانی هەلۆکان بکوژین، نەم زانی ئیستا چۆن هات و لای تۆ نیشتەوە؟

–منیش گوتم: ئاخر هەلۆی ئێمە دەزانێت، ئێوە دوژمنی دارو بەردو تەیرو توالن، چونکە لەشێوەی ئادەمیزاد دەرچوون و بوون بەدرندە. سەربازەکە سەری شۆرکردەوەو دەنگی نەکرد.. ئەو سەربازانەی دابەزیبوون بۆ رەشە ولاخەکان، کون بەکون بەدوایانەوە بون چەند دانەیەکیان کوشت هەر بەساغی ورگیان درین و جەرگ و هەناو هەندێك لەگۆشتی نەرمیان لێکردەوە، ئەویتریان بۆ سیسارگەکان بەجێهێشت رۆژ بالیکی مابوو ئاوابێت. ستار هات و لەجێگەی خۆمان هەستاین و بەناو دەوەنەکاندا بەرێ کەوتین، هەلۆکە خۆی هاویشتە سەر شانم، سەربازەکەمان پێش دا، چاوەریی ئەوەی دەکرد بی کوژین، لەچیایەکە چووینە خواری لەسەر چوار رێییانێك راوەستاین، بانگم کرد دەستم کردەوە

ئەو ڕەسمانەی هەلیگرتبوون دامە دەستی، گوتم: ئیستا ئازادی دەتوانی بۆ کوێ دەڕۆی بڕۆی، بەهیچ جۆریك باوەری نەدەکرد نایکوژین،

-گوتی:

هەر بەراستی نامکوژن؟

-گوتم: هەر بەراستی ئیمە دیل ناکوژین، چونکە داب‌و نەریتی ئیمە دیل کوشتنی تیا نییە.

منداڵ کوشتن پیشەی ئیوەی عارەبە، ئیستا برۆ بۆ دایك‌و باوکتی بگیرەوە. کردەوەکانی ئیمەو رەفتارەکانی خۆتان. داهاتەوە دەستی کرد بەگریان زۆر پەشیمان بوو لە کاروکردەوەکانی کە کردوویەتی.. ڕەسمەکانی بەدەستەوەبوو دەیویست فرییاندات، سویندم دا کە فرییان نەدا تاکو دەیانباتەوە بەگریانەوە دەستی بەپشتی هەلۆکە داهینا: تەیرەکە.. داوای لێبوردن لە تۆ دەکەم.. زۆر نیگەرانم ئیستا دەزانم کورد چی‌یە.. من‌و هەزارانی وەك من بەهەلە دوژمنایەتی کوردمان کردووە.

باوەشی بەمن داکردو گوتی:

من وەك دوژمنیك پیتان دەلیم گەلیك ئەوە باوەری بیت، نەبەهیچ دەفەوتێ‌و نەکەسیش دەتوانێ هەقی بخوات، نزای خیری کردوو ڕۆی تاکو لەچاو ون بوو تەماشامان کرد دەگریا..

سەربازەکان بەرۆژ دەگەران لە پەنا شیوەکان کولانەیەك، مالۆچکەیەك، ئەگەر دەستیان پیی نەگەیشتبیت ئەوا دەیانسووتاند.

دەبوو ئیمە ئیستا خواردن بدۆزینەوە بۆ ڕۆژانی داهاتوو، وردە وردە بەرێ کەوتین تا گەیشتینە ئەشکەوتی کاولان. ئەشکەوتەکە دوو دەرکەی هەبوو، بەلام زۆر دوورو دریژبوو، کەوتبووە بەرئاوایی، زۆر لە رووبارەکە نزیك بوو، خەلکی ناوچەکە نەبوونایە نەیاندەدۆزیەوە. بەردەمی بەقامیش گیرابوو خۆمان کردبە ئەشکەوتەکەدا، دیاربوو هیشتا نەدۆزرابۆوە، سەر هەموو

بەرزاییەکان سەنگەر بوو، هەموو ئەو شتانەی دەیاندۆزینەوە وەك برابەش لە نیوان خۆیاندا بەشیان دەکرد، حکومەت بەسەیارەی خۆی بۆی دەگواستنەوە بۆ مالەکانی خۆیان.. پییان گوتبوون هەرچی دەتانەویت بۆ خۆتان ئەوەی مرۆڤیش بوو بۆ ئیمە، نابیت کەس دەرچیت، خواردنیکی زۆر لە ناو ئەشکەوتەکەدا قایم کرابوو تەباغیکی بچووك هەبوو، زۆرمان کۆلیرە بە رۆن کرد بەشی دە رۆژ زیاتر دەبوو هەلیگرین، ئەو شەوە خواردنمان زۆر خوارد، ئەو خەلکەی نەدۆزرابۆوە یان سەری دەرنەدەکرد.. لەو ناوە بەشەو دەگەران، لە هەموو ریگەکان شەو بۆسە هەبوو.. دەبوو زۆر بەوریایی بگەریی و بڕۆی، رووبارەکە زۆر زیادی کردبوو زستانەکەی زۆر بارانی بوو بەفریکی زۆر باریبوو سەرما هیشتا مابوو.. دەریاچەی دوکانیان بەردابوو ماسی گەورەی لەگەڵ ریرەوی خۆی دەهینا، ئاوەکە لە بەردەمی ئەشکەوتەکەوە دەرۆی، رۆژ وردە وردە بەرز بۆوە تیشکی لە ناو رووبارەکەی دەداو وەك ئاوینە شەوقەکەی بەرز دەبۆوە لە گەلای قامیشەکانی دەداو وورینجە وورینجی بوو، زیکەی (زیك زیکە) بەسەر گۆپکەی کنگر درکەکانەوە دەهات، میشە هەنگەکان لە گیزە گیز رانەدەوەستان، لیواری رووبارەکە هەزاران میشی لی دەنیشت، کەندەسمەو زەنگەوالە بەسەریاندا دەهاتن لە هەوادا قووتیان دەدان، جار بەجار میشیك دەکەوتە رووبارەکەوە بێ ئەوەی بواری هەستانەوەی هەبیت خیرا ماسی دەی ماشیوە، هەزاران هیلانە قەلەباچکە بەدارەکانەوە بوون، کۆترە شاخییەکان زوو زوو لەقەدی ئەشکەوتەکە هەلدەفرین و دەنیشتنەوە، زۆری چۆلەکە پاسارییەکان هیلانەیان لی تیك چوو بوو هەولی سەردارەکانیان دەدا بۆ دروست کردنەوەی هیلانەی نوێ ماسییەکی گەورە لەناو رووبارەکەدا.

لەبەردەمی ئەشکەوتەکە بەخۆبادان دەهات و دەچوو، جار بەجار مانی دەگرت دەمی بۆ سەرەوەی ئاوەکە بەرز دەکردەوە و ملچە ملچی دەمی دەهات قەوزەو کەڤ لەدەم دەکرد ئەوەی دەیخوارد دەیخوارد ئەوەی تری

لەگوێچکەیەوە فڕێ دەدایەوە، ماسییەکی بچووک دەرکەوت ماسیە گەورەکە تەکانیدا بیگرێت، بچووکەکە خۆی بەناو گژوگیای قەراغ دەریاکەدا کرد گەورەکە زۆر بەخێرایی ئەم سەرو ئەو سەری کردو هاتەوە جێگەی خۆی راوەستا، بچووکەکە جارێکیتر دەرکەوتەوە، گەورەکە خۆی سڵ نەکرد، هەتاکو بەتەواوی لێی نزیک کەوتەوە، تەکانیدا گرتی و قووتیدا، دوای خواردنی، تۆزێک بەرەو قووڵایی رۆی تاکو توانی خۆی بەرەو ئاسمان هەلداو بۆ ناو ئاوەکە گەڕایەوە، دوای دەوروبەری دە خولەکێك هاتەوە شوێنی خۆی ئەم جارە کلکی کردە ئاسمان سەری لەناو قەوزەکە وەژاند.

زەنگەوالەکان بەردەوام میشە هەنگەکانیان قووت دەدا. چۆلەکە پاسارییەکان بەپۆل کەوتنە فرکە فرك و جووکە جووك، واشەیەك لە ئاسماندا مەیی بوو لە راست پاسارییەکان، بەتوندی لە راستی خۆی داهاتە سەریان، دانەیەکی گرت و رووبەڕووی ئاسمان گەڕایەوە تاکو راستی گردەکەی ئەو بەرەوە بەرز بۆوە، جا راست چوو لە سەر گردەکە لەسەر بەردێك نیشت کەوتە خواردنی، بە دەنووك زگی دری هێشتا کوللەکان بە ساغی لە زگی دابوون، واشەکە لێبۆوەو دووجار دەنوکی بە بەردەکە داهیناو سەری بەلاوەنا.

مام ریوی لە پەنای بەردەکە خۆی مات کردبوو.. واشەکە روو لە رۆژ چاوی دەنووقاندو هەلیدینایەوە، خەوەنوتەکەی بوو ئاگای لە خۆی برابوو، کلکی لێك بلاو کردەوە.. مام ریوی بە دزیەوە خۆی لێ نزیك کردەوە، پەلاماری داو واشەکەی گرت هەلۆیەك بەسەر رووبارەکەدا دەهات و دەچوو لەسەر دارێکی بەرز نیشت، دوای کەمێك هەستاو هات لە قەدی ئەشکەوتەکە لە ژێر دار کالە شینێك ئۆقرەی گرت. ماسیەکە سەری لە قەوزەکە دەردیناو نەوی دەکردەوەو بەس ئاوەکە دەیجووڵاند، سەگلاوكێك سەری لە گێژەکە دەرکردو بەرزی کردەوە خۆی نقوم کردەوە هات لە قەراغ ئاوەکە لە ناو تووترکەکان سەری دەرهێنا، ماسییەکە کەمێك ئەولاتر چوو سوورایەوە بەردەمی سەگلاوەکە کە

نەیبینێ، سەگلاوەکە کەخۆی نقووم کردوو ماسیەکەی گرت، هینای لەلیواری رووبارەکە خواردی، بە زمان لیوی لستەوەخۆی لیك کیشایەوەو پاشووی لیك کردەوە لووس لەبەر تیشکی هەتاوەکە ورینجە ورینجی دەهات تیشکی رۆژەکەی دەدایەوە بۆ قەدی شاخەکەو لە قامیشەکانی دەدا.

تەق و تۆق بەردەوام بوو دوو تەقە زۆر نزیك لە دەرکی ئەشکەوتەکە کران، دوای کەمیك سێ سەرباز دەرکەوتن یەکیان رویلەو باریك بوو یەکیان وەست بوو بەلام یەکیکیان زرتە زەلامیکی زۆر کەتە بوو تفەنگەکانیان لە تەك خۆیان فرێدا، مەتارەکانیان لە ئاوەکە پڕ کردو خواردیانەوە دانیشتن، کۆلە پشتەکانیان کردەوە، هەندیك رەسمیان دەرکرد ئافرەت بە جلی کوردیەوە- هەندیك بە سەریاندا هەلدان، پاشان خستیانە ناو کۆلەکەو کەمیك ئەم لاو ئەو لایان کرد، یەکیان بە دەست ئیشارەی بۆ دوور کرد، سەربازیك دەرکەوت، پەلی ژنیکی گرتبوو ژنەکە بەس دەگریاو هاواری دەکرد، ئەویش بەزۆر رایدەکیشا هینایان تییان گەیاند کە خۆی رووت کاتەوە، لە کاتیکدا پیی پێدەکەنین و بەدەوریا دەهاتن، وەك کەلەشیر خۆیان گیف دەکردەوە ئەویش بەدەستیانەوە دەلەرزی زۆر هەولیان دا خۆی رووت نەکردەوە زەلامە زلەکە بە هەموو توانای خۆی زللەیەکی لە بنا گوییدا بە ئەرزی کەوت، ئەویش دەستی گرت و راستی کردەوە،

بەهەموویان جلەکانیان لەبەر دادری و بەروت و قووتی بۆیەکتریان هەلدەدا، هەلۆ مالییەکە لە ژیر دەستم هەلفری و لە راستی وان دەستی کرد بەزیکە زیك، دادەهاتەوەو بەدەست لە خۆیان دوور دەخستەوە، یەکیان دەستی دایە تفەنگەکەو بەرگولانی دا گوللەیەك بەر قاچی کەوت، رۆیشت لەسەر گردەکە نیشتەوە، ژنەکە هەندە گریاو پارایەوە بەحال نووزەی دەهات، هەموویان خۆیان روت کردەوە، یەکیکیان گرتی و دەمی بە مەکیەوە نا، ژنەکە خۆی

دەکیشایەوە، بەدوان گرتبوویان یەکیکیان گوتی من لە پیشەوە ئەچمە لای، ئەوی تریان گوتی:

ئەفسەرکە دای بەمن، ئیوەش وەك من هی خۆتان هەبوو بۆ وازوو کوشتان، من کە ئیوەم هیناوە بۆ ئەوەم نەهیناون لە پیشەوە بچنە لای، من لە پیش هەمووتان ئەچمە لای، زرتە زەلامەکە سویندی خوارد: یان دەیکوژیت یان بۆخۆی لە پیشەوە ئەچیتە لای، ئەوەشیان کە بەئی خۆی دەزانی سویندی خوارد بۆخۆی دەچیتە لای و بەس، بۆ خۆشی دەتوانیت بیکوژیت چونکە مالی خۆیەتی، زلەکە پەلاماری تفەنگی‌دا ئەویش پەلاماری تفەنگی‌دا ژنەکە زۆری پیخۆش بوو کە بیکوژن، خۆ ئەگەر بیانهیشتایە بۆخۆی خۆی دەکوشت، چەند رۆژ بوو ئەمە بەزمی بوو، دوانەکەی تر ژنەکەیان بە رووتی گرتبوو، جارجار بەزۆر ماچیان دەکرد، پەنجەیان بەناو لەشیا دەکرد، هەردووك تفەنگیان راکیشا قەلەوەکە تفەنگی لەسەر سەری راگرتبوو، ژنەکە دوو تفی لی کرد بۆ ئەوەی زیاتر سوور بیت لەسەر کوشتنی ئەمە یەکەم تف نەبوو کە کردبیتی، سەربازەکەش یەکەم جار نەبوو کە تفی لی کرابیت، سەربازە لاوازەکە دەستی خۆی پیش خست، دوو گوللەی لی‌دا، وەك گا بۆراندی کەوتە ئەرزی، ژنەی راکیشایە بەر خۆی جاریك دوایە دایە سەربازەکان ئەوانیش هەریەکەو جاری چوونە لای خەزال ئەو ژنە شەرمنە قاچی بەتەواوی دیارنەبوو، تەنانەت کاکلی میردی بەتەواوی نەیدەتوانی بیبینی.

لەسەرەتای شۆرشی ئەیلول بۆ یەکەم جار فرۆکە بۆمبارانی قەلا سیوکەی کرد، بۆمبیکی ناپالم بەرمالی باوکی خەزال کەوت، خیزانی مالی خەزال بەتەواوی تیاچوون، خەزال بەبریندارى دەرچوو، هیشتا مندال بوو لە مالی مامی دەژیا، ئامۆژنی کردی بەبەرخەوان، وەك پیاو شوانی‌و بەرخەوانی دەکرد تاکو گەورە بوو، ئەگەر کاکل برای ئامۆژنی بوو بەلام خەزال زۆری پی خۆش بوو بیدەن بەئەو لەگەل ئامۆژنی، هەردوکیان لەم کارەدا کۆك بوون،

هیشـتا تەمـەنی نەگیشـتبووە پـانزە سـاڵ بەشـویاندا، کـاکل زۆری خـۆش دەویسـت، پیکـەوە ژیـانیکی زۆر خۆشـیان بەسـەر دەبـرد، خـەزاڵ هەمیشـە خەریکی نویـژو رۆژوو بوو،پیی وابوو هـەر ئەمە دەتوانیـت لـە رۆژی تەنگانـە رزگاریـان کـات، لەگەڵ کاکل، و هـەر چوار منداڵەکـەی بەتـەنیا لـە ئەشـکەوتی شیوی گردی خۆیان حەشار دابوو، کاتیك دۆزیانـەوە بردیـان بۆ لای فـەرماندە ئەو چەند کچی جوانی لەتەك خۆی دانا بوو کـەیفی لەگەڵ دەکـردن، ئەوکاتـەی سـەربازەکان ئـەوانیان برد، لە گۆرەپانەکـەی بـەردەمی خیوەتگاکـەدا پیاسـەی دەکـرد، هـەر سـەربازیك ژن یـان کچـی دەبـرد، فـەرماندە تەماشـای دەکـرد، ئەگەرچی دووانی بۆ خۆی دانابوو بەلام جوانتر بوایە دەیگیراوە، یـەکی تـری دەدا بەسەربازەکە، تەماشایەکی خەزالی کـرد، بەسـەر ئیشـارەتی بۆ سـەربازیك کرد بۆ تۆ، تیشی گەیاند دوایە

چەند ژن لـەوی بەسـترابوونەوە، بەسـەربازەکانی تـری گـوت: یەکـەو یـەکیان لی هەلبژارد، لە گۆرەپانەکە شۆربوونەوە سەربازەکان بەژنەکانیان گوت: خۆتان رووت کەنـەوە، ژنـەکانیش هـەندە گریـابوون و هـەندە پارابوونـەوە نـەگریانیان مابوو نە پارانەوە دەیانزانی بی سوودە، ژنەکان سوور هەلگەران، ملیان بـەلاوە ناو تەماشایەکی یەکتریان کرد، یەکیان رووی لە یەکیان کردو گوتی:

فاتە با کاریك بکەین، بـەلکو بمـانکوژن، لەبەریـەك هەلوەشـاین بووینـە کـاروان سەرا، فاتە گوتی:

ئـەمان درنـدەن، هـەردەمانکوژن، بـەلام کـاتیك کەبـەکار نـەماین بـەکارمان بینـن زۆرمان پەلە قاژەکرد، زۆریش گریاین، نەکوشتمانیان، نە وازیشیان لی هینـاین، ئیستا چۆنمان دەکوژن؟ ئیستا بابەهەرسیکمان پـەلاماری یـەکیان دەیـن، توند گونـی بگریـن بـەری نـەدەین، ئەگـەر توانیمـان بیکوژیـن، باشـە خـۆ ئەگـەر نـەمانتوانی، بـەلکو بمـانکوژن، سـەربازەکان لـەم گفتوگۆیـە نەدەگەیشـتن، نەراندیان زووکەن دەی خۆتان رووت کەنەوە، سەربازیکیان لاواز بوو، فەرماندە

خەزالی دا بوو بەو، بردیە ئەولا ترەوە پی دەکەنی و تەماشای دەکردن، سەربازیکیان لە فاتە چووە پیشەوە دەمی بۆ دەمی بردو خۆی پیوەنا ژنەکە سەری نەوی کردو دەستی لە دەستی کردەوە لە بنەوە توونـد گونی گرت، هاواری کرد فریام کەون بەسییان گرتیان، بەهەموو سەربازەکان هەولیان دا نەیاندەتوانی لەسەربازەکەیان هەلبیچرن، زۆریان بە قۆنداغان لیدان سەرەنجام سەربازەکە هاواری کرد بیانکوژن، هەرسیکیان کوشتن، سەربازە لاوازەکە بەگالتە پیکردنەوە بەکاکلی گوت: من تۆم زۆر خۆش دەویت جا ئیستاکە یارمەتیت دەدەم، ژنەکەت بۆ مـن، تۆش تەماشامان کە، دەنگی نەکرد، سەربازەکە لیی نزیك کەوتەوە بەدەستی چەناگەی گرت، بەتووندی بەرزی کردەوە: بۆ دەنگی ناکەی؟ دەلیی چی؟ چاوی پربوو لە فرمیسك تەماشای خەزالی کرد.. چاوی پیکەوت دەستی کرد بەگریان، بەگریانەکەیان زۆر پی دەکەنین و کەوتنە گالتە پی کردنیان، سەربازەکە رووی لە خەزال کردو پیی گوت خۆت رووت کەرەوە، دەستی بۆ سەر سنگی برد، ئەمانە دانی، زیراندی و کشایەوە، سەربازەکە کورە گەورەکەی هیناو بەگریانەوە لەبەردەمی خۆی رای گرت، ئیستاکە دەلیی چی؟ خۆت رووت دەکەیتەوە یان کورەکەت بکوژم، خۆی بەدەستەوە نەدا هەتا هەر چوار مندالەکەیان کوشت، بەجووت لەگەل کاکلی میردی، مندالەکەیان بەجۆریك دەکوشتن لەبەر پییان.. دەگریان بی چارە چاویان دەبریە لوولەی تفەنگەکان، لییان دەدان خوین وەك جۆگە لەبەریان دەرۆی هەندە گریان و پارانەوە خەزال بەتەواوی پەکی کەوتبوو.. هەر دەپارایەوە کە بیکوژن، بەزۆر گرتیان بەزیرە لە کاتیکدا کە دەگریا.. پی دەکەنین و خۆیان بەپشدا دەخست.. رووت و قووتیان کردەوە کاکل لە تاوان دەیهاراند، یەکیان خەزالی لە ژیر خۆی نابوو بەسییان گرتبوویان.. کاکل کەوتە جنیودان بەسەرۆك کۆماری "عیراق" دوای ئەوەی دەست دریژیان کردە

سەر کەرامەتی بەبەرچاویەوە، کاکلیان رووت کردەوە بزیان پیوە دەکرد.. دوای کەمیك دایانە بەر دەستریژ.

چەند رۆژ بوو خەزالیان لەگەل خۆیان دەگیرا.. ستار دەستی دایە تفەنگەکەی و هەستا هاواری کرد، توند گرتم دام نیشاندەوە، خیراخیرا هەناسەی هەلدەکیشا لەناو ئەشکەوتەکە دەهات و دەچوو.. پیشی دەخواردەوەو مرتە مرتی بوو، ناکریت.. ناکریت نا، تاکەی.. تاکەی ئەم هەموو زولمە بەچاوی خۆمان ببینین، ئەمە چییە؟! سەلامەت بین دەنگ نەکەین بەبەرزی هاواری کرد.. بەسە، بەسە، کەوتە قسەی هەلەق و بەلەق، چاوی دەرپەریبوو، ستار زۆر مرۆڤیکی چاونەترس بوو، قەت نەیدەتوانی شتی نارەوا قبوول بکات، بەلام ئیستا ئەو هەموو کارە نارەوایەی دەدی، خەریك بوو بەزگ بدا خیر خیرا دەیگوت: دلۆڤان مردنە مردنە، ئەم هەموو بی غیرەتییە لە پای چی؟! ئەی کاتیك ئیمە بوینە پیشمەرگە نەماندەگوت: ئەوەندە ئەژین، دیارە زۆریش ژیاین زۆریشمان کارەسات دی بەسە هیچی دیکە ژیانمان ناویت.. ناوی..

رووی لە من کردو گوتی:

ئەری کە پیاو بەمەردی نەژیا.. ژیان ئەوەندە دەهینیت، ئەو هەموو سوکایەتیە قبوول بکەی؟ باشە کە ئیمە دەستمان داوەتە چەك بەخۆمان دەلین پیشمەرگە بۆ ئەوە نییە زۆرداری قبوول نەکەین؟ باشە لەبەر ئەو کارە نارەوایانە نەبوو چەکمان کردە شان؟ کەوایە ئیستا لەبەر چاومان نەك جاریك بۆ چەندین جارە دەبینین، بەزۆر ژنی کورد دەگین باشە خۆمان بۆکەی داناوە، ئابرووی خۆمان بکرینەوە.

پیم وایە ئیستاکە کاتی ئەوە هاتووە تاکو ئەم درندانە بکوژم.. دوایە چی دەبیت بابیت.. سوور هەلگەرا بوو هۆشی لە خۆی نەمابوو، لە داخان بەپشتا کەوت ئاگای لە خۆی برا.

ژنەکە سەری لە نیـوان هـەردوو چۆکـی نـابوو، هـەولی دەدا بـەپرچی خـۆی داپۆشیت، سەربازەکان ترسیان نەبوو، تفەنگـەکانیان کـەمیك لـە خۆیـان دوور بوو، لەوکاتەدا هەلۆ مالیکە لەسەر گردەکە هەستاو هات بۆ سەریان، قاچیکی شۆر بووبۆوە یەکیان لەگەل کلکی جووت بـوو بـەدوای وی‌دا، هەلۆیـەکی تـر دەرکەوت.. دوان، سـیان، چـوار، پینـج.. بەدەسـت هـەولیان دەدا هـەلۆکان لـە خۆیان دوور خەنەوە، ژنەکە سەری بلند کردو تەماشایەکی تفەنگەکانی کرد، هەناسەیەکی ئارامی هەلکیشا گوتی:

فرسەتە رووی تی‌کردن لە خۆشیان هاواری دەکرد کاکل، ئیستا بزانە چۆن دوژمنـانت وەك سـەگ دەتۆپینم، لەتەقەدا بـوو لـە پشـتەوە دەسـتریژیك کـرا.. بەپشتا کەوت.. ستار چاوی کردەوە تۆزیك دلخۆش بوو، گوتی:

ئەگەر هەلۆکە نەدەبوو

هـەوریکی تـاریك بـەری ئاسمـانی گـرت.. لـە دوورەوە هاشـەی دەهـات، تەیروتوالـەکان بەپەلـە خۆیـان بۆ پەناکان دەکوتـا.. دەعبـاو جروجانـەوەرەکان خۆیـان خزانـدە کونەکانـەوە. بـارانیکی بـەتاو و بەریژنـەباری، هـەر دلۆپیکـی بەقەدەر کەشکیك دەبوو، لە ماوەیەکی کەمدا لافاو لـە دەشـتو دۆل و چیایـەکان هەلسا، لەهەر چوار لاوە رژایـە نـاو رووبارەکـەوە وەك شیر هـەلچوو.. ئاو بەناو ئەشـکەوتەکە وەربـوو جیگـەی لی تـەنگ کردیـن.. بـۆ تـاریکی ئەشـکەوتەکە هەلکشاین لەبەر زیکە زیکی شەمشەمەکویرە ناو میشکمان دەزرینگایـەوە، زۆر بۆگەن بوو لەبەر پاشەرۆی شـەم شـەمەکویرە، لـە پاشـەرۆی مشـکی دەکـرد، بەرادەیەك زۆر بوو تاکو چۆکت دەهات.. رووبار چۆن بەزوویی هەستا ئاواش بـەزوویی نیشـتەوە، گەراینـەوە دەرکـی ئەشـکەوتەکە.. لـەناو ئەشـکەوتەکە ئەوەندەی ئاو گرتبووی لماویك زبلاوی بەجی مابوو.. پربوو لە پولەکەی ماسی و وورده ئیسقان و ووردکە دار.

هەر لەو کاتەی باران نەما کردیە هەتاویك دەتگوت قەت باران نەباریوە، کۆلکە زێرینە بەهەر چوارلادا بلاوبۆوە، رەوە پەپولەیەکی کونجر کونجر بەسەر گولە قالۆرەکان کەوتن، پەپوولەکان هەر لە کرمۆکەییەوە لە ناو قالۆرەکان پەیدا دەبوون، زۆریش حەزیان لەو گولانە دەکرد، بەپانی دەشتەکە گولە خەرتەلە زەرد دەچۆوە هەموو شاخ و گردە گەورەکان گولی نیسانەوە قەسپەو هێرۆ بوون، تاك تاکیش لەناو دارە زۆرو چرەکاندا بولبول هەبوون، لەسەر هەر بەردیك قاسپەی کەویك دەهات، لەسەر هەر شاخیکی نووك تیژ هەلۆیەك نیشتبوو، هەر ناوە ناویەکیش خرەی دەنووکی دار کونکەرەکەیەك بەرگوی دەکەوت، کە لەقەدی دارتووە گەورەکان و چنارە پیرەکان هیلانەی لی دەدا.. لە ژیر رەوەزەکان بەدریژایی هیلانەی قولتە دەبینران، کە بەبنیشتە تال و قورەشین دروستیان دەکردن و کونیکی زۆر بچووکیان لە کۆتایی هیلانەکە دەهیشتەوە.

بۆلقامیش ئاخیر دیی ناوچەی قەلاسلیوکە بوو، نزیك چەمی ریزان دییەکی چرو شاخاوی کەوتۆتە نیوان چوار شاخەوە، شاخەکان لە ئامیزیان گرتووە، ئەشکەوتی زۆر گەورە گەورەی تیایە.. زەوی و زاری زۆر بەپیتی هەیە، زۆریش لە رووباری "دۆکان" نزیکە، لەدەم ئەم رووبارە کە زەوی نەرم و قومەلانی زۆرە.. شوتی و کالەك و دەلووجەو بامیە و تەماتەی بەناوبانگی زۆری هەبوو، هەر مالیك لە دی لەدەم رووبارەکە رەزوباخی زۆری بنیات نابوو، زۆریش ئاویژەیە.. لە ژیر هەربەردیك دەستیك ئاو ئەروات! گەچی ئەوەندە زۆرە بەرادەیەك بەشی هەموو سەر ئەم زەوییەی تیایە، کورەی گەچی زۆرە، لەکاتی هەر هیرش و پەلاماردانیك دا دوژمن دەیانکردە سەر ناوچەی "قەلاسلیوکە"، خەلکی خۆیان دەگەیاندە ئەوی، ئاواییش زۆر بەگەرمی باوەشی بۆ دەکردنەوە، ئیستا زۆربەی زۆری خەلکی ناوچەکە خۆیان کوتابووە ژیر بەردوو شاخەکان.. دوژمن وردە وردە تەنگی پی هەلچنین.

بەرۆژئاوادا زۆر چەمە قامیش و بیشەلانەو سەروچاوەی ئاویکی زۆرە کە بەچکە رووباریك دەبیت. ئاوەکە بەسەر دیدا شۆر دەبیتەوە زۆری زەوییەکانی پی بەراوکراوە.. بەدۆلیکدا رەت دەبیت.. هەزاران دار گویزو چناری گەورەو تووی تیایە، هەزاران هیلانەی کۆترە باریکەو قومری پیوە دروستکراوە.. ناو کلۆری دارەکان پرن لە کوورەی میشە هەنگ، جووتیارەکان دەیانبرن کەم مال هەبوو زستانان بی هەنگوین بن، زۆری خانووی مالەکان دوو نهۆم بوون، هەر مالیك تەنوربانیك هەر تەنوربانیك هەورە بانیکی هەبوو، لەبن هەورە بانەکان دوو دوکەلکیشی تیابوو.

هەزاران مەشکە هەلواسرابوون لە مەشکەی گیسکەوە تاکو مەشکەی گاوس، لە ئاواییدا کەس رۆنی کارگەی بەکار نەدەهینا، بەس رۆنی خۆمالی، بەکەلانەو دۆشاوی تری.. خواردنیان بەزۆری دۆکەشك و دۆینەو شیراوك و قاورمەو برنجی خۆمالی و داندۆك و ترخینەو چەندان جۆرە چیشتی کوردەواری بوو، لە دۆلیکی گەورەی قامیشەلان دەپەریتەوە دەگەیشتیتە بەردبران، ئەشکەوتیکی زۆر گەورەی تیابوو، زۆر لە کۆنەوە پیاوە بەسالاچووەکان باسیان دەکرد، دەیانگوت: ئەشکەوتی بەردبران لە بەهاردا لەگەل بروسکە بۆتەوە، شوینەکەی گۆرەپانیکی دووسی هەزار مەتر دەبیت، چالیکی گەورە هەیەو لەبن چالەکەش کونیکیکە هەیە بەزۆر مرۆڤ دەخوا دەچیتە ژووری لەناوەوە پانی و دریژی ئەشکەوتەکە دیار نییە چەند هەزار کەس بە ئارەزووی خۆی دەتوانی هەلس و کەوتی تیا بکات، ئەشکەوتەکە زۆر تاریکە زۆریش سامناکە لەو دەرکە بچوکە زیاتر کە هەیەتی لە هیچ شوینیکی ترەوە ریگەی نییە، زۆریش هەولی ئەوە درابوو کونی بۆ پەیدا بکەن بەلام نەیانتوانیبوو، گردیکی گەورە بەپشتی ئەشکەوتەکەوەیە گرنالە بەردیکی زۆر سەختە، تەواوی گردەکە بەدار بەروو بەلالووك داپۆشراوە، لەسەر تەپلی سەری گردەکە هەناریك رواوە، بەچواردەوریا دار بەرووی زۆر گەورەن.. کەسیش نایان بریت وەك چاك

دارەکان ماون، زۆر هەناری سەیر دەگری و گەلیك سەرگوزشتەی سەیر لەبارەی هەنارەکەوە دەگوترا، دەم بەدەم دەگیردرایەوە ئەوە بەئەوە زانیارییان لەبارەیەوە هەبوو، هەندیك دەیانگوت ئەو هەنارە خدری زیندە چاندوویەتی، هەرکەس هەناری ئەو هەنارە بخوات تووشی نەخۆشی وەرەم شیرپەنجەو شەکرە نابیت.. ئەگەر هەناریك خدری زیندە نەیچاندووە چۆن دەتوانی چەندان سال بی ئاو بەر بگریت.

هەندیك دەیانگوت: ئەو ئەشکەوتە بچووکەی چەند هەنگاو لە هەنارەکەوە دوورە، وەختی خۆی خەلوەت تیابووە خوداش لەبەر خۆشەویستی ئەو، ئەو هەنارەی لەوی شین کردووە بۆیە بەهاوین و بەزستان بەر دەگری‌و وەختی بۆ نییە، هەر چوار دەوری هەنارەکە، بەسەر لقەکانیەوە زۆر هیلانەی قومری و کۆترە باریکەی پیوەیە، ئەوانەی هیلانەیان بەسەر هەنارەکەوە بوو بەچکەکانیان ئەمار دەیخوارد نەدەعبا.. نەکەس دەویرا دەستی بۆ بەری، بەرانبەر گردەکە زەردیکی زۆر بەرزە.. قات قات لەسەریەکەو دەلیی بەدەست دروست کراوە، لە نیوان تویی بەردەکاندا کالە شین و بەلالوك رواون. هەر دەونە بەلالوکیك هیلانە هەلۆیەکی لەسەر بوو.. ئەو هەلۆیانەی بەم زەردەوە بوون زۆر گرانبەها بوون.. هەلۆی پشت شین و چاوزەرد بوون کەمیکیش لە هەلۆکانی تر گەورەتر بوون، بۆ راویش زۆر دربوون و زووش فیرە راوو دەبوون، زۆر جاریش لەو هەلۆیانەیان دەبرد لە بەغدا دەیانفرۆشتن.. پیاوە دەولەمەندەکان دەیانکرین ئەیانکردنە دیاری بۆ مەلیك و پیاو ماقوولی سعودیە و کویت و ئەردەن.

تەنانەت دەیانگوت: لەسەردەمی عوسمانییەکاندا لە کاتی سولتان "عبدالحمید"دا باسی هەلۆی ئەو زەردەیان دەکرد بۆ سولتان. بە هەموو سەرۆك هۆزە کوردەکانی گوتبوو کە لەو هەلۆیەی بۆ پەیدا بکەن، سولتان بۆ خۆی نەبوو بۆ مەلیکی بەریتانیای بوو، کاتیك هەلۆکە دەبەن بۆ سولتان

لەبەردەمی دای دەنین دەستی بۆ دەبات، هەلۆکە دەچرکینی و چرنوکی لی دەدات، دەلی:

– ئەمە هەلۆی خاکی کوردانە وەکو خۆیان وایە!

ئەگەر بەزۆر کەوییان نەکەی.. بۆ بیگانە کەوی نابن. لە بەینی تویی بەردەکانەوە بەقەد شاخەکەوە چەند کوورە میش هەبوو زۆر دەمێك بوو پیوەی بوو لەبەر سەختی کەس نەیدەتوانی بیانبریتەوە، هەندەیان هەنگوین تیابوو لەهاویناندا بەقەد شاخەکەدا دەهاتە خواری تاکو دەگەیشتە ئەرزەکە.. هەرچی زەردەواڵە هەبوو تیی دەورژان بەشیوەیەك لە دوورەوە سوور دەچۆوە، هەزاران زەنگەواڵە بەئاسمانی شاخەکەدا دەسورانەوەو میشە هەنگیان قووت دەدا، ئەو هەنگوینەی بەشاخەکەدا دەهاتە خوارەوە سەوز ئەتگوت قەرسیلە، حوسینە شەل کە زۆر شارەزا بوو، دەیگوت: هەرکەسیك یەك کەوچك لەو هەنگوینە بخوات، ئەگەر چلەی زستان بیت دەبی سی شەوو سی رۆژ لەناو ئاوا نەیەتە دەری، هەندە بەقەوەتە.

ئەوە زۆر ماوەتەوە کەلەکەی کردووە لەسەریەك کاتیك زەردەواڵە بەکونەکە فیر دەبوون، هەنگەکان کونەکەیان بەمیو دەگرت، لەلایەکی ترەوە کونیکی زۆر بچوکیان دەکردەوە کە لە خۆیان بەولاوە هیچی دیکەی پیوە نەدەچوو.

بەرد بران بەردی ریك قات قات لەسەر یەك بوو.. کانە بەردیکی هەندە زۆرە بەشی هەموو کوردستان دەکات. خانووی مالەکان هەمووی لەو بەردانە بوون، ئەستووری هەر بەردیك نزیکەی بستیك دەبی، هەموو بەرزاییەکان پربوون لەسەرباز، چەند رۆژ بوو لەو ناوەدا بلاو ببوونەوە.. بەکەیفی خۆیان چی دەکەن دەیکەن.. سی سەرباز لەیەکتری دانەدەبران هەرچی تالانیان دەکرد وەکو یەك دابەشیان دەکرد، هەرسیکیان بۆ ئەوەی ئەو رۆژە دەستیان کەوتبوو دابەشی بکەن چوونە بن دار هەنارەکەو هەر یەکەو هەناریکیان لیکردەوەو

خواردیان.. کەوتنە بەش کردنی، شەهاب دوو سەفتە دیناری دەرهینا، علی دوو جووت گوارەو دوو ملوانکەی زیری دەرهینا، دەستی بەجنیو دان کرد گوتی:

- ئەو ئەفسەرە سەگبابانە ناهیلن هیچ بۆ ئیمە بیت، ژنیك زیریکی زۆری پی بوو منیش گرتم، فەرماندە هەمووی بۆ خۆی برد، پاشان ئەمانەم لە گیرفانی دەرهینا، زۆریشم لیداو پیم گوت: بۆ نەتدا بەمن.. زۆری جنیو دا منیش

سعود ئەو رۆژە هیچی پی نەبوو، بروایان پی نەکرد، شەهاب گوتی تۆ درۆزنی.. چۆن ئەو هەموو ژن و مندالەتان هیناو نەتانتوانی پارەیان لی بسینن؟

گوتی:

فەرماندە لە دوامان بوو کاتیك گرتمانن و پیی گوتن:

بۆ ئەوەی سەربازەکان پارەتان لی نەسینن، هەرچی پیتانە بیدەن بەمن، من لە دوایدا دەتاندەمەوە، زۆریان پیخۆش بوو وایانزانی هەر بەراستی دەیانداتەوە، تەنانەت گوارەشیان لە گوی داکەندن.. بەبی ئەوەی زۆریان لی بکەن، کاتیك ئەفسەرەکە رۆی بە ئیمەی گوت: بۆ خۆتان چیتان پیخۆشە ئاوا بکەن. چۆن لە سورەتی ئەنفالدا هاتووە، دوایە خودا غفورو رەحیمە..

بریاریاندا، چونکە سعود هیچی پی نییە کەمیکی بەش بدەن. گوتی:

ئەمرۆ، هەرچی ئەشکەوت هەیە لەم دەورە دەگەریم تا پارەو زیری زۆر پەیدا بکەم، هەریەکە بەلایەکدا کەوتنە کیو مال کردنی چیایەکان، سعود چووە سەر ئەشکەوتی چالە بروسکەکە، بەجی پییەکاندا رۆی تاکو چووە سەر دەرکی کونە بچووکەکە، کەمیك راماو پیی وابوو مرۆڤ ناتوانیت بەم کونە بچوکەدا بروات.. سەری نەوی کرد بۆنیکی زۆر ناخۆش لە کونەکە دەهات.. چونکە چەند رۆژ بوو ئەو هەموو مرۆڤە لە ژووری خۆیان خالی دەکردەوە.. بۆنیك کە کەس ناتوانیت خۆی بۆ راگری.. بەجی پییەکاندا گەرایەوە، تاکو ماوەیەکی زۆر بەهەمان جیگەدا گەرایەوە، بۆ هیچ کوی لای نەدا تاکو هاتە ناو کونەکە..

لەو بەهارەدا ئاژەل بەسەر گیا نەکەوتبوو.. بچوکترین گیا لەمبەرو ئەوبەری رچە ریگاکە نەشکابوو، تەنیا ئەوەندە نەبیت کە خەلکی پیایدا رۆیشتبوون.. سعود چووە سەر زارکی کونەکەو سەری بەم لاو بەولادا باداو تەماشایەکی ئاسمانی کرد، لەویوە هیچ کوی دیارنەبوو، شەهاب و علی لە دووری ئەو دەگەران، سعود نیتاقی پانتۆلەکەی کردەوەو لەسەر دەرکی ئەشکەوتەکە خۆی خالی کردەوە.. تینی دایە خۆی تریکی زۆر بەهیزی کرد بە جۆریك دەنگی هات کە حەشاماتی ناو ئەشکەوتەکە هەمووی گوییان لی بوو، سەری بەسەر ئەشکەوتەکەدا شۆرکردەوەو گویی مووچ کردو بی هەست بوو.

لەوکاتەدا دیهاتیەکان مندالەکانیان لە ژیر خۆیان نابوو، بۆ ئەوەی نووزەیان نەیەت.. سەری بلندکردەوە بەم لاوبەولادا روانی ویستی بانگی سەربازەکانی تر بکات بۆ ئەوەی بچنە ژوری.. ئەو کاتەی سەری بلند کردوو کەمیك بۆ سەرەوەتر هەلکشا.. لەناوەوە خەلکەکە سەیری منداله ساواکانی ژیر خۆیان کرد.. کە ئەبینن چوار مندال لە ژیر دایکیانەوە خنکاون.. تەرمەکانیان بەتەنیشت یەکەوە راکیشا. سەربازەکە نەیتوانی هاورییەکانی بدۆزیتەوە.. هات لەسەر زارکی ئەشکەوتەکە راوەستاو غیرەتی لەبەر خۆی نا، لە پیشەوە قاچی شۆرکردەوە، وردە وردە هەتاکو چووە خواری.. هەرکە گەیشتە خواری گویی لە دەنگیك بوو، بەلام هیچی نەبینی.. دەنکە شقارتەیەکی داگیرساندو کەمیك ئەولاتر چوو.

لەوەو پیش لە ژوورەوە بۆخۆیان پاسەوانیان دانابوو، بریاریاندابوو ئەگەر کەسیك بۆیان هاتە ژوورەوە هەتاکو بۆیان بکریت نەیکوژن، خۆ ئەگەر چاریان نەما ئەوا بەس پاسەوان بۆی هەیە تەقە بکات، ئەگەر دریژەی کیشا ئەوساکە گفتوگۆی لەسەر دەکەن.. سەربازەکە زانی پر لە مرۆڤە، بۆیە ویستی پاشەو پاش بکشیتەوە. هەردی لەو کاتەدا پاسەوان بوو پیی گوت راوەستە، بەلام رانەوەستا بەرەو دواوە هەلات گەیشتە سەر زارکی ئەشکەوتەکە، ئەویش

زانی ئاشکرا بوون، بەدوای کەوت لەسەر زارکی ئەشکەوتەکە دوو گولەی لیدا، بەسەر پیساییەکەی خۆیدا کەوت و دەمی تیی چەقی، قاچی گرت و رایکیشا بۆ ژوورەوە لەوی بەتانییەکیان پیدادا رۆژ زۆری نەمابوو ئاوابیت..

ئەفسەرەکە هەموو سەربازەکانی کۆکردەوەو بەریز ناوی خویندنەوە. سعود دیار نەبوو، ئەگەر چی تەقە زۆر بوو بەلام هیچ روو بەروو بونەوەیەك نەبوو.. ئیستاکە هەرچی زووترە دەبیت بیدۆزنەوە، شەهاب و علی سەیریکی یەکتریان کردو بلاوەیان لی کرد.. هەردوو سەربازەکە گەرانەوە ئەو جیگەیەی دەستکەوتەکەیان لی بەشکرد.. تۆزیك راوەستان بیریان کردەوە، بۆ کام لا رۆییوە، بەرەو رۆژ ئاوا کەمیك رۆیشتن و پاشان بیریان هاتەوە، کە سعود هەوەلجار لە هەنارەکە دابەزین بەرەو رۆژئاوا رۆیشت.. گەرانەوە سەر دار هەنارەکەو تەماشایەکی قامیشەلانە زۆرەکەیان کرد. لە گردەکە هاتنە خواری بەسەر تاتە بەردەکان کەوتن تاکو چونە سەر ئاوەکەی گۆزەلە مردوو،تەماشای ئەو جی پییە زۆرانەیان کرد تیکەلاو بوون، بەهەر چوارلادا بلاوبوو بوونەوە لە ناو جی پییەکاندا جیگەی پیی سەربازیك هەبوو، جاریك دووجار بەرەو رۆژ هەلات و.. جاریك بەرەو رۆژئاوا، لەو بەینەدا نەیانزانی بەکام لادا برۆن، بەهەردووکیان بریاریاندا کە بەرەو رۆژ هەلات برۆن.. رۆیشتن لە ئاوایی نزیك بوونەوە، نەیاندۆزیەوە. گەرانەوە.. تاکو گەرانەوە رۆژ ئاوابوو..

ئەفسەرەکە جاریکی تر کۆی کردنەوە: دەستە دەستەو لق، لق، سعود دیار نەبوو، بەو شەوە نەیانتوانی بگەرین.. دابەشی سەر هەموو ریگەو گردەکان بوون. دیهاتیەکان شەوی چەند کەسیکیان هەلبژارد بۆ گەران، بۆ ئەوەی بزانن ئایا دەتوانن دەرباز بن، ئەگەر نەتوانن دەرچن، برسیتی تینی بۆ هیناون، بەلکو بتوانن کەمیك خواردن پەیدا بکەن.. دەستەکە لە "هەردی، رامان، عوسمان" پیك هاتبوو، لە ئەشکەوتەکە هاتنە دەرەوە تۆزیك لەبەردەمی ئەشکەوتەکە راوەستان.. بەهەر چواردەوری خۆیاندا روانییان.. لە هەموو

بەرزاییەکانەوە تەقەی هەوایی دەکرا، بەهیمنی گەران، ئەگەر شارەزا نەبونایە تووشی بۆسەی زۆر دەبوون.. دوای ئەوەی زۆر گەران، زانییان جیگەی دەرباز بوون نییە، بریك خواردنیان پەیدا کردو گەرانەوە. تەواوی زانیاری ناوچەکەیان گیرایەوە، ئەوان ئەگەر لەبەر ژن و منداڵ نەبوایە زۆر بەئاسانی دەیانتوانی رزگار ببن.

ئیستاکە دەبوو کاریك بکەن، بۆ بەیانی ئەگەر ئاشکرا بوون، چۆن شەر بکەن.. لە ناو خۆیان دە دەستەیان هەلبژارد هەردەستەیەکیش سەردەستەیەکیان بۆ هەلبژارد.. سەرۆکی هەموویان "هەردی" بوو ئەگەری زۆریان دانا، ئەگەر هەردی شەهید بوو کێ بێ لە دوای ئەویان ئەگەر سەردەستەیەك شەهید بوو، بەو جۆری سێ جیگرەوەیان دانا، ژن و منداڵ نەدەبوو فەرامۆش بکرین.. فەرماندە بەیانی زوو جاریکی تر لەسەربازگەکە کۆی کردنەوە.. بریاریدا ئەمرۆ هەرچی کون و کەلەبەر هەیە بگەرین، تاکو "سعود" بە زیندویی یان بە مردوویی بدۆزنەوە. هەرچی کوردیکی دۆزیتانەوە بە زیندویی مەیگرن، جا ژن بوو یان منداڵ یا پیاو، سەربازەکان کەوتنە کیومال کردن.. شەهاب و علی جاریکی تر گەرانەوە سەر جی پییەکانی رۆژی رابردوو، ئەم جارەیان رووەو رۆژئاوا بەجی پیەکاندا هاتن تاکو چوونە سەر کونەکە کەمیك خوینیان دی، زۆریش گوییان گرت و هەستیان راگرت بەلام دەنگ نەبوو، خەریك بوو بگەرینەوە دوایە نەگەرانەوە، چوونە سەرکونەکە ئەوکاتەی ئەوان چوونە سەرکونەکە "عبدالرحمن" پاسەوان بوو سەربازەکان بریاریاندا یەك یەك بچنە ناو کونەکە.. شەهاب بە دەستووری سعود قاچی شۆرکردەوە ئنجا گەیشتە خواری ماوەی پینج خولەك بی دەنگ راوەستا، چاوی نووقاندو هەلهینا بۆ ئەوەی لەگەل تاریکییەکە رابیت.. دوو جاری دیکەش وای کرد،، دوایی هەنگاویکی هەلهینایەوەو هەر هەندەی زانی توند گرتیان، ویستیان بی دەنگ بیت بەلام تاکو دەمیان گرت دوو جار بەهەموو

توانای خۆی هاواری کرد، علی لە دەرەوە بانگی کرد.. بی دەنگ بوو، ئەو یەکسەر بۆ دواوە رای کرد، ئەنوەر کە گوی‌ی لە دەنگی دەرەوە بوو تەکانی‌دا تاکو سەری بردە دەری ئەو لە نیوەی چالەکە سەرکەوتبوو، خەریك بوو سەرکەویت دوو فیشەکی بۆ تەقان.. یەکیان بەر قاچی کەوت بەلام بەر نەبۆوە..

لە چالەکە سەرکەوت بەدەمدا کەوت بەرچاوی تاریك بوو تاکو ماوەیەك ئاگای لە خۆی برا، هاتەوە هۆش خۆی لەسەر زگ کەمیك بەولاترەوە چوو، نەیتوانی بروا مەغزەنیکی بەرهەوادا کرد، بەدەنگ تەقەکانەوە هاتن ئاواییەکان تازە زانیان کارەکە خراپ بوو، زوو دەستەی هیرشیان هەلبژارد، هەر لەو کاتەدا کۆپتەر هات لەسەر چالەکە سوورا، ئەفسەرەکە چەند دال و ئەستیرەی لەسەر شان بوو، داوای لیکردن خۆیان بەدەستەوە بدەن، ئەوان خۆیان بەدەستەوە نەدا، چەند بۆمبی دەستیان بۆ هەلدان بە خلۆرە دەچووە ناویانەوە.. ئەفسەرەکە داریکی بەدەستەوە بوو دەهات و دەچوو بیری دەکردەوە، هەر بۆمبیك کە دەگەیشتە ناو کۆمەلەکە جگە لەوەی چەند کەسی دەکوشت، بۆنی باروت بەناو ئەشکەوتەکەدا بلاودەبۆوە، ناو ئەشکەوتەکە لەبەر قۆخە قۆخ و رشانەوەو زیرەی ژن و مندال خەریك بوو دەهاتە خواری، ئیستا جاریکی تر داوای خۆبەدەستەوە دانیان لی کردن بریاریاندا فیلیك بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن هیرش بکەن ئەو سەربازەی گرتبوویان بانگیان کردو پییان گوت: ئەوان دەیانەویت خۆیان بەدەستەوە بدەن بەلام بەمەرجیك دەرکی کونەکە بەردەن.. شەهاب لە ئەشکەوتەکە هاتە دەری و زانیاریی ناو ئەشکەوتەکەی بەتەواوی پی گوتن، هەموو بەلایانەوە سەیر بوو کە نەکوژراوە..

گوتی تەنانەت قسەشیان لەگەل نەکردووم.

کەمیك لە ئەشکەوتەکە دوور کەوتنەوە، دەستەیەك کە پیك هاتبوو لە دەکەس یەکە یەکە لەئەشکەوتەکە هاتنە دەری بەلام لە چالە گەورەکە سەرنەکەوتن، لە پر پەلاماریان دان ئەوانیش کەوتنە هیرش.. ئەوان تەقەیان دەکرد دەستەیەکی

تر سەرکەوتن.. دوو دەستەی تر سەرکەوتن بەلام هێزەکەی دوژمن هەندە زۆر بوو نەیانتوانی بگەنە سەرەوە.. بەدەوری زارکی ئەشکەوتەکەدا چل کەس شەهید بوون.. خوێناو بەجۆگەلە بەناو ئەشکەوتەکەدا دەرۆیشتە خواری فەرماندە بڕیاریدا شۆفل بێنن ئەشکەوتەکە پڕبکەنەوە با لە ژوریدا بۆ خۆیان بمرن.. شۆفل ئامادەبوو، بوو بەزریك و هۆری منداڵ.. خۆیان دا بەدەستەوە تەرمەکانیان بەخۆیان دەرهێنا.. سەدو پەنجا کەس کوژرا بوون بە ژن و منداڵەوە.. منداڵی زۆریش خنکابوون، فەرمانده هەموویانی ریز کرد بەژن و پیاوەوە، لەبەر دەمیان خێر خێرا دەهات و دەچوو.. جنێوی دەدا، ددانی لە جیرەوە دەبردو دەیگوت: هەر ئێستا دەزانم چیتان بەسەر دێنم، دەزانم چۆن رەوانەی دۆزەختان دەکەم.

دەستی راستی لەسەر دەسکی دەمانچەکەی دانابوو.. سەری بەرز کردو نەوی کردەوە، سەری بەرزکردەوەو گوتی کێ سعودی کوشتوە بەراستی پێم بڵێن هیچتان لێ ناکەم.. هەموشتان ئازاد دەکەم. هەردی دەستی بلند کرد.. ئەفسەرەکە پێی سەیر بوو.. کەسێك ئەوەندە ساویلکە بێت بەدرۆی ئەوان بڕوا بکات، تەماشایەکی چاوی هەردی کردو گوتی:

هەر بەراستی تۆ کوشتت؟

بەڵێ هەر بەراستی من رەوانی جەهەنەمم کرد.

ئەفسەرەکە لە دلی خۆیدا تووڕە بوو.. بەلام دانی بە خۆیدا گرت و گوتی:

با بۆ دوایە بێت.. جا بۆ کوشتت؟

قوربان خودا گوتی بیکوژە.

لە کاتێکدا هەردی باسی خودای دەکرد، ئەفسەرەکە دەستی کرد بە پێکەنین و پێی گوت: تۆ چی؟

هەردی پێی گوت، من کوردم.

مەبەستم ئەوە نییە.. دەلێم موسولمانی.. جووی.. چی؟

شوکور بۆ خودا موسولمانم.
ئەفسەرەکە دەستی بەپێکەنین کردەوە
گوتی:
جا تۆ دەزانیت پێغەمبەر عارەبە؟ هەردی سەری نەوی کردو دەنگی نەکرد.
ها بۆ بێ دەنگی؟
هەردی هیچ جوابی نەدایەوە
باشە کە بێ وەلامی، پێم نالیی چۆن خودا پێی گوتی بیکوژە؟
هەردی سەری بلند کردەوەو چاوی زیت کردو گوتی:
بەلێ خواد دەلی هەرکەس هاتە سەرت بیکوژە. من نەچوومەتە سەرمالی کەس.. زۆردریم لەکەس نەکردووە، بۆیە خودا بەمنی گوت بیکوژە..
ئەفسەرەکە چاوی دەرپەراند بەهەموو هێزی هاواری کرد: رووتی کەنەوە..
بەچاو نووقانێك کارەکە کرا.. رووی لە ئاواییەکان کردو گوتی:
کامە ژن و مندالەکەیەتی؟
دەست بەجێ ژنەکەیی و هەردوو مندالەکەیان هێنا، روتیان کەنەوە..
ئەوانیشیان رووت کردەوە.
ئەو ناوە سەرتاپا بوو بەگریان و هاوار و پارانەوە.. فەرماندە هاواری کرد دەم کوتیان کەن. بوو بە بەزم و هووری لێ دان.. مندالە بچوکەکەی هیناو لەبەر دەمی هەردی بەزەویەکەی دادا.. مندالەکە تەماشای باوکی کردو نەگریا، هەردی چاویکی لە جگەر گۆشەکەی کرد.. فرمیسکیکی وەك مرواری بەسەر گۆنایدا هاتە خواری ئەفسەرەکە قاچی هینا لەسەر زگی مندالەکەی دانا، وردە وردە قاچی توووند دەکرد و پیدەکەنی، مندالەکە هەر ئەوەنە نووزەی ما.. مەمە لاستیکیکی بەملەوە هەلواسرابوو، لەبەرۆکی مندالەکەی کردەوە، لە لوولەی تفەنگەکەی خستو خستیە ناو دەمی ساواکە.. وردە وردە بەگریان کەوتە مژینی.. هەردی هەردوو چاوی نوقاندو سەری بەردایەوە تیی راخوری سەرت

بەرزکەرەوە، سەری بەرزنەکردەوە، بەدوان سەریان بلند کردەوە.. تەماشای کۆرپەکەی دەکرد، چۆن مەمکەکەی دەمژی، ئەفسەرەکە دەستی لیکیشاو میشکی پژاند هەردی تۆزیك دلی راچەنی.. کەس نەیدەویرا بپاریتەوە، چونکە زۆر پارانەوە، زۆریشیان لیدان.

ئەفسەرەکە بریاریدا بەهاری هاوسەری بینن، هینایان بەرووتی لەبەردەمی رایانگرت، کەوتە مژینی مەمکی و ماچکردنی.. هەردی هەردوو چاوی نوقاند. هەرچەندە کردیان هەلینەهینا، ئەفسەرەکە چەقۆیەکی تیژی هیناو گویی هەردی بری بەهار زیراندی، خوین بەبالای روتیا هاتە خواری، تیی راخوری چاوت هەلینە چاوی هەلنەهینا، مەمکی بەهاری بە چەقۆیەکی تیژ بری، هاواری لە هەردی کرد: هەردی.. چاوی هەلهینا بالای رووت و خویناوی بەهاری دی، دەهەژی هەموو لیوی خۆی خوارد، بەجاریك لیوی دەکرۆشت، بەتەواوی ددانەکانی سپی دەچوونەوە، ئەفسەرەکە تریقایەوە: ئاوا چاوت هەلبینە.. خیرا نوقاندیەوە، کورە گەورەکەیان هینا بەگریان لەبەر دەمی رایانگرت.. باوەشی بەباوکیا کرد، چاوی هەلهینا تەماشای کورەکەی کرد چۆن باوەشی پیاکردووە، خۆی زۆر بەبی دەسەلاتی دی، فرمیسکەکانی زیادی کرد، نەیتوانی ئازاری راگری بەجاریك ئەفسەرو سەربازەکان کردیانە پیکەنین سەربازەکە مندالەکەی لە باوەشی کردەوە،بەبەر چاوی هەردییەوە دەمانچەکەی هەلکیشاو دوو دەمانچەی لی دا. بەهار خۆی لەناو خوینی رۆلەکانیو هەردیدا دەتلاندەوە، خوینی مەمکی وەك کانی هەلدەقولا دەیلاواندەوە، فەرماندە بەهارو هەردی بەسەریەکدا دا..

دوایە زۆری تر لە ژن و مندال و پیاوەکان بەدەردی ئەوان چوون.

چلیان ئەو شەوە نەیتوانی بگاتەوە سەنگەرەکانی خۆیان.. زۆریش لە دوای گەران نەیاندیتەوە، بەیانی کەمیك دەست و قاچی خۆی بریندار کردو، چۆوە، ئەفسەرەکە پرسیاری زۆری لی کرد نەویرا راستی بلی.. گوتی:

من له شاخیکی زۆر بەرز بەربوومەوە، له چەند جیگاوه لەشی بریندار بوو، بروایان پی نەکرد.. لیژنەیەکیان بۆ پیك هینا نەیانتوانی زانیاریی لەوه زۆرتری لی وەربگرن، "چلیان" لەو رۆژەوه نەدەستی بۆ هیچ ئەبرد نەلە دووی کەس دەگەرا.

ریك کەوتبا خەلکی بدیایە چاوپۆشی لی دەکردن.. هەموو سەربازەکان گالتەیان پی دەکرد پییان دەگوت: بەربۆتەوە، ترساوه..

رۆژیك لەگەل چەند سەربازی تر دانیشتبوون هاوریی خۆی بوون.. هەموویان وینەی ژنه کوردەکانیان دەرهینابوو بۆ زەوق و رابواردن.. ئەویش دەریهیناو فرمیسکی بۆ وەراند، پییان گوت چۆن ئاوا گۆرا، سویندی دان ئەگەر بۆیان بگیریتەوه دەنگی ناکەن ئەوانیش بەلینیاندا، تەواوی راستییەکانی بۆ گیرانەوەو، گوتیشی بۆیه وینەکان فری نادات.. سویندیان داوه تاکو نەیباتەوه بۆ باوکی فرییان نەدات، زۆریان پی سەیر بوو ئاوا لەو کاتەدا سەربازیك دەست پیشمەرگه کەویت نەیکوژن.

کاروانی ژن و منداليان بەری کرد، هەر سەیارەیەك چوار پاسەوانی لەگەل بوو.. له ریگه ماوه ..ماوه مندالیکیان فری دەدا، له تۆبزاوه بەریکەوتن.. له نزیك سەماوه یەك له پاسەوانەکان ویستی ئازاد فری بدات، دایکی زۆر لیی وریا بوو، جاریکی تر هەولی‌دا بەلام دایکی نەیهیشت.. دەمانچەکەی هەلکیشا دایکی ئازادی کوشت و فریی دایه خوارەوه. ماوەیەکی تر رۆیشتن ئینجا ملی ئازادی گرت و تاکو هیزی تیابوو له پەنجەرەکەوه فریی دا لەسەر جادەکە کەوته تەقله لیدان له جادەکه لای دا کەوته لیوارەکەی، بی هۆش بوو، پاش ماوەیەك بەهۆش هاتەوه، سەیر ئەوەبوو نەمردهەردوو دەستی شکان.. سەری شکا.. خوین بەبالایدا ئەهاته خوارەوه، دەستی کرد بەگریان سەیارەیەك هات لەبەردەمی رایگرت، زۆری پرسیار لی کرد.. بەلام هیچی نەدەزانی، شوفیرەکه ناوی محمود بوو.. بردی بۆ سەماوه چوار مندالی هەبوو: "کونجی، عباس،

حسين، جاسم" هاوتەمەنی ئازاد بوون، ناوی خۆی دەزانی، بردیان بۆ دکتۆر، چاك بوو ماوەیەك لەوی بوو "سم سم" هەموو رۆژی بۆی بریبووەوە چوار جار لی دەدا ئەوانی دیکە لییان نەدەدا، محمود زۆری لی دەدا زۆریش جنیوی بەکورد دەدا، دایکی مندالەکان ناوی "وردە" بوو زۆری بەزەیی پیایدا دەهات، رۆژیك بردی لە بازار بەرەلای کرد.. بەگریان لەبەر دەمی مزگەوتیك راوەستا ئەوشەوە لە مزگەوت بوو مجیوری مزگەوت نانی دایە دوو رۆژ مایەوە مەلا زانی کە کوردە گوتی:

ئەمە نابیت لیرە بیت مالی خودا پیس دەکات، دەبیت ئەمرۆکە دەری کەن، بۆ کوی دەروا با بروات، مەلا دوای ئەوەی مندالەکەی دەرکرد، بانگی بە حەقی دا..

مندالەکە رۆیشت لەبەردەمی فرنییەك راوەستا و دەستی بۆ نانیك برد، خاوەنی فرنییەکە زانی کەکوردە زۆری لیداو زۆریش جنیوی بە کورددا، گوتی:

ئەم توتکە سەگە خودا دەزانی کوری چ تیکدەریکە، خودا دەزانی باوکی چەندان سەربازی عیراقی کوشتووە، ئیستا حەقە ئەمە سەری پان کەیتەوە، مندالەکە تۆزیك تیدەگەیشت.. لە کۆلانان دەگەرا سەری پربوو لە ئەسپی و خویناو بەسەریا هاتبووە خواری، وشك ببۆوە برین بەسەریەوە قەتماغەی کردبوو، زۆریش لەسەر شوستەی جادەکە دانیشت.. کابرایەك رەنگ نورانی هات و لیی پرسی: بۆچی دەگری، زانی کە کوردە- مندالی ئەو خەلکە ئەنفال کراوەیە- بردی لەگەل خۆی و زۆری خزمەت کرد، ئازاد پیی دەگوت باوکە.. ئەویش وەکو کوری خۆی بانگی دەکرد ئازاد برایەکی هەبوو ناوی فراز بوو، زۆریش جوان بوو، فراز ئازادی زۆر خۆش دەویست، لەگەل مالی حاجی حسنی هاوسی بوون، کەریمەی کچی زۆر خۆش دەویست رۆژانە ئەچوون بۆ بازار، باوکی تی گەیاندو داخوازیی بۆ کرد، کەریمەیان نەدایە فراز. مالی باوکی کەریمە زۆر هەولی ئەوەیان دا کە فراز لەناوبەرن. رۆژیك کاتیکی دیاری

كراويان دانا، سگبانی برای كەریمە ئاگای لەم كەین و بەینە هەبوو، بەدوای كەریمە كەوت، تا گەیشتە فراز لەگەل فراز بوو بە شەریان، فراز سەگبانی كوشت لەگەل كەریمە بۆی دەرچوون، مالی باوكی ئازاد تووشی دوژمانیەتی هاتن.. شەویك لە ناكاو مالی باوكی ئازاد باریان كردو رۆیشت، ئازادیان لەگەل خۆیان نەبردو پییان گوت: وا تۆزیك گەورە بووی دەتوانی بۆ خۆت كاربكەی، بالە بەینی دوو عەشیرەتی عارەب تیا نەچیت.

ئازاد جاریكی تر كەوتەوە جادەو كۆلانان، بەلام هیشتا نەیدەتوانی سەرودەروییەك دەربكات، چەند رۆژ هاتوو چۆی كرد ئیستا بەتەواوی كوردی لە بیر چووبووەوە، بەلام دەیزانی كوردە، ئەو رۆژەشی لە بیر بوو كە لە كونەكەی بەردبران گیرا، باوكیان كوشت و چۆن دایكیان لە ناو سەیارە كوشت، هەمووی مو بەموو لە بیر بوو، زۆر شەویان خەونی دەبینی چۆن دایكی ماچی دەكرد، دەستی بەسەروگوییدا دەهیناو چۆن دەیشووشت، باوەشی دایكی چەند گەرم بوو لە پر رادەپەری لەسەر جادەیەكی رەق و تەق، خەریكە لەبرسان دەمریت. جاریكی تر رووی لە مالی خوا كردو رۆژی لەوی بوو، كەس نەیزانی كوردە، مەلا لە دوای نویژ بانگی كرد: پرسیاری لی كرد، ئەویش لە سیر تاكو پیازی بۆ گیرایەوە، مەلاش دەستیكی بەریشی داهیناو بڕۆی تیك نا، تەماشایەكی كردو سەیری چاوی مەلای نەكرد.

لیی پرسی كە نویژ دەكات؟

گوتی: نازانم.

مەلا لەبەر خۆیەوە گوتی:

كافرە، كافرە، موسولمانیان تیا نییە.. موسولمان بوونایە، سەرۆكی حەق، سەرۆكی رەوا ئاوای لی نەدەكردن، ئاخر لەوەتی عیراق بۆتە دەولەت، سەرۆكی وا حەق و راستی بە خۆیەوە نەدیوە، ئیستاكە لە خۆیەوە بریاری ئەنفال نادات، دیارە دەیزانی: كافرن..كافرن، مەلا لە كاتیكدا لەبەر خۆیەوە دەیپرتاند،

له دلی خۆیدا دەیگوت: بۆ ئەمە نەدەمە دەست دەولەت، خۆ ئیستا ئەمە وەك باروت وایە.. ئاخر ئەمە خەتەرە دەرچی.. جا بۆ دەرچیت! موویەك لە بەراز ببیتەوە هەرباشە.. مەلا هیشتا لە دلی خۆیدا ساغ نەبۆوە، پاسەوانی مزگەوت خۆی کرد بە ژووردا بەمەلای گوت: کورەکەت بۆ خۆمان خۆش سەیارە لیی‌دا.

مەلا ئازادی لە بیر چوو بەهەلەداوان بۆی دەرچوو، ئازاد دەتگوت: ناودلی خویندەوە.. لە دوای وی ئەویش مزگەوتی بە جی هیشت. خەریك بوو درەنگ دابی لە گۆرەپانیکی بچووك دا "زبلدانیك" هەبوو، چوو لەبەر دەمی راوەستا، بەم لاو بەولای خۆی دا رووانی سەری لەبەر خۆی ناو کەمیك بیری کردەوە، دەستیکی بۆ دەمی برد، سەیریکی ناو پیساییەکەی کرد، چەند گویچکەنانیکی لی بوو تازە فری درابوون زۆریشی برسی بوو هەلی گرتەوە، کەوتە خواردنی زۆر تامیکی ناخۆشی لیدەهات، دووجار هیلنجی هاتی خەریك بوو برشیتەوە، کەمیك لە خواردن راوەستا زۆری لە خۆی کرد، دەستی کردەوە بە خواردن لە گەل خواردنەکەدا هەردوو چاوی دەنوقاند.. بیری کردەوەو هەناسەیەکی قوولی هەلکیشا.

چوو لە سوچیکی زبلدانەکەدا شوینیکی بۆ خۆی ریکخست زۆری سەرمابوو.. تازە چاوی چووبووە خەو لە پر لە مرەی سەگیك راپەری، سەگیکی رەش لەگەل تاریکیی شەو فەرقی نەبوو.. لیی هاتە پیش چاوی سوور دەچووەوە.. زۆریش لیی چووە پیش، شەوانە سەگە رەش لە وی دەخەوت، ئیستا جیگەی گیراوە. رەشە چاوی زەق کردەوەو ددانەکانی لە جیرە وەبردن لیك بەم لاوبەولای دەمیا هات، هەردووك پاشۆی چەقاند هەردووك دەستی بۆ پیشەوە برد.. ئامادەبوو بۆ شەر مندالەکە کەمیك زووکایەو، سەگەکە کلکی بۆسەر پاشووی بەرز کرد بەقاچی کەوتە زبل هەلکۆلین و هەرەشەکردن وشەی کونی لووتی وەك مار دەیوەشاند، کەمیکی تر کشایەوە سەگەکە چووە پیش، دیار بوو کە نیازی شەری هەبوو، ئازاد یەك بە خۆی هاواریکرد، سەگەکە زۆر

بەزەیی بە ئازادا هاتەوە.. سەری ئەوی کرد کلکی لەناو گەلی ناو بۆنی بە قاچیەوە کرد، دووجاریش قرووسکاندی بەرامبەر بەمنداڵەکە چاوی نووقاندو هەڵهینایەوە، زمانی بەم لاو بەولای دەمیا هینا، منداڵەکە دەستی بەپشتیا خشاندو گوتی:

دەوەرە هەی مەلات بە قوربان بیت. کسۆکەکە لە تەنیشتی ئازادەوە لیی پال کەوت، خۆی خرکردەوەو سەری خستە سەر هەردوو دەستی.. ئازاد وەك ئەوی کرد، پشتی بە پشتیوە نا..

بریاری‌دا کە ئەم جارە هەرکەس بیباتەوە نەلی کوردم.. ئەم کوردە سەر ئیشەی زۆر بۆ دروست کرد، هەردەبوو خۆی بشاریتەوە، چی دەبیت ئەگەر باسی نەکەم باشتر وایە.. دەلیم دایك و باوکم نەماون، ئاوارەو دەربەدەر بووم.. باشە ئەم کوردە چییە ئەوەندەیان رق لییەتی؟

مەلا دەیگوت کافرن.. باشە کافری چی‌یە؟

ئازاد هاتەوە بیری: باوکی فراز نویژی دەکرد ناوی خودای دەهینا.. چاوی نووقاند دایك و باوکی هاتەوە یاد، وەك باوکی فرازیان دەکرد، باشە خۆ لە دییەکەی وانیش مزگەوت هەبوو.. مەلا هەبوو، مەلای ئەوی لەکەس تورە نەدەبوو، کەسی دەرنەدەکرد.. بانگی دەدا.

لە خۆی پرسی باشە کافر یانی چی؟

زۆر بیری فرازی دەکرد، فراز زۆری خۆش دەویست ئەوان وەك دایك و باوکی راستی وابوون.. لەسەر شۆستەیەك کروشکەی کرد خەوە نوتەکەی بوو. زۆریش ماندوو بوو، چاوی دەنووقاندو هەڵئەهات. برژانگی بەیەکەوە نووسابوون.. دەمو چاوی لەبەر چلك دیارنەبوو زۆری بەزەیی بە خۆیدا دەهاتەوە، دەستی کرد بەگریان کابرایەك هات دەستی بەسەرو گوییدا هیناو لیی پرسی: بۆ دەگری؟

سەرەتا خەریك بوو.. مووبەموو هەمووی بۆ بگێڕێتەوە، بەلام هەرزوو بەبیری هاتەوە كە بڕیاریداوە دەنگ نەكات، گوتی، دایك و باوكم نییەو بێ كەسیشم، هیچ كوییەك شك نابەم بچم بۆیە دەگریم، كابرا توزێك داماو سەیری كرد؛ بێ پێلاو دیژداشەیەكی دڕاوی لەبەردایە زۆر بەزەیی پیادا هاتەوە.

گوتی: ئەگەر من بت بەم لەگەل من دێی؟

كەوای گوت ئارامییەك بە دلیا هات، چونكە زۆر كەس پرسیاریان لێ دەكردو بەجێیان دەهێشت..

گوتی: ئەی بۆ نایەم، دەستی گرت و ڕۆیشت، كابرا خەلی رومادی بوو لەگەل خۆی بردی لە دێ كردی بە شوان، دوو كوری هەبوو بەردەوام ئازاریان دەدا وازیان لێنەدەهێنا. نزیكەی سالیك دەبوو لەوی بوو، ڕۆژێك كابرا بانگی كرد پرسیاری زۆری لێ كرد، لە دایك و باوكی چۆن مردون دایكی زوو مرد؟ ئەوەی بەسەری هاتبوو لە سیر هەتاكو پیاز هەمووی بۆ گیرایەوە، كابرا ئەگەرچی رقی زۆری لە كورد دەبۆوە، بەلام ئەوەی كردە بیانوو، گوایە درۆی لەگەل كردووە لە مالی دەری كرد.

جاریكی تر دەربەدەر بۆوە كەوتە سەر جادەی چۆل، لەسەر جادەی رومادی فەلەوجە دانیشت چیلكە داریكی بە دەستەوە گرت و لە ئەرزی دەوەژاند. ئیستاكە كەمیك گەورە بوو بوو ڕووی لە ئاسمان كردو گوتی:

خودایە لەسەر ئەم دونیا پان و بەرینە جیگەیەكت نییە كە كوردیكی ئاوارەو دەربەدەری تیابژیت، ئەگەر بۆت نەدەكرا كونیك بدەی بەمن تیابژیم، بۆچی منت هێنایە سەر ئەم دونیایە؟!

وردە وردە لەگەل خودا قسەی دەكرد.. غەریبی هەستاو كەوتە گریان، بەرادەیەك دەگریا كە لە ئەو هەموو ناخۆشییەی بەسەری هاتبوون. ئەوەندە نەگریابوو، جاران كە دەگریا نەیدەزانی بۆ دەگریا؟ بەلام ئیستاكە دەیزانی بۆ دەگریا. ئازاد ملی ڕیگەی گرت، بەرێگەدا ڕۆی چەند كات ژمیریك بەرێگەدا

رۆی، لە دوورەوە مالیکی دی لە مالەکە لای‌دا نیوەرۆ لەو مالە نانی خوارد، زۆریش بەخیرهاتنیان کرد، شینابیان هەبوو، پیریژنەکە گوتی:

دەچی بۆ کوی؟ دەچم بۆ کریکاری پیریژن گوتی:

کەوایە بۆ نایەی چەند رۆژ لە مالی ئیمەیش کارمان بۆ بکەیت پارەشت دەدەینی، ئەویش زۆری پی خۆش بوو. چەندرۆژیك کاری کرد.

رۆژیك لەگەل کورەکەیان سەیری ئەلبوومی کرد وینەی زۆری تیابوو.. ئەو لەو هەموو کەسانەی دەیبینین ئەو جل و بەرگانەیان لەبەردانەبوو، وەك خەو بەبیریدا دەهات: کە دایکی لەم جۆرە جل و بەرگەی لەبەر دەکرد، چاوی لەسەر وینەکان هەلنەدەگرت، وەك ئەوەی گفتوگۆی لەگەل بکەن، یەك یەك لە وینەکان هاتنە دەری‌و بەرەو ئاو هینان بەریکەوتن بە کوندەو سەتلەوە یەك لەوانەی دەچوو بۆ ئاو هینان دایکی بوو لە دواوە لچکی کەواکەی گرتبوو رایدەکیشا بە گورگە لۆقە بە دوو دایکیا رای دەکرد جارجار لچکی کەواکەی دەردیناو دەستی دەگرت تاکو دەچوونە سەر ئاوەکە.

لە خەیالدا گوم بوو نەیدەزانی دەستی کردبوو بە گریان، هەموو ئەندامانی مالەکە لیی گردبوونەوە، پیریژن رایدەوەشاند کە بۆچی دەگری، نەیانزانی، ئەلبوومەکەیان لە ژیر دەستی دەرهینا.. راپەری و هاتەوە هۆش خۆی.. جا کارەساتەکەی بۆ گیرانەوە پیریژن کوریکی لە ئەنفالەکەدا کوژرابوو، ئەو وینانەی لەگەل لاشەکەی‌دا بۆ هاتەوە، لە رقان نەیدەفەوتاندن هەر کاتیك بیری کورەکەی دەکردەوە لە دوای نویژ دەکەوتە سەرو گویلاکی وینەکان.. پیریژن کەوتە سەرو گویلاکی بەداریك، ئازاد ئەوەندەی پارایەوە.. زۆری لی‌دا کورەکەی دەستی گرت گوتی:

دایە ئەمە چ تاوانیکی هەیە، کوری تۆ کوژراوە، پیریژن خیرا خیرا دەیگوت: فەرق ناکات ئەمە لەو گاورانەیە..

کورەکەی سەری لە بەرخۆی ناو بی دەنگ بوو لە دلی خۆیدا گوتی:

کورەکەت چووە ئەم ژن و منداڵانەی کوشتووە دەربەدەری کردوون، دیارە کەسیك ئەمە بکات دەشکوژری.. بەدایکی گوت: دایە بینە هەقی خۆی چییە بیدەری تاکو باوکم نەهاتۆتەوە بابروات، کورەکە ئەو چەند رۆژە لە گەل ئازاد بوو بە هەوری، دەیزانی ئەگەر باوکی بیتەوە دەیکوژی، بۆیە دەیویست زوو بەری بکات، دایکی هیچی نەدایە.. کورەکە کەمیك پارەی پی بوو دای بە ئازادو پیی گوت: لە هیچ شوین مەلی من کوردم، با نەتکوژن جاریکی تر ملی ریگەی گرتەبەرو رۆی، نەیدەزانی چی دەکاو بۆ کوی دەچی.

دەرۆیشت و لە رۆین نەدەکەوت، هەزاران سەیارە بەتەکیا رەت دەبوو هیچیان بۆیان رانەدەگرت تینوویەتی زۆری بۆ هینا لە ریگە توشی جۆگە ئاویك بوو، لەسەر ئاوەکە دانیشت دەستی بۆ ئاوەکە برد، کەمیکی لە دەست کردو بۆ دەمی برد، دەتگوت زەهری مارە، خەریك بوو درەنگ دابی لەسەر جادەکە دانیشت و سەری لەبەر خۆی نا.. پۆلیك قەتی هاتن لەولایەوە نیشتن چەند جاریك خویندیان و هەستانەوە لە قەراغی جادەکە فسۆسیك هاتە دەری.. هەردو دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە لیوی سەرەوەی بەرزکردەوەو ددانی دەرکەوت جاریکی تر وای کردەوە.. لە جیگای خۆی هەستاو چو لەدیار فسۆسەکە دانیشت لەتەك کونی فسۆسەکەوە کونیك هەبوو لە ناوەوە ئەبوون بەیەك، ماریك سەری دەرهینا زمانی سوور دەچۆوە. لە ژوورەوە بەچکەی فسۆسەکەی خواردبوو، ئازاد مارەکەی کوشت لە دەرکی کونەکە دایناو گەرایەوە جیگەی خۆی دوای کەمیك فسۆسەکە هاتە دەری چاوی بەمارەکە کەوت تۆپی بوو، هات ساتیك لەبەردەمی ئازاد راوەستاو سەیری چاوی کرد، دیاربوو سوپاسی کرد، بۆیەکتریان روانی، گەرایەوە کونەکەی خۆی پیشەی هەر گریان بوو، سەیارەیەك هات لەبەردەمی رایگرت، پرسیاری لی کرد، ددانی بەخۆیدا گرت و نەیگوت کوردم، بردی بۆ تکریت لەوی کردی بە شوان، پاشان

پرسیاری لی کرد ئەویش وەکو جاران موو بە موو هەمووی بۆ گیرایەوە، بی دەنگ بوو. چەند رۆژ پاش ئەوە تەرمەکەیان لە لیواری جادە دۆزیەوە.

هیشتا، رۆژ بالیکی مابوو هەلۆکان بەسەر سەرماندا هاتن.. هەلۆ مل بەزنجیرەکە هات لەسەر شانم نیشت قاچی راستی شکابوو.. لچکیکی پشتینەکەم دراند و بۆم بەست، ستار گوتی باشتر وانییە برۆین، چووین لە شیوی (زنجی) لە پەنا گسکە زۆرەکان ئەشکەوتیك هەبوو، خۆمان لی بەئەرزدادا لیی خەوتین

# بەشی حەوتەم

کاتێك باوکم شەهید کرا، من منداڵ بووم ماڵی خاڵم لە کەرکوك بوو، دوایی پرسەکە ماڵی ئێمەیان بارکرد بۆ کەرکوك، چەند ساڵێك تێپەری، یارمەتی داین، کەلاوە خانوییەکمان کری، وردە وردە لە قوتابخانە رۆژم بەسەر دەبرد، لە پشووی هاویندا لەگەڵ خاڵم لە دوکاندا کارم دەکرد، زۆر زۆر نەبوونیمان پێوە دیار نەبوو. پاش شکست پێشمەرگە لە چیاکان دەرکەوتن، وردە وردە خەڵکی دەستی بەکاری رامیاری کرد، من لەگەڵ یەك دوو گەنجی هاوتەمەنی خۆم تێکەلاویم پەیدا کرد...

زۆر هەرزەکارانە کارمان دەکرد، کەسیش رێنمایی نەدەکردین زوو زوو هانیان دەداین، رۆژێك گەرامەوە ماڵەوە دوای کەمتر لە دە خولەکی پێچو "أمن" لە دەرکەیان داین، دەرکەیان کردەوە بێ ئەوەی پرسیارم لێ بکەن یان بهێلن خۆم بگۆرم، باڵ بەستیان کردم... پێنج مانگ لە ژێر ئازاردا بووم نەمدەزانی لە کوێم، لە دوای ئەو ماوەیە کە بۆخۆشم بەبیرمدا نەدەهات ئازادیان کردم، لە نیوەی شەودا لەبەر دەرگای خۆمان بەرووتوقووتی فرییان دام.. بە لۆژە، لۆژە لە دەرگام دا، دایکم لێی کردمەوە، لە پێشدا نەیناسیم خەریك بوو دایبخاتەوە، هاوارم کرد منم... دایکە دلۆڤانم، کە ناوی خۆم برد، لە خۆشیان قیژاندی

هەردوو براو خوشکەکەم  لە خەو هەلسان لە دوورەوە باوەشیان بۆ گرتمەوە، تاکو بەیانی نەئەوان خەوتن نە من توانیم لەتاو ئازاری گیانم بخەوم.

چەند رۆژ لە مالەوە دەرنەچووم برینەکانم تیمارکرد، تا بەتەواوی ساریژ بوون، دەمزانیچاوەدیریم لەسەرە تۆزیکیش خۆم لە هاوریکانم دوور گرت، بەشەوان یەکمان دەبینی، رۆژیك بیرم کردەوە ژیان ئاوا ناچیتە سەر بریارم دا شار بەجی بهیلم. کەمیك خۆم کۆکردەوە.. دایکم زۆر هەولیدا بەلام دەمزانی ئەگەر نەرۆم ناژیم.

زستانیکی تەرو بەهاریکی ووشك.. زۆر سالان واریك دەکەویت لە زستاندا بارانیکی زۆر دەباریت. بەهاران ناباریت، ئەو سالە لە دوای نەورۆزەوە باران کەم باری، بەلام زۆر کاری لە گژوگیا نەکرد. ریگەی لادیم گرتە بەر.. ئەو لادییەی بەمندالی  چاوم بۆ ژیان تیاهەلهینا، ژیان زۆر سەیرە! من سەردەمی مندالیم لەو گوندە زۆر بەناخۆشی دەگوزەراند.. هەمیشە دەربەدەرو ئاوارە بووم، کەچی دوای  چەند سال ئەو نەزرگەیەم جیهیشتبوو، کە خەونم دەدی خەونم بەلادیوە دەدی ئەوجا دەمزانی نیشتیمان چەند شیرینە..

لە هەورازەکەی شانی دارەکە سەرکەوتم رووەو چاکی بایز شۆر بوومەوە، بەرانبەر بەچاك دانیشتم، کچگەل شاییان دابەستبوو، کەوتمە یادی مندالی ئەو کاتەی باران نەدەباری وەك ئیستا، "بووکە بەبارانە" مان دەکرد، مندال و کچە عازەبەکان، هەندیك جار لاوەکانیش دەهاتن، دوای ئەوەی یەکەیەکە بەردەکانمان هەمووی ماچ دەکرد، کچ و کور دەستیان بەشایی دەکرد، ئیمەش بەچوار دەورەیاندا هەلدەسووراین، دوایی نانمان دەخواردو بەرەو مال دەبووینەوە.

سەرچاکی بایز پربوو لە زەردو سور، تاکو چاو بردەکا گردەکان لە گولا سوور دەچوونەوە، بۆن و بەرامەیەك بلاودەبۆوە،نەتدەزانی بۆنی کام گولەیە، گولەکان هەندە زۆر بوون لیك جیانەدەکرانەوە. بەدەستە چەپی چاکدا نیرگزە جار بوو،

لـه دوورەوه وەك بـەفر سـپی دەچـۆوه هــەر نــیرگزیك میشــەهەنگیکی لەســەر نیشـتبوو، کچـەکان دوای ئـەوەی لـه شـایی مـاندوو بـوون کـەمیك حەسـانەوه هەلسانەوەو ریزیان بەست، بۆ یاری "هیبب حانی". هەرکەس بدۆرابایه دەبـوو بەرانبەرەکـەی لــه کــۆل بکــاو لەســەر گۆرســتانەکەوه، هــەتاکو ئەوســەرو بیهینابایـەوه، ئامادەبوون بـۆ "هیبب حـانی" کراسـەکانیان توند لـەناو رانیـان گرت سمتیان.. دەرکەوت، هەر یەکە سەرپۆشیکی سپییان بەملیان دا دابوو.

لەکاتی یاریکردندا پرچیان له ژیر سەرپۆشەکانیانەوه شۆردەکردەوه، لەگـەل هەلبەزودابـەزی هیبـب حـانیدا بـەرزو نزمـی دەکـرد، زینـەتیکی بــه کچــەکان دەبەخشی، ئەوەی نەیتوانیایه زۆر هەلبەزیتەوه دەدۆرا.

تەماشای یەکە بەیەکەیانم دەکرد، هەموو کچەکانم لی دیار بوو، زۆریش دوور نـەبووم، ئـەوان منیـان نـەدیبوو مەلا بانگی نیـوەرۆیدا، نـان حـازر بـوو منیـش شۆربوومەوه هەموویان بەبینینی من سـەیری یـەکتریان دەکـرد، سـەلاموعەلیکم کردو راوەستام کەس نەیناسیم، تۆزیك شـەرمم کـرد، لەوەتـەی بارمـان کردبـوو نەگەرابومـەوه گونـد، هیچ کـام لەمانـەش سـەردانی ئیمـەیان نـەکردبوو، دایـك و بـاوکی هــەموویانم دەناسـی، زۆربـەیان خزمـم بـوون، ژنیکیـان لەگـەل خۆیـان هینابوو تاکو کچگەل لەبەزمی خۆیان نەبن، بەلکو ژنەکه چیشتیان بۆ لی بنـی.. تۆزیك لیم وردبۆوەو تەماشای کردم..

گووتی: کوره تۆ کوری خانەی لەمەر خۆمان نیت؟

بۆ ئەوەی وانیشان بدەم که نامۆ نیم و بۆ ئەوەی قسەم لەگەل بکەن، زوو وەلام دایەوه:

بۆ هەونیم..

بـەرەوەلا خۆیـەتی، بـانگی کـردن، وەرن کچگـەل خزمـی خۆمانـه، لـه پیش دا تەوقەی لەگەل کردم، پاشان کچەکانیش بەهەمان شیوه فەرمووبان کردم.

گووتم: دەرۆم بۆ ئاوایی

سویندیان خوارد، کە میوانی ئیمەی.

بەزەردەخەنەوە گوتی:

تۆ تازە پیلاوی غەریبیت لەم مالەی ئەمرۆمان داکەن.

ئیستا کاتی ئەوەیە دەست بەنان خواردن بکەین، کچیك لەناو کچەکان دەتگوت زەردە مارە، بەتوندی دەهات و دەچوو هات نانەبەرەکەی لە تەنیشت منەوە کردەوە، رایخست، تۆ ئەمرۆ میوانی منی، لەوانەشە ئیواری هەر میوانی ئیمە بیت، زۆرجاران باوکم باسی مالی ئیوە دەکات کە خزمی خۆمانن، منیش سەرم بەلاوە نابوو، بی دەنگ بووم، جگە لەوەی چیشتی برنجیان لی نابوو، هەرکەسەو بە ئارەزووی خۆی چیشتیکی تری هینابوو، کچەکە نانەبەرەکەی کردەوەو لە ناو قوتویەکی فافۆندا بەرمەشکەیەك کەرەی دەرهیناو دوای قوتویەکی تریشی کردەوە دۆشاوی تریی تیابوو، کەمیك هەنگوینیشی دەرهینا رووی لە من کردو گوتی:

چۆنت پیخۆشە ئاوا بەجیا یان تیکەلاو؟

دەنگم نەکرد، بۆ خۆی گوتی:

لام وابی تیکەلاوت پی خۆشە. رۆنەکەرەکە تازەیە، دەبینی بلقە دۆی بەسەرەوەیە، دۆشاوەکەش تازەیە هیشتا نەبۆتە سالیك، هەنگوینی کویستان وەك ئەم هەنگوینەی ئیمە خۆش نییە، باوکم بۆخۆی خزمەتی میشەکان دەکات هەموو سالی لەم دەمانەوە دەیانگوازیتەوە ناو رەزان، تام و بۆنی ئەو هەموو گولە جوانانە وەردەگرن، دەتۆ بخۆ بزانە چەندە خۆشە، دەستم بردو پارویەکم هەلگرت بەراستی ئەو وەسفەی ئەو دەیکرد زیاتری هەلدەگرت.

بەدەم نان خواردنەوە پرسی تۆ ناوت چییە؟

جوابم دایەوە: دلۆڤان دلۆڤان!

هەناسەیەکی هەلکیشا و گوتی:

ئەللا لەم ناوە خۆشە!

لەژێرەوە تەماشای دەکردم، زۆر شەرمم دەکرد، چونکە یەکەمین جار بوو ئەو هەموو کچەم دەبینی، دەوریان دابووم، چونکە لە قوتابخانەش زۆر تێکەڵاوی کچان نەدەبووم، سەرم لەبەر خۆم نابوو، کابان بانگی کرد:

هۆ کچی نەهیلی میوانەکەمان برسی بێت، دوایە خانەی دایکی گازاندەمان لێدەکات..

لەبەر خۆیەوە کەوگیرەکەی بەدەستەوە بوو، مەنجەلێك چێشتی بەپلاوی لێ نابوو، خەریکی دووەم بوو گوتی:

لالایم دایە بۆ خانە زۆر گەنج بوو، لیی قەوما تازە مێردی کردبوو، چوار مندالی بەسەر یەکەوە بوون، مێردەکەی زۆر لاو بوو، لە هەموو قەلاسیوکەدا کەسێکی وەك ئەو بەشان و شکۆی تیانەبوو، لەتەمەنی لاویدا شکایەوە شەهید کرا، خانەش چوو بۆ شار بۆ لای براکانی، شکور دەلێن زۆر باشن، سەیری کورەکەی بکە هەر لەباوکی دەکات، دەك خودا بۆ خانەی بهێلی.

دەمویست لە کچەکە بپرسم ناوی چییە و کچی کێیە؟ ئەگەرچی ئاگام لێبوو دەستە خوشکەکانی بەدزیەوە دایانە بەر تەعلیق، بەلام وەك خزم خۆی دینایە پێش لە هەوەلەوە بیرم کردەوە باجاری ناوی باوکی بپرسم

گوتم: باوکت ناوی چییە؟

لەخۆشیان زەردەیەکی هاتی و گوتی:

بۆ نازانی؟!

گوتم : چوزانم.

من کچی شێخ عەباسم، ئەو زۆر دێتە مالی ئێوە، دایکم بە رەحمەت بی تاکو مابوو زۆر باسی تۆی دەکرد، زۆر تۆی خۆشدەویست بەباوکتی دەگوت خالۆزا.. ناوی نیرگز بوو، سەرم داخست بیرم هاتەوە ئەو ژنەی بەمندالی پێی دەگوتم: دەتکەم بە کوری خۆم، دایکی ئەم کچە بوو، ئەویش کە دەیگوت، دەتدەمێ، ئەم کچە بوو، سەرم بلند کرد سەیری چاوەکانیم کرد دەدرەوشانەوە،

پۆل، پـۆل، گولـه ئەسـتێرەی لێ دەردەچـوو، خۆیـان دەکێشـا بـه چـاوی منـدا دەسمـالیکی کـوردەواری بەسەرسـەردا دابـوو سەرپۆشـیکی سـپی لـه ملـی ئـالاندبوو، هەورییـەکی لـه نیوچـاوانی بەسـتبوو گولـه سـوورەکەی هینـابووە سەرنیوچەوانی برژانگیکـی رەش و دریـژ، رەشـایی چـاوی وەك دوو کۆتـر لـه ناویا یاریان دەکرد، برۆی بەکەوانی بەسـەر چاویـا هاتبوونـەوە، گـەردنی دوو بست درێژ بوو چەند قله مووروی شینی کردبووه بن قورگەو لە ملی کردبوو، لەگـەل گۆشـتەکەی تیکـەل ببـوو تـاکو لیـی وورد دەبوویتـەوە زیـاتر ئاشـنای دەبووی، سەرم نەوی کردبوو ئەویش خیرا خیرا باسی خۆشەویستی دایکی بۆ دەکردم...

گوتی:

وەسیەتی لەلای باوکم کردووە... باسەکەی نەدەکرد، چی گوتـوە، دیـاربوو شتیکی لەبن زماندا بوو دەیویست بیلی بەلام له رووی نەدەهات. نانەکـەمان تەواو نەکردبوو هەوریك بەری ئاسمانی گرت نەتدەزانی سەری لە کوییـەو بنـی لـه کوییه، دایانـه چەپلـه ریـزان،هـا دیتتـان بووکەبارانەکـه کـاری خـۆی کـرد، هەورە.. خەریکه دەباری.. ئەویش هات وەلام و بەدەنگیکی رەوان گوتی:

وس بن چەتیوینه ئەوه پی‌و قەدەمی میوانەکەمانه خیری پیوه بوو.

یاللا ریزیان بەست بۆ سەر چاك، منیش وەك ئەوان ریز بووم، یەکە بەیەکە بەردەکانیان مـاچ کـردو بـه نیوچـەوانیاندا هینـا، پاشـان بـەردیکی رەشـی لـه هـەموان گـەورەتریان هـەلگرت، ئـەو بـەردەیان دەبـردو لـەناو ئـاوی مزگوتیـان دەهاویشت، دوای ئـەوە کەسـیك لـه هـەموو ئـاوایی هـەژارتر.. یـان سـەیدیان لەناکاو دەهاویشته ناو ئاوەکه لە نیتی باران.. چل شـەو بەردەکه لـه ئاوەکەدا دەما.. هیشتا له ماچکردنی بەردەکان نەبوینەوە بارانیکی بەتاو دایکرد، بەرەو مال بوینەوە، یەك دوانیکیان پرسیاریان لێ کردم کە دەچمە مالی کی؟

گوتم: ئێوه هەمووتان خزمن، لەلای هەریەکێکتان بم وەك یەك وایە، بەلام ئەچمە مالی کچەکان دایانە قاقای پێکەنین منیش سەیرم نەکردن، دیار بوو بۆخۆیان باش لەیەکتر دەگەیشتن بەیەك دەنگ گوتیان: دەمانزانی.. دەمانزانی.. دەچیتە مالی کێ وەنەبی نەمانزانیبی.. بەتەعلیقەوە بەیەکیان دەگوت، بەلی خزمی خۆی هەیە جا بۆچی ناچیت؟

منیش شارەزایی ئەو ژیانە نەبووم زۆرم شەرم دەکرد سەرم بەردابۆوە، یەکیکیان کە لە هەموویان زۆرتر باسەکەی نەدەبریەوە، تەماشایەکی منی کردو لیم نزیك کەوتەوە، بەزمانی گالتە ئامیزەوە گوتی: وەیش شەرمیش دەکات، سەرت بلندکە، کاکۆ سەر بلندکە خۆ عەیبەی تیا نییە قەی دی چی‌یە خزم لە خزم نزیکتر هەیە.. سەرم بلند نەکرد هەر دریژەی بەقسەکانی‌داو لەسەری رۆی، بەستەزمانە تازە هاتوۆە بۆنسۆی لەجەرگ دی، چەند غەریبە

ئەو کابانەی کە چیشتەکەی لی نابوو لیی هاتە پیش گوتی:

نەعە هەی چەتیوە، هەی قوز بۆگەن، ئەوە بۆ وازی لی ناهینی سەر لەسەر ئەو کورە هەلگرە. هەمووی دایانا قاقای پیکەنین، گوتیان دەبخۆ زۆرت پی خۆش بوو.. من بەشیوەیەك شەرمم دەکرد هەموو ئەندامەکانی لەشم دەلەرزی، لەبەر ریژنەی باران گەیشتینە پەرگەی ئاوایی، جیگایەك کەوتبووە سەر ریگەی کانی ژنان.

نەوجەوانان بەردەوام لیی رادەوەستان چاوبرکییان لەگەل گەورە کچان دەکرد، خۆم لە کچەکان جیاکردەوەو سلاوم لە کورەکان کرد، زۆر بەریزەوە جوابیان دامەوە دوای چاك و چۆنی پرسیاریان کرد زۆربەیان مندالی هاوتەمەنی خۆم بوون، یادگاری زۆرمان پیکەوە هەبوو، ئەگەر لە ریگەدا یەکترمان بدیبایە یەکترمان نەدەناسی، دیارە رەنگ و رومان گۆرانی بەسەردا هاتبوو، دوای چاك و چۆنی پرسیاری مالی شیخ عەباسم کرد، کە هاتم دایکم پیی گوتم نزیکترین خزمە لە ئاوایی بۆ ئیمە.. ئەو مولك و مالەی هەمانبوو لە

دەست ئەواندا بوو، بەگەیشتنم کلاو جەمەدانەیەکیان بۆ هینام دایانە دەستم، دیارە لە گوندا سەر رووت کردن زۆر شەرم بوو، لەهەوەلەوە نەمدەزانی جەمەدانە ببەستم، یان کە دەمبەست سەرم بە خرو دەهات، گەنجانی لادی شەوانە لە مالیك کۆدەبوونەوە بەیاری کالە مستینەوە زۆر یاری تری کوردەواری شەوانەیان بەسەر دەبرد، من قژیکی زۆر جوانم هەبوو نەمدەویست بیتاشم، شەویك لاوەکان هاتن لە دووم گوتیان مالی عبدالرحمان مندالیان بووە، دەچین بۆ شەوارە دەبیت بیی، چووم کە سەیر دەکەم چی لاوی دی هەیە لەوی کۆبونەتەوە، بەزمی یاری گەرم کرا، یەك دوانیك چرپاندیان بەبن گویی یەکترداو یەکیان گوتی:

کورینە من دەچمە دەرەوە ئیوە هیلکەیەك لە ژیر کلاویکدا بشارنەوە من بەبۆن دەیدۆزمەوە. هەندیك بۆ ئەوەی مەسەلەکە باشتر بەریوەبچی گوتیان:

تۆ ئەوەندە پیاو نیت هیلکە بەبۆن بدۆزیتەوە.

من گویم رادیرابوو بۆیان، دەمزانی فیلە بەلام نەمدەزانی چۆن.. دوان لە نیوان خۆیاندا خەریك بوو ببیت بەشەریان ئەو دەیگوت: دەیدۆزمەوە.

ئەوی تر دەیگوت: نایدۆزیتەوە.

سەرئەنجام ریك کەوتن ئەو بچیتە دەرەوە، ئەم لە ژوری هیلکە لە ژیر کلاو بشاریتەوە، هەرکامیان دۆراندی خواردنی ئەو شەوە لە سەر ئەو بیت، من لە ناوەراستەوە دانیشتبووم کورەکە کەوتە شاردنەوە سەر تا گەیشتە من هیلکەکەی لە بن کلاوی من نا بە فسکە گوتی:

سەرت داخە با رەنگت تیك نەچیت دوایی دەیدۆرینم، گوتم: خەمت نەبیت نەختیك چووە ئەولاتر، هیندە زیرەکانە بی ئەوەی بیلم کەس بزانیت، هیلکەکەم دەرهیناو خستمە ناو گیرفانم، ئەوجا تەواو کورەکە بە خۆ هەلکیشانەوە دەیگوت: بەخودا لە جیگەیەکم داناوە بۆ خۆشم نازانم، جا تۆ چۆن دەیدۆزیتەوە..؟ لاوەکان سەیری یەکتریان دەکرد پی دەکەنین، منیش کزەلۆکە

سەرم لە ژێر خۆم نابوو دەنگم نەدەکرد، کاکی جی هەلگر دەستی لە پشت قنگی ناو کەوتە بۆن کردن، لە هەر سەریك سی جار بۆنی دەکرد و کەمیك رادەوەستا، سەیریکی ئەولاو ئەولای دەکردو تەماشایەکی دەکرد.

وەستای حەشاردەر تووره بوو، راوەستە قایل نابم تەماشای دەکرد، دەتەوی بەچاو بیدۆزیتەوە؟! ئەگەر راست ئەکەی بە بۆن! زۆر جاری وا هەبوو خەریك دەبوو هیلکەکە بخەمەوە ژیر کلاوەکە، بەلام بۆ خۆم بەخۆم دەگوت: بی هۆ نییە، زۆری پی چوو تا گەیشتە من نەفەریکی مابوو لاوەکان بەچاو سەیری یەکتریان دەکرد.. بی دەنگ بووم.. کەمیك بۆنی کردو وەستا تەماشایەکی ئەم لاو ئەولای کرد، وەستا توره بوو، تەماشای مەکە، دوو جاری تر بۆنی کردو دەستی لە دواوە لیك کردەوە هینایە پیشەوە وە کیشای بەسەری مندا، ئەمەتە دۆزیمەوە لەگەل چەپۆکەکەی لەسەرمدا، بوو بەپیکەنین، هیچ خۆم تیك نەدا، گوتم: وەستا دۆراندی نەیدۆزیەوە، هەموو بی دەنگ بوون وەستا گوتی:

من لەسەر سەری تۆ دامنابوو.

گوتم: ولا نەمدیوە.

چۆن؟!

چاك؟!

کوریك لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو زۆر پی دەکەنی دیار بوو چاوەروانی ئەوەبوو زیاتر پی بکەنیت، لەگەل کچی مالەکەدا یەکتریان خۆشدەویست، بەرگی جەژنی لەبەر کردبوو، زۆریش گران دەیفرۆشت. هەستایەوە سەرچۆك گوتی:

ئەمە فیلە قبول نییە ئەبی بیشارنەوە ئەو هەستابووە سەرچۆك بی ئەوەی هەست پی بکات هیلکەکەم لە ژیر دانا.

گوتم: وەستا تۆ نەتگوت لە جیگەیەك دامناوە بۆ خۆشم پیی نازانم..

بە تورەییەوە گوتی:

خۆ گیل نیم لەسەر سەری تۆم دانا.

کورەکە قنگی دانایەوە قرمەی هیلکەکە هات، بەپر تاو هەستا کردی بەپرتە پرت، بوو بەپیکەنین، هەموو تیکرا دەیانگوت: جوعە هیلکەی کرد.، جوعە تورە بوو رووی کردە من و بە تورەییەکی شەرانیانەوە:

گوتی: هەتیو تۆ فریت داوەتە ژیر من.

چاوم سوورکردەوەو گوتم: بۆ هیلکە لای منە.. تاکو فریی دەمە ژیر تۆوە؟

گوتی: نە.. ئا.. بەلام..

بەلام چی؟

بەلام هەموومان دەمانزانی کە لەسەر سەری تۆی داناوە.

بەپیکەنینەوە وتم: کەواتە بۆیە لە ژیر تۆدا وەك بۆمب تەقی، کەمیك بەخۆ هەلکیشانەوە گوتم: فەقیرانە ئەوەی ئیوە دەیکەن لای من ئاشکرایە.

لەبەهاراندا جووتیارەکان گولە مەرمزەیان دەبری کچوو ژنی ئاوایی رۆژانە بۆ کاردوو کنگرو تۆلەکەو چەندین جۆری گیا دەردەچوون، زۆریان سوودیان لە جۆری گیاکان وەردەگرت بۆ دەرمان، ئەو گیایانەی بۆ دەرمان بەکاریان دەهینان باریزەو رەگە بەلەك و کاردوو شینە شاتەرە دۆبەسەرەو ریشە پیغمبەرانەو جاترەو ئەسپۆن و هەزاران جۆری تر لە بەهاراندا کاتیك باران دەباری لەسەر وەردو سوورکەکان لماویك وەك سابوون لووس دەچۆوە بەجی دەما، دوای دوو رۆژ ئەرزەکە دەقلشی کارگ سەریان دەردەهینا... لافاوی بەهار کە سوور دەبوو لە هەمولایەکەوە جۆگەکان دەچوونەوە ناو زیی دۆکان، لەگەل تیکەلاو بوونەوەی سوورە ماسیەکان بە جۆگەکاندا سەردەکەوتن، چەند رۆژ گرتنی ماسی دەوامی دەکرو، جووتیارەکان لەسەر کارەکانیان شقلە بەروویان ئاگر تیبەردەداو سوورە ماسیان لە پشتەوە شەق دەکرد تاکو دەبرژا بەهەر چوار دەوری خۆیدا رۆنی فری دەدا بۆنەکەی دەشتی پر دەکرد، لە دیار

ئاگرەکە دەستیان لیک دەخشاندو دەمیان ئاوی دەکرد، پاشان قورادەو خەرتەلە و قنجیلەو چەندان جۆر گیایان پیوە دەخوارد..

ئەوکاتـەی جوتیارەکـان لـە دەرەبەگـەکان رزگاریـان نـەبوو بـوو، جگـە لەوەی زۆربەی بەروبومیان بۆ ئاغاکان بوو ئەو نیچیرانەی راویان دەکرد دەبوو لـە پیشاندا بـۆ مـالی ئاغـای بـەرن، جا ئـەویش بەهەوەسـی گونـی خـۆی ئەگـەر شتیکی بەش بدانایـە.. لـە دوای یـانزەی ئـادار کـە بـەیانی ئۆتۆنۆمـی دەرچوو، لەزۆر شوین ئەوە کەمتر بوو لەبەهاراندا جوتیارەکان زۆرتر لـەوەی لەمالـەوە بـن لە دەشت و دەر بوون، بەهاران زۆر زوو باران دەباری و زوو زوو لیی دەکردەوە لە دوای هەر ریژنە بارانیك نەرمە هەتاویك پـەیدا دەبـوو، لـەو کاتـەدا هەنگـەکان گـولاو گولیـان دەکـرد ئـەو دلۆپـە ئاوانـەی لـە دوگمـەی گولـەکاندا بـوون هـەلیان دەمـژی و هەلالـەیان لـە قاچـە بچکۆلانـەکان دەئـالاند، لـە دوای بـاران تـەواوی جانەوەرەکان سەریان دەردەهینا دەبو بەزیکە زیك و چریکە چریك بەرخەگـەل لەوکاتـەدا کـە لـەدەرەوە بـوون لەبەر بارانەکە خۆیـان کروشـکە دەکـرد، لـە دوای باران کەمیك خۆیان دەتەکاندو دەکەوتنە باعـەباع، لەگـەل نـەرمـەی هەتاوەکـەدا پەلکە زیرینە لە هـەر چـوار دەور دەردەکـەوتن، لە هەمان کاتدا هەلۆش دەکەوتنە ئاسمـان و لەسـەر بـەردەنوك تیژەکـان هەلدەنیشـتن، راوە کـەرویشـك و ریویـان دەکرد.

قرتە قرتی لەق لەق لە دوای باران بالەکانی دەلەرزین خیرا خیرا پـەری کلکـی لیـك دەکـردو ئـاخر جـار هەلدەسـتاو لەسـەر دوکانـە شـتلیك هەلدەنیشـت، ئەوەندەی بۆی دەکـرا کەولـەی لـە خـۆی باردەکرد، بۆ هیلانەکـەی، لـەو کاتـەوە جوتیارەکان چاوەروانی لافاوی توو سوورەیان دەکرد، ئاخر لافاوی بەهار بـوو، لافاویك هەرچی دارو بەرد بوو لەگەل خۆی رایدەمالی جووتیارەکان بەقەلانگ و کۆلەکەو چوپ دارە گەورەکانیان دەگرتەوە لەسەر هـەر پارچە زەوییـەك لـە هـەر دەشتیك کە کەمیك لە چیا یان لە ئەشکەوت دوور بوایە چالیکیـان لیدەداو دوو

برکە داریان لەسەر دادەنا، لەوکاتانەی فرۆکە پەیدا دەبوو خۆیان تیا حەشار دەدا، رۆژیکیان لەسەرتای مانگی شەش لە کاتی هەرەوەزدا، زۆربەی کارەکان لەلادی بەهەرەوەز دەکران، دوو فرۆکەی شەرکەر پەیدا بوون، بارانکوت جووتیارەکانیان کوتا بیستو پینج کەسیان کوشت، زۆربەیان خاوەن ژن و مندال بوون چەند ژنی بە میردیشیان تیابوو.. کویخا رەحیم ..کۆنترین کەسی ناوچەکە بوو زۆر کارەساتی بەبیر دەهات شەری روس و تورك و ئەو گرانیانەی هەموو موو بە موو دەگیرایەوە ئەو دەیگوت من ئیستا تەمەنم سەدو بیست سالە، هەموو بەیانییەك بەقەد سەلکە پەنیریك رۆنی کوردی دەخۆم، ئیستاکەش شەش تەنەکە گەنم دەخەمە سەر پشتی کەر، دەتوانم چەند سەعات ریگە بەپی ببرم، لە ژیانمدا دکتۆرم نەدیوە، سی شەو سی رۆژ دانیشم شان دانادەم، کویخا رەحیم بیست ژنی هینابوو لە هیچیان مندالی نەبوو، زۆربەیانی بە ربە گەنمیك هینابوو، لە کاتی هاتنی تورکیا بۆ ناوچەکە دەیگوت: سەربازە تورکەکان دەچوونە گوندەکان بەزۆر دانەویلەیان لە جووتیارەکان دەسەند منیش دەچووم بۆسەم بۆ دادەنانەوە هەموویانم دەکوشتن، دانەویلەکەم بەشەو دەگواستەوە لە ژووری نووستن لە چالم دەنا کەس نەیدەدۆزیەوە..

سەدو دە کەسم کوشتوە لە هیچی پەشیمان نیم چونکە هەموویان بۆسەر هەژاران دەهاتن، زۆرم چەتەیی کردوە بەلام کەسم نەکوشتوە، لەوەیان پەشیمانم خۆ ئەگەر وانەبوایە نەدەژیام، ئەوەی بیتوانیایە چەتەیی بکات ئەوە پیاوبوو، لە ژیانمدا گوللەم بەخەسار نەداوە ئەگەر بۆ خۆم ویستبیتم چەند جار بەگرەو لە ئاسمان لە دەنوکی هەلۆم داوە، تەنانەت ئەوساکە وەك ئیستا تفەنگی چاك نەبوو، چەپەوانە بووم کەس نەیدەزانی تفەنگی دەستی من چیە، چونکە لە بنەوە دەستم بۆ میلەکەی دەبرد لە راستەی میلم رادەکیشا، جاریکیان جەندرمەی تورکی هاتن زۆریان لی پارامەوە وازمان لی بهینن، گوییان پینەدام گەران هەموو چالە گەنمەکانیان دۆزیەوە.

گوتم: بۆ دایکی خۆتان و سولتانتان ناگیم، لەو چەمەی عارەبە بۆیان دانیشتم، ئەوەندەی یەك و دوو تەواوم کردن تاکو کۆتاییان پێ نەهات نەیانزانی لە کوێوە تەقەیان لێ دەکرێت، تاقیان لە فیشەکێك زیاترم لێ نەدان، پاشان تفەنگەکانم دا بە خزمی ئاوایی و نەویران وەری بگرن، سوێندم خوارد گەنمەکەشتان نادەمەوە، دوان لە برسان مردن دوایە گەنمەکەم برابەش لێ بەش کردن، بۆ خۆم پەکم نەدەکەوت لە خەلکی خۆمانە کەس نەیدەویرا بێتە سەر ریگەم، چونکە دەیزانی ئەگەر یەکەم جار نەمکوژی ئەوا کاری کراوە، ئەو سەردەمە کەس نەیدەویرا پارە لە باخەلی هاویت، پارەی ئەوساکە لیرە بوو خەلك قووتی دەدا، ئەمە باشترین کیسە بەخەل بوو من ئەوکات زۆر جار لەگەل رەمەزان بۆ کارەکان دەچووم ئەو زۆر لەمن بەهێزتربوو زۆریش چاو نەترس بوو، دوای تورکیە ئەو قاچاغ بوو پۆلیس بۆی دەهات نانی لەگەل دەخوارد، لە دوای نان خواردن، خۆی ئاشکرا دەکرد، پۆلیس نەیدەویرا قسەبکات، دەچوونەوە لای باش چاوەش و دەیانگوت: دیار نییە.

تەنانەت جاریکیان پۆلیسیك کە ناوی هەمزە کەچەل بوو زۆریش بێ دین بوو، ئەو زۆر خەلکی لە ژێر داراندا دەکوشت، بریاری دابوو رەمەزان بکوژێ لیی دەپرسی تۆ رەمەزانی ناناسی؟

ئەویش ئەلی با، لە خۆم باشتری دەناسم!

ئەویش دەلی: کەوا بێ دەبێ لەگەلم بگەرێی تاکو ئەو جانەوەرە بکوژم، قەولم بەمیری داوە لەبن پەرەی هەورانیش بێ دەبێ هەر بیدۆزمەوە

رەمەزان دەلی: من ناوێرم لەگەل تۆدا بگەرێم دوایی رەمەزان دەمکوژێ، زۆری لەگەل دەکات دوایی پێی دەلی:

بەمەرجێك دیم دەبێت زۆرەبانییەك بگرین، هەمزە کەچەل لە ئەسپەکەی دادەبەزێ و قۆلی لێ هەلدەمالی پێی وا دەبێ کە گرەوەکە دەباتەوە، زۆر لە رەمەزان بەخۆوەتر بوو، گرەو دەکەن ئەگەر ئەو کەوت لەگەلی دەبێت هەتاکو

رەمەزان دەدۆزنەوە، ئەگەر نا لەگەلی نابیت، باوەش لە یەکتری دەدەن رەمەزان زۆر بەهیز بوو رایدەکوشی و تریکی پی دەکەنی، تۆزیك دەست شل دەکاو دەلی ئاوا رەمەزان دەکوژی، هەمزە کەچەل زۆر توورە دەبیت و دەلی تۆ فیلت لە من کرد، دووبارەی دەکەینەوە، پاشان دووبارەی دەکەنەوە، تریك دوان دەستی لی بەرنادات تاکو گوو بەخۆیدا دەکات، پاشان پیی دەلی: هەی سەگبابی پاشماوەی عوسمانی، بڕۆوە بۆ ولاتی خۆت رەمەزان بگرە! من رەمەزانم،، تفەنگەکەی لی دەسەنی زۆر دەپاریتەوە دەلی: بەمەرجیك دەتدەمەوە، ئەو ئەلقەی لە دەستم دایە سوری دەکەمەوەو تۆپی سمتتی پی مۆر دەکەم هەمزە کەچەل رازی دەبی، بیر دەکاتەوە کە تفەنگەکەی دایەوە دوو فیشەکی لێدەداو دەیکوژی، مۆری دەکاو میلی تفەنگەکەی دەردەهینی و دەلی دەبرۆ بۆ خزمەت ئاغات هەمزە دەگەریتەوە ناویری باسی بکات، تاکو لەلای وەستا شەریفیچەغماغچی چاکی دەکاتەوە.

لەمەوبەدوا هەمزە کەچەل بۆ رەمەزان دەرنەچوو و پاشان لەگەل خەلکیش رەفتاری گۆرا، کەس بەم نهینیەی نەدەزانی لە بازارو لە دوکان و تەنانەت لە چایخانەو هەموو شوینیك ئەمەیان زۆر لەلا سەیر بوو، کەسیکی وەك هەمزە کەچەلی لە خوانەترس بەئاشکرا بەرتیلی لە خەلکی وەردەگرت تەنانەت لەوە بەدواوە لەگەل هاوەلەکانی خۆشی قسەی نەدەکرد،، هەموو کەس دەیزانی ئەم ماستە موویەکی تیایە بەلام کەس راستی مەسەلەکەی نەدەزانی لەو کاتەوە ئیتر حسن گاور تکریتی کەوتە خۆی، حسن گاور زۆر شتی لە بارەیەوە دەگوترا، دەیانگوت: ئەو سەرەرای ئەوەی لە دەشتیك لە دایك بووە بەلام شاخەوانیکە تاکی نی‌یە، هەندە بەپاریزە تەنانەت کەس ناتوانی ئاگایی لێبیت کە لەتەکیدا دانیشی، چەند جار گوارەی لە گوی‌ی ژنان دزیوە بی ئەوە بیلی بەخۆی بزانیت، هەردەمەی بە جۆریك باسی دەکرا دەیانگوت ئەو زۆلە لە باوکی خۆی نییە، زۆر جاران دەیانگوت دوورەیە وەختی خۆی دایکی دوکانی

هەبوە، ئەو کوردانەی لەگەڵ عارەبەکان ئالوگۆڕی شتیان پێکەوە هەبووە یەك لەوان لەگەڵ دایکی ڕێك کەوتووەو حسن لەو پیاوە کوردەیە، بۆیە پێیان دەگوت دوورە، زۆر هات و چوو تاکو ڕۆژێك لە دەم ڕووبار تەرمەکەیان دۆزیەوە، کەس نەیزانی کێ کوشتی! ڕەمەزان دەیگوت: من ئاگام لێ نییە، میری لێبووردنی دەرکرد خۆی دا بەدەستەوە، قایمقام زۆر پرسیاری لێ کردبوو لەبارەی همزە کەچەلەوەو حسن گاورو کوژرانی بەدەستی ئەو، ڕەمەزان گوتبووی همزە ناناسم بانگی کەن کە بانگی دەکەن، دەڵی: همزە گوکەر دەڵێن، ئەوە چەندجار دیومە نەویراوە قسە بکات، قسەکان دەگێڕیتەوە همزە سوور هەڵدەگەری و ملی بەلاوە دەنی لەبەردەمی قایمقام وا ڕاوەستابوو، دەتگوت بتە قایمقام قسەدەکات همزە دەنگی دەرنایە. چەند جار توورە دەبی سەگباب قسەبکە، قسە نییە، ڕەمەزان دەڵی من بەمندالی هەمزەم دەناسی شایەد بەو شایەدەی مۆریکی بەسمتەوەیە، ئەوە، دەڵی هەمزە دەست دەکات بەگریان و دەڕوا ئێستاش کەس نەیدۆزیەوە...

ئەو ڕۆژی تەرمەکان کەوتبوون دییەکانی دەورو بەر بەهاواریانەوە هاتن، کە هاتن بەسەر کۆمەڵێك کەلاکی مرۆڤ داکەوتن، پلووسکی خوێن لە لەشیان دەرۆیی لەگەڵ جۆگاکان تێکەڵ دەبوو، تەنانەت هەندە زۆر بوو جۆگاکان دەڕژانە ناو ڕوبارەکەوە ڕەنگی ڕووبارەکە، هەندە سوور بوو دەتگوت: چەند ساڵە ڕووباری خوێن دەڕوا، ئەو جێگەیەی جۆگەکان پێیدا ڕەت دەبوون، بەئاوی گۆڵە مەرەزەدا پێچاوپێچی دەکرد، ئەو ساڵە بۆ دەرمانیش ئەری بۆ دەرمانیش یەك دەنکە چەڵتوك نەڕوا، بەڵام لە ناو هەر گۆڵە مەرەزەیەك دا داریکی ڕەنگ سوور... بەرادەیك سوور کە لە خوێن دەچوو، کەس نەیدەویرا لەو دارە گەڵایەك لێبکاتەوە لە جێگەیدا خوێن دەچۆڕا...

بەهار بەرەو تەواو بوون دەچوو گەنم لە بۆق پاك ببۆوە، ڕۆژێك باوکی ئەڤین گوتی:

دەبێت یاریدەمان بدەی ئەمڕۆکە دەچین گوڵە پرۆزە دەکەین، من تا ئەوکاتە نەمدەزانی گوڵە پرۆزە چییە. پرسیارم کرد: جا گوڵە پرۆزە چییە؟

تۆزێك گرژیەوە سەری بەرزو نزم کرد، کورم قەرەخەرمان. گەنمە بەسەوزی درەوی دەکەین و ئاگری تێبەر دەدەین دەبێت بە بریشکە، دوای دەیکوتین و بەدەستار دەیهارین، پاکی دەکەین و قاوتەکەی لێ جیادەکەینەوەو درشتەکەشی بە گۆشتی کەرویشکەوە دەکولێنین، یان ئەگەر میوانێکی زۆر خۆشەویستمان هات بەرۆنی خۆمالیەوە بۆی لێدەنێین.

ئەڤین هەلیدایەو گوتی:

بۆ دلۆڤانیشی لێدەنێین؟

باوکی گوتی:

جا کچم ئەمە قسەی لەسەرە، ئەڤین تەماشایەکی کرد منیش شەرمم کرد سەرم بەردایەوە.

گوتم: باشە من لەوێ چ کارێك دەکەم؟

گوتی: بابڕۆین خودا کەریمە.

ئەڤین بەچاو تێی گەیاندم لەوێ تۆ یارمەتیی من دەدەی. لە ڕاستیا بۆ هەر کارێك ئەگەر پێشم نەکرایە بەلام ئەڤینم لەگەل بوایە پێم خۆش بوو..

داس و داس مەلۆ؟ شەنەو سیکلیان ئامادەکرد، گوریس بەهێچکەوە بەرەو دەشتی بانە بۆران بەری کەوتین، دەبوو تۆزێك درەنگ بڕۆین نەبادا تەیارە لە ناکاو بێت، گەیشتینە قایمەی گەنم باوکی ئەڤین بەداسیکەوە کەوتە دووڕینی گەنمی شین، تاکو توانیی درەوی کرد، ئەڤینیش بەگوریس کۆیدەکردەوەو بەکۆڵ دەیبرد لە ناوچیمەنێك کە هەر چوار دەوری سەوز ئەچۆو، بەریز دایدەنا، هەموو گوڵەکەی لەلایەك لاسکەکەی لەلایەك، ئاگرمان تێبەردەداو گەنم برژا پاشان گوتیان جا نۆرەی تۆیە، سیلکیان دایە دەستم گوڵەکان کۆبکەمەوە.

دوای چەند ڕۆژێك ئەڤین گوتی:

دلۆڤان ئەمرۆ بەملاولادا مەرۆ، گۆشت کەرویشکم بۆ لێناوی دەزانی بەچییەوە؟
گوتم: نا
پێکەنی، دەباشە زوو وەرەوە، کەس لە ماڵەوە نییە، حەزدەکەم تۆزێك پێکەوە دانیشین...
هێشتا مەلا بانگی نەدابوو چوومەوە ئەڤین خەریك بوو رۆن و پیازی سوور دەکردەوە بۆسەر کەلاوەی گۆشت.. نان حازر بوو دوو بەدوو دانیشتین، زۆر یەکمان خۆشدەویست بەلام بەزار هیچمان باس نەکردبوو ئاشکرامان نەکردبوو، زۆر شەرمم دەکرد، زۆر ئارەزووم بوو ئەڤین بۆ خۆی سەرە داوێك بکاتەوە، لەبن بیلاییەك دانیشتبووین، گوێمان لە جووکەی پاساری و باعە باعی بەرخ گەمەگمی کۆترە باریکە راگرتبوو، کۆترە مالییەکان دەفرین و بەتەقڵە دەنیشتنەوە سەر کۆشکە بلندەکەی بەردەممان، هێلانە لەق لەقیکی پێوە بوو، لە لەق لەقکە رامابووم، تەماشام دەکرد بەدەنووك هێلانەی دروست دەکرد، پەرەسیلکەیەکیش بەدەرکەی ژوورەکەوە هێلانەی دروست کردبوو، جارجار بەجیرە خۆی دەکرد بەژووردا و دوو دڵۆپ قوری بۆ سەر هێلانەکەی زیاد دەکرد، لەگەل هەر جیرەیەك کلکی لێك دەکردەوەو قورەکەی رێك دەخست، کەمێك ئارامی دەگرت و پاشان هەلدەفریەوە.. قومرییەك لەسەر دار تووەکەی بەردەممان لەحەوشە دابوو دەیخوێند، کوکو، کوکو، کوکو، کۆترە مالییەکان جارێکی تر فرین و نیشتنەوە، ئەڤین سەری گوریسی کردەوە، دلۆڤان سەیری ئەو کۆترانە بکە چۆن دەنوکیان لەناو دەنوکی یەکتری ناوە، ئەوە یەکتریان خۆش دەوی.. خەریك بوو بلی وەك من و تۆ دوایی شەرمی کرد، نەیگوت.. منیش سەرم بەرزکردەوەو سەیریکی کۆترەکانم کرد، لە دوای کەمێك گمەگم دەنوکیان لەناو دەنووکی یەکتر دەنا...

سەیریکی ناو چاوی ئەڤینم کردو سەرم داخست ئەویش تەماشایەکی کرد، شتیك کە دەبوو بگوترێ لە چاوەروانیدا ماوەتەوە، هەردووکمان چاوەروانی یەکمان کرد.

ئەڤین گوتی: دلۆڤان.. دەبلی.

سەری داخست.. دووبارە گوتم: دەبلی.. حەزدەکەم کە تۆ بلیی.. لە گژ فکرا نراچووم، بلیم.. نەلیم، قسەم لەبارەی خۆشەویستیەوە لەگەل کچان نەکردبوو.

– گوتم: من زۆر دەمیکە چاوەروانی تۆم کە بلیی، تۆزیك سوور بۆوەو، تفی قووت داو سەری داخست، مەنجەلە گۆشت کەرویشکی هینا، باجاری نانی بخۆین، ئەگەر تۆ نەتگوت ئەوا من دەلیم، گۆشت بە قەرەخەرمانەوەو بەرۆنی خۆمالیەوە یەکەم جارم بوو بیخۆم زۆرم پی خۆش بوو، لە کاتیکدا ئەڤین چای تی‌دەکرد، دیلە سەگیك لەسەر چالە وینەکە ئاوی دەخواردەوە، دوو گچووك بەدەوریا دەخولانەوە گوانەکانی ئەوەندەی گوانی گوی دریژیك دەبوو، لەگەل هەلبەزو دابەزیندا ئەمدیوو ئەو دیویان دەکرد، دیلەکە گوچووکی بەرنەدەکەوت، هەموو خاوەن مەری ناوچەکە گوچکیان لی ردەگرت، دیلەکە بەتەنیا گورگی دەخنکاند، زۆر کەمتیاریشی خنکاندبوو، هەردوو گوچووکەکان گوییان برابوو، باوکی ئەڤین شاردبونیەوە بۆ ئەوەی کەس نەیانبات بۆ خۆی، پەروەردەی کردبوون بۆگەل رانەمەرەکەی خۆی..

پەرەسیلکەکە جاربەجار دەیجیراندو بۆی دەردەچوو کۆترەکان دەگەرانەوە سەر هیلانەکانیان، ئەڤین سەیریکی دیلەکەی کردو گوتی:

هەموو گیانەوەریك بەچکەی خۆی خۆش دەویت، تەماشا (شیرە) دەبینی؟ ئەوە جاریك لە ئاوایی شەربوو، سەربازیك ویستی گوچووکی بکوژی، تاوی دایەو دەستی گرت، سەگ زوو هەست بە شت دەکات، دەلین ئەگەر بوومەلەرزە بوو سەگ لەپیش هەموو گیانەوەریکدا هەستی پی دەکات..

ئەو جاریك خوادا لە گوناھی خۆش بیت فەخری لەسەر بیچووی گرت، فەخری کچیکی زۆر ناسك و قەشەنگ و جوان بوو.. زۆریش سیامەندی خۆش دەویست، دەیویست شووی پی بکات، بوختانیان پیکرد گوتیان سیامەند فەخری تیك داوە، براکەی زۆر زالمانە کوشتی و فرییدایە ناو رووبارەکەوە، پاشان لەو گوندانەی خوارەوە گرتیانەوە، خەلکی ئاوایی زۆریان لە باوکی کرد، تەرمەکەیان هینایەوەو لە چاکی بایز ناشتیان، مامۆستا دەیگوت بیگوناح بووە، ئیستا دەلین هەموو شەوی قوببە قوببە نووری لی هەلدەستی. سۆفی ئیقلیم دەیگوت: لە خەودا بینومە هەندە جوان بووە، دەتگوت زیرە، دیارە ئیستا کۆتری بەهەشتە وەك ئەو کۆترانە.

بی دەنگ گویم بۆ راگرتبوو، دەیویست باسەکە بگۆری، لە دلی خۆیدا دەیگوت: دلۆڤان گیان دەباسەکە بکەوە، بباسی خۆشەویستی خۆمان بکەین.. ئاخر تۆ نازانی هەموو رۆژی کچگەل لە ریگەی کانی تەعلیقم لی دەدەن، هەر دەلین ئەمرۆنا سبەی زەماوەندە، هەموو جاری دەلیم دەبی شتیك هەبیت من نەزانم، سەری بلندکرد بی ئەوەی بزانی باسیکی بەئاشکرای نەکردووە، گوتی:

وانییە؟ گوتم: چی؟ تۆزیك سوور بۆوەو سەری بەم لاو ئەولای شانیدا باداو دەیویست وابکا کە پییەوە دیار نەبی بەلام نەیتوانی، سەرەنجام گوتی بەینی من و تۆ.

منیش گوتم: نازانم لەبارەی چییەوە، جاریکی دیکە کۆترەکان هاتن و روو بەرووی ئیمە دەنووکیان لە دەنوکی یەك نا، ئەو ماوەیە کەمیك بی دەنگ بوو لە کۆترەکان رامابوو، من هینامەوە گۆو گوتم:

ئەڤین سەری بلند کرد چاوەکانی هەلهینان فرمیسکە مرواریەکانی خەریك بوو بەسەر گۆنایدا دەخزین، بۆ ئەوەی بیهینمەوە سەرخۆ بەپیکەنین.. دەلیم ئەو کۆترانە یەکتریان خۆشتر دەوی یان من و تۆ؟ وەك گولیك کە لە تینوان سیس

دەبی، ئاودری چۆن گەش دەبێتەوە، ئاوا گەش بۆوە، بەزەردەخەنەیەکی خۆشەویستیەوە گوتی:

نازانم تۆ بەلام من زیاتر.

خۆشەویستیەك لە نیوانماندا دروست بوو، پاك و بی گەرد و بی گری و گۆل، بریارماندا پایزیکی زوو زەماوەند بکەین.. کاتی دروینەو دەسکەنە پەیدا بوو کارەکان بەهەرەوەز دەکران، دەبوو من وەك کەسیك کە خزمەت دەکات، لەگەل هەرەوەزەکە بم، رۆژیك گوتم: حەزدەکەم گەنم دروینە بکەم، باوکی ئەڤین گوتی:

کورم ئەمە کاری تۆ نییە، ئاوەکەمان بۆ بینە بەسە.. ئەمەش زۆرە، خۆ ئەگەر تۆش نەبیت، ئەوا دەبیت سەپانیکی کە ئەم کارە بکات، زۆرم کرد.. داسیکیان بۆ هینام. لە هەوەلەوە دەبوو لە جیاتی قەیناغ، قەیناغیان لە مەشکە دروست دەرکرد، لە دەستت کردایە تاکو بەتەواوی فیر دەبووی، زۆرم پی سەیر بوو سەپانەکان پر بەدەستیان ئەو درکە زەردەیان لە دەست دەگرت، بی ئەوەی هاوار بکەن، یان ئازاریان بدات. من کە داسەکەم بۆ گەنمەکە دەبرد یەك تەل چیە پیم گردنەدەبۆوە، لە ترسی درك نەمدەویرا دەستی بۆ بەرم، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا هەموو دەستم بوو بە درك، هەموویان پیم پیدەکەنین..

کەسەپانەکان دادەنیشتن لە ئەژنۆیان بەرەو خوار ئەبوو بە نووسکە تۆپەلەی دەکرد، قاچیان گیر دەبوو توانای رۆیشتنیان نەدەما. نەمدەزانی چۆن لیی دەکەنەوە..تاکو رۆژیکیان مام رەشید گوتی:

دلۆڤان زەحمەت نەبیت دوو تەل لەو زورناتکەم بۆ هەلکەنە.. نەمدەزانی زورناتك چییە، دەستی بۆ دوو بنج دریژ کرد، لەولاتر لەناو وەردەکەدا رووابوون، هینام دامە دەستی بەسەر ئەژنۆیدا هینا، تاکو بەرپییانی گۆرەویەکەشی پیگرتەوە، ئەوەندەی چاو بنوقینی، هەموو نووسکەو درك و دالی لیبۆوە، تەماشایەکی منی کرد..ئەمە نووسکە خۆری پیدەلین.. زۆریش باشە زۆریش خراپە، گوتم: بۆچی خراپە؟

گوتی:

کورم ئەمە بۆ ماینی شی بەلایە، هەموو لیوو چوار پەلی دەکات بەبرین، دەبیت سەد جار زەرتکە تووتن بە رۆنی سوتاوەوە، بگیرینەوەو لیی دەین، تاکو چاك دەبیتەوە.

دەستم ئاو سابوو لەبەر درك، ئڤین رۆنی قرچاند دەستی پی چەور کردم، کە تەماشای دەستمی دەکر.. تووکی دەکرد، رەبی لە زنجیرەدا بسووتی، رەبی بە گەلیشە بسووتی، رەبی خەرمان بەقلاشی و رەوسەی قووت دا.. ئەو دەستە نازدارانەی هەموو بوون بەخوین..

لەژیر دار توووەکەی حەوشەدا راوەستابووین، تەماشای لەق لەقەکەمان دەکرد، کە مەشقی بەبیچووەکانی دەکرد بۆ فرین، کە دەهاتەوە پر بەدەنووکی دەرشایەوە، فەرخە ماسی رۆدەکردە ناو دەمیان، تاکو بن گوییان دەنووکیان دەکردەوە، نەرمە بایەك دەهات گەلای دارەکان دەوەرین، وەك کچە عازەب بەلەنجەولار بۆ سەرئەرزەکە دەرۆیشتن، ئەڤین تەماشایەکی کرد، خواحافیزیم لی کرد..

قازو قولینگ پۆل، پۆل، بەئاسماندا رەت دەبوون، گەرمیان و کویستانیان دەکرد.. هیشتا ئەو مالانەی لەسەر شینایی بوون یان بۆ مەر لەوەراندن، لەسەر رووبارەکە کەپریان کردبوو، نەگەرابوونەوە ئاوایی. سەردانی مالی مام سۆفیم کرد، ئەو وەختە مالیان لەسەر رووبارەکە بوو، خاتوونی خیزانی زۆر کابان بوو سەلکە پەنیری لە رووبارە ساردەکە دەهاویشت تاکو زستان دەهات، ئەوساکە لە مەشکەی دەناو خۆشی دەکرد.

ئەو رۆژە گوتی:

ئەمرۆ یەك بەرەمەشکەت بۆ لەگەل هەنگوین تیکەلاو دەکەم، دەبیت دەستی خۆتی پیوە بخۆی ئیواری کەرەو هیلکەو هەنگوینمان خوارد، بەیانی مام سۆفی بەر دیلیکی گرتوو سەری بری، لە دەم رووبار، بەداریکەوە هەلیواسی.

گوتی:

ئەمرۆ، تۆ لەم سەر رووبارە، تاکو ئیواری گۆشت دەخۆی.

لەسەر بەردیك لەدەم رووبار دانیشتم، تەماشای ئاوە روونەکەم دەکرد، مەشکەیەك بەسترابۆوە لەگەل شەپۆلی ئاوەکەدا هەلبەزو دابەزی دەکرد، پر لە پەنیر بوو، لە بن ئاوەکە ورد دەبوومەوە، ماسیەکان دەهاتن و لەبەر دەمی من رادەوەستان، شاپەرەکانیان بەرز دەکردو سەریان بۆسەر ئەرز نەوی دەکرد، قەپیکیان لە قەوزەکە دەگرت و بەرز دەبوونەوە.. باز رەقەیەکیان بەرەو ئاسمان لێدەدا، پوورە خاتوون قولابیکی بۆ هینام و کەوتمە قولاپ تی هاویشتن، نەمتوانی دانەیەك لەو ماسیانە بگرم، جارجار شیشە گۆشتیکم دەبرژاند پورە خاتوون رووی تی کردم و گوتی:

دلۆڤان! لە کاتیکدا پرسیارەکەی کرد، سەیری ناوچاومی دەکرد.

ئەری دەلیم.. تۆ کەی زەماوەندەکەمان بۆ دەکەی؟

سوور بوومەوە بەزۆر زەردەیەکم هینایە سەر لیوم و گوتم: زەماوەندی چی؟

کورە، چۆن زەماوەندی چی! خەلکی دەلین تۆ کارەکەت، لەگەل ئەڤین براندۆتەوە. باوکیشی زۆری پی خۆشە، تۆ دەزانی سۆفی کەریم دوو کاووری بۆ شاییەکەت داناوە، ە ها، واپیت دەلیم نەلیی مالم لیرە نییە، یان بلیی باوکم نییە، دەبیت هەرچی هۆزی ئەم ناوە هەیە داوەتیان بکەیت، دەبی زەماوەندیك بگیری، هەتا رۆژی قال و بەلا بیگیرنەوە، دلگیرنەبیت، نەك دوو کاور ئەگەر بیست کاوریش بیت پووری خۆت لە پشتە..

بەخودا من لەگەل سەربازو شیرزاد فەرقت ناکەم، چەند سال دەبیت شایم نەکردووە، بەلام بۆ تۆی دەکەم، لەو رۆژەوە کە کۆمەلیك خەلکمان شەهید بوون، کلاوبان پۆشینم لەسەرنەناوە، بەلام بەخودای بۆتۆی لەسەر دەنیم، خەمت نەبیت هەر بۆخۆم قاتیکی مەرمزت بۆ دەکرم، لە پەرەی سیگار تەنکتربیت، دەبلی بزانم داخوا خوازبینیت نەکردووە؟

بەشەرمەوە، وەلامیم دایەوە، نەم کردووە. کەی دەیکەی؟

نازانم: چاوەروانی دایکم دەکەم، بزانم دەلیت چی، پیش ئەوەی بڕۆم دەیگوازمەوە، دەباشە لەبەر بەژنت مرم، با دایکت بیت، کورم لە قسەی دەرمەچن، زۆر پیتانەوە ماندوو بووە. دایکم بەسەردان هات، باسەکەم بۆ کرد، ئەویش داخوازییەکەی کردو کارەکەی ریك خست.

خدری راوچی راوچییەکی زۆر کارامە وریایەو زۆر جۆرە تەیری هەبوون، (کەو، سویسکە، هەلۆ، کۆتر) تەنانەت زۆری تاژی و توولە هەبوو، لەگەل من زۆر دۆست بوو، بۆ راوی دەبردم، هەرچی ئەشکەوتی ناوچەکە هەبوو شارەزابوو، ئەشکەوتی دارەبەنەکە، دەیگوت: ئەم ئەشکەوتە کەس نازانیت، لە کویوە بۆی دیی، من بۆخۆم دۆزیومەتەوە. رۆژیکیان چووینە راوە کەرویشك بەتاژی، دوو توولەشمان برد، کەرویشکیکمان گرت، پاشان گوتی:

نۆرەی دەلەکە، چووینە دەمروبارەکە لە ناوەراستی رووبارەکە، دورگەیەك هەبوو، برەکە شارەزابوو دەستمان گرت و چووینە ناو دوورگەکەو، توولەکان بەمەلە لە دوامان هاتن، پر بوو لە دوورەلان، رەش دەچۆوەو دەتگوت میوە، ئەو هەموو تودرکەی پیوەبوو، زۆرمان خوارد، توولەکانی بەردایە ناو بیشەلانەکەو دەلەکیکیان دەرپەراند خۆیان بەناو رووبارەکەدا کرد، وا فیرکرابوون، لەبن ئاوەکە دەریان هینا، دوو دەلەکیان راوکرد، گوتی:

ئەوە بەشی ژیانی ئەم زستانە دەکات، کەولی دەلەك زۆر گران بەهایە، کەرویشکەکەی دا بەمن، بردمەوە ئەڤین بە دەستە ناسکەکانی بەرۆنی خۆمالییەوە لیی‌نا، هەر دەبوو لیی بخۆی تامەکەی لە ژیر ددانت دەرنەدەچوو..

بۆ کرینی جلکی بووکینی دایکم و ئەڤین چوونە شار، لەوی بە دلی خۆی کرینی.. رۆژی زەماوەند پوورە خاتوون زۆر لەوە زیاتری کرد کە گوتی..

مانگیك بوو ژنم هینابوو، هیشتا پەلەی نەدابوو، لە پایزاندا پیش ئەوەی باران بباری، باوو تۆزو گەردەلوولیك پەیدا دەبیت، کەشیکی نەسارد، نەگەرم،

جووتیارەکـان سـەرگەرمی سـواغ دانـی بانـەکان دەبـن و پینـەو پـەرۆی خانووەکانیـان دەکەن و دارو زەخیرەی زستان تـەواو دادەنیـن، نەرمە بـارانیك باری، بۆنی زەوی گۆڕا، بۆنیك کە لـەهیچ بۆنیکی نـەدەکرد، تـەواو فەسلەکەی گۆڕی جووتیارەکان دانە دانە، شووتیان لە ناو کا نـابوو بـۆ زستان، نیوەڕۆ لـە مالی مام سۆفی نانمان خوارد، برنجی کوردی بـەرۆنی خۆمالیـەوە، بە دەستی پـوور خـاتوون، دەنکی بـەدەنکی نەدەکـەوت، گۆشـتی کـاور بەسـوورکراوەیی، مەگەر هەر خاتوون بزانیت وای لینی، نامەیەکیان بۆ هینام دەبو هەر ئەو ڕۆژە برۆم، سەنگەر پیشمەرگە بوو، گوتی:

منیش هـاوریت دەبم تـاکو دەچینـە (سەردەشـت) لـە ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان، سـەنگەر بریـاری‌دا، بەبۆنـەی ڕۆیشـتنی ئیمـەوە، شـووتیەك کـە زۆر گەورەیـە، بیهینی و بیخۆین.

بەری کەوتین لە رووباری دووئاوان پەرینـەوە، رووبارەکە بـەناو چەمی ریزاندا دەهات، سوورقاوشانەوە رەت دەبوو، لـە دووئـاوان تیکـەلاوی رووبـاری دۆکان دەبوو، زۆر هەناری خۆش و بەناو بانگ لەبەر ئەم رووبارەدا هەبوون، کە هەریەکـەی کیلۆیـەك بگـرە زیـاتریش دەبوون، سـەنگەر زۆر شـارەزا بـوو دەبـوو بەشـەو زۆر بـە وریـایی، لـە ترسـی بۆسـەی دوژمـن برۆیـن، لەسـەر هـەموو گـردە بەرزەکانی نزیك جادە، سەنگەر (رەبیە)ی لیبوو، لە هەموشیان ئـاگر دەسـووتا، جار ناجار تەقەیان لەو شوینانە دەکرد گومانیان لی دەکرا، پیشمەرگەیان لیوە رەت بیـت، گولەیـەك کـە نـەمانزانی لـەکام لاوە هـات دای لەشـانی سـەنگەر، بەجامانەکەی خۆی بەستمان تاکو گەیشـتینە نـاو گونـدی قەمچووغـە، لـەوی دەرمانمـان کـردو برینەکـەمان پیچـا، تـاکو بـەیانی لـە مزگەوتەکـە خـەوتین، کەوتبووە پشت ئاوایی، بەیانی لـە بەینی دوو شـاخی زۆر بـەرزەوە زۆر تـەنگ بوو، ئاویکی پیا دەهات لە ناو قەدی شـاخەکەوە، یـەك ریـز بـۆری راکیشـرابوو، تاکو گوندی (قەمچووغە) ئاوی خواردنەوە بوو، گەیشتینە گوندی (سەرمۆردان)

خەلکیکی زۆر میوان دۆست و دل فراوانی لی دەژیان، خۆمان بە ئەوان ناساند مام رەجەب زۆر بەریزەوە میوانداری کردین، لە کاتیکدا قسەی دەکرد فرمیسك بەچاویا دەهات، چەند جار گوتی:

بابت.. بابت، قسەکەی بۆ تەواو نەدەکرا، دیاربوو زۆر برادەری باوکم بوو پیاویکی زۆر شاخەوان و شوین هەلگری حەیوان بوو، راوکەریکی زۆر بەناوبانگ بوو، گەلیك جۆرە تەلەی هەبوو، زۆریان دەستکردی خۆی بوون، زۆر جۆرە ئاژەلی کیوی بە زیندویی دەگرت.. بەیانی گوتی:

کاکە سەنگەر تاکو چاك دەبیتەوە دەبیت لیرە بیت، شوینەکە سەلامەتە، من و تۆش دەرۆینە شاخ بۆ راو، تۆزیکیش چیاو چۆل ببینی و شارەزا بیت، تیشوی پیچایەوە، تفەنگەکەی هەلگرت ئاوی هەلنەگرت، لیم پرسی: ئەی ئاو؟ گوتی:

تۆ خەمی ئاوت نەبی مامی خۆت ئەمانە چارەسەر دەکات، لەوی دەرچووین، بەس ئاسمان دیارە تاکو سەر هەلبری هەر شاخە! بەرزە بەجۆریك کە نازانی چەندین ئەشکەوتی تیایە، کەمیك رۆیشتین هەلۆیەك دووجار بەسارماندا فری و چریکاندی، مام رەجەب تۆزیك هەلویستەی کرد، راوەستا، چی‌یە؟ دەعبایە، بەچی دەزانی؟ راوەستە کورم ئەمە کاری تۆ نییە، راوەستابوو هەلۆکە نزم بۆوەو، بەرز بۆوە لە ناو خرە بەردەکان خۆی دانوساند، داهات زیکە، زیك پەیدا بوو.. کوشتی نەیهیشت بەنسیبمان بیت، گوتم خوا داویە بۆ نیوەرۆ، بەلام هەلۆ بۆر نەیهیشت، دەی خوا کەریمە لەوانەیە راوی کەو بکەین، بەردە نووك تیژەکان بەئاسماندا چووبوون، کەمیك ئەولاتر رۆیشتین گویی بەئەرزەکەوە نا، گوتی:

لەم نزیکانە حەیوان هەیە خەریکن چلۆ دار دەشکینن، دەبیت زۆر وریابین، بەشوین پیی مندا وەرە، لەبەر پیی خۆی وورد بۆوە،تەماشایەکی کرد گوتی:

تازە پینج سەر لیرەوە رەت بوون.. دوو کەلە کیوی و گیسکیك و دوو بزن، نەمدەزانی بەچی دەزانی، بە شاخەکەدا هەلگەراین، لە زۆر شوین دەستی دەگرتم، سەری دەخستم، سەرکەوتین، لە ئەشکەوتیك راوەستاین گوتی:

حەیوانەکان ئە لیرەوە رەتبوون، دوای کەمیکی تر دەگەرینەوە، ئەبیت زۆر وریا بین بۆسەیان بۆ دابنین، ئەمشەو لیرە دەمینین، گۆشتی حەیوان دەخۆین، بەکەیفی خۆت چەند دەخۆی بخۆ، منیش گالتەم پی دەهات، وەك مام ریوی دەیگوت: لە مریشکی نەخواردوو ئەلحەمدولیلا لە ئەشکەوتەکە هاتینە دەری، گویی قولاغ بوو، دوو جار سەری بەرزو نزم کردەوە، دەستیکی بەریش و سمیلیدا هینا و گولینگەی (بەلەك پیچەکانی) گورج کردەوە، تفەنگەکەی لەشان کردەوەو لە گولم ی نا، رووبەشاخەکەی ئەوبەر روانیتی، بەدەست ئیشارەتی کرد دانیشە، دانیشتم، منیش وەك ئەو تەماشام دەکرد بەلام هیچم نەدەبینی، بەکورە کور ئەولاتر چوو بەژیر بەردەکاندا، شاخیکی بەرز رووبەروومان بوو بەرانبەر بەشاخیکی تر بەینیان (١٠-١٥)م دەبوو، ئیشارەتی کرد، منیش وەك ئەو بە کورە کور چووم، بە ئیشارەت گوتی: تەماشاکە.

گوتم تەماشای کوی؟

گوتی: ئەو شاخەی ئەوبەرەوە..

گوتم هیچ نابینم.

بەدەست ئیشارەتی بۆ کردم، کەلەکیویەك لە ژیر داریکی ئەستوور دیار بوو، لاملی بەقەدی دارەکەدا دەهینا، بۆ سەرەوەو بۆ خوارەوە دوایە سووراو پاشی تیکرد، کەمیك لا رانەکانی بەدارەکەدا هینا، ئینجا بەشاخە دریژەکانی ناوەراستی پشتی خوراند، رووی کردە ئاسمان، دوو جاران لموزی بەرزونزم کرد، دەستی بەرز کردەوە بەتوندی بەبەر زگیادا، روو لە رۆژەکە کەوتە کاویژ، کەمیك ئەولاتر چوو گەریەوە جیگەی خۆی راچەنی وەك ئەوەی لە خەو رابیت،

چەند هەنگاو بەدوادا گەرایەوە، بەزوویی هاتەوە ژێر دارەکە، خۆی لەگەل جووت کرد، رووی بەلایەکی تردا وەر سوراند، مام رەجەب گوتی:

لەولاوە راوچی هەیە زۆریش ناشێن ناتوانن بیانپیکن ئەوانە پێنج سەرن بەچی دەزانی کە پێنج سەرن؟ بە شوێنەکانیان رادەزانم، ئەو کێوییە، دیارە حەوت سالانە ئیستاکە زیاتر لە پانزە کیلۆ گۆشتی هەیە، گۆشتی زۆر مزرو خۆشە، ئەمرۆ لەو گۆشتە مرت دەکەم، ئاخر دوورە، راست دەکەی، بەلام دیتە ئێرە بەردەمی خۆمان، لە ئێرەوە رەت دەبن، ئەوساکە مامی خۆت کامەی پی خۆش بیت ئەوەیان دەکوژین کێوییەکە بەم لادا سوورا سرت بوو، ئەمجارە زۆر بەتووندی راچەنی، بە زوویی بەدوادا گەرایەوە لە چاو وون بوو، هەلۆکان کەوتنە ئاسمان، مام رەجەب دوو جار زۆر بەقایم مستی بەئەرزەکەدا دا، بە تورەییەوە گوتی:

شەرت بیت ئەمسال بینەوە ناهیلم، لەم کێوانە بەچەکە هەلۆیەك بمینی، دەتوانم بە هەموو کون و کەلەبەریکدا برۆم، سالی چەندانتان لی دەفرۆشم و چەندانتان لی دەهیلمەوە، بەلام مشوورتان دەخۆم، راوەستن، راوەستن.. خیرا خیرا، دەیگوتەوە، دوای کەمیك گوتی:

تازە ئەو هەلۆیانە لییان تیك داین، بابچینە ئەشکەوتەکە، نیوەرۆیە گۆشتی کەوت بۆ پەیدا دەکەم، ئەمدەویرا بەئاشکرا بلیم.. لە دلی خۆمدا گوتم: چەند گۆشتی کێوییت پەیدا کرد.. هەر ئەوەندەش گۆشتی کەو پەیدا دەکەین. گەراینەوە بۆ دواوە بە شاخیکدا هەلگەراین، چوینە ئەولاتر گوتی:

ئەوە ریگای کەوە، داوم داناوە ئیستا بەشی ئیمەی پیوەیە، کەمیکی تر رۆیشتین، لە دوورەوە کەو دیاربوون، چاویان بە ئیمە کەوت کەوتنە فرەفر، هەلدەستان و دەکەوتنەوە، مام رەجەب بەزەردەخەنەوە گوتی:

ئەو فرەفرەتـان لەچییـە؟ بەتـەمان چـی بکـەن؟ مـن نـەمزانی گـیراون، نزیـك کەوتینـەوە، بینیم قاچیان بەداوەوەیـە، سی نـیرە کـەو بەتەنیشـت قاچیانـەوە لەلای دواوە گرییەکی زیاد هەبوو گوتی:

ئـەوە قجـە، خرتـن زۆریـش گۆشـتیان تورتـو خۆشـە، لـە گۆشـتی حـەیوان خۆشترە، لە داوەکانمان کردەوەو گەراینـەوە نـاو ئەشکەوتەکە، جا گـوتم کـوا ئاو؟

گوتی:

دانەوی وە گوی بە ئەرزەکەوە بنی، بزانە ئاو هەیە یان نا؟

بزەیەکم کرد، جا با هەبی، ئیستا چۆن ئاو بهینین؟ پالتۆکەی داناو تورەکەی پشتی کـردەوە، لایتیکـی دەسـتی دەرهینـاو گوتـی دوام کـەوە، دوای کـەوتم، کـەمیك رۆی چـەند جلیکانـەی دانابوو هـەندیکیان پربـوون لـە ئـاو، هـەندیکیان بەتال، گوتی:

نـابیت ئەمانـە هـەموویان بـی ئـاو بـن، بەتالـەکانی هـەلگرت، تـاکو دەهـات ئەشکەوتەکە فراوانتر دەبوو، لە ناوەراستەوە کونیکی گەورە هەبوو، بۆ دەرەوە روناکی لی بەژوور دەکەوت، خورەی ئاو زیاتر دەهاتە بەرگوی. بـەینیکی بـاش رۆیشـتین، ئـاویکی زۆر لـە ناوەراسـتی ئەشـکەوتەکەوە دەهـات، دەچـوە نـاو موغاریکەوە.. مام رەجەب گوتی:

ئەمە لە پشتی قەمچووغـەوە سـەرهەلدەدات.. گـوتم: کـی دەزانـی ئـەو ئاوەیـە، گوتی:

زۆر جاران تاقیکراوەتەوە، لیرەوە کایان تیکردوە، لـەوی سـەری دەرهینـاوە، بەلام وا پیدەچیت ببیت بەدوو بەشـەوە چونکە لـەوی هـەندە زۆر نابیت، بـەلام خۆیەتی.. جلیکانی پرکردو گەراینەوە، کەوتینە گۆشـت کـەو چاککردن، حـازر بوو گوتی:

تۆ چاوەروان بە دەچم لەو دیو ئەو چیایە تری ئەهینم.

گوتم: کوا ئیستا تری ماوە، خۆ ئەگەر باران دوانەکەوتایە، ئیستا دووباران باریبوو.. تۆزیك گرژیەوە، گوتی:

کورم مامی خۆت تریی لی نابری، لە بن "گەلم" ناوە، بزانە ئیستا تریت بۆ دینم، هەر دەنکیکی دلۆپیك خوین بیت، ئەوسا دەزانی بەگۆشتی کەوەوە چەندە خۆشە، رۆی دوای کەمیك گەرایەوە یەك زەرفە تریی کۆلە سی هینا، هەر دەنکیك بەقەدەر گویزیك دەبوو دەتگوت قەنەوزی رەشە، لە دوای خواردنی گۆشت کەو، سەیری سەعاتەکەی کرد، یاللا با برۆین، خەریکە وەختیان دیت. بەرەو گرنالە بەردەکە رۆیشتین، لەناو گرنالە بەردەکان دەوەنە بەلالۆکی زۆر هەبوو، هەلویستەیەکی کردو گوتی:

ئەو ناو دەوەنانە، کانگای کەرویشکن، زۆر جاران لیم کوشتوون، تۆزیك راوەستاو لە ژیر مەتەرۆی تفەنگەکەی پەرۆیەکی چەوری دەرهینا داری برنەوەکەی پی سریو گوتی:

برنەوی رەقەم حەقدەیە، من لە شکستی شۆرشی ئەیلول خۆم نەداوە بەدەستەوە، چەند جار مەفرەزەم بۆ دەرچوو، خۆم لەم ئەشکەوتانەدا دەشاردوە، ئەم دووربینەش عەبدوللای برام چوو بۆ حەج، سویندم لیخوارد، گوتم: ئەگەر بۆم نەهینی قسەت لەگەل ناکەم، بەگەنجی لەگەل باوکت لەو شەریکەی دوکان پیکەوە بووین، زۆریش یەکمان خۆش دەویست. دوایە بووین بە پیشمەرگە، هەردووکمان لەیەك بەتالیون بووین، ئەو کاتەی یادی بەخیر شەهید بوو، من لەگەلی بووم، زۆر لاوبوو، ئیستا تۆ کوری ئەوی، وا دەزانم زیندوو بۆتەوە..

مام رەجەب زۆر باسی دۆستایەتی خۆییو باوکمی کرد، جا دەستی دایە دووربینەکەو رووەو ناو گرنالە بەردەکە تەماشای کردو هەنگاویك چووە پیش، نەمگوت، ئەوەتە، تەماشاکە.. کەرویشکیك لەبن دەوەنە بەترکیك، مەتریك دوور کەوتەوە شتی دەدۆزیەوە دەیکرتاند، ددانە تیژو دریژەکانی

پیشـــەوەی ورد ورد دەجوولانـد، بـەرەو چـەپ قوندەیـەکی کـرد، تۆزێکیـش سلەمیەوە، ئەولاتر چوو،گوێی قوت کرد سەری کەوتە لەرزین، چاوی دووجار نوقـاند و هەلیـهینا، لـەبن بـەردیك خـۆی خرکـردەوە، هـەردوو دەسـتی بـردە پیشەوە، قاچیشی تاکو ئەژنۆی نوشتاندەوە، رووبەرەو سەر خۆی ئامادەکرد..

چـەند خولـەك ئـەوها مایـەوە، گـوتم: مـام رەجـەب بـۆ تەقـەی لیناکـەی؟ بەزەردەخەنەوە گوتی:

گوناحـە نـابیت لـەناو لانـە بیکوژیـت دەبیـت رابکـات ئاگـاداری کـەی ئنجـا بیکوژیت، ئەگەر وانەبیت حەرامە. کەرویشکەکە هەردوو گوێی بەدوواوە لەسەر پشتی جووت کرد وەك ئەوە وابوو گوێی نـەبیت، بـەس سمیلـی دەجوولانـد، هەلۆیەك بەئاسمانەوە دەخولایەوە، تەقەی بەردیکیش هات، گوتی:

ئەوە هەلۆیە بەرد هەلدەگرێو بەری ئەداتەوە، تاکو کەرویشکەکان دەرپەڕن، پاشـان راویـان دەکـات بـەردیکی تـر بەسـەر بـەردەکانی تـردا کـەوت، تلـی بەبەردیکی لە خۆی گەورەتر دا، کەرویشکەکە لەبن بەردەکەوە دەرپەری، لەسەر لاق راوەسـتا گوێیـەکی لار کـردەوەو گوێیـەکی قیـت راگـرت، دەهـەژا، چـەند هەنگاو لەبەردەکە دوورکەوتەوە، هەلۆکە دووجار چریکاندی و داهاتە سەری، تیکـەوەپلا، هەلۆکـە بـالی لیـك کـردەوەو لـەرزی دەیزریکـاند و دەسـوورا، کەرویشکەکە بەهەموو توانای زیکاندی مام رەجەب غاری دایە هەلۆکە، چاوی لی زەق کردەوە، هەردوو چنگی لە تەپلی سەری گیر کردبوو. بەری نـەدەدا مـام رەجەب داهاتـەوە بـەردیکی خـری خۆشلەمسـتی هـەلگرت، هەلۆکـە بەچریکـە چریك چەند بال بەرز بۆوە، بالەکانی لیك دەدا، دووجار داهاتە سەری، بەدەست لە خۆی دوور خستەوە، کەرویشکەکە لە جیگەی خۆی هەلبەزو دابەزی دەکرد، هەلدەقونیەوە، هەلۆکە بیست هەنگاو لەولاتر لەسەر بەردیکی نووك تیژ نیشت، کلکـی لیـك بلاوکـردەوە، یـەك جیقنـەی کـرد، دەنووکـی بەبەردەکـە داهینـاو

چاویکی لە ئاسمانکرد، هەستایەوە لەم بەرەو بەردا دەسووڕا، مام رەجەب کەرویشکەکەی گرت، خوین بەهەموو چاویا دەهاتە خوارەوە.

لە تورەکەیەکی کردو گوتی:

تازە دیلە، نابیت سەری برین، دەیبەمەوە تاکو چاوی چاك دەبیتەوە پاشان بەری ئەدەم، کۆلەکەی بەکۆلەوە بوو، بەناو سالان کەوتبوو بە هەورازەکەدا هەلدەگەرا، کەمیك خۆی کور دەکردەوە، هەورازەکەی دەبری، لەسەر ریگاکە دانیشتین، لە ریگا وردبۆوە، دوو جار لەسەر یەك پەکو، پەکوی کردو گوتی:

خافلاین کیوییەکان گەراونەتەوە، هەنگاویك چووە ئەولاتر لە سەر چۆك راوەستاو، ورد، ورد، بۆ ریگاکەی روانی، زەردەیەکی هاتی گوتی:

هەموویان نەگەراونەتەوە، وا پیدەچیت راوچی تەقەی لێکردبن، لیکی دابریبن، ئەمانە کۆمەلیکی ترن سیانن، گەراونەتەوە کەلە کیوییان لەگەلدا نییە، ئەم جارەیان رووبەرووی رۆژەکە لە جیگەی بەیانی بۆی دانیشتین، جاریکی تر هەلۆکان بەری ئاسمانیان گرت سەریکی راوەشاند لەبەر خۆیەوە گوتی:

لەوەتەی من راودەکەم ئەوەندەی ئەو هەلۆیانە راویان لەمن تیك داوە، دەبوو نەهیلم تۆویان بمینی، هەموو سالیك سویند دەخۆم ناهیلم بیچویان بمینی بەلام لە وەختی بیچودا پەشیمان دەبمەوە.

خەریکبوو رۆژ ئاوا بیت، چەند بالی مابوو، رووبەرووی دارەکە دەمانروانی، مام رەجەب بەدەست ئیشارەتی کرد و گوتی:

دەرکەوت، منیش بۆ شوینی بەیانی روانیم، نیرییەك گەردنی کیل کردبوو، پشتی لە رۆژەکە کردبوو، بەرەو ئەمبەر دەیروانی، تەماشای شاخە بەرزەکەی بەردەمی دەکرد، ریك وەك هەستان لووس بوو، بەرەو دوا گەرایەوە، لە چاوان وون بوو، دوای کەمیك بەتاوخۆی هەلدا لە دووری هەردوو شاخەکە پەریوە بۆ بەری ئیمە، بەدوای ئەودا یەکی تر خۆی فریدا، مام رەجەب بە ئیشارەت بەمنی گوت: ( نەجوولیم)، بەدەست ئیشارەتی کرد، گوتی:

بەم رچە ریگایەدا دین، نیری لە چاو ون بوو، چاوەروان بووم داخوا کەی بەدەر دەکەویت، تەقەی تفەنگ رایچلەکاندم، مام رەجەب لە جیگەکەی خۆی هاتە دەرەوەو بەرو جیگەی تەقەکە رایکرد، هەندەی پی نەچوو کەلە کیوییەك بە تیژی بەبەردەمی مندا تیپەری، بەدوای تەقەکە کەوتم، کە دەبینم کیوییەکی سەر بریوە، جووتیك شاخی دریژی پیوەیە.. تفەنگەکەی دایە من و گوتی:

تۆ بەهەمان شویندا بگەریوە تورەگەکەش لە یاد مەکە من ریگەکە کورت دەکەمەوە، تۆ برۆ .گەرامەوە، جار، جار، ئاورم دەدایەوە، داخوا کەی بەدوامدا دیت، گەیشتمە ئەشکەوتەکە، خەریك بوو کەولی دەکرد، بەمنی گووت تا درەنگ نەبووە بەم زەردەدا بسووریوە، چەند مەتر لەولاتر لەبن زەردەکە، داری براوی زۆر لییە.

ئاگر سازکە، تا من ئاگرم ساز کرد ئەویش حەیوانی کەول کردو لەناو ئەشکەوت هەلی واسی. گەرا چەپەرەیەکی هینا لەتەلی زۆر رەق دروست کرابوو، دووقات بەسەریەکدا دەنوشتایەوە، یەك ران گۆشتی هینا جوان شووشتیەوەو توی تویی کرد، خویی پیوەکرد. پریاسکەیەکی تری کردەوە ترشە سماق و بەهارات و زەردەچیوەو دەلووجەی کوتراوو لەدوا هەموویان سرکەی هەناری پیوە کردو گوتی:

گۆشت حەیوان بۆ خۆی مزرە بەلام بەم سرکەیە مزرتر دەبی، بۆیە وات بۆ دەبرژینم تا ماوی هەر لەیادت بی.

ئەو شەوە تامەست بووین گۆشتی کەلە کیویمان خوارد، بەیانی زیادەکەمان هەلگرت، گوتی:

باسەنگەریش تۆزیك بخوات بەلکو زوو برینەکەی چاك دەبیتەوە. ئەو ماوەیەی لە وی ماینەوە بی گۆشتی کیوی نەکردین، بەفریکی باشیش باری، هەیوانی مالی مام رەجەب بەچوار دەوری ژوورەکاندا سوورابۆوە. ئەو هەمووی

بەدار هەلچندرابوو، بۆ سووتان ئامادەکرابوو، بەرهەیوانەکە هەمووی شاخی کیوی لی درا بوو بۆ جوانی.

دوای چەند رۆژ برینەکەی سەنگەر ساریژ بوو، بەری کەوتین بەچەند رۆژیك گەیشتینە دۆلی سەفرەو زەروون، ئەم بەرو ئەوبەری ریگا هەمووی رەزە ترشە پووش داگیری کردبوو. دییەکان ویران کرابوون، زۆر بەزەحمەت توانیمان ئەو ریگایە ببرین، دۆلیکی تەنگ ئاوی زستان بەناوەراستیا دەرۆی لەگەل سەرچەم کەناویان ناوە سنوری عیراق ئیران تیکەلاو دەبیتەوە، لەوبەر یەکەم دی هەرزنەیە نانمان لە مالی دوکاندارەکە خوارد، دییەکان سەرەرای ئەوەی کە دوورن لە خزمەت، بەشیوەیەکی جوان دروست کراون، جیگای میوان بەجیاو جیگای خیزان بەجیا، لە ژووری خیزانەوە تاقیکی گەورە کراوەتەوە خواردن و خواردنەوە لەویوە دیتە ژووری میوان، لە هەموو مالەکان بەدەم هەیوانەوە هیلانەی کۆتر دروست کراوەو کۆتری رەنگاورەنگ بەگمەگم پیشوازیان لە میوان دەکرد، ژنە لادییەکانی ئەو بەرچۆمی شەروالی پیاوانیان لەبەر هەل دەکیشا، ژنە بەسالدا چووەکان وەك پیاوان پشتینی گەورەیان دەبەست، هەرزنەمان بەجیهیشت، ئەشکەن و شەشکەن، پیتووش و دوولکان بارەگامان لە دوولکان بوو، دوای ماوەیەك کارم پی سپیردرا دەبوو بیان کەم، لەگەل دەستەیەك گەراینەوە بۆ خوارەوە، سەنگەر لەگەل ئیمە نەبوو، لەگەل ریکخراویکی تر بوو نەگەرایەوە.

جاریکی تر لەگەل ئەڤین بەیەك شاد بووینەوە، دوو مانگ دەبوو رۆیشتبووم بارانیکی زۆر لەو ماوانەدا باری بوو. ئیستا دەبوو کەسیك ئامادە بکەم بۆ ناو شار هەم پۆستە بەری و هەم پۆستە بینی، بۆ ئەم مەبەستە گۆڤندم هەلبژارد جیگاو ریگام پی گوت لە ناو سلیمانی کە دەچیتە ناو شار لە (حسیب صالح)ەوە بەرو سەر دەروا لە سوچیك دوکانیك هەیە پیاویك بەکلاو جەمەدانەوە لەسەر کورسی دانیشتووە، سەلاوی لی بکە کەمیك دانیشە چاو

بەدووکانەکەدا بگیرە بەزەردەخەنەوە بلی ئەوە دوکانەکەی مام بەکرە دوو قالب سابوون، بۆ خۆتە تیت دەگات هەرچیت پی بوو بیدەیەو چیشی داپیت لیی وەرگرە، وەرەوە لەوە بەدواوە گۆڤەند زۆر لە کارەکانیدا شارەزابوو چەند سال لە ناوچەکەدا پیشمەرگایەتیم کرد زوو زوو سەری مالەوەم دەدا، خودا پینج مندالی بەسەر یەکەوە داینی...

# بەشی هەشتەم

کاتیك بەخەبەر هاتین، رۆژ تەواویك هەلاتبوو لەبن کەپکە شاخەکە سەرم هینایە دەری، لەق لەقیك بەسەر شاخەکەوە بوو، تالیك کەوەلەی بەدەنوکەوە گرتبوو، داینا و دەستی بە قرتە قرت کرد، لەگەل قرتە قرت کردندا فرمیسك بەچاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە، حاجی پیشتر هیلانەکەی بەسەر تووە رەشەکەی بەردەرگای مزگەوتەوە بوو، پیش چەند رۆژ تووەکەیان بە دۆزەر لە رەگەوە دەرهینا، بەچکەکانی بەژیر پیی سەربازەکانەوە بوون. ئیستا دەبوو سەر لە نوی هیلانە دروست بکاتەوە بۆ ژیانیکی تازە

هەلۆیەك بەئاسمانەوە هات لەسەر بەردی مام حاجی لیی هەلنیشت جاران هەلۆیەکە بەسەر حاجی لەق لەقکەدا دەفری دەیکرد بەقرتە قرت و بالەکانی لیك دەکردەوە خۆی پاس دەکرد ئیستانە حاجی دژە کاردانەوەیەکی نواندو نەهەلۆ خۆی بۆ لیدان ئامادە کرد! بەتەك یەکەوە ملیان بەشانەوە نووساندو رووەو هیلانە تیکدراوەکەیان راوەستان، هەلۆ مل بەملەکە لە پەنا ئیمە هەلنیشتبوو زۆریش برسی بوو، قاچی ئازاری هەبوو. کۆمەلیك سەرباز روو لە ئیمە هاتن، لەوکاتەدا بەزەردەکەی بەرامبەر بەبیژنك بەسەرەوە رەوە کۆتریك فرین بەسەر سەربازەکاندا لە هەواوە بەتەقلە لە ئەرزی نیشتن.. لەبەر دەمیاندا لەناو حەسیرە

زۆرەکەدا دوو پارین دەرپەڕین دایاننە بەر دەستڕێژی گوللە. دەست بەجی سیسارکە کەچەلە بەری ئاسمانیان گرت..

سەربازەکان لیمان نزیك بوونەوە هەلۆکە هەستاو خۆی بە دەموچاویاندا دا لەوکاتەدا ئەوان بەهەلۆکەوە خەریك بوون، لە پەنا بەردە گەورەکانەوە خۆمان ئاودیوی شیوی گسکاوی کرد شیویك پڕ لە گسك و پڕ لە حەسیر، لەناو حەسیرەکاندا ئەشکەوتی بچووك بچووك هەن، زۆریش تەربوون، کەس نەیدەتوانی تیایدا بژیت. هیشتا کەس روی تی نەکردبوو

چەندەها هەنگاو خوارتر شیوی گولان پڕ لە قامیش و گەچۆرە، ئەشکەوتی زۆرە، سەربازەکان دەوەن بە دەوەن دەگەران، زۆریان خەلك گرتبوو، زۆریان لی کوشتبوو، لەناو ئەشکەوتیکدا کە ئاوی بەسەردا دەچۆڕایەوە، لەناوەوەش دلۆپەی دەکرد، جییەکی کەمی وشك هەبوو، چەند رۆژ بوو پورە بسکان بە خۆیی‌و نەوەکانیەوە لەوی بوو، خۆیان شارد بووە وە سەربازەکان دەورەیان دابوون، دەیان ویست دەریان بهینن. نەیان دەتوانی

بسکان لەوەختی جوانیدا شوی بە سەرچل کرد، پیاویکی بی کەس بەس ئەو لەنەهینی دەزانی، مووبە موو بۆی دەگیرایەوە لە گیرانەوەی دادەگریا، ئیستا بسکان، ئەوەی هاتەوە یاد کەنەوەی نامینی‌و وجاخی کویر دەبیتەوە. سەرچل خەلکی شەمزینان بوو، لە باکوری کوردستان، باوکی پیاوی ئاغا بوو، لەمندالی‌دا دایکی مرد باوکی لەبەر گەندە خۆری نەدە پرژایە سەر کورەکەی، لەم دەرکەو ئەو دەرکە نانی دەخوارد، هەر رۆژە لە جیگایەك بوو، باوکی، بەزۆرکردی بەبەرخەوانی مالی ئاغا، لەبەر بەرخان زۆری قاچی کۆرپەکان دەشکاند، زۆریان لی‌دەدا

لەناورەوە ئەسپەکاندا رۆژی ئەسپی دەگرت و سواری دەبوو، ئەو ئەسپانەی کەس نەیدەویرا سواریان بی ئەو سواریان دەبوو، زۆری لەمەیدانی قوراودا جوانوو ئەسپەکان ئەورایدە هینان، لەسوار چاکی‌دا ناوی هەبوو، ئەگەر چی

زۆریش منداڵ بوو، ئەو کاتانەی بەرخو مەر تیکەلاو دەکران، دەیان کرد بەشوان، زۆر جار دەرۆی سەری خۆی هەڵدەگرت باوکی بەزۆر دەیهینایەوە، ئەوەی زۆری سەرچل خۆش دەویست نەعیمەی کارەکەری ماڵی ئاغا بوو. بەدووی زاهیر کەوتبوو، هەرکەس ژنی هەڵبگرتایە دەبوو روو لەماڵی ئاغیەك بکات، زاهیر شەوو رۆژ بەکاری جوتیاریەوە خەریك بوو، منداڵی ئاغا زۆریان لەنەعیمە دەکرد، بەمانگی جاریك نەیان دەهیشت پیاوەکەی سەرجیی لەگەڵ بکات، زۆرجاران بەزاهیری دەگوت کە راکەین، بەلام جیگە نەبوو، هەر کوی بچونایە، وەك ئیرە بوو، سەرچل بریاری‌دا ئەو هاوینە هەرچی پووشی دی هەیە هەمووی بسووتینی، بۆ ئەم کارەش ئەسپە کویتی ئاغای هەڵبژارد، شەویك لەلای مەرەوە بۆی دەرچوو، هەرچی پاوان هەبوو هەمووی سووتاند، ئاغا تەواوی ناو دیی کۆکردەوە، گوتی:

ئەگەر بۆ یەك هەفتەی دیکە نەیدۆزنەوە، هەموانتان لە ئاوایی دەردەکەم، بی ئەوەی بهیلم کەل و پەلەکانتان لەگەڵ خۆتان بەرن، لە پیشدا کەس دەنگی نەکرد، دوایی کویخا گوتی ئاغا ئیمە گوناهمان چییە؟ کارەکە بە ئەسپە کویت کراوە

ئاغا لیوی خۆی گەست! بۆ لای باوکی سەرچل ئاوری دایەوە! تەنانەت تا ئیستا ئاغا بۆخۆشی نەویرابوو بەتەواوەتی سواری ئەسپەکەی بیت.. نەعیمە بەکارەکەی زانی لە دووای سەرچل دەگەرا بۆ ئەوەی ئاگاداری بکاتەوە، لەوکاتەدا هات لەبەر دەمی راوەستا، ها بزانم کاریکت بەمن هەبوو؟ لەوکاتەدا چەند کەسی لە دەور راوەستابوون، نەیدەویست پیی بلی سەری لەبەر خۆی نابوو ساوەری بژار دەکرد، سەری بلند کرد، چاویکی جووقاند، نا کارم بە تۆ نییە، کی دەلی کارم پیتە؟ سەرچل کەمیك بیری کردەوە، نەعیمە زۆری خۆش دەویت، ئەگەر کاریکی پیی نەبیت بانگی ناکات، دەبیت ئاغا بەکارەکەی زانیبی، ئەگەر وابی کارەکە زۆر خراپ دەبیت.

توورەکەکەی لەشان کردەوە لەسەر بەردیك لەو دیو مالی ئاغاوە لیی دانیشت، هەندەی زانی نەعیمە، سەریکی بۆ خواری‌و ئەم لاو ئەولادا سووراند، هەرچوارلای روانی، بەدەست ئیشارەتی بۆکرد، هات لەبەردەمی بی دەنگ راوەستا، سەری بردە بن گویی

پیی گوت دەستی بەگۆپالەکەیەوە شل بوو، فرمیسك بەچاوانیدا هاتە خواری، لەو کاتەدا ئایشە دوزمان چاوی لی بوو، باوکی ئیواری بانگی سەرچلی کرد پیی گوت: ئەمشەو لەمالەوە لەگەل من دەبیت، نەیزانی سەرچل لە فیتی ئاغا گەیوەوە، بەکارەکەی زانیوە، شەو لەسەر جیگە راکشان، سەرچل لەسەر جیگەی باوکی پالی دایەوە باوکی رووی تی نەکرد، چووە لایەکەی تر، باوکی بەم لاو ئەولادا سوورا، زۆر گریا بۆ ئەوەی باوکی بەزەیی پیدابیتەوە باوکی لە دلەوە زۆر زگی پی‌دەسووتا، بەلام نەیدەتوانی کارەکە نەکات، هەرچەند مندالە کە ئەم دیوو ئەو دیوی دەکرد ئەو رووی تی نەدەکرد، مندالەکە خۆی تورەکرد لە دالانەکە هاتە خوارەوە، لە بن دالانەکە دانیشت. بیری کردەوە دەبیت بروات؟ وای بەبیردا هات ئەسپە کویت بدزیت بۆ ئەوەی بەزووترین کات لە سنووری ئاغا دەربچیت. هەستی لە باوکی راگرت بە دزیەوە بۆی دەرچوو ئەو شەوە تابەیانی نەوەستا، خەبەریان بەئاغادا..

بانگی نەعیمەی کرد، لەگەل زاهیری میردی پیی گوت: ئیوە لە دیوەخانی مندا دەژین چۆن ئەم کارەتان کردووە، زۆر پارانەوە سوودی نەبوو، سویندی خوارد ئەگەر سەرچل ئەمرۆ هەتا ئیوارە نەدۆزنەوە هەردوکتان لە ژیر دارا دەکوژم

سەرچل زۆر دوور کەوتەوە، ئەسپە کویت ملی راکیشا، ئەویش دەستی بۆ شل کرد، دەوری نیوەرۆ بوو بەبەینی دوو شاخی زۆر بەرزدا تیپەری. بەناوەراستیا جۆگا ئاویك دەرۆیشت، دابەزی کەمیکی تام کرد، زۆر ناخۆش بوو نەیخواردەوە، سواربووەوە لە دەربەندەکە ترازا، دەشتیك بوو، تاوی دابە

چەند خولەك بۆی دەرچوو، شاخیك كەوتبووە پشت دەشتەكە، زۆر چرنەبوو، لە دەشتەكە رەت بوو، دۆلیكی روت دەركەوت، لە دامینی دۆلەكە چەند بنە بیو چناریك دیاربوون، گەییە دارەكان سەر دارەكان هەمووی هیلانەی پاساری بوو، قەدی دارەكان لەبەر بی ئاوی كرمۆل بوو بوون.

بەتەپلی سەری چناریكەوە هیلانەی كۆترەگاپەلەیەكی پیوەبوو هیلانەكە دوو بەچكەی تیابوو، لە پشتەوەی دارەكان توویەكی لیبوو زۆریش گەش و جوان بوو، بەرەو توەكە چوو كانی و ئاویكی لە بن بوو ئەژنۆیەك داكەوتبوو، لەبەری نەدەرۆیشت، لیواری كانیەكە لەبەر زەرگەتەو زەردەوالە دیار نەبوو. كەمیك دووری خستنەوە، چۆكی داداو خۆی نەوی كرد دوو پشووی ئاو خواردەوەو زگی تیر كرد. هەستایەوە دەستی بە زگیدا هینا، گەرایەوە بۆ تووەكە، ئەسپە كویتی لەولاتر لە دار بییەك خست. لەبن سیبەری تووەكە راكشا، میشە كەرانەیەك چووە بن پیلی كویتەوە، ئەویش دەستی بەرز كردەوەو بەتوندی لەبن چنگەی خۆیدا، میشەكە بەگیزەگیز سوریكی ئەو ناوەی داو چووەوە. كویتە قاچیكی پاشەوەو یەكی پیشی و راست و چەپ چەقاندبوو، گویی راستی لار كردبوو، زۆری تینوبوو سەرچل لەبەر ئازاری خۆی و لەبرسان لەبیری چوو ئاویدا.. ئەسپەكە چاوی دەنوقاند هەلی دەهینایەوە، ئەندامی دەرهینابوو لایەكی سوورو لایەكی رەش لینگی لیك كردەوە میزی كرد. روی لە سەرچل كرد دوو جار حیلاندی، سەر چل پیی وابوو هەستی شتیك دەكات، گردۆلكەیەك لە نزیك هەبوو رایكردە سەری دەستی لەسەر ناوچەوانی داناو تەماشای كرد هیچ دیار نەبوو، هاتەوە جیگای خۆی كویتە دووجاری تر حیلاندی لیوی لیك دار، سەرچل خیرا كردیەوە، بەرەو كانیەكە بردی زۆر هەولیدا دەمی نەگەیشتە ئاوەكە. ئەویش هەردوو چۆكی دادا ملی دریژ كرد، تا توانیتی ئاوی خواردەوە، دوو جار پرماندی،

خـۆی راوەشـاند، کلکـی وەك بـەیداخ بـەرز کـردەوە، داموسـەکانی وەك گـوڵ بەهەرچوار لادا شۆڕ بوونەوە، تەرسە قولیکی کرد.

دووجـار دەسـتی بەئـەرزاداو سـەری بـەرزکردەوە حیلانـدی، بەچواردەورەی خۆیدا خولایـەوە، سەرچل ترسا ئەسپەکە گوێی لـە چەرمـەوە بـرد، سـواریك دەرکـەوت، زۆر لاو نـەبوو زۆریـش بەسـالا نـەچووبوو، سـلاوی لەسەرچل کرد، بەشەرمەوە جوابی دایەوە، پرسیاری لێکرد لـە کویـوە هـاتووە، دیاربوو ئەویش شارەزا نەبوو، بۆیە نەیدەزانی ئەودییـەی سـەرچل نـاوی دینـی کەوتوەتـە کویـوە، کـەمیك دانیـش پیـی گـوت: ئەسـپەکەت نافرۆشـی؟ نـا نـەخیر نایفرۆشم، مالی ئامانەتە.

سوارەکە رۆیشت هەناسەیەکی شـادی هەلکیشـا هـەندەی زولـم و زۆری ئاغـای دیبـوو پیـی وانـەبوو وابەئاسـانی وازی لێبینـی ئەسـپەکەی بـردەوە بـن چنارەکـە، کۆتـرە گاپەلەکـە هاتـەوە کوللەیـەکی بـە دەنووکـی گرتبـوو دای بەبەچکەکان. لەوکاتەدا زۆر برسـی بـوو، بیری لـەوە دەکـردەوە، تـەیرو تـووال و تەنانەت درندەی کیوی بەچکەی خۆی خۆش دەویـت، کـەچی باوکی لەوەتـەی دایکـی مـردووە بـەرەلای کـردووە، دوایـەش بـەزۆر بـەبێ پـارەو پـول کـردی بـە شوانی ئاغا

هەروا لە کۆترەکە رامابوو، نیرەکە هات شیرە کولەیـەکی بـە دەنوکـەوە بـوو، پەلـەکانی قژکردبـووەوە، هـەولی دەدا خـۆی دەربـاز بکـات، لـە دلـی خۆیـدا گوتی:

گیان زۆر شیرینە سـەیرە هەرچـەندە لـە چاو کۆترەکە زۆر بچووکە، بەلام لـە ژیـان نـا ئومیـد نییـە پەلـە قـاژەی خـۆ دەربـازکردن دەکـات.. جانـەوەریك بـەو بچووکییەی هەولی خۆ رزگار بوون بدا، ئـەو چـۆن دەبـی خـۆی لـە دەسـت ئاغـا قوتار نەکات. چوو لەبن دار توومکە لەسەر گازی پشت لیی کەوت، چاوی چووە بیرەخەو باوشکی دەهاتی چاوی دەنوقاندو هەلی دەهینایەوە، ماریك بە قەدی

دارەکەدا هاتە خوارەوە، تەماشای منداڵەکەی دەکرد. لەو کاتەشدا کۆتـرە باریکەیەك هات لەسەر بەردیك لە بەرامبەر دارتووەکە دەستی بە کورە کور کرد. زۆریش بەغەریبی دەیخویند، ئەسپەکەش دوو جار لەسەریەك حیلاندی مارەکە لەناوەراستی دارەکە، جاریك راوەستاو تەماشای ئەسپەکەی کرد، شکلی بەجۆریك بوو تا ئیستا ماری وای نەدیبوو، بریاریدا هەڵنەستی، مارەکە هات بەسەر سنگ و زگیا رەتبوو، ئەولاتر چوو گەلایەکی دارەکەی هەڵگرتەوە، هینای لەسەر سنگی منداڵەکەی دانا، بەدارەکەدا هەڵگەرا. منداڵەکە بەزوویی هەستا گەلاکەی لەسەر بەردیك کە لە تەکیەوە بوو زۆر لە مرۆڤ دەچوو دانا. خۆی لەپەنا دارەکە لە دیوی ئەو دیوەوە مات دا، مارەکە بەیەنیك رۆیشت بەرەو سەر، هەلویستەیەکی کرد، تەماشای کرد گەلاکە وەك خۆی ماوە، سەرەوەتر چوو، تادەچوو سەرتر بەرەوخوار دەیروانی، تا چووە سەر چرۆکی دارەکە تەماشای خواریی کردو خۆی لەگەڵ گەلاکەدا راست کرد. سەرەوخوار سنجوقی خۆی تی فریدا، کە دەهات وشەی دهات کورەکە سەری سورمابوو، نەیدەزانی مارەکە چی دەکات بەتووندی لەسەرسەر هات، خۆی لەبەردەکەدا. تەپلی سەری بە قەدەر قولانجیك لەبەردەکە چەقی، چوو تەماشای کرد سەری ئاسن بوو. خەریك بوو سەری لەبەردەکەدا دەربهینیت بەڵام ئەوەی نەکرد بۆ ئەوەی هەر ریبواریك واوەهات ئەمە بەچاوی خۆی ببینی، جڵەوی ئەسپەکەی کردەوەو لیی سواربوو، بەریگادا دەرۆیشت لە دوورەوە دوو میگەڵی بینی بەدەمیەکەوە مۆڵ بووبوون، چوو بۆلای شوانەکان، سلاوی لیکردن سەلاویان وەرگرتەوە. کاتی نان خواردن بوو، شوانەکان کەرەو ماستیان پی بوو، شیریان دۆشی بوو دەلەمەشیان بۆ خۆیان دروست کردبوو.

فەرموویان لیکرد، ئەویش واچاوەروان بوو، دابەزی زگی خۆی تیر کرد. ئەو نانەی پییان مابوو لەگەڵ ماستەکە دایان بەکورەکە، توانی تیشووی چەند رۆژ پەیدابکات. بەتەنیشت دیهاتەکاندا رەت دەبوو لای نەدەدا زۆر جاران

لەگەل شوانەکاندا دەخەوت. شـەویکیان لەگـەل چـەند شـوانیکدا مایـەوە دوو سەگی زۆر دریان پی بوو بەوی نەدەوەرین، ئەو دەیزانی کامە سەگ درە، بی دەنگی کـات، سـەریان سـورما، شـوانەکان زۆرمـاندوو بـوون، بـۆ ئـەوەی زوو خـەویان لێنەکـەویت شمشـالیان دەرکـرد کەوتنـە ژەندنـی، بەپیکـەنین بـە کورەکەیان گوت: تۆ دەتوانی شمشال بژەنیت؟ ئەویش گوتی کەمیك دەزانم، شمشالیکی قامیشیان دایە کەوتە ژەندنی، دەمی لێنەکردەوە، لەگەل ژەندنیدا شوانەکان دەستیان کرد بەگریان، بۆ خۆشی وردە وردە فرمیسکی دەوەراند، لە پر شمشالەکە کەوتە زرەزر، تەماشای کرد قلیشاوە، ئەوان سەریان سورما لەو دەوروبەرە کەس نەیدەتوانی شمشال بتەقینی پییان گوت:

ئیمە شوانمان دەوی دەگەریینەوە بەئاغامان دەلیین شوانیکی باشمان پەیداکردووە، ئەویش بی شك رازی دەبیت، مانگانەشت بـۆ وەردەگریـن وەك خۆمان. ئەو بریاریدا بچیتە جیگەیەك ناوبانگی ناوچەی خۆیان نەزانی. شەو درەنـگ خـەوتن دەزبینەکـەی بـۆ گرتـن، لەبـەرانیکی کـەژەل بەقـەد دوو بـەران دەبوو، لە نیوەی شەودا میگەلەکە راپەری، بەرانەکە هەردوو دەستی چەقاند تەماشای شوانەکەی دەکرد، لەگەل یەکەم خرەی پیی رەوینەوەی مـەرەکاندا راپـەری. زەردەکـردی بەهـەرا، ئـەوانیش بەخەبـەر هـاتن. سـەریان بلندکـردو گوتیان، بخەوە مەترسە بـۆ ئەگـەر گەلـە گورگیـش بـی زەردە ری دەدا مـەریك خوین لـە لووتـی بیـت.. چـەند رۆژ بـوو بـەریگاوە بـوو، بـەرەو رووی دییەکـە دەچوو، دیار بوو لەناو دیدا شایی بوو، بریاریدا ئەمجارە لەو دییە لادا.

ئەسپە کویت گویی لە دەهۆل و زورنا بوو گویـی قولاغ کردو دووجار لەسەر یەك حیلاندی، مندالەکە روی تیکردو گوتی:

کویتە دەلیی چی؟ بچین نانی شای بخۆین کەمیك خەمی خۆمان برەوینین؟

گەییە ئاوایی لە گۆرەپانیك بەژن و پیاوەوە راوەستابوون، لەبەردەمیان سوارەکان غاریان دەدا، ئەسپە کویـت کـە چـاوی بـەو هـەموو ئەسـپە کـەوت،

هەوای بزووت. کەوتە حیلە حیلە، خەڵکەکە تەماشایان کرد، ڕووتەیەك بەسواری ئەسپێکی ڕووتە ڕاوەستاوە، لە پێشدا هەموویان پێی پێ‌کەنین، دوای بەسالاچوویەك کۆنە سوار بوو گوتی کوڕینە، ئەو ئەسپە ئەگەر سواری لەسەر بێت، ئاوا لەم ئەسپانەی خۆمان هیچ کامیان تۆزی پێی ناشکێنێت. ڕووتە خۆی ڕانەگرت چووە پێش، سوارێك لە ناوسوارەکاندا ئەسپێکی بۆرەی تاریکی لە بندا بوو، بۆ خۆشی زۆر پۆشتە بوو لە هەموویان زیاتر سواربوو، کوێتەی تاودا سەرێك دووسەر. بووە قاوقیل قولە هەی لەمنت کەوێت ڕووتە چوو پشتی بۆرەی گرت، سوارەکە ئاوڕی دایەوە، بەو ڕووتەیە پێ کەنی، منداڵەکە بەپێکەنینەکەی قەڵس بوو، خۆی تاودا بەدەوری بۆرەدا سوڕا، دوایە پێشکەوت کەمێك لە پێشی بۆرەوە دەڕۆیشت، منداڵەکە وردە وەردە چووە ناوەڕاستی مەیدانەکە، دارێك هەبوو، وەك تەشی بەدەوری دارەکەدا دەخولایەوە، بۆرەش بەدەوریا خولا، بەڵام وەك کوێتە توونـد نەبوو. منداڵەکە داهاتەوە، لەسەر ئەسپەکەوە بەردێکی هەڵگرت و بەهەوایدادا. کوڕی ئاغا نەیتوانی ئەم کارە بکات. خەڵکەکە بەتێکڕا وتیان بژی ڕووتە، بژی ڕووتە.. ڕووتە هێندەی تر لە خۆی بایی بوو، دوایی کوڕی ئاغا جڵەوی ئەسپەکەی گرت بەرەو دەرەوەی سوڕاند، منداڵەکەش بەدوای کەوت. ئەسپەکەی لە بڕکە دارێك خست. سفرە ڕاخرا. نانیان خوارد ئاغا بانگی منداڵەکەی کرد، نانت خواردو چات خواردەوە ئەسپەکەت بەجێ دێڵی‌و دەڕۆیت، قیژاندی بەسەریدا باشە؟ ئاغا لە کاتێکدا قسەی دەکرد تف لە دەمیەوە دەردەچوو، ددانەکانی نەمابوون. ددانی بە چیرەوە دەبرد، کە ددانی جووت دەکرد چەناگەی بە لووتیەوە دەنوسا، بەینی چەناگەو لووتی دەبووە کون، منداڵەکە سەری لەبەر خۆی نابوو لە بنەوە پێ‌دەکەنی. قسەی نەدەکرد، خەڵکەکە لە ئاغا پاڕانەوە، منداڵەکە هەژارە.

چاوی لێ سوورکردنەوەو گوتی:

ئەم سەگبابە ئەسپی وای لە کوێ بووە دزیویەتی، هەر ببینە یەکێك هات لەدوای بگەڕێت. ڕووی لە مەلای ئاوایی کرد، وە نیە؟ مەلا بەدەست لەسنگ دانەوە داهاتەوەو بۆی لە مل دا

ئاغا بەپیاوەکانیا کوێتەی ڕەوانەی ماڵەوە کرد. منداڵەکە تا درەنگانێك خۆی خافلاند. دوایی لەبەر چاوی خەڵکی هەڵساو بە ئاغای گوت: ئەو ئەسپە هەرکەس سواری بێت، دەمرێت، لەمن زیاتر، دوایی نەڵێی پێی نەگووتم.ماڵ ئاوا. ئاغا بەپێکەنینەوە خواحافیزی لێکرد. لەدەرەوەی ئاوایی خۆی مات دا. شەو بەدزیەوە لە ماڵی ئاغا نزیك کەوتەوە، تەماشای کرد بەدیار جەنازەیەکەوە دانیشتبوون. ئەو کاتەی کوێتەیان بردبوو، دوای ئەوەی ئاغا دەگاتەوە ماڵەوە، بەیەکێك لە پیاوەکانی دەڵێ دوو جار لەبەر چاوی چەرخەی پێ بکات. پیاوەکەش شارەزا نابێت، خۆی تێ فڕێ دەدات، کوێتە بەهەر چوار پەل هەڵدەپەڕێت، تا فڕێی دەدات، تەپڵی سەری لە ئاسنێك دەدات و دەمرێت. ئەسپەکە لەدەرەوە لەسەر ئاخوڕێك بەسترابووەوە، زینێکی جوانیشی پێوەبوو، منداڵەکە بەدزیەوە کردیەوەو لێی سواربوو، بۆی دەرچوو.

بەناو موسلاً ڕەت بوو تاك تاك ماڵی عارەبی لێبوو. پێی سەیر بوو ئەم ماڵە عارەبانە لە ناوکوردستاندا چی دەکەن؟! ڕۆیشت لە حەمام علی بەولاوە ماڵە ڕەشماڵی دەدیت هی عارەبەکان بوون، دەهاتن لە ماڵی کوردەکان لە دیوەخاندا دادەنیشتن، زۆریش نێوانیان خۆش بوو. کوردەکان ئەو خەڵکە کەمەی عەرەب بوون زۆر ڕێزیان دەگرتن. بۆ ئەوەی هەست بە غەریبی نەکەن

لەوێوە چووە تکریت، تێکەلاوبو کوردو عەرەب دەژیان، کوردەکان بە مۆڵکانە مڵکیان ئەدا بەعەرەبەکان. زۆر هەوڵیان دانەمایەوە، لە کەرکوك ئەسپەکەی فرۆشت، بەچەند ڕوپیەیەك و پارەکەی لە گیرفانی نا. لە ناوچەی قەلاًسێوکە گیرسایەوە. لەو ئاواییە بوو بە شوان. لە ناو ئاواییدا زۆر خۆشەویست بوو چەند ساڵ تێپەڕی لەگەڵ بسکاندا دڵیان پێکەوە بوو، لەسەر

هـەر گردیـك دادەنیشــت، لــەوەختی مــەرە بــیرەدا شمشــالی لێدەدا بــەدوایدا سەرچیاییەکی دەگوت، زۆر دەنگی خۆش بوو، هەموو جار غەریبی هەلدەستاو دەگریا، داخوازی بسکانی کرد دایانی.

هــەموو رازی دلــی خــۆی بــۆ بســکان هەلرشــت. زۆر یــەکتریان خــۆش دەویســت. بسـکان لـە ماوەیـەکی زۆردا یـەك زگـی کـرد، کوریکـی بـوو ناویـان نـا ئاوارە. لـە شـەری روسـەکاندا رۆیشـت نەهاتـەوە. ئـاوارە زۆر گـەورە بـوو قـەیرە کور بوو دایکی شووی نەکردەوە، ژنی بۆ هینا. لە شۆرشی ئەیلولدا لە کۆتـایی هەرەسدا شەهید کرا. ژنەکەی زگی کرد، دوو کوری بەیـەك زگ بـوو. کـە ئـاوارە شەهید بوو ژنەکـەی شـووی کـردەوە. بسـکان جـاریکی تـر کەوتـە بەخیوکردنی مندالی بی باوك بۆ خـۆی بـاوك و دایـك بـوو. کورەکـان تەمـەنیان پـانزە، شـانزە سال دەبوو، زۆر شـەرمن بـوون لـە دوو منـالی زۆر بچووکیـان دەکـرد لـە نـەنکیان جیا نەدەبوونەوە. دەیناردنە لای مـەلا خـدر بـۆ خوینـدن، هـەموو رۆژی بۆخـۆی لەگەلیان دەچوو

سـەربازەکان بـەدەوریاندا دەهـاتن بسـکان لـە تـاوان منداڵـەکانی پـەنای خۆی دابوو، جاربەجار بۆ ئەوەی زۆر بترسین دوو گولـەیان لـەناو ئەشـکەوتەکە دەکـرد. دەگریـان، دەپارانـەوە، سـوودی نـەبوو چـەند ئـەوان دەگریـان، ئـەوەندە زیـاتر پیدەکـەنین، چیژیـان وەردەگـرت.. پیریژنەکـە بـەناو دلۆپـەکاندا پاشـە و پاش کشایەوە، تۆزیك لە چاوی سـەربازەکان بزربوو، سـەربازیکیان یـەکی پـەل ئەستوری رەش بوو دەستی لەسەر پەلا پیتکەی تفەنگەکەی هەلنەدەگرت خۆی نەوی کرد، سـەیریکی نـاو ئەشـکەوتەکەی کـرد. بەقـەدیا ئـاو دەهاتـە خـوارەوە. گیا باریزەو سـەگانەو مارانـە بەقـەدی ئەشـکەوتەکەوە رووا بوون. لەگـەل دلۆپـە ئاوەکـاند بەسـەر پەلکـەکاندا دەچـۆرا دەبریسـکانەوە، هەسـتی راگـرت، لـە دوور زیکـەی شـەمشـەمەکویرە دەهـات. پیریژنەکـە لـە سـوچیك کـە ئـاو نەیدەگرتـەوە کەمیك تاریك بوو، کورەکانی لە پال خۆی دانابوو. سەرپۆشیکی رەشـی بەسـەر

خۆی و کورەکـانیدا هەلکیشـا، سـەربازەکە دوو هـەنگاو بـەرەوژوورەوە چـوو، خەریك بوو لـە ترسان هەترەشی بچیت، کردی بەتەقە مندالـەکان زیراندیـان، هەموو شەمشەمەکان هەلفرین، بوو بەگرمەو نالـە. دەتگوت سەد فرۆکە لـە نـاو ئەشکەوتەکەدایە. گەرایەوە یەکی تری لەگەل خۆی هینا، لایتیکیان بەدەستەوە بوو. لەگەل چکەی دلۆپە ئاوەکاندا، رادەپەرین و دەلەرزین.

سەربازیکیان گوتی:

باوازیان لیبهینین، پیرەژنیك بە دوو مندالـەوە، چەند رۆژیکـی تـر بۆخۆیـان لەبرسان دەمرن.

ئەوی تر گوتی:

تۆ نایان ناسی ئەمانە کوردن، ئەم گیاو گژە بخۆن بەچەند مانگیکی تر نامرن، ئەگەر بەدەستی خۆم نەیان کوژم ئیسراحەت ناکەم. لەگەل شەوقی لایتەکەدا گیاکـان دەبریسکانەوە. پیـیان وابـوو هـەمووی جروجانـەوەرە، زۆر دەترسـان، ئەوی خیرەتی لەبەردەدان ئەوە بوو چۆن پیرەژنیك بە دوو مندالـەوە دەویـری بچیتـە نـاو ئـەو ئەشـکەوتە تاریکـە..؟! ئـەوان بەچەکـەوە نـەویرن، پیرەژنەکـە سـەربازەکانی لی دیـار بـوو تۆزیکـی تـر ئـەولاتر چـوو بـەردیك دەکەوتـە بـەینی ئەشـکەوتەکەو پیرەژنـەوە. لـە بنـەوە ئـاو دەرۆی خـورەی زۆر دەهـات، پـر بـوو لەشەمشەمەکویرە. سەربازەکان چەند تەقەیەکیان کرد پیرەژن دەمـی منالـەکانی گرت بۆ ئەوەی هـاوار نەکەن، لەگەل دەنگەکـەدا جـاریکی تـر بـوو بـە هـارەی شەمشـەمەکویرە. دانەیـەکیان خۆی کیشا بەدەم و چاوی سـەربازیکیاندا، وەك بەراز هاراندی پاشەوپاش کشایەوە، هاوریکەی نەیزانی بۆ وادەکات.. تا ئەو هەنگاویك دەکشایەوە، ئەو دوو هەنگاو رای دەکرد.

لە گردەکەی ئەوبەر قامیشەلانەکەوە تـانکیك راوەسـتابوو لـە گردەکـەی لای چەپ کۆپتەریك نیشتبوو، چەند مـەتر دەهاتیـە خوارتـر لـە ناوەراستی گردەکە گۆرەپانە خیوەتی لی هەلدرابوو. ئەفسەریکی گەورە وەك کـەری بـەقالان تەتکـەو

پەتکەی پیوە بوو، لەوی دانیشت، بە دووربین تەماشای ناو قامیشەلانەکەی دەکرد. چەند رۆژ بوو لەو قامیشەلانەدا خەلکیان دەکوشت و دەگرت، یەکدوو کچی بۆ رابواردن لە خیوەتەکەی خۆی هیشتبووەوە. چاوی لەسەربازەکان بوو، دەچوونە ژوری و دەگەرانەوە

بریاری دەرکرد، سەربازی تر چوون بۆ یارمەتییان، کچیك لەو کچانەی لەتەك خۆی هیشتبوونیەوە، زۆر جوان بوو، هەموو رۆژی کەیفی لەگەل دەکرد کەنیشکەکە زۆر گریا، سوودی نەبوو. ئیستا بردبوویان زۆر جوان شووشتبوویان، جلیکی زۆر جوان و پاك و خاوینیان لەبەر کردبوو بۆنی خۆشیان لیدا. هەندیك دەرمانیان بۆ کرد. کیژەکە وەك مانگ دەسووتا. لە خیوەتیکی تایبەت دایان نا فەرماندە چوو بۆ رابواردن، چاوی پیی کەوت لە خۆشیان خەریك بوو گەشکە بیگریت. کچەکە بۆی سورا ئەم جارە بەپیچەوانەی جارەکانی تر، نەگریا نە هاواری کرد.

دەزگیرانی هەبوو، زۆری خۆش دەویست، سویندی خواردبوو تامابی لە هەلۆ زیاتر کەس دەستی بۆ نەبا، ئیستا چەند رۆژ بوو فەساد کرابوو، لەسەرەتاوە، هەندە چووبوونە لای، رۆژانیك خوینی لەبەر رۆیی، زۆری کچەکان کە تووشی ئەو حالەتە دەبوون دەیان کوشتن، ئەو بەلایەوە سەیر بوو بۆ نای کوژن. فەرماندە هات خونچە لەبەری هەستا، هەر بەراستی دەمی تازە وەك خونچەی گول کردبووەوە. چاوەکانی وەك ئەستیرە دەدرەوشانەوە لیوی دەتگوت گولی بەهارە، پیدەکەنی، چاوی لە چاوی مامزی دەکرد. گەردەنی لە قازی دەم رووباری دەکرد. لەنجەولاری لە پۆری دەکرد. بەخۆبادان و پیکەنین بەرەو رووی چوو، دەستی بۆ برد چاکەتەکەی بۆ دانا، یەخەی سوخمەکەی ترازاند دوو مەمك وەك سیو، ورنجەورنجیان دەهات، دەرکەوتن. بەینی هەردوو مەمکەی وەك شمشال بە لوولی تا سەر ناوکی دەهات. ئەفسەرەکە خەریك بوو لە خۆشیان دەست بەجی ببوریتەوە، خۆی بەسەر دەستە ناسك و جوانەکانیدا دا،

خونچە ئامیزی بۆ کردەوە، بردی لەسەر جیگاکەی رووتی کردەوە. خۆشی رووت کردەوە، ئەفسەرەکە چووە سەر سنگ و مەمکی خونچە، پر بەدەم مەمکی لەناو دەم نا. کچەکە خەریك بوو هاواربکات. بەلام زوو بەبیری هاتەوە دەستی بەسەرو گوێی ئەفسەرەکەدا هینا زمانی برد لەناودەمی گیرای ئەفەسەرەکە زمانی وەك زمانی سەگ بستیك دریژبوو، دەری هینا لەوکاتەدا خونچە دەستی بۆ ژور سەری خۆی دریژ کرد، دەمانچە تۆپلیەکەی کردەوە، بەدەم نالە نالەوە، چەکوچەکەی راکیشا، ئەفسەرەکە زمانی بردە ناو دەمی، تا هیزی تیابوو زمانی گرت. ئەفسەرەکە نە هاواری پیکرا نە جوولا، لە تەقەی دەمانچەکە چەند سەرباز خۆیان بەژوردا کرد خونچە یەك دوانیکی لەوانیش لارکردەوەو، ئاخر گوللەشی لە میشکی خۆی دا

سەربازەکان لەهەر چوارلاوە دابارین بۆناو قامیشەلانەکە، چەند هەلۆ لەسەر قامیشەلانەکەدا لە ئاسمانەوە دەخولانەوە. کوورەی هەنگیك نەدەزانرا لە کویوە دەرکەوت، لەسەر سەربازەکان خولیکی دا، ترسیان لی نیشت لەوی لەسەریان "شەلغەی بەست" کوندو لەق لەق و هەلۆو چۆلەکەپاساریو زەردەزیرەو هەرچی درندەی کیوی هەبوون لەو ناوە بی لانە دەگەران بە کورتی چی گیان لەبەر لە کوردستان بوو، بەمالیو کیوییەوە لانەیان لی تیك چوو. زۆربەیان دەربازیان نەدەبوو لەبەر گوللەی سەربازەکان، دەوری ئەشکەوتەکەیان دا. هەندیك جار دەیان ویست خیرەت لەبەر خۆیان بنین، بچنە ژوورەوە، نەیان دەویرا، ئەوانەی کە کەمیك پیش ئیستا لە ژوورەوە بوون، وایان دەگیرایەوە کە ئەشکەوتەکە هەزارو یەك جانەوەری تیایە.ئەوانە زیاتر لەگەل گیانەوەری کیوی راهاتوون. کی دەویری بچیتە ژوورەوە، لە دوایی بیریکیان بۆ هات، هەمویان لەسەر ئەم بیرە کۆك بوون، کە قانگیان دەن. ئەگەر دەرچوون باشە خۆ ئەگەر دەرنەچوون با لە ژووریدا بخنکین. چەند بار قامیشیان کۆکردەوە، ئەوەندەی بۆیان کرا ژورەکەیان پرکرد. بەدەرکەوە هەلیان چنی، ئاگریان تی بەردا، چی

شەمشەمەکوێرە هەبوو لەگەڵ لوولەی دوکەڵەکەدا دەردەچوون هەندە هاتبوونە دەرێ خۆیان بەناو لولەی دووکەڵو ئاوەکە دادەکردو دەگەڕانەوە، ئاسمانیان پڕ کرد. دادەهاتنە سەر سەربازەکان. دەتریقانەوە پیرێژن هەردوو کوڕەکەی بەو لاتر برد. کونەکە دەسوڕایەوە لە ئاسمانەوە کونێك هەبوو، وەك لولەی سۆبا دووکەڵەکەی دەمژی. خۆیان لەگەڵ ئاوەکە جووت کرد، دوکەڵەکە هەندە زۆر بوو، بەرگری نەدەکرا، ناو زگیان پڕبوو لە هەموو کونەکانی لە شیان دوکەڵ دەهات. چاویان دەرپۆقی زگیان ئاوسا بەگریان و هاوار خۆیان گەیاندە دەرێ کە دەرکەوتن، سەربازەکان دووپەنجەیان بەرزکردەوە، لە کاتێکدا هەناسەیان هەڵدەکێشا، دوکەڵ لە دەمولووتیان دەردەچوو، زگیان هەندەی یەك کەندووی عەماری لێ هاتبوو، چاویان سوور دەرپۆقی بوو. وەك شێت دەهاتن ودەچوون. گرتنیان ڕووت و قووتیان کردنەوە، پیرەژن لەتاو ناموسی ئاگای لە کوڕەکانی بڕا، تاتوانی و بۆی کرا لالأیەوە، پێشیان دا. لەناو قامیشەلأنەکە دەردەچووی لە خوارەوە ئاوەکە بەسەر شاخێکدا دەڕژا، لە هەواوە دەکەوتە خوارەوە، پێشی وەکو دیوار شاخ بوو، وردە زیخەکەی لەگەڵ خۆی ڕادەماڵی بەدیوارەکەیدادەدا، دەبووە گێژ لە دواوە دەسووڕایەوە ناو گولاوەکە، سەر ڕێژ دەبوو، لە خوارەوە ئەم بەرەوئەوبەری ژاڵە بوو هەمووی لەبەر گوڵ سوور دەچووەوە. ناو جۆگاکە پونگ و کوزەڵە گرتبوونی، ناو هەر گوڵە ژاڵەیەك چەند مێشە هەنگی تیابوو، تاکوتەرا سەر دەوەنە ژاڵەکان. هێلانەی کۆترەباریکەو چۆلەکەی پێوەبوو، ئەوەی بەرچاو دەکەوت هەموویان تێك دابوو. بەبزنە ڕێگاکاندا سەرکەوتن، پیرەژن ئەوەندە هەڵئاوسابوو دەتگوت کێوی ئوحدە، مەمکی وەك جەوەندەی شوان شۆڕبووبۆوە. لە دوواوە بە نووکی چەکمەکانیان لێیان دەدان و پاڵیان دەنان. سەریان خستن بۆ سەر گۆڕەپانەکە، پیرەژن ئەبوو دوجانەی لە ملدا بوو، تا ئەوکاتەی لێیان نەکردبۆوە سەربازەکان چاویان پێکەوت پڕیان دایە، بووە فڕکان فڕکان، کەس نەیدەزانی چی تیایە. لە ملیان کردەوە، قایشەکەیان دڕاند

بەرگێکی سەوزی لەبن بوو، بەپەلە لێیان کردەوە، تا دەبەرگیان بەسەریەکەوە دڕاند، کاغەز دەرکەوت، لە هەموو سورەتێك، لە هەر ئایەتێك وشەیەك نووسرابوو، چاویان پیّی کەوت بەددان لە چیرەوە بردنەوە و ونجڕو نجڕیان کرد. پیرەژن لە تاوی ئەوەی گیانی دیار بوو ئاگای لەوە نەبوو دوجانەکەی دڕا، ئەفسەرێك کە پلەی لە دوای ئەفسەرە کوژراوەکەوە دەهات، هاتە دیار بسکان و هەردوو منداڵەکە، تەماشایەکی چاوو زگی ئاوساوی کردن. کەوتە پێکەنین هەندە پیّکەنی دەستی بەبەر زگیەوە گرتبوو، بەپشتدا دەچەمایەوەو قیت دەبووەوە، نێزەیەکی وەرگرت، منداڵێکیانی هێنا، چاوێکی لە پیرەژنەکە کرد بیّ دەنگ ڕاوەستابوو بەزگی کوڕەکەیدا کرد. پیرێژن ویستی چاوی بنوقێنیّ بەڵام نەیتوانی سەری داخست لەگەڵ دەرکرنەوەی سونگیەکە دوکەڵ بەو ناوەدا بڵاوبووەوە منداڵەکە فس بووەوە کە چەند ڕۆژ بوو، هیچیان نەخواردبوو بەقەد منداڵێکی حەوت هەشت ساڵانی لیّ مایەوە. منداڵەکە هێشتا گیانی دەرنەچووبوو کاتی نیوەڕۆ بوو سەربازێك چووە سەر بەردێك ڕووی لە ڕۆژ کردو بانگیدا، بەدوای بانگی خودادا، پیرەژن و منداڵەکەیان هێنا، سەگێک چەند ڕۆژ بوو لەوناوەدا دەسوڕایەوە، چاوی بە پیرەژن کەوت بەنوزانەوە بەدەوریا دەخولایەوە خۆی پیاهەڵدەقڕاند، پڕبەچاو تەماشای بسکانی دەکرد ئەویش تەماشایەکی سەگەکەی کردو، دوو فرمێسکی، وەراند لە کاتێکدا ڕایان گرتبوو، جنێویان پیّ دەگوت: لە تاوان ئارامی نەمابوو، منداڵەکەیان لە پاڵ ڕاگرتوو دەستڕێژیان لیّکردن.

– ستار تەماشایەکی منی کرد، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، فرمێسکی بەردایەوە، لە جێگای خۆمان هەڵساین، بەرەو مۆردەکانی هاوشانمان، قاچم ڕەق بوو، نەم دەتوانی بجووڵێم، ستار یەك دوو جار ڕای وەشاندو بەرزونزمی پیّکرد. کەمێك سرپەکەی دەرچوو تا هەستام نێرگزە جاڕێکی زۆر سپی دەچووەوە، هەزاران پەپوولە ئەم گوڵەو گوڵیان دەکرد، وەك

تـەم سـەرگولەکانیان گرتبـوو لـەو کاتـەدا وردە وردە هەتاوەکـە لاواز دەبـوو، هـەوریکی تونـد بـەری ئاسمـانی گـرت. بـووە هـەورە تریشـقە، ریژنـە بـارانیك دایکرد، لەپەنا دەوەنە مۆردەکـان خۆمـان مـاتدا، تـا بارانەکە کردیـەوە، بەدوای بارانەکەدا بایەکی سارد هەلی کرد.بەرەو شیوی مۆردان شۆر بووینـەوە، دەبوو ئەوشەوە جیگایەك پەیدا بکەین لیی بخـەوین، زۆر شـەکەت بووین، ناوەراستی شـیوەکە ئـاویکی زۆری پیـدا دەرۆیشـت، قـامیش زۆر لـە پـال قامیشـەکاندا، هـەزاران درکـەزی و درکـە شـیلانەی لی رواوە، زۆریـش پالیـان بەیـەك داوە، شیلانەکان هەزاران گولیان دەرکردبوو، بۆنیـان بـەوناوەدا بلاوکردبووەوە، سـەر شیلانەکان هیلانە گاویلکەیان زۆر پیوەبوو، ئەم بەرو ئەوبەری شیوەکە هەزاران قەرەقاج و گویژی پیوەیە، لەسەروی شیوەکە زەردیکی زۆر بلند هەیە، چەندین هیلانە هەلۆو کوندەبـووی پیوەبـوو. بەزەردەکـەدا ئـاویکی سـپی دەهاتـە نـاو درکەزیو شیلانەکان، هەردەم دورەشیرو چەقلی لینەدەبرا، زۆری مالاتی ئاوایی بزر دەبوو، لاکی لەوشیوەی مـۆردان دەدۆزرایـەوە، بۆیـە زۆرجـار بەشـیوەکەیان دەگوت حـەزیای سـی سـەرە، لەوکاتـەدا بیدەنگیـەك بـالی بەسـەر شـیوەکەدا کیشابوو، بەس هاژەی ئاوەکە دەهات، تەنانـەت گیزەی میشـوولەش نـەدەهات، بەسەر ریگاوە کەمیك راوەستاین، لەشمان تەر بوو لەگەل کزەی بایەکدا چۆقەی ددانمـان دەهـات، لـەو بـی دەنگییـەدا چەخماخەیـەك لـە ئاسمانـەوە بـەباریکی لییدا. کەس نەیدەزانی لە کوییوە هاتووە، لە کوی کۆتایی هات، بەدوایدا هەورە تریشقەیەك هەموو دۆلەکەی رووناك کردەوە، بە جۆریك دەنگی هـات، لـە هـەموو چیاکانـەوە دەنگی دایـەوە، تاماوەیـەك هاشـەی لەگـەل هـاژەی ئاوەکـە تیکـەلاو بـوو، بـەدەم وردە قسـەکردنەوە خوارتـر رۆیشـتین بـەهارە هـاریك گویمـان زرنگایەوە، بەدوایدا یەکیکی تر بەهەمان شیوە هاراندی، چووینە پیشتر، دورە شیرەکان خۆیان بەناو زیزکەلانەکەدا دەکردو، بەهارەهار دەگەرانـەوە. لە دەری

پەلاماری یەکتریان دەدا، دوای کەمیکی تر دووربارە دەچوونەوە. چەند جار ئەمە دووبارەو چەندبارە بووەوە، چاویان بەئیمە کەوت سەرەوخوار رایان کرد.

لەخوارتر بەرامبەربەیەك هەلقونجان، یەکیان دەمی کردەوە تابن گویی دایپچری. زمانی دەرکردو لالیوی سری. لە جێگای ئەوانەوە سەیریکی ناو زیزکەلانەکەمان کرد ئەوەندە هاتو چۆیان پیدا کردبوو وەك جیگا مەر قورەکە تیك هەلشیلرابوو، کەمیك ئەولاتر چووم زۆرتاریك بوو زۆریش ترسناك بوو لایتەکەم دەرکرد، بەبەری ئەوبەری جۆگاکەوە شتیك بۆر دەچووەوە لە دوورەوە نەدەزانرا چییە؟ ئاوەکە لە دوای باران لماویکی لە دوای خۆی جیهیشتبوو بەپانی چوار هەنگاو ئاوەکە کەوتبووە لای ئەم بەری جۆگاکە هەر چۆن بتویستایە بپەریتەوە قاچت لە لماوەکە دەچەقی، لەوبەرەوە دوو دەوەنە زیی زۆر گەورە بنیان وەك ئەشکەوت دەچوو، سەریان لیکی دابوو شتەکە رونتربوو، مرۆڤ بوو، لە ئاوەکە پەرینەوە، گەنجیك لەسەر گازی پشت راکشابوو. چاوی دەرپۆقیبوو قاچی تا ئەژنۆی گۆشتی پیوە نەمابوو، بۆنی کیمایی لیدەهات، بەهەرچوار دەوری خۆیدا رشابۆوە. دەرپییەکی سپی لە پیدابوو، لەگەل عەلاگەیەکی ژیرەوە لەتاوان خۆی رووت کردبووەوە. دەستم بردە گیرفانی، گیرفانی نامەیەکی تیدابوو، لاوەکە سەرتاپای ژیانی لە نامەکەدا دیاری دەکرا، قووتابی چوارەمی گشتی بوو، نامەکە بە دوو دلی رەنگاو رەنگ تیکەلاو کرابوو. باسی لە ژیانی دوارۆژی دوو دلدار دەکرد. ئەدرەسی لەسەر بوو، ناوی کورەکە سەرکەوت ئەحمەد لە قوتابخانەی هەتاو پشتی نامەکە گولیك کە لە ناوەراستی گولەکەدا وینەیەکی زۆر جوان کیشرابوو لەگەل ستار دەستمان بەسەر چۆکماندا شۆر کردەوە. سەرمان داخست دوای کەمیك تەماشایەکی یەکترمان کرد، بەچاو ئیشارەتی رۆیشتنمان کرد. لەوی بەریکەوتین شەو لە بن شاخە گەورەکەی کیوان ماینەوە دەکەوتە پشت ئەشکەوتی عەلکە، مەشهور بوو بە کونە کەمتیارەکە، ناو کونەکە زۆر دوورو دریژ بوو، ژن و مندالیکی زۆری تیدا

بوو، چەند رۆژ بوو هەر چواردەوری گیرا بوو، گردەکەی بەری ئەوبەرەوە دوو تانکی پیوەبوو بەقەدی گردەکەوە، ناوەناوە داری بەلاللۆك رواوە جاترەی زۆرە گیا ئەسپۆن و هەلپەلۆکی زۆرو چەند خیوەتیکی لی هەلدرابوو، لەبەری ئەم بەر زرێپۆشیك راوەستابوو، جاربەجار دەرکی کونەکە تۆپ باران دەکرا، زۆریش هەولی ئەوەیان دا بچنە ناو کونەکە، نەیان دەویرا راوەستابوون تا برسیتی دەریان دەکات. چەند بیل ئاو بەناو ئەشکەوتەکەدا دەرۆیشت، لیماویکی زەردی بەناوەدا بلاو دەکردەوە. ناوئەشکەوتەکە لەزۆر جیگا دلۆپەی دەکرد. ناوی هەموو رەفەرەفەیە لە زۆر شوینەوە کونی گچکە گچکەی بۆ دەرەوە هەیە، لەگەل ئەو ژن و مندالە زۆرە مالی عبدالقهاریشیان تیدابوو، قەهار لەوەتەی ژنی هینابوو لەسەر ملەکەکانی خانوبەرەی بۆ خۆی کردبوو چەند سەر مەرو مالاتی راگرتبوو، بەردەوام بەرۆژوو بوو، سەری بچووبایە نویژی نەدەچوو. لە دوای نویژ هەموو جار بە گولندامی خیزانی دەگوت: ژنەکە لە خودای بپاریوە لیمان ببوری، بەکردەوەی خۆمان لەگەل نەکات، بەکردەوەی خۆمان لەگەل بکات لە بن غەزەبی خودای دەرنا چین. گولندام دەیگوت: سەردارم، بۆ خودا لە گوناهمان خۆش نابیت لەم چۆلەوانییە کەوتووین لە عەلەی کەس نادوین و ئەویش لەعەلەمان دەدویت گەردنی ئازاد بیت.

شینایەکانیان کەمیك لە خۆیان دووربوو، هەرکاتیك دەچوون بۆسەر شینایی کەرەکەی دەهیناو دوو بەرچنەی لی دەکرد. هەرتایەی مندالیکی لی باردەکرد تیی دەهاویشت و یەکیش لەسەرەوە سوار دەبوو. بۆ خۆشی ریشمەی کەرەکەی رادەکیشا، رۆژیکیان فرۆکە هات خۆیان شاردەوە. کورە گەورەکەی پرسیاری لە باوکی کرد گوتی:

باوکە کی دەمانکوژیت؟ باوکی گوتی:

کورم بەس خودا دەمانکوژیت.

باشە هەموومان پیکەوە دەکوژیت؟

نەخێر کورم نا، هەرکەسە بەنۆبەی خۆی.
جا تا پیر نەبین نۆبەمان نایات؟
کورم جاری وا هەیە مندالی نۆبەت دیت.
باشە، باوکە لە خودا زیاتر کەسی تر ناتوانیت بمانکوژیت؟!
باوکی ریشمەی کەرەکەی شل کرد بەزەردەخەنەوە، ئاوری دایەوە. گوتی:
رۆلە لە مردن دەترسی؟
کورەکە گوتی:
نەخێر، بابە، بەلام دەلیم؟!
ئەو خودایە کییە دەتوانیت هەموومان بکوژیت؟!
گوتی: کورم لە هەموومان گەورەترە، ئەو ئیمەی هیناوەتە ئەم دنیایە..
-ئیستا قەهار لەناو خەلکەکەدا چەند رۆژیك بی خواردن بوو، کورەکەی گوتی:
بابە چاوم کویر بوو، ئەمە چەند رۆژە لەم کونە تاریکە داین. دەرۆم، باوکی گوتی: ئاخر کورم دەمانکوژن. کورەکە بی دەنگ بوو، لەو کاتەدا کەمتیارەکە چەند رۆژ بوو دەرەوەی نەدیبوو. خۆی بەناو خەلکەکەدا کرد. گەیشتە زارکی ئەشکەوتەکە بەپەلە گەرایەوە بەسەر خەلکەکەدا. لەسەر سەکۆیەك پالکەوت، دوای کەمیك چوار پەلی لیك کردەوە. دەمی داپچری بەقەدەر یەك حەوشە مەر کرایەوە. گولەندام زۆر لە کەمتیارەکە ترسا. گوتی:
قەهار کەمتیارەکە دەنگ ناکات؟
گوتی:
کەمتیارە لە خۆیەوە پەلاماری کەس نادات. زۆریش گەندە خۆرە، شت تا بۆگەن نەکا نایخوات. کورەکە گوتی:
باوکە بابرۆین وامردم.
باوکی گوتی:
کورم نەمگوت دەمانکوژن.

جا بۆ دەمانکوژن؟!

کورم لەبەر ئەوەی کوردین.

جا بۆخۆمان نۆرەمان هات نامرین؟ ئەوان بۆ دەمانکوژن؟ کورم بۆ ئەوەی زوتر بمرین.

باوکە تۆ نەتگوت هەر خودا دەتوانیت بمانکوژیت؟! هەرکەس بەنۆبەی خۆی دەمریت. ئیستا کورد هەمووی نۆبەیەتی؟! ئەی تۆ نەتگوت خودا بە زەق زۆرە هەموومان پیکەوە ناکوژیت؟! ئیستا چۆن هەموومان پیکەوە دەکوژیت؟! من دەرۆم چاوم کویر بوو. باوکی نەیدەزانی چی بە منداڵەکەی بلیت سەری داخست. برسیتی و تەری ناو ئەشکەوتەکە تینی بۆ هینان. دوو منداڵ مردن تەرمەکانیان بەدەم یەکەوە لەسەر رەفەیەك دانان. شەوی کەمتیارەکە یەکیانی خوارد.

سەریکمان دەرهیناو تەماشایەکی دەوروبەرمان کرد. خواردنیکی کەممان پی مابوو. دەبوو جاریکی تر پەنا بەرینەوە بەر گژوگیا. خواردنەکەمان دەرکردو خواردمان. بەرەو ئەشکەوتی کۆمولە چەتە بەریکەوتین. ئەشکەوتی کۆمەلە چەتە لە کۆنەوە بەناوبانگ بوو. لەناوەوە زۆر قایمە. هەزارویەك کونی هەیە. هەریەکەی رۆژە ریگایەك لەیەکتر دوورن. ناوئەشکەوتەکە زۆر جیگای وای هەیە فراوان و گەورە، زۆر جیگای وای هەیە بەزگە خشی لیی دەرباز دەبووین. پیش ئەوەی بگەینە ئەشکەوتەکە لە گۆرستانەکەی بەرامبەری لامان دا. گۆرستانیکی زۆر گەورە بوو چاکیکی لی بوو پییان دەگوت چاکی جوان، دەیانگوت ئەو چاکە هی پیش ئیسلامە زۆریش بروایان پیی هەبوو. دارە زۆر گەورەکانی وەك خۆیان مابوون، ئاغەلیك بەدەوری چاکەکەوە کیشرابوو. قەرقاچ لە ئامیزی گرتبوو. دارەکان بەدەوریەوە بوون، لەناو ئاغەلەکەدا دانیشتین. دەمان توانی لەسەر دارەکان دەوروبەر ببینین. سوودمان لە ئاغەلەکە دیت. کەلەهیچ کویوە ناوی دیار نەبوو.

لەو حاڵەدا، گۆڕ هەڵکەنەیەك لەبن قەرەقاجیك هاتە دەری و لە بەردەممان راوەستا. خاڵیکی سپی لەسەر نیوچەوانی تا سەر کلکی کشابوو، سمێلی دەجووڵاندو کەمێك ئەولاتر چووو هاتەوە. تەیریك نەمدەزانی ناوی چییە هات لەسەر دار بەروەکە هەڵنیشت. سووراو رووی لە ئێمە کردو کلکی بلندکرد بۆ دواوەو جیقنەی کرد. دەستی بەخوێندن کرد. نەلە دەنگی کۆترو بەبوو، نە هەلۆی دەکرد، پەردارکە زۆر لە کەرویشکیکی کێوی دەچوو، ئەگەر باڵدار نەبووایە بێ شك کەرویشك بوو. کە دەیخوێند دەنگیکی زۆریش حەزینی هەبوو. گۆڕ هەڵکەنەکە بۆ لای باڵدارەکە سووراو بەدەنگی خۆی دوو جار خوێندی. مەلەکە کەوتە ئاسمان رۆیشت. دوای ماوەیەك هاتەوە. جاریکی تر خوێندی. گۆڕ هەڵکەنەکە بە دەستی بن لووتی خوراند، لەبن ئاغەلەکە چووە کونێك زۆر گەورە بوو، زۆری پێ نەچوو، گەرایەوە بەهەردوو دەست کەللە سەریکی مرۆڤی لە پێشەوە بوو، چۆن قالۆنچە پاشەرۆی ئاژەل پێش دەدات دەیخولێنیتەوەو ئەوها پێشی دەدا. کەللەی زۆر گەورە بوو. بێ رەزا بوو. ددانەکانی زۆر گەورە بوون. دیاربوو مرۆڤیکی زۆر کۆن بوو. تەیرەکە بەناو دارە چرەکاندا هات. کەللەکەی هەلگرت گەرایەوە بۆ لانەکەی. کەوتبووە بەرامبەر چاکی بەزردیکەوە دوو دەوەن کالە شین بەردەمی لانەکەیان گرتبوو. کەللەکەی برد لە پشتی لانەکەی لە ناو کونێك دایننا. بەم جۆرە گۆڕهەڵکەنە تەواوی ئێسقانی مرۆڤەکەی دەرهێناو تەیرەکە گواستیەوە. ئاخر جار وەك ئیشارەت بۆ ئێمە دووجار بۆنی بەقاچمانەوە کردو سەری بۆ دەرەوە سووراند، دوایی لێیداو رۆیشت. ئێمەش بەدوایدا بەرێکەوتین. جێگامان گواستەوە

دوای کەمێك هێزیکی زۆر بە دۆزەرەوە هاتن، گۆڕەکەیان بەدارەوە هەڵتەکاند ستار تەماشایەکی منی کرد گووتی:

چاکی جوان دۆستی گۆڕ هەڵکەنەو تەیری نیشتمانەکەیەتی لەبەر دەمی ئەشکەوتەکە کونە سیخوریك هەبوو، زۆریش ئاوەدان بوو. سیخوریك هاتە

دەری‌و کەمێك سمێلی جوولاندو دوو جار لەسەر یەك قرخاندی دەستی بەزەوی هەلکۆلین کرد. دوو سەلکە گلیخەی دەرهیناو خواردی. بەخشەخش بەرەوخوار چوو ریوییەك خۆی پیادا. پاشەوپاش کشایەوە. دوو پەر بەبن هەنکلی کەوتن بەهارەهار بۆی دەرچوو. کۆمەلیك ژن و منـدال لـەناو هـەندیك داروبـاردا لـە خوارترمـان بـوون. لـەناو ژن و منداڵـەکاندا، رەسـول منداڵـەکانی لەگـەل بـوو. رەسول تاقە کوری باوکی بوو هەشت خوشکی بەمیرد دابوو. زوو ژنی هینابوو، حەوت کچی عارەبی هەبوو. ژنەکەی دوگیان بوو. دوو نوینگینـی کـردە خیـر. ژنەکە کوری ببی. لەگەل ئەوەی کوری نەبوو زۆریش حەزی دەکرد کوریان ببـی بەلام کچەکانی زۆر خۆش دەویست زۆریش لە خوا رازی و شوکرانە بژیـر بـوو. ئەوکات بیگەرد خەریك بوو منداڵی دەبوو. کۆمەلیك سەرباز ئەفسەریکی زۆر گەورەشیان لەگەل بوو، مستەشاریکی کوردیان لەگـەل بـوو، بەسـەریانداداں. سـەربازەکان لـە پیشـدا بـی ئـەوەی تەماشـای کـەس بکـەن، چـەند کـوری لاویـان کوشت. ژن کردیان بەگریان و هاوار. سەربازەکان دەوریـان دان، ژنـەکان لەسـەر تـەرمی کورەکـان دەگریـان. چـەند ژن لـە دەوری بیگـەرد بـوون، رەسـولیان هینـا لەبەردەمی ئەفسەرەکە رایانگرت، تۆزیك لی‌ی وردبووەوە دوو قسەی لەگەل کرد، ئەگەر چی عارەبی باش دەزانی، بەلام گوتی:

عارەبی نازانم

ئەفسەرەکە زۆری جنیوی پی‌دا، گوتی:

ئەمانـە تەنانـەت زمـانی خـوداش نـازانن. خـودا قورئـانی بـەعارەبی نـاردووە، کەس نابی عارەبی نەزانیت. ئەمانە لە خواش یاخی بوون، پیویستە لە رەگـەوە دەریان بهینین. بەسەربازەکانی گوت: یەللا: هەرئەوەندەی گوت، کەوتنە فەساد کردنی کچەکان: زاری کچە گچکەی رەسول خۆی دایە پەنا باوکی. تا ئەو کاتـە کەس دەسـتی بۆ نـەبردبوو. ئـەو ژنانـەی دەوری بیگـەردیان دابـوو، بـە زۆری هـەلیان پسـاندن، رووتیـان کردنـەوە. رەسـول پاکەتەکـەی دەرهینـا جگـەرەیـەکی

پیکرد. خیراخیرا مژی لێدەدا، بیگەرد بەتەنها دەینالاند، ئەفسەرەکە چووە دیاری، کەوتە پیکەنین و روی تیکرد، ناتەوی دکتۆرت بۆ بینین؟!

روی لە مستەشارەکە کرد، بەتەوسەوە پیی گوت: لە تۆ دەگا پیی بلی

مستەشارەکە قاتیکی کری لەبەردابوو گۆچانیکی بەدەستەوە گرتبوو، دەمانچەیەکی بەقەد خۆیدا هەلواسی بوو، مشکیەکی بەستبوو، جوتیك کەلاشی هەورامی لە پیدابوو، بەمندالی لە دی دادەنیشت، تا بلیی خویری بوو، رۆژ هەتا ئیوارە ئەوە بوو کە خەلی باسیان دەکرد، شەوان مریشکی دەدزی لەگەل برادەرەکانی دەیخوارد، تەنەکەی گەورە گەورەی دیناو لە کلکی کەری دەخست، پری دەکرد لە پەرۆی نەوتاوی‌و ئاگری تی بەردەدا. کەرەکە تا دەتۆپی رایدەکرد، چەند جار کەریان بەباوکی دەبژارد، بۆ دزی میوەهات بەسواری کەر دەچوو. بۆ ئەوەی شکی نەکەن، رەزوباخی خەلی دەبری، سەگی ئاوایی بەدزی‌یەوە هەموو دەرزی خوارد کرد، دەشیان ووت فیربوو بوو مندالی ئاوایی بەنۆرە دەکرد. باوکی ئەمەی دەزانی، بەهاوین پووش و پاوانی ئاوایی دەسووتاند.

باوکی بەکریکاری‌و جووتیاری بەخیوی کرد، تا لیی بیزاربوو، رۆژیك خەریك بوو بیکوژیت، رایکرد روی لەشار کرد، بەدزی و چەقۆ وەشینی شەورۆژی بەری کرد، تا ئەمن بەمەیان زانی، بردیان دەمانچەیان دایەو لە گیانی خەلکیان بەردا، پیشمەرگە لە دوای هەرەس سەری هەلدا، لەو ناوچانە کەسیك زۆر زۆر بەجەرگ بوو بۆ ئەوەی حکومەت بی کوژیت ئەمنیکی زۆر گەورەیان پی بەکوشت دا رایکرد بوو بە پیشمەرگە، زوو کردیان بەسەر دەستە، بەلام نەیکرد گوتی:

من دەمەوی ئیسپاتی بکەم جاری زۆرم ماوە. تا رۆژیك لەسەر کانییەك لەگەل بەرپرسەکەی پیکەوە بوون، لەسەر پیشاو بوو، لە دواوە دایە بەر دەست ریژ، مەفرەزەیەکیان بۆ کردەوە، ژنیکی هینا لەگەل خۆی ئەمن بوو، دەیبرد بۆ

ئەمنەکان، دوایی کردیان بەئامر سریەو وردە وردە کرا بەمستەشار، حەوت ژنی هینا، ئیستا پییان دەگوت شیخ و سەرۆك هۆز، وازی لە کردەوەکەی خۆی نەهینابوو

رەسول دوو جگەرەی لەسەر یەك کیشا، نەگریاو نەهاواری کرد، بیگەرد دوای هاواریك زیرەی مندالیکی لەبەر لینگی پەیدا بوو، نەیدەزانی چی رویداوە ئاگای لە خۆی برابوو، هاواری کرد چییە؟ رەسول پەلاماری کۆرپەکەی داو بەرزی کردەوە، کورە.. کورە

ئەفسەرەکە لە رەسول چووە پیش، ئەویش مندالەکە، کە هیشتا گۆش نەکرابوو بۆ ئاسمانی بەرزکردەوە بەگریانەوە گوتی:

خودایە زۆرم کرد لە مندالیەوە پارویەکی حەرامم نەخوارد، نەزەرم نەکر، خیرم زۆر کرد، سەرم بچوایە نویژم نەدەچوو، لە رۆژوو گرتن دریغیم نەدەکرد، بەتەمای پاداشتی تۆ بوم ئیستا پیم بلی گوناهی ئەم کۆرپەیە چییە؟! زۆر جاران دەیانگوت تۆ بۆ خودای بکە خودا لە ناخۆشیدا بەفریات دەکەویت، خوایە بەبەرچاوی خۆم و خۆتەوە ئابرویان بردم کەی بەفریام دەکەویت؟ ئەی نەیان گوتووە خوا هی کەس نییە؟ ئەی بۆ ئیستا

قیژاندی لە کویی قسە بکە کوا پاداشتم؟

ئەو ئیستا هەندەی باوەر بەخودا بوو پیی وابوو وەك حەزرەتی موسا هەزارو یەك جار لەگەل خودا دائاخفتنی دەکرد، بەتەمابوو هەر ئیستا خودا فریای بکەویت ئەفسەرەکە مەلۆتکەکەی لی وەرگرت لەسەر زەوی داینا، بانگی سەربازیکی کرد،بەنیزە وردە وردە چاوی هەلکۆلی مندالەکە هیشتا زۆر نەرم بوو، دەیزیراند لە کەسیکی زۆر گەورە دەچوو. رەسول سەری نەوی کردو هەردوو چاوی نووقاند بریسکەیەك لەناوچەوانی دەرچوو بەباریکی لە شاخەکەی ئەوبەری داو گەرایەوە پیی وابوو لەبەر چاو ون بوو گەرایەوە سەردەمی مندالی، لەگەل مەحمودی هاوتەمەنی خۆی پیکەوە لەبەر مەری

بوون، مەحمود هەر رۆژی بەردیکی لەسەر گۆری جولەکەکان لادەدا. ئەویش رۆژی جاریك خۆی لەسەر خالی دەکردەوە، مەحمود زۆری باسی ئەم چاکانەی بۆ دەکرد. ئەو زۆری گوی لە قسەی مەلای ئاوایی دەگرت.

مەلا دەیگوت: ئەم کافرانە وەختی خۆی ئیسلامیان کوشتووە، هەندیك جار مامۆستا دەیگوت: کورد بی شەر موسلمان بووە، ئەوەی دەلی کورد ئەنفال کراوە درۆ بۆ دینی ئیسلام دەکات. مەحمود دەیگوت: کەوایە ئەم گۆرە بۆ ناونراون گۆرە جوولەکە؟ ئەم هەموو عارەبە کەکوژراون بۆ ناونراون فلانە چاکە و فیسکە چاك فلانە دۆلی کابەو دۆلی فلانە شەهید، باوکی رەسول نویژی نەدەکرد، زۆر کەس دەیانگوت: بی بروایە بۆیە خوا یەك کوری داوەتی، هەشت کچی هەیە، ئەو نەیدەویست وەك باوکی بیت، کە چی ئەویش کوری نەبوو، ئیستا بیگەرد کوری بووە لەبەر دەمی کی وەستاوە چاوی کردەوە، زارا بەدەست دوو سەربازەوە دەیزیراند، زارا زۆر جوان بوو، کچە گچکەی باوکی بوو زۆری خۆش دەویست. دەگریا هاواری باوکی دەکرد. رەسول زۆر پارایەوە زۆریش لەبەردەمی ئەفسەرەکە خۆی لە خۆلەکە وەردا، ئەفسەرەکە بەپی‌کەنینەوە گوتی:

راوەستە چۆن دیلم ئابروت بچیت، دەمانچەکەی دەرهیناو دوو گوللەی لەسەری‌دا،زاری خۆی راپسکاند خۆی بەسەر باوکیدادا، سەربازەکان گرتیان راستیان کردەوە،مستەشارەکە چووە پیش، لەسەربازەکانی وەرگرت، زاری کە چاوی بەجلەکانی کەوت خۆی بەباوەشدا کرد، مستەشارەکە بەزەردەخەنەوە گوتی:

بۆ لەگەل من نایەی؟! زاری لە خۆشیان خەریك بوو گەشکە بگری

گوتی: دیم، دیم

مستەشارەکە هینایە ئەم لاترەوە دەستیکی بەسەرو گوییدا هینا دەتبەم، دەتکەم بەکابانی مالی خۆم، تۆ لەهەر حەوتیان زیاتر خۆشەویستی، دوو

ئەفسەرەکە تەماشای یەکیان کردو گوتیان: حەوت بە خۆیەوە هەشت، ئەمەش کەلام وانییە رازی بیت، ئەگەر بیت نۆ. بەراستی بەریوەچوونیان زۆری دەویت، کەوتنە پیکەنین مستەشارەکە دەگەرایەوە، حەوت ژن بەپیریەوە دەهاتن، لەناو پاسەوانەکان و ئەفسەری فەوجەکەی بەجی دەهیشتن، هەریەکە پیی وابوو ئەوشەوە لەتەك ئەوەدا دەبیت، ئەویش دوای کەمیك بەرەو بەغدا بەری دەکەوت کاتی لە تیاترۆخانە بەسەر دەبرد، زاری تەماشای کرد، یانی چی؟! یانی دەتکەم بەژنی خۆم بۆ ئەوەی لە زینداندا نەرزی، بەپیکەنینەوە گوتی:

حەوتم هەیە بەتۆوە دەبن بەهەشت، زاری سەری بەردایەوەو سەری بلند کرد تا دەم دەگریت دوو تفی لەناوچاوی کرد، بی ئابرو تۆمافی ئەوەت نییە کچی کورد ژنی تۆ بن، تۆ خۆت فرۆشتووەو خویری. دەستیکی بەدەم و چاویدا هیناو دوو جار گۆچانەکەی بەدەستی کیشا، دوو گۆچانی لە زاری دا، ئەفسەرەکە بە توورەییەوە لیی توورە بوو، تۆ بۆت نییە کەس دەرباز کەیت، بەس دەتوانی بگری و بکوژیت و ریگامان نیشان دەیت

هەلۆیەکە هات لەسەر بەردیك لەبەردەممان نیشتەوە روی لە خواری کرد. دوای کەمیك بەرەوسەر روی سووراند، لەوکاتەدا پۆلیك کۆتری سپی بەسەر خەلکە کوژراوەکە دا فرین قەلە رەشیك کە نەدەزانرا لە کویوە هات، چوو لەسەر تەرمەکان هەلنیشت ستار هەستایە سەرپی و گوتی:

پیشمەرگایەتی هەر ئەوە نییە لەم بەرد بۆ ئەو بەرد خۆت پەنا دەیت، راستە زۆرمان کرد بەلام ناکری لەم رۆبەدواوە دوای ئەوەی ئەو هەموو زولمە بەچاوی خۆمان بدینین و بەزیندویی بمینین. گوتم: بەلی زۆر راستە بەلام بەو مانایەش نییە، لەبەر ئەوەی پیشمەرگەین دەبیت زوو بمرین، پیشمەرگە دەبیت زۆر دەست بوەشینیت و درەنگ بمریت. مەتارەکەی کردەوەو دوو قوم ئاوی خواردەوە

بەرد بە بەرد، ڕۆیشت تا نزیک کەوتەوە، کەوتە لێدانیان زۆری کوشت، گولەیەکی بەر نێوچاوانی کەوت. تەرمەکەیان لەسەر کۆمەڵە دارێک داناو ئاگریان دا.. هەڵۆیەکە هاتە سەر شانم دووجار سەری نەوی کردو ڕووی لەزەردەکەی کە سەری لە هێلکە ڵی هێنایەدەر فڕی

# فەرهەنگۆک

## ئا

١. ئاخور: بە قوڕ دروست دەکری، کای تێدەکەن بۆ مالات.

٢. ئەسپۆن: جۆرە گیایەکە، ڕەگەکەی کەف دەکات جاران لە لادی لە جیاتی صابون بەکاریان دەهێنا.

٣. ئاونگ: لە بەهاراندا بە زۆری یان لە زستاندا لەگەڵ هەڵموو ساردی دەباری و ئاونگ بە مانای خوناو وشەونم دێت.

٤. ئاغەڵ: سنوریکی کەلکە بەردە مالاتی تێدەکەن.

٥. ئارامگا: جێگای حەسانەوە، گۆڕستانیش دەگرێتەوە.

## بێ

٦. بەردیل: بەرخە لە سالی یەکەم، وە کاورە لە سالی دووەم، بەردیل لە سالی سێهەم، لە زۆر ناوچە پێی دەلێن: شەك

٧. بیلیك ئاو: جۆگە ئاوێك کە بەیەك بیل کۆنترۆل بکرێت، دەستەیەك ئاو بە هەمان مانای سەرەوە دەگەیەنێت.

٨. بەری ئاش: ئەوەندە ئاردە هاراوە دەگریتەوە کە: لە بەردەمی بەردە ئاشەکە کۆدەبیتەوە، لە کاتی هاریندا!

٩. بارگیر: ئەو ولاخە بەرزەی گونی دەردەهینن و ئەبیتە باربەر ئەمەش بە زۆری لەناو گوندنشینەکاندا بەکاردیت.

١٠. بەردە ئاو: لە زستاندا کە دەباریت ئەو بەردانەی سەریان چالە وەك کانی، ئاوی تیا رادەوستی و خردەبیتەوە.

١١. بنە گۆزەلە: جۆرە گیایەکی دەشتی و کیویە، سروشتی دەرویت و سەلك دەکات و دەخوری.

١٢. بەرچنە: سەبەتەی بچوکە.

١٣. بەرازە ریگە: جیگەیەکی عاسییە، هەموو جۆرە ئاژلیك ناتوانی پیایدا تیپەر بیت.

١٤. باشوکە: جۆرە بالندەیەکی گۆشتخۆرە، لە کۆتر گەورەترە، راوی بالداری بچوك دەکا: شاهین.

١٥. بەلالۆك: جۆرە داریکی بەردارە، بەرەکەی لە رەنگ دا سوور و رەش و زەردە، بەرەکەی وەك گیلاسە.

١٦. بزبەلالوك: بەلالۆکی بی بەرە.

١٧. بەنگە: ئەو جیگەی بەستنەوەی رەشەولاغە.

١٨. بەقال:گەریدەی فرۆشیاری وردەواڵە لە گوندان.

١٩. بەران پیل: ئافرەتان لە گوندەکان دا، چەند مەتر قوماش ئەدوورن لە پیش سنگ و مەمکیان لە ملی دەکەن، هەم بۆ خۆپاراستن لە پیسی.. هەم بۆ شاردنەوەی سنگ و مەمك.

٢٠. بەلەك: جۆرە گیایەکە بەرزە، رەگەکەی لەگەل توتن دا دەکولیینن بۆ برینی ئاژەل، پەلەکەکەشی زستان ئەدەن بە کارو بەرخ.

٢١. بنە: جیگای شاردنەوەی قەفەسی سوسیکەو کەو بۆ راوکردنیان.

٢٢. بەلەك پیچ: زنگال: پووزەوانە:کەفە: هەموویان بەیەك واتە دین، زیاتر بۆ شوان و گاوان و پیشمەرگە بەکاردیت ، بۆ پیچانی قاچیان، یان وەك جۆرە گۆرەوەییەك وایە و لە پی دەکریت.

٢٣. باریزە: جۆرە گیایەکە سروشتی شاخیە، لەو جۆرە شاخانەی ئاوی پیا دیتە خوارە دەروی، بۆ زۆر دەرمان بەکاردەهینریت بە زۆری بۆ نەخۆشی (گیران و گورجیلە).

٢٤. بانپۆشین: جۆرە سەربەستیکە، گولنگەی پیوەیە، ئافرەتان لەسەری دەبەستن.

٢٥. بەنگوارە: کۆمەلە لیرەیەکی بچوکە لە تەوقی سەرەوە بۆ هەردوو گوی شۆردەبیت و بە گوارەوە دەبەستریت.

٢٦. بزنە ریگە: ئەو قەدپالەی تەنها بزن پیا دەروات.

٢٧. نیر: بن نیر، کەلەمە، بەرولە، سەرگاینجە، هەپە، دەسەند و نەقیزە، قنگە هەوجار، بۆسە، ناوە بەرە، مژانە، دەندە، ئەمانە، هەموویان بەشەکانی گاسنی جوتی گایان هیستر (هەوجار) پیکدەهینن.

٢٨. boورە: بەو زەویە دەگوتریت، کە چەند سال بیت نەکیلرابیت.

٢٩. بەیار: بەو وزەویە دەگوتری، کە نەکیلرابیت، ئەگەر سالیك یان دوو سال بەسەر کیلانیا رەتبوو، بوورەیە، وەرەد، ئەوەیەکە لە زستاندا ئەکیلری و هیچی پیوە ناکریت، وەرد و شۆ جاریکی تر دەکیلریتەوە لە بەهاردا.

٣٠. بەرزەم: زەوت کردن،راوەستان.

## پ

٣١. پەپولە: سلیمانە جۆرە تەیریکە لە دەم رووبارەکاندا هەیە.

٣٢. پیشۆك: جۆرە گیایەکە، سەلکی هەیە دەخوری، ئەم گیایە سروشتی و شاخیە.

٣٣. پیکوله: بەری گیایەکی سروشتیە(درکە).

٣٤. پەرپوت: نابووت، نەبوو، دەست کورت، هەژار ئەگەر یەکیك زۆر هەژار و نەدار بوو، دەلین ئەوەندە نەبووە پەرپووت بووە، شرۆل.

٣٥. پەرگە: لاتەریك، لاکەوتوو.کەنار

## تی

٣٦. تەویل: نیو چەوان، هەنیە، ئەنیە،یەك واتەن.

٣٧. تیشوو: خواردنی چەند رۆژیکە، ریبوار لەگەل خۆیدا هەلی دەگری.

٣٨. تەزوو: مچورك.

٣٩. تابر: جۆرە کشتەکیکە(دەزوو) با ئەدەن، لە دەستی ئەو کەسەی دەکەن لەرزوتای هەبیت، لەلایەن ئەو کەسانەوە دەکریت، کە ودمیان هەیە.

٤٠. تاپر: جۆرە چەکیکی راوە، ساچمە دەهاویت

٤١. تەتەلە میرانە: جۆرەکرمیکە لە بەهاراندا، لەناو گیادا پەیدا ئەبیت وەك گەرای بۆق وایە موودرە.

٤٢. تووك: تووك کردن- دوعاکردن.

## جیم

٤٣. جاترە: جۆرە گیایەکی سروشتی و شاخیە، بۆنی زۆر خۆشە، دەکریتە ناو چیشتەوە وەك نۆکاو.

## چیم

٤٤. چەتوون: بەو مالاتە دەگوتری کە دەستەمۆنیە، هاروهاج.

٤٥. چاومار: جۆرە گیایەکە لاسك باریك و پەلك پانە، لە قەد شاخی ئاودار دەروی بۆ زۆر جۆر دەرمان بکاردیت.

٤٦. چاو بازە: جۆریکە لە قالۆرە، رەنگ و پەلکیان لیك جیایە گەلای سەوزە.

٤٧. چالە وینە: لە گەنیك یان قابلەمەیەك لە چالدەگران، ئاوی تیدەکەن بۆ پەلەوەر.

## خێ

٤٨. خەنەتیلکە: جۆرە پیکهاتەیەکی وەك خۆل وایە، لە دوای باران، بە بەردەوە دروست دەبیت، کیژۆلان، لە گوند دەیهینن و دەیگرنەوەو لە پەنچە و دەستیان ئەدەن، وەك خەنە سوور و جوانی دەکات.

٤٩. خەرتەلە: جۆرە گیایەکی سروشتی‌یە، لاسکی بەقەد جگەرەیەك ئەستوورە، دەخوریت.

٥٠. خوابیتە خوارۆ: واتە لە داخی زولم و زۆر ، خوا خۆی بیتە خوارەوە و چارەی کیشە و زولمەکان بکات.

٥١. خومپارە: تۆپ.. هاوەن.

## دال

٥٢. دەستبین: پەتیك لەدەستی شوان و لە ملی بەرانیك دەکریت.

٥٣. دەلەمە: شیری هەنجیر ئەو کاتەی کە مەر دەدۆشن، دەستبەجی لە گوانی دیتە دەری، تی ی دەکەن، دەمەیەت وەك ماست.

٥٤. داموس: مووی کلکی ولاخە بەرزە.

٥٥. دەرپۆقیو: جۆرە چاویك کە بەرەو دەرەوە دەرپەریوە.

٥٦. دیمکە: زەمزەمەی لە چەرم دروستکراو.

٥٧. داس: ئەو ئامیرەی کەسەپان بە دەست درونەی پی دەکات.

٥٨. داسولکە: لە داس بچووك ترە.

٥٩. داسمەلۆ: وەك داسوكە وایە، بەلام دەمی تیژی نیە، بە لولیان بەپانی دروست دەکریت، ئەمە بەس مەلۆی پی کۆدەکریتەوە.
٦٠. دورەشیر: جۆرە درندەیەکە ، باوکی سەگە،یان گورگە،داکی چەقەلە.
٦١. دۆبەسەرە: جۆرە گیایەکە، پەلك پانە، سەر سپیە.
٦٢. درکە سەرئاسنین: جۆرە درکیکی تیژ و دریژە.
٦٣. دارەبەن: داریکە، قەزوان دەگریت، دەکریت بە تەزبیح بنیشتی کوردیش دەر ئەدات.
٦٤. دوکەلکیش: کونیکە لە خانوودا ئەیهیلینەوە.
٦٥. دەسمال: جۆرە قوماشیکی جوانکاریە، ژنان لەسەری دەبەستن بۆ خۆ جوانکردن.

## ری

٦٦. رەنوو: رەنووی بەفر، خزین
٦٧. ریش چەرموو: ریش سپی، چەرموو، سپی
٦٨. ریشە پیغەمبەرانە: جۆرە گیایەکە بۆ دەرمان ئەبیت.
٦٩. رەوسە: ئەو کاتەی خەرمان لیك جودا دەکریتەوە، واتە کاو دان جیا دەکریتەوە، واتە پاککردنەوەی خەرمان.
٧٠. رەخت: فیشەکدان

## زی

٧١. زورناتك: جۆرە گیایەکە دەمی ئاژەلی سپی بە برین دەهینی.
٧٢. زیز کەلان: جۆرە داریکە، لەو شوینەی کە بە زۆری لی دەروی، سەری بەیەکەوە دەنی و چر دەبیت.

٧٣. زنجیرە خەرمان: لە کاتی کوتانی خەرماندا، بە دەوری خەرمانەکەدا، بە زنجیرە بلاو دەکریتەوە.

٧٤. زەرد: ئەو جیگە شاخەیە،کە بە داتا شراوی بۆ ئاسمان هەلدەستیت.

٧٥. زمانـە: جـۆرە داریکـە لـە ئاشـی ئـاودا بـەکاردیت، ئـاش لـەم شـتانە پیکدیت، قۆتەل، بەردە ئاش، تۆپی ئاش، کۆلی ئاش، پی ئاش، گەرۆمە ئاش، پۆزە ئاش، راستە .هتد.

## سین

٧٦. سـەبەتە: پیـك هاتەیـەکی دارینـە، بـۆ هـەلگرتنی میـوە بـەکاردیت لـە چلەداری بچووك دروست دەکریت.

٧٧. سەگەلاوك: جۆرە دەعبایەکی جوتژیانە، واتە لەوشکانی و ئاودا ئەژیت، لەپشیلە گەورەترە.

٧٨. سـەنگۆ: بەیـەك سـالی پـی‌ی دەلین، گۆلك، بـە دوو سـالی پـی‌ی دەلیـن سەنگۆ.

٧٩. سەنگەر: پەناگە یە لە بەرەی شەردا، رەبیە.

٨٠. سـواربونی عارەبـانی: ئەو کاتـەی سـواری کـەر دەبیـت و هـەردوو قـاچت بۆیەك لاشۆر دەکەیتەوە.

٨١. سنجوقین: داریك ریکدەخەیت و سـەرەکەی تیـژ دەکـەیت بـۆ چـەقاندن، جۆرە یارییەکی کوردەوارییە.

٨٢. سیسـارگە کەچەل: جـۆرە تـەیریکی کیـوی گۆشـتخۆری بەهەسـتە زوو بۆنی کەلاك دەکا و دەیدۆزیتەوە، سەرگەر.

## شين

٨٣. شەرەغ: لە گەرمین دووداری درێژ بە چەند دارێك لێك ئەدەن، گەنمی پێ دەبەن بۆ سەر خەرمان، لە هەندێك ناوچە بە کورەی میش دەڵین شەغرە.

٨٤. شەنە: جۆرە دارێکە لە چەند پەلێك پێك هاتووە، لە شێوەی پەنجەی دەستی مرۆڤ، یان بە شێوەی چنگاڵ، بۆ جودا کردنەوەی گەنم و کابەکاری دینن، لە کاتی باهاتنا (شەنەکردن).

٨٥. شەوارە: لە گوندەکاندا جاران کەژن مندالی دەبوو، حەوت شەو بە دیاریەوە دەبوون.

٨٦. شینە شاتەرە: جۆرە گیایەکە، وەك تەرە توورەوایە، بۆ دەرمان بە کاری دەهێنن.

٨٧. شەپۆڵ: هەڵبەز و دابەزی ئاو دەگرێتەوە.

٨٨. شیرەوانە: جۆرە دروستکراوێکی قورینە، بۆ پاراستنی خواردن، جێگای پاراستنی شیر.

## قاف

٨٩. قزناخ: لە تەختە دروست دەکرێت، بە چوار ربە قزناخێکە سی قزناخ تەغارێکە، ئەمە زیاتر لە ناوچەی کەرکوك بەکاردی، لە ناوچەی هەولێر پێی دەڵین کیل.

٩٠. قەلەمباز: خۆ هەڵدانی لەناکاو و بەرزبوونەوەیەکی زۆر.

٩١. قەلەمراوی: جۆرە مراوێکی رەشە.

٩٢. قەلان: مل کورکردن، چۆن کەسێك لە رووی نایەت سەر بلند بکات.

٩٣. قۆجەرۆ: جۆرە یارییەکی کوردەوارییە.

٩٤. قەرەخەرمان: گولە پرۆزە، گەنم بە شینی دەدروون دەیبرژێنن.

٩٥. قەرەوەیسی: عەشیرەتێکی کوردی کۆچەرین، تاکو ئیستاکەش لەسەر ڕەوشتی باب و باپیرانیان دەڕۆن.

٩٦. قج: کەوی نێرە گەرییەکی زیادی لە قاچدایە لە دواوە.

٩٧. قۆختە: جێگەیەکە، ڕاوچی، خۆی تیا حەشار ئەدات بۆ کوشتنی نێچیرەکەی.

٩٨. قالۆرە: جۆرە گیایەکی درکاوییە، قەدەکەی دەخوری.

٩٩. قەیناغ: لە تەنەکە دروست دەکرێت، سەپان لە پەنجەی دەکات بۆ کاتی دروونە بۆ ئەوەی دەستی نەبڕێ.

١٠٠. قەرەقاج: جۆرە دارێکە، زۆر بەرز نابێت، زیاتر دەبێت بە دەوەن.

١٠١. قەرە قاجاوی: ناوی شاخێکە.

١٠٢. قەوزە: جۆرە گیایەکە، لە ناو پەیدا دەبێت.

١٠٣. قازی و بازی: جۆرە گیایەکی سروشتی‌یە، لاسکی هەیە، دەخوری و بۆ زۆر دەرمان بەکاردێت.

١٠٤. قلانگ: دارێکی دوو پەلە، پەلێکی زۆر کورتە، پەلەکەی تری زۆر درێژە، لەناو باخچەی هەنار و میوەدا ، سەری ئەو لقە بەرزانەی پێ دائەنەوێنن کە زۆر بەرزە، وەك گۆچان وایە.

## کاف

١٠٥. کووندە: حەیوان دەرئەهێنن، بە توێکلە هەنار خۆشی دەکەن، بۆ ئاوی خواردن، بەکاری دەهێنن.

١٠٦. کەنەوە: هەندێك حەیوانی کێوی بە تایبەتی (سیخوڕ) لە خواردن دەگەڕێن لە کێوی، جێگەیەك هەڵدەکۆڵن، واتە زەوییەکە چاڵ دەکەن بەوە دەڵێن کەنەوە.

١٠٧. کەرکۆڵ: جۆرە درکێکە، گۆپکەی هەیە، زۆر تیژە.

١٠٨. كويت: زياتر بۆ ولاخە بەرزە بەكارديت، بە جۆری ولاخيك دەلێن كە توكی سەری خورماییە، مەيلە ورەش. كويت قاپ رەش، يان كويتی چوار پەل رەش، ديارە ئەسپومايين. هەمووی ناويان هەيە، كويت، شيی، ئەو جۆرەيە كە سوريكی كالە، قولە زەردە، بۆرە، بۆری تاريك، رەشی تيكەلاوە رەشی خەلوزی، تەواو رەشە، خەنەيی رەنگی خەنەی هەيە هتد.

١٠٩. كەلاو قۆتاسە: جۆرە كلاويكە جاران لەسەريان دەكرد، ئيستاكەش كەم كەم ماوە، شتيكی پانيان لەسەر ئەدوری، لە هەنديك جيگە ديانگوت قۆتاسە، لە هەنديكی تر دەلێن، تاسە، مجيدی، تاكەيەكی زيو بوو، لە دينـاری ئاسن گەورەتر بوو.

١١٠. كوورتوو: جۆرە گيايەكی بەرزە، تۆزيكی پيوەيە لەش بەخرو دەهينی.

١١١. كۆندرك: ئەو جيگەيە، كە ئاو دايدەدری.

١١٢. كاريز: ئاو لە ژير زەوی ديتە دەرەوە، بە بەرد ئاو كونەكە ريكدەخەن، يان حەوزيكی گەورە ريك دەخەنن و پیی دەلین كاريزاو.

١١٣. كۆز: جيگەيەكە بەرخی بچووك و كۆرپەی تی دەكەن، دەوری دەگرن.

١١٤. كەلەك: بەرديكی زۆر، وەك ديوار ريكی دەخەن، بە كەلكی ئاويش دەلێن.

١١٥. كەناچە: جۆرە تەيريكە، زۆر تر لە دەم رووبارەكانداية.

١١٦. كۆلی ئاش: ئەو جيگەيەی كە گەنمەكەی تيدەكەی، وورده وورده بۆ ناو دەستارەكە دەروا.

١١٧. كۆت: جۆرە پينەيەكە بە كولەكە دروست دەكری بۆ مەشكە و كوندە.

١١٨. كورە هەنگ: ئەو دەمانەی ميش كورئەدا، واتە بەچكە جيا دەبيتەوە لە كۆلەكە ديتە دەرەوە، لە هەنديك جيگە دەلێن (شەرغە).

١١٩. كەلك: جۆرە تەيريكە لە ناو رووبار و دەرياد.

١٢٠. گز رەگیا: جۆرە گیایەکە سەلکی هەیە..گیای شین کە دەدوورن وشکی دەکەنەوە هەمان مانای سەرەوەی هەیە.

١٢١. گیا میرو: گیایەکە گولیک دەردەکات، ئاژەل تووشی جۆرە نەخۆشی دەکات.

١٢٢. گیا مارانە: جۆرە گیایەکی پەلکی پانە لە قەدی شاخ دەرویت.

١٢٣. گەلیشە: چەند مەلۆکۆ دەکەنەوە.

١٢٤. گابەرد: بەردی گەورە.

١٢٥. گەمال: سەگە نیرە.

١٢٦. گۆل: هەمان مانای سەرەوە.

١٢٧. گۆرهەلکەنە: جۆرە گیانداریکی بچوکە لە ناو گۆرستاندا ئیسکی مردوو دەردەهینیت.

١٢٨. گیازەنگولە: جۆرە گیایەکە کەلووی زۆرە وەکو زەنگولە شۆر دەبیتەوە.

١٢٩. گادەمە: جۆرە گیایەکە تالە، هەتا راستی دەمی گا هەلدەستیت. زۆر جار دەکریت بە زەهری ماسی.

١٣٠. گەلا و کوتك: داریکی پانە جاران لە لادیدا جلکیان پیدەشوشت.

١٣١. گولە نیسان: لە بەهاراندا پەیدا دەبیت.

١٣٢. گرژیوە: پیکەنینکیە دەمت لیك ناکەیتەوە.

١٣٣. گلیخە: گیایەکە بۆ زۆر جۆرە دەرمان بەکاردیت سەلکی هەیە.

١٣٤. گۆلم: ناوپە لە دەست.

١٣٥. گیا کاروان کوژە: جۆرە گیایەکە، وەك خر نوك وایە.نەرم ترە..کەوەلەشی پیدەلین.

١٣٦. گاگەل: ژمارەیەکی زۆر، رەشە ولاخ، گارانیشی پیدەلین.

## لام

١٣٧. لافاوی تو سوران: به حسابی جوتیاران ئاخر بارانی به هیزە دەباریت لە دوای ئەم بارانە توو سوردەبیت.

## میم

١٣٨. میزتن: خەساربوون و رژانی گەنم ئاش.

١٣٩. مەترەلۆس: دۆشکە.

١٤٠. مەلۆ: ئەو کاتەی سەپان گەنم دەدوریت پر چنگی دەبیت.

١٤١. مل سورکردن: ئەو جوانە گایەی تازە فیرە جوتی دەکەن.

١٤٢. مەمکە کیژانە: جۆرە درکیکە، وەك مەمکی کچ وایە.

١٤٣. مەشکە: مەریکە، یان هەر ئاژەلیکدەر دینن، خۆشەی دەکەن.

١٤٤. مەشکەی گاوەس: جوانە گادەر دینن.

## نون

١٤٥. نوینگین: گولك، بەیەك سالی، سەنگ و بە دوو سالی نوینگین بە سی سالی، لە زۆر جیگادا دەلین پارین.

١٤٦. نوسەکە: جۆرە درکیکە بە جل و بەرگەوە دەنوسیت.

١٤٧. نۆما: جوانیماین.

١٤٨. نوا: جیگایەکی باران نەی گریتەوە.

## هـ

١٤٩. هیچك:داریکە دووپەلەلایەکیان دریژە ولایەکی کورت. گوریسیکی لیدە بەستن، کۆلی پیدە کیشن.

١٥٠. هەپەلۆك : جۆرە گیایەکە سەلك دەکات دەخوریت.

١٥١. هەورەبان: لە ناو تەنور باندا کونیکی سیگۆشە دەهیلنەوە باران ناچیتە ژوورەوە بۆ ئەوەی دوکەلەکە دەرکاتە دەرەوە.

١٥٢. هیبب حانی: جۆره یاریکی کوردەواریه لەناو کچاندا دەکریت.

١٥٣. هاس: جۆره درندەیەکه دایکی چەقەله باوکی گورگ..یان سەگە..دووره شیریشی پیدەلین.

١٥٤. هەلوکین: جۆره یاریەکی کوردەواریه، بەدار دەکریت.

١٥٥. هاری: جۆره کرمیکه له داری به روو پەیدا دەبیت، پیش ئەوەی پلکی پانبیت زۆر بەخوروشته.

# ناوی شەهیدان و کۆمەلە وینەیەک لە شەهیدانی بنەمالەکەمان

١. سۆسەن عبدرەحمان عەلی
٢. شاخەوان سەرهەد تۆفیق
٣. بیریڤان سەرهەد تۆفیق
٤. دارەوان سەرهەد تۆفیق
٥. بەرخەوان سەرهەد توفیق
٦. سالار تۆفیق مارف
٧. خاتوون تۆفیق مارف
٨. فاتیمە تۆفیق مارف
٩. سەلمە تۆفیق مارف
١٠. ستار خدر مارف(سنور)
١١. سعید خدر مارف
١٢. محمد خدر(سەرکەوت)
١٣. عوسمان خدر

١٤. علی خدر (بەهمەن)
١٥. حمید عارف مارف
١٦. سەنگەر عارف مارف (پیشرەو)
١٧. سەدیق محەمەد(کارزان)
١٨. عبدالله محەمەد(چاپک)
١٩. عەبدول محەمەد
٢٠. محەمەد قادر
٢١. عەلی عبدرەحمان عەلی
٢٢. پەخشان عبدرەحمان عەلی
٢٣. خەجیجە عبدرەحمان عەلی
٢٤. فەتح الله عبدرەحمان عەلی
٢٥. سامان فەتح الله عبدرەحمان
٢٦. کویستان فەتح الله عبدرەحمان
٢٧. فەرمان فەتح الله عبدرەحمان
٢٨. قانع علی عبدرەحمان
٢٩. شەمال علی عبدرەحمان
٣٠. گۆران علی عبدرەحمان
٣١. سۆران علی عبدرەحمان
٣٢. هەورین علی عبدرەحمان
٣٣. عوسمان عبدرەحمان
٣٤. جەبار عبدالله
٣٥. عبدالله سەعید

٣٦. مامەند عبدالله سەعيد
٣٧. خاليد عبدرحمان سعيد
٣٨. قاسم عبدرحمان سعيد
٣٩. تاليب عبدرحمان سعيد (فوئاد)
٤٠. بەدرى عبدالله سعيد
٤١. سەنيه عبدالله سعيد
٤٢. راعنه قادر عبدالله
٤٣. عبدي مامەند عبدالله
٤٤. ياقوب مامەند عبدالله
٤٥. ئەيوب مامەند عبدالله
٤٦. مەلەك مامەند عبدالله
٤٧. محسين نجم ادين عبدالله
٤٨. شاديه نجم ادين عبدالله
٤٩. چيمەن نجم ادين عبدالله
٥٠. چنار نجم ادين عبدالله
٥١. ناجيه نجم ادين عبدالله
٥٢. بيستون خاليد عبدالرحمان
٥٣. فەرەيدون خاليد عبدالرحمان
٥٤. كامەران قادر عبدالله
٥٥. برايم قادر عبدالله
٥٦. سەردار قادر عبدالله
٥٧. بەيان قادر عبدالله

٥٨. عزیز کاکەمین حەسەن

٥٩. فەوزیە کاکەمین مەجید

٦٠. سافیە مەجید حەسەن

# سوپاس بۆ:

-هەموو ئەو کەسانەی کە هانیان دام و هاوکاریان کردووم

-کاکە ( ئامانج )ی خوارزام دواجار ئەم بەرگەی بە تەواوەتی و بەخەتێکی جوان بۆم نووسیوەتەوە.

- یەکێتی نووسەران لقی هەولێر کە ئەم بەرگەی بۆ تایپیست کردم



سەوسەن عبدالرحمن علي



شاخەوان سەرهەد تۆفيق



دارەوان سەرهەد تۆفيق



**سعيد خدر مارف**



**سەنگەر عارف مارف (پێشرەو)**



**عەبدول محمد**



عبدالله محمد



عوسمان عەبدوالرەحمان



سەلمە تۆفیق مارف



**قاسم رەحمان سعید**



**محمد خدر (سەرکەوت)**



**علی خدر (بەرهەم)**



عوسمان خدر



جەبار عەبدللە  مستەفا



سدیق محمد (کارزان)



ستار خدر مارف(سنور)



خاتوون توفيق مارف



فتح الله  عبدالرحمن



محسن نجم الدين